# بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە سوریا

# تێڕوانینێکی ڕەخنەیی لە ناوەوە

سەلاح بەدرەدین

پێشکەشە بە:

- باوکم کە خۆشەویستی گەل و وڵاتی لە ناخمدا ڕواند.
- مامۆستای یەکەمم سەیید مەلا رەمەزان.
- هەموو هەڤاڵان.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

## پێشەكی :

من خۆم ئامادەبووم و وەكو خەونێك دێتەوە یادم, كاتێك لە ماڵی خومان وتووێژ لە نێوان دوو نەوەدا دەكرا سەبارەت بەو وێنە هەڵواسراوەی (كەمال ئەتاتۆرك) كە بەقەد دیوارەكەوە بوو. نەوەیەكیان هی سەردەمی شۆرشی شێخ سەعیدی پیران/١٩٢٥ بوو و لە قوربانیانی كەمالییەكان بوو و لە زۆر شوێندا بەشداریی لە شەڕە خوێناویەكانی دژ بە لەشكەری تورك كردبوو. نەوەكەی دیكەش لە هەڕەتی لاویدا بوو. هەردوو نەوەش خزمانی خۆم بوون, یەكێك لەوانەش باوكم بوو. نەوەی یەكەم – وێڕای ئەو ئازارەی چێشتبووی– سەرسوڕما بوو بە كەسایەتی "ئەتاتۆرك", كە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەوڵـــەتێکی نـــوێی بـــۆ تورکـــەکان دامەزرانـــد و بـــە پێـــی رای ئـــەو داواکەوتوویی عوسمانیی لـە نـاوبرد. نـەوەی دووەمـیش بـە پێـی رای خـۆی ئـەم هێمایـە شـۆڤینیەی رەت دەکـردەوە کـە شـەڕی نەتـەوە ناتورکەکانی دەکرد و لە ناوی دەبـردن لەوانـەش گـەلی کوردمـان. لـە کۆتاییدا ئەمەی دوایی بردیەوە, ئیتر بۆ هـەتا هـەتا وێنـەی ئـەتاتۆرك لابردرا.

پاشـان بـە بـیرم دێـت چـۆن وێنـەی "بـارزانی" بـە جلـی ژەنراڵێکـی سەربازیەوە بەبێ هیچ مـشتومڕێك بـەڵکو بـە ئعجـاب و بـە پیرۆزبـایی هەموویانەوە لە شوێنی ئەو وێنەیە هەڵواسرا و هـەر هـەر لـەو شـوێنە مایەوە تا دەستەکانی سالۆخڤانی(موخابەرات) پێڕاگەیشت لـە میـانی گەڕانیان بە دوای مندا لە شالاوێکی دەسگیرکردندا لە ساڵی ١٩٦٦.

من لە ئامێزی خیزانێکدا پـەروەردە بـووم کـە کوردایـەتیی بـە خـۆوە گرتبـــوو, پێـــشوازی لـــە کەســـایەتیەکان و ســـەرکردەی هۆزەکـــانی ناوچـــەکە و پیـــاوانی ئـــاییینی و مـــەلا و خوێنـــدەواران دەکـــرد, گفتوگۆکانیشیان بێبەش نـەدەبوو لـەو یـادە پـڕ ئازارانـەیان لـە گـەڵ عوسمانییـــەکان و کۆمـــاری کەماڵیـــدا و لـــە باســـکردنی قوربانیـــانی راپەڕینـــەکان و فەرمانـــەکانی لـــە ســـێدارەدانی خـــەڵکی بـــێ گونـــاه و هەواڵەکانی کوردستانی عـیراق و کۆمـاری مهابـاد و ڕێـڕەوی بـارزانی. هەروەها دیوەخانە ساکارەکەی ماڵەکەمان بێبەش نەبوو لە مێوانـانی کوردســـتانی تورکیـــا لـــە خـــزم و کـــەس و بـــرادەران, بـــەم شـــێویە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەدواداچوونی هەواڵ و ڕووداوەکان و پێشکەوتنەکانی باکور بەردەوام بوو.

لە قۆناخێکی دواتردا, جەگەرخوین پێش ئەوەی بگوازێتەوە بۆ عیراق, ماوەیەك میوانی ئێمە بوو پاش ئەوەی لە لایەن نووسینگەی دووەمەوە راونرا لە سەردەمی یەکگرتنی سوریا – میسردا.

هەر لە سەرەتای هۆشمەندیم بەوەی لە دەوروبەرم ڕوودەدات, بووم بە بەشێك لە حاڵەتی نەتەوەیی و نیشتیمانی کە ئەو کات لە جغزێکی بەرتەسکدا بوو, پاشان بە تێپەڕبوونی کات و بە بەدواداهاتنی ڕووداوەکان بەرفراوان بوو تا وەکو مەسەلەکە لە ژیانماندا, بوو بە پیوەرێك بۆ هەڵسوکەوتکردن لە گەل خەڵکانی دیکە. هەموو شتێك دەکەوتە ژێر باڵ وپیوانی ئەودا, تەنانەت خێزان وئایندە وخزم و کەس و خەڵکی دیً و ناوچەکەش, شتەکان ئەم شێویان بە خۆوەگرت بە هەموو رەنگدانەوە و بەدواهاتن و کارلێکەکانیەوە.

من خۆم لە بەردەم ئەرکی ئەنجامدانی ئەم لێکۆلینەوەیەدا بینیەوە, لە ئەنجامی وروژانم بە دوو سەرچاوەی جیاوازەوە. وروژانێکی پۆزتیڤانە لە دوای دەرچوونی بەشی سێیەمی پەرتوکی "بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد" لە دانانی رێزدار مەسعود بارزانی کە زۆر راستی و بەڵگەنامەی دەوڵەمەندی گرتووەتە خۆی, پاش خوێندنەوەی ئەم کارە مەزنە, هەستم بە لێپرسراوەتی کرد بۆ بەشداریکردن لە خستنەڕووی هەندیً لایەن لەو راستییانەی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پەیوەستن بە بزووتنەوەی نەتەوەییمان لە رۆژئاوای کوردستاندا, کە هەندێکیان پەیوەندیەکی راستەوخۆیان بەو کارە ئەنجامدراوەوە هەیە بۆ ئەوەی وێنەکە تـەواوتر بێت. وروژانێکـی نێگەتیڤانـەش, لـە دوای دەرچوونی چەند نووسین و قسە لە سوریا لە هەندێ لایەنە کـوردی و ناکوردییەکانەوە کە پێچەوانەی راستین و هـەوڵ دەدەن بزووتنـەوەی نەتەوەیی کورد بەرەو بە"کەسانیکردن" ببـەن و دووری بخەنـەوە لـە رێڕەوی مێژوویی خۆی وەکو دەستەبەرێکی کردەوەی گەلی کـورد کـە تاکە دروستکار و سازمەندی مێژووی خۆیەتی, هەروەها کار بۆ لە لە ناوبردنی ناوەرۆك و گەوهەری بزووتنەوەکە دەکەن و ناپەیوەستن بـە بابەتییـــەت لـــە گواســـتنەوەی رووداوەکـــان و خوێندنەوەیـــەکی چەواشـــەکراو دەکـــەن بـــۆ راســـتیی پێـــشکەوتنی هـــزری وسیاســـیی بزووتنەوەکـــەمان و بـــۆ ســـەربڵندیەکان و وەرچـــەرخانەکانی و هۆکارەکانی راستەقینەی ململانێیەکانی ناوخۆی.

بە پێی توانا لم لێکۆڵینەوەمدا هەوڵمداوە بە شـێوەکی بابـەتی رووداو بگوازمەوە و بە پێی رێبازی زانستی لە راڤاکەی راماوم (کە خـۆم بـە هزر و کردەوە پێی پەیوەستم), لە روانگەی ئەو راستیەوە کە میللەت مێژوو دروست دەکات و تاکەکان بەشداریی تێدا دەکەن, مـنش تـەنها یـەکێکم لـە بەشـداربووانی رێـرەوی بزووتنـەوەی نەتـەوەیی کـورد لـە سوریا لە هەندێ قۆناخی دەستنیـشانکراودا ئـەویش قۆنـاخی نـەوەی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دووەم و سـێیەمە لـە دوای نـەوەی باوكـانی سـەرەتا و پێـشڕەوانی مێژوویی.

لـەم لیێكۆڵینەوەیمـدا, لـە نەوبـەهاری كـاری نەتـەوەیی لـە ڕۆژئـاوای كوردسـتان دەسـتپێكردووە تـاكو نزیـك سـاڵی ١٩٧٥, بـە ئومێـدەی ئەوی لە دواتردا قۆناخێكی دیكە تەواو بكەم تـا ئـەو كاتـەش, داوا لـە خوێنەران و بەدواچـووان وپەیوەنـددارن دەكـەم كـە بـە بەشـداری لـە ئـاواكردنی ڕاسـتیدا بكـەن و لایەنـەكانی ئاشـكرا بكـەن. ڕاسـتی ڕووداوەكان و پێشكەوتنەكان, ڕاسـتییەكانی مێـژوویی, ڕاسـتییەكانی شـیكردنەوەی زانسـتی و هەڵـسەنگاندنی بابـەتی و بەشـداریكردن لـە ڕاستكردنەوەی هەر بە هەڵەداچوونێك كە لەم لێكۆڵینەوەیەدا هـاتووە بۆ ئەوەی سـوودی لـێ وەربگـیری و بـە یەكـەوە بگـەین بـە ئامـانجی ویستراو.

سەلاح بەدرەدن

سەرەتای ٢٠٠٣

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

## دەروازەیەکی مێژوویی:

پاش رووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و دابەشکردنی مومتەلەکاتی پیاوە پیرەکە لە نێوان هێزە ئەوروپاییە کۆلۆنیالەکاندا بەپێی بڕیارەکانی رێکەوتننامەی (سایکس – بیکۆ) لەساڵی/١٩١٦دا, بەشێك لە گەلی کورد و وڵاتەکەی لکێندرا بە کیانی سوریای ئنتیدابکراو لە لایەن فرانساوە بە هەمان شێوەی دابەشکردنی هەر

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

سێ پارچەکەی دیکەی کوردستان لە نێوان —تورکیای نوێ— و عیراق و ئێراندا. مەسەلەی نەتەوەیی کوردیش هەر لە سەدەی هەژدەمەوە هاتبووە ئاراوە, واتە پێش دامەزراندنی ئەو دەوڵەتانەی کە بەم شێوە یاسایی و کارگێڕی و نێودەوڵەتیەی ئێستا کوردستانیان لە نێوانیاندا دابەش کراوە. مەسەلەکە لە سایەی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و فارسی سەری هەڵدا و خۆی لە نێوان پەیوەندییە سیاسیە نێودەوڵتییەکاندا بینییەوە و چەند تێکستێکی یاسایی ئاشکرا لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی دەربارەی ئەو مەسەلەیە هاتووە, وەك پەیماننامەی سیڤەر/١٩٢٠ و پەیماننامەی لۆزان /١٩٢٣, پاشان جارێکی دیکە بووە بە کێشەیەکی نێودەوڵەتی و رووبەڕووی کۆمەڵەی نەتەوە یەککگرتووەکان بوویەوە لەساڵی ١٩٢٤ تاکو ساڵی ١٩٢٥.

هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمەوە و شان بە شان لە گەل روخانی خێرای سیستەمی دەرەبەگی لە کوردستاندا و سەرهەڵدانی کۆرپەلەی سەرمایەداری, کوردستانی – مێژوویی– بووە شانۆی تەنگژەیەکی سیاسی و ململانێی کۆمەڵایەتی بەرەو قووڵبوونەوە دەچوو. بەڵام دەستبەسەرداگرتنی بێگانە و دەستێوەردانی داگیرکاران لە کاوباری رۆژهەڵات بە گشتی, تەگەرەی خستە تەواوبوونی ئەم پێشکەوتنە و نەیهێشت کۆمەڵگای کوردستان بە شێوەیەکی سروشتی بەرەو پێشەوە بڕوات, کە ئەگەر ببووایە, کوردستان لە هەموو روویەکانەوە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

سـيمايەكی دیكـەی دەبـوو, لەوانـەش بەدەسـتهێنانی ئـازادی وسەربەخۆیی وەكۆ تەواوی گەلانی دیكـە. لـەو كاتـەوەش – كـوردی سوریا– وەكو میللەتێك نیشانە نەتەوەییە ئاشكەرایەكانی خۆی هەیە و لە سـایەی یـەك دەوڵـەت و یـەك وڵاتـدا و لـە سـەر خـاكی مێـژوویی خۆی, خـاكی بـاب و بـاپیرانی, شـان بەشـان لـە گـەل گـەلی عـەرەبی سوریا دەژیت. حكومەتی عـەرەبیش لـە دیمەشـق لـە سـاڵی ١٩١٨وە راگەیانـدرابوو بـەبێ ئـەوەی دەسـەڵاتی هـەبێت بەسـەر جڵـەوەی كاروبارەكان و هاتنەژوورەوەی فرانـسا وەكـو دەوڵـەتێكی داگیركـاری ئینتیدابكار بۆ دیمەشق لە ساڵی ١٩٢٠دا. چەكی ئنتدابیش لـە سـوریا و لوبنان پشتی بە دابەشكردنی ئایینی و مەزهەبی دەبەست, كـە لـە دوای بڕیاری ئەنجومەنی كۆمەڵـەی نەتـەوەكان/١٩٢٢ هـات, لـە سـەر بڕیـاری كۆبوونـەوەی نوێنـەرانی دەوڵەتـە هاوپەیمانـەكان لـە –سـان ریمۆ– لە ساڵی ١٩٢٠دا و پاش هەمواركردنی بەدابەشـكردنی ئنتیـداب لە هەمان ساڵدا. هەر لە سـەرەتاوەش سیاسـەتی ئنتیـداب لـە جـۆرە حاڵـەتێكی داپـچڕاندا دەژیـا چـونكە لـە لایەكـەوە خـۆی بـە چـەمكی یاسـایی وئاكارییـەوە دەبەسـتەوە و لـە لایەكـەی دیكـەوە بـە بەرژەوەندی تایبەتیەكانەو. فرانـساش سیاسـەتی – لـە یـەكیان بكـە دەسـەڵاتدار دەبـی بـە سـەریاندا– گرتەبـەر و وڵاتـی كـردە چـەند یەكەیەكی ناوچەیی وتایفەگەری. بزووتنەوەی بەرگریش دژی ئنتـدابی فرانسایی بەرەو زیادبوون چوو, كـوردیش لـە ناوچـەكانی خۆیـان كـە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ناوچـەیەکی سـتراتیژییە بەشـداریان لـەو بەرگریـەدا کـرد بـە درێـژایی سنووری باکور و ڕۆژهەڵاتی جزیرە, بە تایبەتی لە — بیانـدور — تربـە سپی — بەسـەرکردایەتی — حـاجۆ ئاغـا— هـەروەها لـە ئـامودا و لـە چـیای کوردەکـان و شـارەکانی دیکـەی سـوریا هەنـدێ کەسـایەتی کوردیی ناسراو سەریان هەڵدا کە سەرکردایەتی بزووتنەوەی بەرگریان دەکرد وەکو — ئیبراهیم بەنانۆ— لە دێی تەخاریم— کە لە گونـدەکانی سەر بە حەلەبـە, هـەروەها کوردەکـانی — دیمەشـق— و گونـدەکانی. ئەوەی جێی سەرنجە لـە سـەر ئاسـتی کـوردی بزووتنـەوەی بـەرگری دژی ئنتـدابی فرانـسایی سەرچـاوەی پـشتگیریان جیـاواز بـوو, لـە کاتێکدا کە دەبنین لە ناوچەی — حەلەب— کاریگـەر بـوو بـە بـەرگری نەتەوەیی تورکی و هاوپەیمان بوو لە گەل بزووتنەوەی کەمالییـەکان, کەچی لە هەمان کاتـدا لـە ناوچـەی جزیـرە دژی ڕژێمـی تورکیـا بـوو. پاش ئەوەی دەوڵەتی عوسمانیش چووە ناو شەڕدا لە پـاڵ ئـەلمانیا, نوێنەرانی ولاتە ڕۆژئاواییەکانی دیکە, کە لە بریتانیا, فرانـسا, روسـیا و ئیتالیا پێکهـاتبوون دەسـتیان کـرد بـە وتووێـژکردن سـەبارەت بـە دابەشکردنی وڵاتی عوسمانی لە نێوان خۆیاندا, لە ئەنجامـدا گەیـشتن بە ڕێکەوتنێکی دەستنووس کە تیایـدا — ئـستانبول— ی پایتـەخت و بەشێك لـە تورکیـا و هەنـدێك لـە ویلایەتـەکانی کوردسـتان ( بـدلیس, موش و وان) ببن بەشی روسیا و لـە نیمـچە دورگـەی عـەرەبی چـەند حکومـەتێك لـە ژێـر پارێزگـاری بریتانیـا و فرانـسادا دابمـەزرێن و لـە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

فەلەستینیش وڵاتێکی نەتەوەیی بۆ جولەکەکان بە مەرجێك کە (حەیفا و عێراق) ببن بە بەشی بریتانیا و (قەیسەریە, خەربوت و ئەدەنە)ش ببن بە بەشی فرانسا, (ئنتاکیا) ببێ بە بەشی ئیتالیا, ئەرمینیا لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆل سەربەخۆ ببێت و بەشێك لە دەریای ئیجە بۆ یونان بەجێ بێلن. لە سەرەتاکانی شەڕی یەکەم ژەنراڵی روسیایی –نیقۆلا ڤیچ– لە گەل هێزەکانی خۆی گەیشتنە دیاربەکر, بەڵام پاش هەڵگیرسانی شۆرشی ئۆکتۆبەر پاشەکشەیان کرد.

ئەوناوچانەی کە کوردەکان لە دێر زەمانەوە تیایدا نیشتەجێن, بە دەیان جار دوچاری دابەشکردن و لکاندن بوونە و پاش دابەشکردنەکانی – سایکس بیکۆ– کە چەند جار سنووری نێوان سوریا و تورکیای دارشتەوە, کوردەکان وێڕای بە پارچەکردنیان هەر لەو شوێنە مێژووییانەی خۆیان مانەوە کە تیایدا نیشتەجێن بە لایەنی کەمەوە لەوەتەی نووسەر و فەیلەسوفی یونانی کۆن – کزینەفۆن– ناویانی هێناوە (٤٣٠– ٣٥٥ پ. ز) کە بەرەو روویان ببونەوە لە میانی شاڵاوە ناودارەکەی یونانندا بۆ سەر ئێران لە ٤٠١ پ . ز لە کاتی ململانێیاندا لە سەر کورسیی دەسەڵاتی ئەو وڵاتە. پاش کوژرانی سەرکردەی شاڵاوەکە کەزینەفۆن بوو بە یەکێك لەو سەرکردانەی کە سەرپەرشتی کاری کشانەوەیان کرد بە نێوان ناوچەیەکی بەرفراوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. پاشان ئەم فەیلەسوفە پەرتووکی –ئەناباس– ( لادان– بەسەرکەوتن – نزە)ی نووسی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

تیایدا سەرنجەکانی خۆی خستووەتە روو و لەو ناوچانە دەدوێ کە پیایدا تێپەری بوون و باسی وڵاتی –کاردۆخییەکان– باپیرانی کورد دەکات. واش دیاردەکەوێ ئەوان بە دەشتی – هەسنان– تێپەڕوون کە ئێستا سەر بە ناوچەی (دێرك) و (قامشلۆ)یە لە جزیرە.

بەم شێوەیە, پاش ئەوەی وڵاتانی هاوپەیمان دابەشکردنەکەیان ئەنجام دا, کوردەکانی سوریا لە لێواری سنوری سوریا– تورکیا– عیراق مانەوە, ئەو ناوچەیەی کە لە مێژوودا پێی دەوترێت – نێوان دوو روبار – میسۆپۆتامیا– و هەزاران ساڵە بێشکەی شارستانیە کۆنەکانە –سۆمەرییەکان– بابلییەکان– ئاشورییەکان– کلدانییەکان– هوورییەکان– میتانی–یە دێرینەکانی باپیرانی کورد – حیسییەکان– میدیا– و هی دیکەش, بێجگە لەوەش ناوچەیەکی دەوڵەمەند و بەپیتە و بێرەندی کشتوکاڵی زۆرە, چاندنی پەموو لەو ناوچەیەوە دەستی پێکرد هەروەها برنجیش کە کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لە سەر گۆڕینی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە سوریا, ئەمە بێجگە لە دانەوێڵە بە هەموو جۆرەکانییەوە, لەم دوایەشدا نەوت و ئاسنی لێی دۆزرایەوە. بە پێی رای رۆژهەڵاتناسەکان و زانایان و مێژوونووسانی عەرەب ناوچەی میسوپۆتامیا بەبەردەوام ناوچەیەکی زیندوو و کراوە بووە لە بەردەم گشت ئاراستەکاندا و لە رووی توخمەوە چەندین سەدەیە تێکەڵەیە و زۆربەی سەلالەکانی ئاسیای ڕۆژئاوا و رەگەزی (ئەلبینی)ی دەریای

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ناوەراستی گرتووەتە خۆی. کرداری تێکەڵبوونیش هەر لە سەرەتای مێژوویەوە دەستی پێکردووە و بەردەوام بووە تا گەیشتنی عەمووریيەکان و ئارامییەکان لە دەشتەکانەوە و حیسییەکان و کورد و یونانیی و رۆمانی وهۆزە عەرەبییەکان و خاچپەرستان و پاشانیش ئەیوبییە کوردەکان کە ناوچە کوردییەکان جەنگاوەر و سەرکردەی سەربازیی لە هەموو شوێنێکەوە بۆ دابین کردن, بە تایبەتی لە جەزیرە و نێوان  دوو روبار و میرنشینی -کلس- و دیاربەکر و ناوچەکانی کوردستانی عیراق و تورکیای ئێستا.

نوێنەری فرانسا لە تشرینی دووەمی/١٩٢٠ دابەشکردنی سوریای بۆ چوار دەوڵەت و هەرێم راگەیاند کە بریتی بوون لە: (حەلەب) لە باکور, (دیمەشق) لە باشور, (چیاکانی عەلەوییەکان) و (چیاکانی دروز). لە ١٩٢٥ هەردوو دەوڵەتی دیمەشق و حەلەب یەکیان گرت و بوون بە یەك دەوڵەت بە ناوی (دەوڵەتی سوریا) لە ژێر سەرپەرشتی دەوڵەتی مونتەدب. سنوورەکانیش بە شێوەیەکی یەکجارەکی  دەستنیشان نەکران , بەڵکو فرانسا بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەستکاریی لە سنوورەکاندا دەکرد و زۆربەی جارەکان جیاواز بوون لە گەل بڕیارەکانی رێکەوتننامەی سایکس-بیکۆ. بۆ نموونە لە سەر ئاستی کوردی, فرانسا بە سەرپێچیکردنەوە ناوچەکانی : (جزیرەی بوتان, نسێبین, ئۆرفا, کلس, عینتاب و مرعش)ی بەخشییە دەوڵەتی تورکیا, کەچی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پێویست بوو بەپێی ڕێکەوتنامەکە لە چوارچێوەی –کوردستانی ڕۆژئاوا– دا بمێنێننەوە.

هەروەها ئنتدابی فرانسا لە ساڵی ١٩٢٥ هۆزە کوردییەکانی سەر سنوری سوریا–تورکیای لە یەکتر جیاکردنەوە بە پێی ڕێکەتننامەی (فرانکلین– بۆلۆف)ی فرانسایی تورکی, کە جارێکی دیکە سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتی دارشتەوە. سەبارەت بە ناوچەی جزیرەش کە سێگۆشەیەکی پەرێزە, وەکو گووتمان بەپێی هەڵکەوتی شوێنی خۆی دەبوایە بخرێتە سەر وڵاتی نێوان دوو روبباردا نەك بخرێتە سەر سوریا. لە ساڵی ١٩٢٠ جزیرە دوورەپەرێز ببوو لە مەڵبەندە بازرگانیە سروشتیەکەی خۆی کە شاری دیاربەکرە لە کوردستانی تورکیا, لە پازدە ساڵەی دواتریشدا سیاسەتکارانی سوریا ئەو پێشکەوتنانەیان پشتگوێ خست کە تیایدا روویان دەدا.

## لە هوشیاری نەتەوەییەوە بەرەو بزووتنەوەی نەتەوەیی:

لە کۆتاییەکانی سەدەی رابردووەوە(بیستەم) بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە سوریا بە شێوەی کۆمەڵە و یانە رۆشەنبیری و کۆمەڵایەتی و وەرزشییەکانەوە خۆی بەدیارخست. بزووتنەوەی –خوەیبوون–یش هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە کۆنگرەی یەکەمی لە قامشلۆ لە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

مـالّی خانـەوادەی – قـەدوور بـەگ- سـالّی ١٩٢٧ کـە لـە (٢٣) کەسایيەتيی نيشتمان پەروەر پيکهاتبوو, بيری نەتەوەيی بە هـەردوو بـالّی سياسـی و رۆشـەنبيرييەوە بـە تـەواوی گەلاّلـە کـرد, ئـەم بزووتنەوەيە کە بە بـيری نەتەوييـەوە سـەری هەلّـدا, رێکخستنەکانی پـەلی هاوێشت بـەرەو پارچـەکانی ديکـەی کوردسـتان و بـە تايبـەتی کوردسـتانی توركيـا و عـيراق, ئەمـەو سـەرهەلّدان و گەشـەکردنی هوشـياری نەتـەوەيی کـورد لـە سـوريا بـۆ چـەند هۆکـارێکی بابـەتی دەگەڕێتەوە و گرنگترينيان ئەمانەن:

١- دابەشکردنی گەلی کـورد و نيـشتيمانەکەی بـەبیّ ويـستی ئـەم گەلە لە لايەن داگيرکارانەوە بەپێی رێکەوتننامـەی سـايکس- بيکۆ و ملکەچبوونی هاوپـەيمانان بـۆ بەرژەوەنديـەکانيان لـە سەر کيسەی پرێنسيپەکانی حەق و دادپەروەری.

٢- ئەنجامـدانی سياسـەتەتی شـۆڤينانە و رەگەزپەرسـتانەی بەردەوام لە لايـەن ئەنـدامانی -تورکيـای گـەنج- و بزووتنـەوەی تـۆرانی و کەماليیـەکان دژ بـە گـەلی کـورد بـەرێگای کوشـتنی بـە کۆمەلّ و داپلۆسينی نەتەوەيی و راگوێزانيان.

٣- بێدەنگی کۆمەلّگای نێودەولّەتی لە بەرامبەر ئازارەکانی کورد و پشتگوێخـستنی مافـەکانيان بـە تايبـەتی لـەو رۆژەوە کـە پەيماننامەی لـۆزان لـە ١٩٢٠ مـۆرکراوە و ئامادەنـەبوونی بابـەتی کـورد لـە رووداوەکانـدا و لـە دانـان و دارِشـتنی بەلّگەنامـەکانی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هاوسـەنگی هێـزە جیهانییـەکان, بەرژەونـدی دەوڵەتـە هاوپەیمانەکان, هەردوو شەڕی جیهانی و هەر یەکە لە کۆمەڵـە و دەستەی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا, گـەلی کوردیی کـردە یەکـەم قۆچی قوربانی شەڕی ساردی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

٣- داننـەنان بـە هـەبوون و مافـەکانی کـوردی سـوریا لـە بەڵگەنامـەکانی یەکـەم کـۆنگرەی دامەزرانـدنی سـوریا و لـە پرۆتۆکۆڵـەکانی سـەردەمی ئنتیـدابی فرانـسا و لـە دەسـتوری کۆماری سـوریا پـاش وەرگرتنـی سـەربەخۆیی و لـە دواییـشدا لـە پرۆگرامـەکانی پارتـەکانی سـوریا بـە نەتـەوەیی و ئیـسلامی و کۆمۆنیستەکانیەوە. ئەم هۆکارانە هەمووی بوونە هۆی پێکهـاتنی بنکەی سەرەکی بۆ سەرهەڵدانی دیاردەکانی پێناسەی نەتـەوەیی کورد و گێڕانی ڕۆڵی بەخێوکەرانەی بۆ پێگەیاندن و گـەورەکردنی ئـەو سـاوا (کۆرپەلەییـە)ی بزووتنـەوەی نەتـەوەیی بـە دەربڕینـە سیاسی و ڕۆشنبیری و ریکخراوەییەکانیەوە.

هوشیاری نەتەوەیی سـەرەتا لای ئـەو کەسـایەتیە نیـشتیمانپەروەر و ڕۆشنبیرییانە سەریهەڵدا کە لە هێڵی ئاسنی دەربازببوون بەرەو -بنیٚ خەتیٚ- هـاتبوون, ئـەو هێڵـەش لـە سـاڵی (١٩١٨) دامـەزرا و پاشـان تـەواوکرا و لـە ١٩٣٥ درێژکرایـەوە بـەرەو نەسـێبین و عـیراق و لـە -تەلکۆچەر- لە موسل لە ١٩٣٣ تەواوکرا, زۆربـەی ئـەو کەسـایەتیانە, مێژوو گەواهیان بۆ دەدات کەوا رووبـەڕووی عوسمانییـەکان و پاشـان

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بزووتنەوەی توركیای گەنج و نەتەوەییە تۆرانییەكان و بزووتنەوەی كەمالییەكان ببوونەوە و ئەوان بە ریشەی كۆمەڵایەتیانەوە دەچنەوە سەر سەرۆك هۆزەكان, وەكو بنەماڵەی –بۆزان بەگ بەرازی– و بنەماڵە ئوروستوكراتییەكان وەك هەردوو بنەماڵەی – بەدرخان– و جەمیل پاشا– و كوڕی خانەوادەكانن كە مەردانە زەبری كوشندەیان لە لەشكەری تورك وەشاند بوو لەو رووبەڕووبوونەوانەی نێوانیدا, وەك بنەماڵەی –حاجۆ– و چەند كۆمەڵەیەك لە خوێندەواران و رۆشنبیران, وەك: مەمدوح سەلیم, قەدری جان, جەگەرخوین و دكتۆر نووری دەرسیمی و بەشێكیان لەو كەسانە بوون كە لە راپەرینی شێخ سەعید و بزووتنەوەی–دەرسیم– و رووبەڕووبوونەوەكانی ئارارات– رزگاریان ببوو و بە شەپۆلی یەك لەدوای یەكدا روویان كردە باشور وەكو گواستنەوە لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەكی دیكە نەك لە دەوڵەتێكەوە بۆ دەوڵەتێكی دیكە. لە ناوچەكەی ئێمەشدا زۆر ئەزموون هەیە كە لە هەندێ رووەوە بە حاڵەتی كوردی دەچێت, بۆ نموونە, پێشڕەوانی بیری نەتەوەیی عەرەبی لە نێوان فەلەكانی لوبنان سەریان هەڵدا و دەستیان كرد بە بڵاوكرنەوەی هوشیاری نەتەوەیی و بۆ نزیكەی یەك سەدەلە سەریان نووسی و هەندێكیان چوونە سوریا و فەلەستین ومیسر بۆ ئەوەی بیری نەتەوەیی عەرەبی بڵاوبكەنەوە دیارترینیان لەم رووەوە جۆرج ئەنتۆنیۆس ونەجیب عازوری و بوترس بوستانی و... بوون, بۆ ئەوەی بە هەڵە لە بابەتەكە تێنەگەن

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

شەپۆڵەکان تەنها لە سەر ئاستی تاکەکان بووە و هەرگیز رۆژێك لە رۆژان نەگەیشتووەتە ئاستی شەپۆڵە بەرفراوانەکانی مرۆڤیی وەکو کە هەندێك لە ناوەندە شۆڤینییەکان و ئەوانەی لە بازنەی ئەواندا دەخولێنەوە باسی لێوە دەکەن و دەڵێن گوایە کوردەکانی سوریا کۆچبەرن ونزەیان کردووەتە ئەویّ.

هەبوونی سەرکردە لاساییەکان و دەستداگرتنیان بەسەر ناوەندی بڕیاردا لە ئەنجامی لاوازی بورژوا نیشتمان پەروەرەکان و پاشکەوتنی گشتی کۆمەڵگای کوردی بوو, ئەو توێژانەی سەرکردە لاساییەکان بە کۆمەڵێك پاڵنەر وخواستی تێکەڵەوە کە گەوهەرەکەی هەستی نەتەوەیی بوو, بەشداریيان لە بزووتنەوەی کوردیدا کرد. بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی لە جیهانی سێیەمدا بە گشتی تەنها بە رابەری برژواکان سەرکەوتن و ئامانجەکانیان بەدەست نەهێناوە, بەڵکو بە هاوکاری و پاڵپشتی و بگرە هەندێ جار بە رابەرایەتی هێزە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە لە هێزە دەرەبەگییەکان و ئایینیەکان و خێڵەکیەکان گەیشتوونەتە ئەو ئامانجانەیان, بۆ نموونە: بزووتنەوەی-مەهدی- لە سودان, بزووتنەوەی وەهابی لە دورگەی عەرەبی, بزووتنەوەی سەنوسی لە لیبیا و بزووتنەوەی گۆشە ئایینییەکان -الزوايا الدينيه- لە مەغریبی عەرەبی کە دژی داگیرکاران رابەرایەتی تێکۆشانیان کرد و سەربەخۆیی وڵاتەکەیان بەدەستهێنا. ئەو کەسایەتیە نیشتیمانپەروەر و رۆشنبیرانەی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کوردیش ئەگەر هەمووشیان نەبن بەڵام زۆربەیان کاری نەتەوەییان بە هەردوو شێوەی سیاسی و سەربازی تاقی کردبووە و کاریگەربوون بە دەستوری–مەشروتیەت–ی عوسمانیی ساڵی ١٩٠٨ و پرێنسیپەکانی بیری نەتەوەییان گواستەوە بۆ ناوچەکانی باشوری رۆژئاوای کوردستانی عوسمانی, کە پاش دابەشکردنی کۆلۆنیالی بوو بە رۆژئاوای کوردستان و لە سییەکانەوە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بەتایبەتی ئنگلتەرا و فرانسا دەستیان کرد بە بەکارهێنانی دەستەواژەی –کوردستانی رۆژئاوا– وەکو ئاماژەکردن بەو بەشەی کە لکێنراوە بە سوریا و دەبوایە ئەرکێکی قورس لەسەر شانیان ئەنجام بدەن لە بڵاوکردنەوەی هوشیاری نەتەوەیی لە نێو توێژە جیاجیاکانی گەلی رۆژئاوای کوردستاندا کە ئەمیش بۆ یەکەم جار دەستیکرد بە قبوڵکردن و وەرگرتنی هەستی نەتەوەیی, بەڵام سەرکردە خێڵەکانی کۆن نیشتەجێ بە وریاییەوە رەفتاریان لە گەلپەلهاوێشتنی بیری نەتەوەیی کرد.

چەند هۆکارێکی مێژووی هەیە کە ئەو کۆمەڵە پێشەنگەی بیری نەتەوەییان لە رۆژئاوای کوردستان هەڵگرت خەڵکی کوردستانی باکوور–سەرخەتێ– بن, بەتایبەتی دوای ئەوەی بزووتنەوەی –ئیبراهیم پاشای ملی– لە جزیرە نەیتوانی خۆی لە ناوەرۆکی خێڵەکی و داخوازییە ناوچەییەکان و سروشتی ململانێی لە گەڵ خەڵکانی دیکە لە سەر زەوی و زار و لەوەڕگەکان رزگار بکات و ببێتە بانگەشەیەکی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

نەتەوەیی تەواو. ئیبراهیم پاشا بە پلەی-میری میرەکان- بوو لە ئالایاتی حەمیدی. دوای لابردنی سولتان عەبدولحەمید بە هەزار وپێنسەد چەکدارەوە هێرشی کردە سەر دیمەشق و بەناوی سولتان داگیریکرد. بەڵام ناچارکرا پاشەکشە بکات بەرەو شوێنی خۆی لە -وێران شەهر- پاشان -ئەلجۆن تورك- بەهۆی سەربازە تورکەکان و خێڵە عەرەبە هاودژەکانی بەتایبەتی خێڵەکانی -شەممەڕ- راوی نا, بە مەبەستی پەناگرتن رووی کردە چیای شەنگار و لە رێگادا لە نزیك شاری حەسەکە مرد و لە چیای-کەوکەب- نێژرا. دوای ئەو بە ماوەیەکی درێژ, بزووتنەوەی موریدەکان لە چیای- کوردەکان- دیسان نەیتوانی لە رووی ناوەرۆك و ئامانج و دروشمەکانیەوە بچێتە نێو چوارچێوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد. لە ئەنجامی ئەو هۆکارانەی کە باسمان کردن دەستپێشخەرییەکانی هوشیاری نەتەوەیی لە چیای کوردەکان لە سەرەتای چلەکانەوە سەریهەڵدا لە شێوەی کۆبوونەوەی قوتابیاندا خۆی نواند لە حەلەب, کە شەوکەت حەنان و خەلیل مەحەمەد لە ئەندامە چالاکەکانیان بوون, لەوێدا قوتابیانی ناوچە کوردییەکان پەیوەندیان بە یەکتر کرد و ئاشناییان لە گەلدامەزرێنەرانی بزووتنەوەی خوەیبوون و شاعیری گەورە جەگەرخوین و داخوازیاری نەتەوەیی د.نوری دەرسیمی پەیدا کرد. پاشان ئەو بزووتنەوەیەی قوتابیان بوو بە هاوبەندی رۆشنبیرانی کورد دواتریش لە گەلرێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

سوريا تێكەڵ بوون. لەم بەشەدا چەند جولە و بزاوێك كرا بەڵام هەوڵی لابەلا بوون و مەرجە پێویستەكانی تەواو نەبوون, بەڵكو تەنها چەند دەربڕینێكی -سەرەتایی- بوون بۆ ڕووداوێكی مەزندەكراو كە چاوەڕێی -پێگەیشتنی- بارودۆخی ناوخۆیی و دەرەكی دەكرد بەتایبەتی هۆكاری خودی, بەم شێوەیە و دوای دامەزراندنی بزووتنەوەی خوەیبوون كاری -پیتاندن-لە نێوان باكور و باشور دەستی پێكرد, بە ڕێگای دامەزراندنی كۆمەڵە و شانە و دەستە سیاسییەكان و ڕۆشنبیرییەكان. پاش دامەزراندنی پارتی دیموكراتی كوردستانیش بارودۆخەكە بەرەو هاوسەنگی چوو و تێكەڵبوونی تەواو هاتە ئاراوە و بوار بۆ دابەشكردن نەما, جیاوازیش بۆ هەتا هەتایە بنبڕكرا.

لە قوناخێكی دەسستنیشانكرودا تەركیزی سەرەكیی-خوەیبوون- لەسەر مەسەلەی ڕزگاركردنی بەشی باكور بوو. لە هەنگاوێكی دواتردا نوێنەرانی كۆنگرەی یەكەمی چوونە بەیروت لە پاش سەرهەڵدانی دوو هۆكاری پۆزەتیڤی نوێ, كە ئەوانیش هاوپەیمانییەتی لە گەل ئەرمەن و بەشداریكردنی كوردی عیراق بوو. كۆبوونەوەیەكی بەرفراوانی وتوێژكردن لەماڵی یەكێك لە سەركردەكانی بزووتنەوەی ئەرمەنی بەسترا و پاشان هەموویان چوونە شاروچكەی-بحەمدون- و سەرهەڵدانی (بزووتنەوەی خوەیبوون)یان ڕاگەیاند لە٥ی تشرینی یەكەمی ساڵی ١٩٢٧ و بەشداربووان - لەبەر چەند هۆی بابەتی- ئەم

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ڕۆژەیان بە ڕۆژی پەیدابوونی بزووتنەوەکە دانا. یەکەم هاوکاری لە نێوان کوردی سوریا بە ڕێگای بزووتنەوەی خوەیبوون لە لایەك و ئەرمەن لە لایەکی دیکەوە, لە گەل حزبی تاشناق لە سوریا (د.تونجیان) هەروەها واهان بابازیان دەستی پێکرد, کە ئەمەی دوایی بوو بە برێکاری گەڕۆکی بزووتنەوەی خوەیبوون, لەساڵی ١٩٣٧ بە ناوی ئەم بزووتنەوەیە بۆ راوێژکردن سەردانی کوردستانی عیراقی کرد.

ئەم پێشکەوتنانە بوونە هۆی قوڵبوونی هوشیاری نەتەوەیی لای کوردەکان و دروستبوونی رابوونێکی -رێنیسانسێکی- بەرفراوان و لە کارە بەرچاوەکانیشی دەرچوونی گۆڤاری-هاوار- بوو بە زمانی کوردی , هەروەها -روناهی- وپاشانیش -ژینا نوو- و ژمارەیەکی زۆری پەرتوك لە سەر شیعر و مێژوو و مەسەلە سیاسیەکان و کۆمەلایەتیەکانی پەیوەست بە گەلی کورد. هەروەها بەدرخانییەکان ئەلف و بێی کوردیان بە پیتی لاتینی دەرکرد و لە نێوان خوێندەوارانی کورددا بزوتنەوەیەکی چالاك سەری هەڵدا لە بواری دامەزراندن و رێکخستنی کۆمەڵە و یانەکان, کە گشتیان مەبەستیان گەلاڵەکرنی کەسایەتی نیشتیمانیی کوردی و زیندووکردنەوەی پێناسەی نەتەوەیی بوو.

ئەم رابوونە تەنها بە لایەنی نەتەوەیی نەوەستا بەڵکو رۆڵەکانی گەلی کورد بەرەو مەسەلە نیشتیمانیەکانی سوریا رۆیشتن و چوونە ناو

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

راپەرین وشۆرش بزووتنەوەکانی دژ بە ئنتداب لە سەرانسەری ولآتـدا, لە جزیرەوە بگرە بـەرەو چیای کوردەکـان تـاکو دەگاتـە دیمەشـق و لادێیەکانی. ئەفسەران و سەربازانی کوردیش بەشداری کاریگەرانـەیان لە شەڕەکانی فەلەستیندا کرد و ژمارەیەکی زۆریان لیٚ شـەهید بـوون. لەم بارەشەوە دەبیٚ رۆڵی ئەو کەسایەتیە کوردانەی کە لـە دەرەوەی ناوچە کوردییەکاندا دەژیان بە تایبەتی لە دیمەشق بەرز بنرخێنین لـە پـــشتگیری و پاڵپـــشتیکردن وپێشخـــستنی بزووتنـــەوەی نەتـــەوەیی کـوردی بـە رێگـای ئەلقـەکان و کۆبوونـەوەکان و دامەزرانـدنی یانـە و رێکخراوەکان و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری کوردی کـە زۆربەشـیان لـەو پیاوانـەی خوەیبـوون بـوون کـە باسمـانکردن, هـەروەها رۆڵـی ئـەو کەساییەتیانەی کە خـەباتکارانیان لـە بـاوەش دەگـرت و پـشتگیریان دەکردن وەکو عەلی ئاغا زلفۆ.

هــەر وەك لــە مێــژووی کــورد وبزووتنەوەیەکەیانــدا لــە ســوریا بــە دیاردەکـەویٚ, کـەوا بناخـەی سـەرەکیی پـشت پێوەبەسـتنی بـیری سیاسیی کورد هەر لە سەرتاوە نەتەوەیی نیشتیمانی بـووە. ئەمـەش خـسڵەتێکی تایبەتـە و پەیوەنـدیی بـە پێـشینە و روانگـەی رۆڵـەکانی رۆژئـــاوای کوردســـتانەوە هەیـــە و ئامـــاژە  بـــە خۆبەســـتنەوەی بزووتنەوەکـەیان دەکـات بـە چـەمکی رزگـاریخوازی نیـشتیمانی و لـە کۆتاییشدا ملکەچبوونی بۆ یاسا بەرفراوان و سەرانـسەرییەکانی. ئـەو داخـوازە چـواردە خاڵەیـەی (ودرۆ ویلـسۆن)ی سـەرۆکی ئـەمریکا کـە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پەیوەست بوون بە پرێنسیپی نەتەوەکان ومافەکانیان, کاریگەرییەکی زۆری هەبوو. تیایدا بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ڕایگەیاند کەوا پێویستە سێ ولآت لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دابڕێن و سەربەخۆییان پێبدرێت پاش ئەوەی بۆ ماوەیەکی کەم لە ژێر ڕاسپاردەی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەمێننەوە, ئەو سی ولآتەش: ئەرمینیا و کوردستان و ولآتی عەرەبیە. کوردستانی ئاماژە پێکراویش کوردستانی عوسمانی بوو کە ئێستا لە نێوان تورکیا و عیراق و سوریادا دابەشکراوە.

گەلی کوردی سوریا بەبێ ویستی خۆی لە ڕۆڵەکانی نەتەوەی خۆی و ئاسمانی بەرفراوانی کوردستانی خۆی دابڕێنرا و دوورەپەرێز کرا, هەروەها بەبێ ویست و هەڵبژاردنی گەلی عەرەبی سوریا خرایە سەر کیانی سوریا. بەڵام گەلی کورد ملکەچی ئەم واقیعە نوێیە نەبوو بەڵکو ریگای خۆی گرتەبەر بە تێکۆشانی بەردەوامی لە چوارچێوەی پرێنسیپ و یاساکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتیمانیدا, کە بۆ رەوشی دەستنیشانکراوی واتای داخوازی مافەکانی دەگەیەنێ وەکو میللەتێك لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی و نەتەوەیی خۆی و لە هەمان کاتیشدا خەباتکردن لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی ولآتی خۆی (سوریا) و گەشەسەندنی نیشتیمانی و دیموکراتی و پاراستنی یەکێتی وسەروەریی ئەو ولآتە. بەم شێوەیە بزووتنەوەی نەتەوەیی سیاسی کورد هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە لە پرۆگرام و کار و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەڵوێستەکانیدا بەم دوو پرێنسیپە تەواوکەرەی یەکتر بەڵکو زۆر بە وردی بە هاوسەنگی نێوانیان پابەند بووە.

گەڵاڵەبوونی بیری نەتەوەیی بۆ ماوەی سەدەیەك بەردەوام بوو, لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەمەوە تا وەکو ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم لە سەر ئاستی گشت پارچە و ناوچەکانی کوردستانی دابەشکراو لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و سەفەویدا. گەڵاڵەبوونی بیری نەتەوەیی لە پارچەی رۆژئاوادا بەدواکەوت, بە شێوەیەکی روونتر جارێکی دیکە هێنرایەوە بەرهەم بەهۆی چەند هۆکارێکی بابەتی کە لە سەرروویانەوە دابەشبوونی کوردی سوریایە بەسەر ناوچە لە یەکتر جیاکانەوە پاش دارشتنی سنوری هاوبەش لە نێوان سوریا و هەر یەك لە عیراق و تورکیا لە رۆژهەلات و باشور لە ساڵی ١٩١٦دا, هەروەها نەبوونی شار گەورە کۆنەکان لەو ناوچانەدا و دابڕاندنی ئەم بەشە لە لەشی دایکی راستەقینەی خۆی, کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەمەوە شوێنی بەرپابوونی بیری نەتەوەیی و چاوگی رابوونی رۆشنبیری و کۆمەڵەکان بوو بە تایبەتی لە دیاربەکر و هەرەها لە ئستانبول, هەموو ئەمانە بە سەر ئەم بەشەیدا سەپاندن کەوا سەر لە نوێی دەست پێبکاتەوە لە رەوشێکی تازەدا و لەو قۆناخێکی نوێدا کە سیما ناوچەییەکانی لە گەل خۆدا دادەرشت و بەرژەوەندییە تایبەتیە نیشتیمانیەکان دروست دەبوون, بێجگە لەمەش سەردەمی عوسمانیدا هەردوو ناوچەی چیای کوردەکان و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کوبانیـه سـەر بـە ناوەنـدی کلـس بـوون, کەچـی ناوچـەی جزیـره لـە سەرەتادا سەر بە ناوەندی دێرلزور بوو, ئەمەش بووە هۆی سەپاندنی جۆره نائاسانیەك لە بـە یـەکتر گەیـشتن و کـارلێککردن. ولایەتـەکانی سوریا لە سەردەمی عوسمانیدا بەم شـێوەیە بـوون: ولایـەتی حەلـەب کە لە ئعزاز, عەفرین, مەنبەج, جـەرابلس و عەینلعـەرەب پێکـدەهات. –کوبانیە– لە: ئەسکەندەرونە, مرعش, عێنتـاب, کلـس پێکهـاتبوو. موتەســـەرفیەی –دێرلـــزور– پارێزگاکـــانی جزیـــره, فـــورات, رەشید(رقه)ی دەگرتەوە, لە ساڵی ١٩٢٨ (جزیره)ی لێی جیاکرایەوە و بوو بە قەزا و حەسەکە بووە مەڵبەندی ئەو, بریتانیا لە ساڵی ١٩١٩ ئـەم موتەسـەرفیەی بـە جزیـرەوە خـستبووە پـاڵ سـوریا و پاشـان گەڕایـــەوە دوای ئـــەوەی مـــیر فەیـــسەل دەخاڵـــەتی کـــرد لای فرانـــساییەکان. شـــارل دیگـــۆل لـــە یاداشـــتەکانیدا ئامـــاژە بـــە رەتکردنـەوەی خۆیـان دەدات سـەبارەت بـەو کردەوەیـەی بریتانیـا بەرامبـەر بـە جزیـره ئـەنجامی دا. بزووتنـەوەی نەتـەوەیی کـورد قورسایی باری خەڵکانی دیکـەی کەوتـە سـەر شـان لـە ئـەنجامی ئـەو هەڵـە و لـە ڕێ لادانانـەی کـە لـە سـەردەمی سـەربەخۆبوونی وڵات و دانانی دەستور و کۆبوونەوەی کۆنگرەی دامەزراندنی سوریادا روویـان دا, ئەم کۆنگرەیە لە ٣/حوزەیرانی/ ١٩١٩ لە بارەگای یانەی عـەرەبی لـە دیمەشـق بەسـترا و هەنـدێگ کـورد بەشـداریان تیـادا کـرد لەوانـە: عەبدولرەحمان ئەلیوسف, سەعید رەمەزان, فاتح مەرعشی, ئیـبراهیم

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هنانۆ و خالد بەرازی. ئەوەی جێگای سەرنجە داوا لە کوردەکانی ناوچە کوردییەکانی جزیرە و چیای کوردەکان و کوبانیە نەکرابوو بەشداری لەم کۆنگرەیەدا بکەن لەبەر چەند هۆیەکی نەزانراو. ئەگەر ئەو کات نیشتمانپەروەرەکانی سوریا لە نوێنەرانی بورژوای نەتەوەییی عەرەبی دانی بە هەبوونی گەلی کورد و نەتەوەکانی دیکە بنابایە و مافەکانیان لە دەستوردا پارێزراو بوایە و مەسەلەی فرە نەتەوەیی و فرە رۆشنبیریی لە وڵاتدا پشتگوێ نەخستبوایە, ئێستا لە رەوشێکی دیکەدا دەژیاین و سوریاش وڵاتێکی پێشکەوتوو دەبوو لە رووی شارستانییەوە و دەوڵەمەند دەبوو بەسەرچاوەکانی و رۆشنبیرییەکانی و تەونی کۆمەڵایەتی رەنگارە و نموونەیەکی برایەتی گەلان و ژیانی هاوبەش و بە یەکەوە ژیانی برایانە دەبوو لە جیاتی گرتنەبەری سیاسەتی پشتگوێخستن, بەعەرەبکردن, پیلانە رەگەزپەرستە شۆڤێنییەکان, زەوتکردنی مافی خەڵکانی دیکە, چەوساندنەوەی نەتەوەیی, خەرجکردنی سەرمایە و توانا مرۆڤییەکان و لەبنهێنانی وزەکان بە کاری گۆرینی پێکهاتەی دیمۆگرافی و نەتەوەییی گەلێکی رەسەنی دۆستی گەلی عەرەب.

## پارتی دیموکاتی کوردستان لە سوریا:

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

لـه ناوەڕاسـتی پـەنجاکانی  سـەدەی رابـردوو و بـە دروسـتی لـە ئابی/١٩٥٧ پارتی دیموکراتی کوردستان دامـەزرا بـۆ یەکـەم جار لـە مێژووی کوردەکانی سوریا وەکو ئامرازێکی هاوچـەرخی رێکخستووی خـاوەن پرۆگـرام  و وەکـو رێکخـستنێکی نەتـەوەیی کـوردی قوچـەیی(هـەرەمی) لەسـەر بنـەمای پرێنـسیپەکانی –ناوندییـەتی دیمـوکراتی–. سـەرهەڵدانی پـارتی و کۆبوونـەوەی چـین و توێـژە نیـشتیمانییەکان لـە دەوروبەریـدا کاریگەرییـەکی بـەهێزی هـەبوو لـە ژیانی جەماوەری کـورد و وەرچـەرخانێکی بەرچـاوی خـستە رێـڕەوی سیاسی جـەماوەر و چارەنووسـە نیـشتیمانییەکەی. رۆڵـەکانی گـەلی کورد بە شێوەیەکی ئاشکەرا هەسـتیان کـرد بـە پێناسـەی نەتـەوەیی خۆیـان و رەوایـی مافـەکانیان و دیموکراتیـەتی خواسـتەکانیان, ئـەم هەستکردنەش لـە زیادبوونـدا بـوو, چـۆن نـا؟ لـە کاتێکدا ئـامرازێکی خـەباتگێڕی سـەرخۆیان بـۆ رەخـساوە کـە ئاواتـەکانیان بەرجەسـتە بکات و ئازار و داخوازی و خواستەکانیان دەربـبڕێ. پـارتی گولـّبـاران کـرا وەکـو پێویـستیەکی بابـەتی کـە ویـست و ئامانجـەکانی نیـشتیمانپەروەرانی کـورد بـەدی دێنـێ لەبـەر ئـەوەی لـە گۆڕەپـانی سوریا هیچ پارت و رێکخراوێکی سیاسی نەبوو کە خواسـتەکانی گـەلی کورد دەربـبڕێ, هەروەها هیچ لایەنێکی سیاسی نەبوو کە بەرنامەکەی مافـە نەتـەوەیی و دیموکراتیـەکانی گـەلی کـورد بـەڵکو تەنانـەت

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ڕۆشنبیرییەکانیشی بگرێتە خۆی کە ڕێژەی ١٥٪ی دانیشتوانی وڵات پێکدێنن.

سەرهەڵدانی پارتێك کە وزەکانی خەباتگێڕانی کورد ڕێك بخات کارێکی لۆجیکی و واقعیانە بوو, بۆ ئەوەی رابەرایەتیان بکات لە ئەنجامدانی ئەرکی نەتەوەیی و نیشتیمانیان هەروەها بەرنامە و داخوازییەکانیان بخاتەروو, چەوسانەوەی نەتەوەییان لە سەر شان لاببات و بە شایستەیی ئامادەیان بکات بۆ بەشداریکردنی کاریگەرانە لە خەباتی دیموکراتی و دروستکردنەوەی پەیوەندییەکانی کوردی عەربی و دانانی بناغەیەکی نوێ بۆی لە سەر بنەمای داننان بە گەلی کورد ومافەکانی و بینینی راستییە بابەتیەکان کە لە هەبوونی نەتەوەی کورد وەکو نەتەوەی دووەم لە وڵاتدا بەرجەستە دەکرێت و ژمارەی رۆڵەکانی لە دوو ملیۆن ونیو زیاترە و شایستەی داننانە بە مافەکانی و لە سەروویانەوە مافی رۆڵەکانی لە دەسنیشانکردنی چارەنووسی خۆی لە چوارچێوەی سوریایەکی دیموکراتی یەکگرتوودا.

ئەگەر بزووتنەوەی خوەیبوون ریکخراوی دایك بوو بێت بۆ بزووتنەوەی سیاسی کورد لە سوریا و ئەو سەرچاوەیە بێت کە بیری نەتەوەیی بەرجەستە کرد بە هەردوو لایەنی سیاسی و رۆشنبیرییەوە و هەمبێزکاری یەکەم بوو بێت بۆ خەباتگێڕانی گەلەکەمان, کە نەوەیەکی لە پێشڕەوە بەراییەکان ئامادەکرد کە هێشتان شوێن

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پەنجەکانیان بە ئاشکەرا لە سەر ڕێڕەوی خەباتی نەتەوەییماندا دیارە. خۆ ئەوە قۆناخی دووەم لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە سوریا و بە تایبەتی کاتی سەرهەڵدانی پارتی، کاریگەری هۆکارە نوێیەکان بە خۆوە دەبینێ، لەوانەش ملکەچبوونی بۆ هاوکێشەیەکی هزری – سیاسی لە جۆرێکی نوێ وەکو تەواوی گۆڕەپانەکانی کوردی لە پارچەکانی دیکە، لە دوای شەڕی جیهانی دووەم و تێکشکانی نازییەت و فاشییەت و سەرهەڵدانی یەکێتی سۆڤیەت وەکو دەوڵەتێکی زلهێز، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەکەوێتە قوناخی پێکهێنانی پارتە سیاسیە دیمووکراتیەکان بە پرۆگرامی نزیکەوە لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و شۆڕشگێڕی جیهانی و کاریگەر ببوون بە ئەوان وەکو هەموو بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی جیهان. بە هۆی دەست پێشخستنی برایانمان لە هەردوو پارچەی ئیران وعیراق لە دامەزراندنی هەردوو پارتەکەیان و کاریگەری زۆری بزووتنەوەکانی بارزانی نەمر، کوردە نەتەوییەکان لە سوریا سوودیان لە ئەزموونی برایانی کوردستانی عیراق و لە بەرزبوونەوەی کلپەی هۆشیاری نەتەوەیی لەو بەشە وەرگرت.

لە لایەکی دیکەوە پارتی لە کاتێکدا هاتە ئاراوە کە وڵات لە ڕەوشی هەڵسانەوەی نیشتیمانی و توندبوونی خەباتدا بوو دژی داگیرکار و هاوپەیمانیەتی بەغدا و پیلانە ئەمریکاییەکانی دژ بە سوریا بە ڕێگای هاوپەیمانیەتی و پاڵەپەستۆیە سەربازییەکان و ئاماژەدان بە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەستدرێژیەکانی تورکیای ئەندامی ناتۆ, کوردەکان هەڵسانە سەرخۆ و چوونە ناو ریزەکانی بەرگری میللیی چەکدار بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکانی تورکیا بە داگیرکردنی خاکی سوریا و سەپاندنی گرێبەندە سەربازی و ئابوری و سیاسیەکان بەسەر وڵاتە سەربەخۆیەکانی ناوچەکەدا. پەیدابوونی پارتی لەو قۆناخەدا جارێکی دیکە بەیەکگەیشتنەوە و گونجانی بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد دووپات دەکاتەوە لە گەل بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوەی نیشتیمانی سوریا بەگشتی, هەروەها کارلێکی هوشیاری نەتەوەیی دیموکراتیی گەشەسەندوو لای کوردەکان لە گەل رەوتی نیشتیمانیی هەڵڕژاو دژ بە داگیرکار و داخوازیاری سەربەخۆیی وڵات و پێشکەوتنی دیموکراتی نیشتیمانی دووپات دەکاتەوە. گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی کوردی هیچ رۆژێك لە رۆژان هاودژ نەبووە لەگەڵ رابوونی هێز و پارتە نیشتیمانیە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەبی لە سوریا.

بەم شێوەیە و لەو رەوشە ناوخۆیی و کوردستانی و ناوچەیی وجیهانییەدا, پارتی وەکو پارتێکی نەتەوەیی هاتە ئاراوە بە سەرکردایەتی نوێنەرانی چین و توێژە نیشتیمانیەکانی کۆمەڵگای کوردی کە هوشمەندتر و رۆشنبیرتر بوون و هەستی نەتەوەییان بەرزتر بوو. ئەو چین و توێژە جیاجیانە لە ناو ریزەکانیدا کۆبوونەوە کە هەڵگری بیر وهەڵوێست و بنگرتەی جیاواز بوون و بگرە هەندێك جار هاوڕکیش بوون , لەوانەش نوێنەرانی ژمارەیەك لە رێکخراوەکانی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

وەك: كۆمەڵەی لاوانی دیموكراتی كورد و ڕێكخراوی ئازادی و هەندێ لە یانە ڕۆشنبیریەكان. لەو قۆناخەدا سەركردایەتی پارتی بابەتیانە دربڕینی لە پێكهاتەی كۆمەڵگای كوردی كرد, كە تاك و توێژی وای لێ هەڵكەوت زۆربەیان بریتی بوون لە ڕۆڵەی سەركردە لاساییەكان, دەرەبەگە گەورەكان, جوتیارە حاڵخۆشەكان و روناكبیرانی كاریگەر بە بیری ئایینیی تێكەڵ بە نەزعەی نەتەوەیی. بۆیە شتێكی سروشتی بوو ئەم توێژانە دەست بەسەر سەركردایەتی پارتیدا بگرن و كارگەرییەكی زۆریان هەبێت بەسەر پرۆگرامی پارتی و هەڵوێست وسیاسەتەكانیدا. ئەم راستیەش بەرەنگار نیە لە گەل ئەوەی كەوا پارتی بە شێوەیەكی گشتی دەربڕینی لە ئامانجەكانی جەماوەری بەرفراوانی گەلی كورد دەكرد بە تایبەتی لە بواری نەتەوەییدا.

لێرەدا راستی و دروستی شیكردنەوەی ماركسی بۆ دیاردەی نەتەوەیی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە لە وڵاتە ئۆروپاییەكاندا بەدیاردەكەوێ, بە تایبەتی لە فرانسا و ئەلمانیا, كە هوشیاری نەتەوەیی گەلاڵە دەبێت, بیری نەتەوەیی هاوپێچ لە گەل سەرهەڵدانی بورژوازییەت و دروستبوونی كۆرپەلەی سەرمایەداری لەو كۆمەڵگایەدا دێتە ئاراوە. واتە پێگەیشتنی هوشیاری نەتەوەیی لە كۆمەڵگا پێشكەوتووەكاندا مەزنتر دەبێت و سەرهەڵدانی سەرمایەداری لە كۆمەڵگایەكدا واتە دروستبوونی پێشكەوتنێكی شارستانی ڕۆشنبیری ماتەری كۆمەڵایەتی و لە یەك جیاكردنەوەی چین و هزر و هەڵوێست و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەرژەوندییەکان و وازهێنـان لـە بـیرو بۆچـوونە پـوچ و دارزاوەکـان و کۆسپە کۆمەڵایەتیەکان. بێگومان ئـەم راسـتیانە لـە سـەر کۆمـەڵگا و گەلە جیاجیاکان و لە گشت کیشوەرەکاندا دەگونجێت و گەلی کـورد و کۆمەڵگاکانی کوردستانیش یەکێکە لەوانە. لەم چوارچێوەیەدا پـارتی ناساز نەبوو لە گەل بنـەمای گـشتی لـە ناوچـەکە و لـە جیهـان و لـەو وڵاتانــەی کــە کوردســتانیان لــە نێــوان خۆیانــدا دابەشــکردووە, بورژوازییەتی تازە دروستبوو شـوێنی پێـشەوەی گرتـووە و لـە دوای سـەربەخۆبوون لـە نۆبـەرەی ئـەزموونی دەسـەڵاتدایە و لـە سـەرووی بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی نیـشتیمانی دایـە, پـێش ئـەوەی نوشـست بێنێ و پڕۆگرامەکانی بڕوخێ لە بواری پەرەسـەندن و دیموکراتیـەت و چارەســـەرکردنی کێــشە چارەنووســـیەکان و بەرەنگاربوونـــەوەی داگیرکار.

ئـەوەی ئاشـکەرایە و بـە پێـی نـەریتی شارسـتانی, بزووتنـەوەکانی رزگـاریخواز بەشـێوەیەکی تایبــەت دەبــێ لــە نێــوان قۆناخیــك و قۆنـــاخێکی دیکــــەدا پڕۆگـــرام و ســـەرکردایەتی و شـــێوازە خەباتگێڕییەکانیان نوێ بکەنەوە بە مەبەستی خۆ گونجاندن لـە گـەل راسـتیەکانی پێـشکەوتن و گـۆڕانی بـارودۆخ و سـەرهەڵدانی چـین و توێژی نوێ وگۆڕینی هـزر و چـەمکەکان بـە هـۆی کاریگـەری گۆڕانـە کۆمەڵایەتیـەکان و پێـشکەوتنی زانـستی و تەکنـەلۆژی, بـەلام لــە جیهانی سێیەمدا بە گشتی و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا بـە تایبـەتی و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

تایبەتیتریش بزووتنەوەی کوردی ئەم جۆرە پێشکەوتنە سروشتیە و گواستنەوەی نەرمی لە نێوان سەرکردایەتیەکان و هزر و پرۆگرامەکان  بە خۆوە نەدیوە, بەڵکو بەردەوام دووچاری تەنگژە و کارەسات و پێکدادان و رووبەرووبوونەوە بووە کە مۆرکی دوژمنکاری بەخۆوە گرتووە و لە گەل خۆیدا دەمارگیری ناوچەیی و خێڵەکی و کەسایەتی و ناوچەگەریی جوڵاندووە و هێناویەتە ورووژان, ئەمەش بە هۆی خۆبەستنەوەی سەرکردایەتیەکان بە شوێن و پایە و هزرەکانیان تەنانەت ئەگەر لەق و هەڵەش بێت.

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی پارتی بەو پێکهاتە کۆمەڵایەتی وسیاسیەی کە پێشتر باسمان کرد, -تۆو-ی دابەشبوونی خۆی لە ناو خۆیدا هەڵگرتبوو, چاوەڕێی کاتی گونجاوی دەکرد. لە ساڵەکانی یەکەمی, پارتی لەرووی روخسارەوە یەکگرتوو دیار بوو تاکو رووبەڕووی یەکەم تاقیکردنەوە بوو لە دەستگیرکردنەکانی ساڵی/١٩٦٠ کە (٨٠) کەسی گرتەوە لە ئەندامانی پارتی لە سەرکردایەتی و کادر و ئەندامانی شانەی بنکەیی و بە خەستی ناوچەکانی حەلەب و چیای کوردەکان و کوبانیە و ژمارەیەکی کەمی لە جزیرە گرتەوە, کە کارێکی کتو پڕ و لە ناکاو بوو و شەپڕەویی بۆ سەرکردایەتی دروست کرد چونکە خۆی بۆ رووداوێکی وا ئامادەنەکردبوو نە لەسەر ئاستی کەسی-مرۆڤی  و نە لەسەر ئاستی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

سیاسی– خەباتگێڕی و نە لە سەر ئاستی یاسایی– ئیجرائی. ئەمەش یەکەم هەڵەنگاوتن بوو بۆ سەرکردایەتی مێژوویی.

لە پێش دادگای سەربازیدا لە نێوان سەرکردایەتی - دەستگیرکراو– دا کاتی لێپرسین و وەرگرتنی ئیفادەکان و بەرگری و پارێزگاری, جیاوازی لە وڵامدانەوەکاندا دروست بوو, کۆمەڵەیەك پابەند بوون بە بەرنامەی پارتی (پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی) و –عوسمان سەبری– رابەریی دەکرد, ئەوەی دیکەش پێشنیاری بەکارهێنانی -تەکتیك– ی نەرمی دەکرد بۆ رزگاربوون لە حوکمە توندەکانی مەزندەکراو, و – نورەدین زازا– رابەریەتیی دەکرد. بەبێ ئەوەی تەماشای راستی و دروستی ئەم کۆمەڵە یان ئەو کۆمەڵەیە بکەین دەبینین کەوا روخساری جیاوازییەکە تەنها شتێکی -تەکتیکی– بوو, چونکە هەردوو کۆمەڵ پێش دەستگیرکردنیان بە بەرنامەی پارتی رازی بوون و بەتەواویش پابەند بوون بەناوی پارتی – پارتی دیموکراتی کوردستان– ودروشمەکەی –رزگارکردن و یەکبوونی کوردستان– تەنها کەمینەیەکی کەم نەبێت کە ئەو بەرنامەیان رەتکردەوە و دیارترین کەسیشان –عەبدولحەمید دەروێش– بوو (کە دەستگیر نەکرابوو), بابەتی ناکۆکی و جیاوازی لە نێوان هەڤاڵانی دەستگیرکراودا لە روخساری یاسایی و بەدواداهاتەکانی حوکمە دادگاییەکانی دادگای سەربازی تێپەڕی نەکرد.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەوەی پێویستە لەم بارەیەوە دووپات بکرێتەوە ئەوەیە کەوا ناکۆکی سەرەکیی لە سەرکردایەتی -پارتی-دا کە دواتر پەرەی سەند و بووە تەنگژەیەك, لە بنەڕەتدا و هەر لە رۆژانی یەکەمەوە, لە مەسەلەی ناوەرۆك وسنووری داخوازییە نەتەوەییەکانەوە هەڵقولا بوو, ئایا پارتی دەربڕین لە لە خواستەکانی گەلێکی رەسەن دەکات کە لە سەر خاکی مێژوویی خۆیەتی یان کەمەنەتەوییەکی کۆچبەرە؟ ئایا پارتی رێکخستنێکی هێزی سیاسی شۆرشگێڕییە یان کومەڵەیەکی چاکسازییە.

هەڤاڵانی سەرکردایەتی ئەو کات ناکۆك نەبوون لە سەر ئەم پرێنسیپانە بەڵکو هەموویان بە یەکەوە یەك رەوتی نەتەوەییان پێکدێنا لە بەرامبەر رەوتەکەی دیکە کە دواتر بە -راستڕەو- ناسرا و کاری دەستگیرکردنییان پێنەگەیشت.

تێپەڕینی نزیکەی دە سال بەسەر تەمەنی پارتیدا بەس بوو بۆ ئەوەی هۆکارەکانی ناکۆکی لەسەر مەسەلە هێزی وسیاسی و رێکخستنییەکان کەڵەکە بێت. بە تایبەتی لەو ماوەیەدا تێکۆشانی گەلان و بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی نیشتیمانی لە ئاسیا و ئەمەریکای لاتینی پێشکەوتنی خێرا و رابوونی بەرچاویان بە خۆوە بینی, و شۆرشی سەرکەوتوو دژ بە داگیرکاران بەرپابوون, هەروەها رژێم و حکومەتی نوێ هاتنە ئاراوە کە لە سەر رێگای رزگاری و پێشکەوتن بەرێوە دەچوون, پارت و چەندین رێکخراو و هێز

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەتەواویەوە کەوتنە لایەنگریکردنی دۆزی ئازادی لـە جیهانـدا. ڕەوتـە هـەرە شۆڕشـگێڕەکان باڵیانکێـشا بەسـەر هـەموو بزووتنـەوەکانی ڕزگارخوازی لە جیهاندا کـە ئـەو کـات پاڵپـشتیان لـە بازنـەی وڵاتـە سوسیالیستەکاندا بۆ خۆ دۆزییەوە. گۆڕانێکی میتـۆدی قـوڵ دروسـت بـوو لـە بونیـادی هزریـی هێـزە شۆڕشـگێڕیەکاندا بـە گـشتی کـە تێکەڵبوونی زیاتری لێکەوتەوە لە نێوان "نەتەوەیی و کۆمەڵایـەتی" و "ڕزگاریخوازی و دیموکراتخوازی" و "سیاسی و ڕۆشنبیری".

لە میانی ڕابوونی گشتی لە ناوچەکەدا پێویستە ئاماژە بە کاریگـەری گـەورەی بزووتنـەوەی بـەرخوەدانی فەلەسـتینی بکـەین وەکـو شوڕشێکی نیشتیمانی کە لە پێناو ئازادی و مافی چارەی خۆنووسـین تێدەکۆشـێ و هـەروەها ئامـاژە بـدەین بـە دەوڵەمەنـدیی میتـۆدی و هزریـی و نەریتـە دیموکراتییـەکانی وڕۆڵـی لـە ڕاکێـشانی هێـزە نیشتیمانی و پێشکەوتنخوازەکانی گەلانی جیاحیای شۆڕشگێڕ بۆ لای خـۆی لەوانـەش گـەلی کـورد, هـەروەها پێـشکەشکردنی پـشتگیری میتۆدی و خبرەی سیاسی وئاسایشی و جەنگی و ماتەری بەوانەی کە ویـستوویانە. بەتایبـەتی کێـشەی فەلەسـتینی هـەر لـە سـەرەتای سەرهەڵدانیەوە کێشەی ناوەندیی عەرەب و بزووتنەوەکانیان بووە لـە هـەموو جێگایەکـدا, دەربڕینـی لـە خواسـتی شۆڕشـگێڕان و دیموکراتیخـوازان ونیـشتیمانپەروەرانی عـەرەب دەکـرد لـە گـشت وڵاتـەکانیادا. لێرەشـدا دەبـێ لـە بـیر نـەکرێت کـەوا بزووتنـەوە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

رزگاریخوازەکـــانی دیکـــە زۆر ســـوودیان لـــە کـــەلتور و خبرەکـــانی بزووتنـــەوەی نیـــشتیمانی فەلەســـتینی وئەزموونـــەکانی بـــە خۆشـــی و تاڵیەکانیـــەوە وەرگرتـــووە بـــە تایبـــەتی لـــە بـــواری هاوپەیمانیـــەتی بەرەیی، فرەلایەنیی هزری و سیاسی و ورێکخستنی، بەیەکەوە ژیـانی کۆمەڵـــە چـــەکدارەکان و رێکخراوەکـــان و پرۆگرامـــە سیاســـیەکان (ستراتیژیەکان و قۆناخییەکان)، مەسەلەی پەیوەندی نێوان خـەباتی سیاســـی و تێکۆشـــانی چـــەکدارانە، پـــەروەردەکردنی کـــادیران و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانەوە.

بزووتنـــەوەی رزگـــاریخوازی نەوتـــەوەیی کـــوردیش –بـــە هـــەموو رەوتەکانی خۆیەوە– بەهۆی رەوشە داتەپیوەکانی لە سەرەتاکاندا و بـە هـۆی پێویـستیی بـە رابـەرێکی میتـۆدی و هـزری سیاسـی و رۆشنبیرییەکی تێکۆشانی و پـێش ئـەوەی نەریتـە شۆرشـگێڕییەکانی روونـی لای کەلەکـە بێـت و پـێش ئـەوەی هـەوڵی دارشـتنی کـەلتور و ئەزموونـــەکانی خـــۆی بـــدات بەتایبـــەتی کـــەلتوری بارزانییـــەکان و بزووتنـــەوەکانی بەدرخانیـــەکان و بەشـــداری شـــاعیرە بەراییـــەکان لـــە گەلاڵەکرنی هۆشیاری نەتەوەیی بـە تایبـەتی -خـانی–. پـێش هـەموو ئەمانـــە بزووتنەوەکـــەمان خـــۆراکی میتـــۆدی خـــۆی لـــە ئـــەزمونی شۆرشگێری دیموکراتی نوێی ئێرانی و تورکیایی و عیراقی و سـوریایی وەردەگـرت کـە ئـەزمونێك بـوو هێـشتان تـەواو نـەببوو و خۆیـشی دووچاری زۆر تەنگژە هاتبوو و لـە زۆربـەی حاڵەتەکانیـدا رووبـەرووی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ڕێگای داخراو بووەوە بە هۆی توندرەوی رەوتی چەپ بە زۆری و عەقلییەتی هەڵەشەی بورژوازیەتی بچوك, چەمکە شوڤینە باوەکان, دروشمە زێدەرۆیەکانی کە بەرزکرانەوە, بەم شێوەیە بزووتنەوەی کوردی بە پشتبەستن بەو ئەزموونە خۆی خستە ناو تەنگژەیەکی میتۆدی-بەرنامەیی و توشی کێشە هات لە دەستنیشانکردنی ئامانجە دوور و نزیکەکانی و لە پەیوەندیی نێوان -تایبەتیەکانی ئەو- و گشتییەکانی نیشتیمانی و لە نێوان مەسەلە نەتەوەییەکەی خۆی و مەسەلەی دیموکراتیەتی گشتی و مەسەلەی بەرنامەی کۆمەڵایەتی و بابەتی دۆست و دوژمنی لە ناوەوە و لە دەرەوە.

زێدەڕوویی ناکەین گەر بڵێین سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نیشتیمانی فەلەستینی لە ناوەراستی سەدەی رابردوو (بیستەم)دا بەو شێوەی کە لە سەرەوە باسمان کرد بووە بە دەرفەتی رزگاربوونی میتۆدی بۆ هێزە رزگاریخواز و پێشکەوتخوازەکانی ناوچەکە بە گشتی لەوانەش بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردی.

ئەو کاتە لە سوریاش گۆڕانی بەرچاو لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هاتەئاراوە و ململانێی چینایەتی توند بوو, کودەتا سەربازییەکان زۆر بوون وەکو دەربڕینێك لە نزیکبوونەوەی گۆڕانکاری لە هاوسەنگی هێزەکاندا و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەو ئەلتەرناتیفانەی کە لە گەل رەوشی نوێدا دەگونجێن و ملکەچی ویستی جەماوەری بەرفراوانی گەلی سوریانە. لەو ساڵانەشدا ناکۆکی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کەوتــە نێــوان ریزەکــانی حزبــی بەعــسی عــەرەبیی سوشیالیــستی فەرمانڕەوادا و بەشێك لەو ناکۆکیە لە سەر مەسەلە دیموکراتییــەکان, ئایندەی سوریا, بنیاتکردنی سۆشیالیستی, رەوشی چینە مللییــەکان و هەڵویست لە خەباتی فەلەستینی بــوو هــەروەها چــەندین مەســەلەی دیکەش کە جێی ناکۆکی و جیاوازی و رادەربڕینی زۆربەی بزووتنــەوە دیموکراتیە شۆڕشگێڕەکان بوو لە وڵاتدا.

پاشــان شکەســتی حــوزەیرانی ١٩٦٧ وەکــو رووداوێکــی جیاکــەرەوە هاتە ئاراوە و لێدانێکی ئاراستەی چــەمك و هزرەکــانی هێزەکــانی بــاو لەو کاتدا لــە بزووتنــەوەی نەتــەوەیی عــەرەبی کــرد بەتایبــەتی لــە – ناســـرییەکان و بەعـــسییەکان– وپاڵینـــان بـــەرەو دابەشـــبوون و پێداچوونەوە و گەڕان بە دوای ئەلتەرناتیفەکاندا وەك هێز و تێــڕوانین و روانگــەکان. لــەو کەشــوهەوایەدا گونــدەکانی ســوریا شــەپۆلێکی توندوتیژیی ململانێ و کوشتن و بڕینی بەخۆوە بینی لە نێــوان گــەورە زەویدارەکان و دەرەبەگە پاشماوەکان و رابەرە لاسییەکان لــە لایــەك و جوتیـــار و کرێکـــارانی کـــشتوکاڵی ورۆشـــنبیر و خوێنـــدەوارانی ناوچەکان لە لایەکی دیکەوە لە ســەر مەســەلەی زەوی و زار و یاســای چاکــسازی کــشتوکاڵی و دەســەڵاتی کۆمەڵایــەتی چــینە کۆنــەکان و هەندێ داب و نەریتی کە چــەندین نــەوە بــوو راچــاو دەکــرا و لــە گــەل بارودۆخی نوێدا نەدەگونجان. هەڵوێستە شەپرزە و رارا و هاوڕکەکانی دەســەڵاتەداران بــووە هــۆی قولبــوونی ئــەو ململانێیــە چــونکە رژێــم

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هێشتان خۆی یەکلا نەکربووە لە بەرامبەر ئەو مەسەلانەی خراونە ڕوو, هەروەها هیچ بەرنامەیەکی دروستی سەبارەت بە مەسەلەی دیموکراتیەت و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی نەبوو, ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کەوا پاشماوەی دەرەبەگە گەورەکان و توخمە کۆنەپەرستەکان خۆیان بەو کەسانەوە بپارێزن و پەنا بدەن کە چوونەتە ناو دەسەڵاتدا بە هۆی ئەندامێتیان لە ڕیزەکانی حزبی فەرمانڕەوادا.

جوتیارانی کورد و کوردە گوندنشینەکان بە گشتی لەو پێشکەوتنانە دوورە پەرێز نەبوون, بەڵکو گوندە کوردییەکان زۆر جار هەمان ڕووبەڕووبوونەوەی لە نێوان جوتیارەکان و ڕابەرە لاساییەکان بەخۆوە بینی. ئەمە ئەگەر بزانین کەوا ئەو کات بنەمای سەرەکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە جوتیاران و کرێکارانی کشتوکاڵی و ڕۆڵەکانیان لە قوتابیان و خوێندەواران پێکهاتبوو, بۆیە پێویست بوو لە سەری هەڵوێستێك وەرگرێت کە لە ئایندەدا لە گەل بەرژەوندییەکانی خۆی و بەرژەوەندییەکانی بەردەوامبوونی بزووتنەوەی کوردی بگونجێت. لێرەدا جۆرە هاوڕکییەك لە نێوان ڕیزەکانی سەرکردایەتی حزب دروست بوو لە سەر ئەو هەڵوێستەی دەبوایە پابەندی بن سەبارەت بە مەسەلەی کۆمەڵایەتی, ئەم هۆکارەش خرایە سەر هۆکارە سەرەکیەکەی دیکە و مەبەستیشم – سیاسەتی نەتەوەییە.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

## دیمەنی پێش بەستنی کۆفرانسی ئابی/١٩٦٥

لەو دەمـەوە کـە نـاکۆکی کەوتـە ریزەکـانی سـەرکردایەتیدا و بـەهۆی ناگەلاڵەبوونی ئەو ناکۆکیە بە شێوەیەکی روون و ئاشکەرا و بێتوانایی هەردوو لایـەنی ململانێکـار لـە دەستنیـشانکردنی بنـەما و نـاوەرۆك و روخساری ئەو ناکۆکیـە و دارێشتنی لـە چوارچێوەی میتۆدیـدا –بـە هۆی پاشکەوتنێکی هزری گشتی– بـەڵکو دیاردەکـانی ئـەو ناکۆکیـە خۆی لـە برینـدارکردن و نـاوزەدکردن و ژمـاردنی خراپـەکانی هەنـدێ کەس و کوتلەگیری ئیفلیج خۆی نواند. تـەنها ناکۆکییـەکانی بـەردەم دادگـای سـەربازی سـەرەتای بنـەماکان بـوو. لـەو کەشەشـدا هـەموو رێکخستنەکانی پارتی تووشی سڕبوون و نالـەباری و پاشەکشە هـات پـاش ئـەوەی بەرفراوانیـەکی جـەماوەریی لـە گـشت ناوچـە و شاروچکەکاندا بە خـۆوە بینـی. حزبـە سـوریاییەکان هەسـتیان بەمـە کرد و دەسەڵات مەترسی خۆی بەرامبەر بەو پەلهاوێشتنەی نەتەوەیی دەربڕی, بۆیـە هەڵسا بـە دەسـتگیرکردنی سـەرکردایەتی و کومـەڵێك لەکادیرەکانی.

سـەرکردایەتی پـارتی نـەیتوانی تەنگـژەی خـۆی بەشـێوازێکی رێـك چارەسـەر بکـات, پـاش تێپـەڕبوونی نزیکـەی دە سـاڵیش بەسـەر دامەزرانـدنی پارتیـدا سـەرکردایەتی هـەر نـەیتوانی یـەك هـەنگاویش بەرەو پێشەوە بڕوات لە بـواری راسـتکردنەوەی بەرنامـەی سیاسـیی,

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەنجامدانی دەستپێشخەری نویێ سەبارەت بە مەسەلەی نەتـەوەیی و مەسـەلە ویـستراوەکان و مەسـەلەی سیاسـی نیـشتیمانی و رەوشـی جەماوەری کورد و بیری لە دۆزینەوەی زەمینەیەك نەکردەوە کە ئـەو شـەپۆلانەی سـەر بـە رێکخـستنن لـە چـین وتوێـژە کومەلایەتیـەکانی جیاجیـا بگرێتــە خــۆی, بــە رێگــای پـــەروەردەکردنی کـــادیر و بلاوکردنەوەی هوشیاری و رۆشنبیری حزبی و بەرفراوانکردنی ئاسـۆی خەباتگێڕی حزبی  هەروەها هیچ لێکۆلینەوە یاخود شـیکردنەوەیەکی دەرنەخـست دەربـارەی مەسـەلەکانی نـاکۆکی لـە سـەرکردایەتیدا, بەتایبەتی وەکو باسمان کرد, ناکۆکیەکە لـە سـەر هـزری نەتـەوەیی, هەلوێستی سیاسی, داخوازییەکانی نەتەوەیی, شێوازەکانی خـەبات, ناسنامە, بینینـی واقیعـی سیاسـی لـە سوریا و لـە نـاو بزووتنـەوەی نیشتیمانی کوردی لە پارچـەکانی دیکـەی کوردسـتان بـوو. هـەروەها شوێنی پارتی و بزووتنەوەی کوردی لە مەسەلەی پەیوەندیـەکانی لـە گەل هێزە دیموکراتییەکاندا و پەیوەندیی لە گەل دەسەلاتدا.

لێرەشدا دەبێ ئەوە بێنینەوە یاد کەوا حالەتی شلەژانی رێکخستنی و سڕبوونی سیاسی و راوەستانی راگەیاندنی حزبی شتێکی ویستراو بوو لە لایەن رەوتی راستڕەوەوە بەلکو لـە گـەل هـزر و بەرژەوندییـەکانی ئـەودا دەگونجـا, چـونکە هـاوڕێ بـوو لـە گـەل حالـەتی دیکـە واتـە یـەکگرتوویی سـەرکردایەتی و چـالاککردنی کـاری حزبـی و سیاسـی و خوازیـــاری و خـــستنە رووی بەرنامـــە و پـــرۆژەی رێـــك و پێـــك و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەهێزگردنی خەباتی نەتەوەیی. بۆیە راستڕەوەکان سوودیان لەم حاڵەتە وەرگرت و فوویان لە ئاگری ناکۆکی نێوان هەردوو جەمسەری پارتی –عوسمان سەبری– و - نورەدین زازا– کرد و هەوڵیان دا ئەمە بقۆزتنەوە بە–جۆشدانی زازا– بۆ سوود وەرگرتن لە کەسایەتی, لە تۆماری پاك, مێژووە پڕ لە قوربانییەکان و هەڵوێستە ئازایە نەتەوەییەکانی ئەو, بە رێگەی خزاندنی زانراوە بە نێو بناغەکانی حزبی و جەماوەری نیشتیمانپەروەردا کەوا ناکۆکی لە نێوان هەردوو جەمسەردایە نەك لە نێوان گشتیان لە لایەك و بیری راستڕەوی لە لایەکی دیکەدا. هاوکات لە گەل ئەمەیان راستڕەوەکان کەوتنەجوڵە بۆ دەست بەسەرداگرتنی پاشماوەی ئەو رێکخستنانەی مابوونەوە و پڕوپاگندەکردن بۆ هەڵوێستەکانیان, بۆیە دەستیان کرد بە گەیاندنی ئاستی داخوازییەکانی نەتەوەیی بۆ نزمترین پلە لە روانگەی واقعی -کەمەنەتەوەیی–وە کە مافەکانی نەتەوەیی نییە و لە وڵاتە مێژووییەکەی خۆی ناژی بە پێچەوانەی واقعی ئەو -گەلە–ی کە مافی چارەی خۆنووسینی هەیە, بەمەش یەکەم خواستی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی بەجێهێنا وەکو مەرجێکی رەفتارکردن و ئامرازێکی خۆ پاراستن لە دەستگیرکردن و راوەدونان. سەبارەت بە هەڵوێست بەرامبەر بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و لە پێش هەموویانەوە شۆرشی کورد لە کوردستانی عیراق, وەکو ئاشکەرایە لە ساڵی (١٩٦٤)ەوە ناکۆکی کەوتە نێوان

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

سەرکردایەتی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستان و تەقینەوەی دواخرا تا ساڵی ١٩٦٦ , لەو ماوەیەشدا شاندەکانی پارتیمان ناوە ناوە سەردانی کوردستانی عیراقیان دەکرد و سەرانی راستڕەوەکان لە زۆربەی سەردانەکاندا بەشدارییان دەکرد وچاویان بە هاوتاکانیان دەکەوت لە رەوتی–٦٦–, بەڵکو پشتگیری هەڵوێستەکانیان دەکرد و ریککەوتننامەیان لە پشتەوەی سەرکردایەتی پارتی لە گەل سازدەکردن. ئەم سەردانانەش لە(١٩٥٨) ەوە بەردەوامبوون تاکو ساڵی ١٩٦٦. ئاشکەراشە کەوا ئەو بەیاننامەیەی کە بە ناوی پارتیمانەوە بە سەرپەرشتی راستەوخۆی هێماکانی راستڕەو لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٤ دەرچوو, وەکو هەڵوێست راگەیاندن بوو بەرامبەر ئەو ناکۆکیەی لە شۆڕشی کورد روویدا دژایەتیکردنی سەرکردایەتی شۆڕش و بارزانی نەمری سەرکردەی شۆڕش و چوونەپاڵ رەوتی -٦٦-. ئەمەش هەستی هەموو ئەندامانی پارتی بە سەرکردایەتی وقاعیدەوە بریندار کرد و دەربڕینی لە هەڵوێستی راستەقینەی زۆرینە نەدەکرد. هەروەها پەیوەندییەکانی– عەبدولحەمید دەروێش– دیارترین رابەری نەتەوەییە راستڕەوەکان لە گەل سەرانی -٦٦– نەبڕا و لە ساڵی (١٩٦٣) ەوە نامە و رێنماییەکانی دەربارەی ململانێ لە گەل بارزانیدا پێدەگەیشت و ئەویش تێڕوانینی ئەو رەوتە دژەکارەی سەرکردایەتی شۆڕش, بەوانەی دەوروبەری و شوێنکەوتووەکانی خۆی رادەگەیاند, ئەمەش

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

سەرپێچیکردن بوو لە بەندەکانی پەیڕەوی ناوخۆ و پابەندییەکانی پارتایەتی وئسولە باوەکان.

بەم جۆرە هەڵوێستی راستڕەوە نەتەوەییەکان پشتی بە دوو بنەما بەستبوو, یەکەمیان گواستنەوەی هەواڵی نادروست و لایەنگر بۆ رەوتی-٦٦- سەبارەت بە شۆڕش. دووەمیشیان کارکردن بوو بۆ قووڵکردنی ملکەچبوونی هزری و سیاسی بۆ ئەو رەوتە. ئەمەش کارێکە تێگەیشتنی ئاسانە, چونکە ئەو ململانێیەی کە لەو قۆناخەدا لە شوێنی پێشەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بەرپابوو, مەبەستم گۆرەپانی کوردستانی عیراقە, ململانێیەکی قووڵ بوو, بوو بە ململانێیەکی خوێناوی بۆ دەیان ساڵ و تاکو ئێستاش تەواو نەبووە هەرچەندە شێوازی دیکەی بە خۆوە گرتووە. ئەو ململانێیە بە هەردوو شێوازی ستوونی و ئاسۆیی راکشا و سنووری شۆڕش و کوردستانی عیراقی بڕی و کاری لە گشت گۆڕەپانەکانی پارچەکانی کوردستان ودەرەوەشی کرد و شێوەیەکی نەتەوەیی بەخۆوە بینی, ئەوەش یەکەم ململانێی نوێیە لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردیدا کە ئەم پەرەسەندنە بەخۆوە دەبینێ و لە بەشێکەوە دەچێتە گشت گۆرەپانی نەتەوەییەوە. ئەنجامەکەشی دابەشبوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی بوو بۆ سەر دوو ئاراستە. یەکێکیان نیشتیمانی دیموکراتی ئاشتیخوازە بە چەسپاوە نەتەوەییەکانی وهەڵوێستە روون و ئاشکەرا و بنبڕەکانی دەناسرێ, ئەوی دیکەش

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

موغـامر و سـەوداكار و هەڵپەرسـتە. بێگومـان لـە سـایەی ئـەم گشتیكردنە سەرتاسەریەشدا, هـەر بەشێك لـە بەشـەكانی كوردسـتان خسڵەتی تایبەتی خۆی هەبوو و هەر گۆڕەپانێك دەرهاوێشتەی خـۆی هەبوو لە سەرهەڵدانی كۆمەڵەكاندا بـەپێی بارودۆخی خـۆی لـە رووی بـیر و هەڵوێستی سیاسـی و كردەوەكانیـەوە بـەڵام خسڵەتی گشتی سەرهەڵدانی رەوتە راستڕەوەكانی سەوداكار بوو لە سەر دۆزی كـورد لـە ژێـر ناونیـشان و دروشمـی جیاجیـادا. بـە تێپـەڕبوونی كـات ئـەم رەوتانـە بـوون بـە نیمـچە قوتابخانەیـەكی هـزری سیاسـی و موریـد و شـوێنكەوتووی خـۆی دۆزییـەوە لـە هـەموو پارچـەكانی كوردسـتاندا. وەكـو باسیـشمان كـرد بـە هـۆی مـۆركی هەڵپەرسـتانەی خـۆی رەوت وكۆمەڵـەی وا دەردەهاوێـشت كـە لـە نێـوان راسـتڕەوی سـەوداكار و چەپڕەوی قوماربـاز دێت و دەڕوات و لەكۆتاییـشدا لـە دوو مەسـەلەدا یەكـدەگرن, یەكـەمیان شـوێنی هەناسەهەڵكێـشانی ئـەو رژێمـە چەوسێنەر و شۆڤینیانەیە كە كوردستانیان لە نێوان خۆیانـدا دابـەش كردووە و دەروازەیانە بۆ سەرەتاتكێ كردن بە سەر رەوشی كورد بـە بەكارهێنانی توند وتیژی و پاكتاوكردنی رەگەزی و و ئحتوای سیاسـی و پەرش و پەرتكردن و پیلانەكانی لـە نـاوبردن. دووەمیـشیان زیـان گەیاندنـە بـەو دەسـكەوتانەی كـە بـە قوربانیـەكانی گـەلی كـورد و خەباتەكەی بە سەركردایەتی رەوتی نیشتبمانی دیموكراتی هاتوونەتە ئـاراوە و زیـاتر لـە چـل سـاڵە و تـاكو ئێـستاش ئـەم رەوتانـەی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

قوتابخانەی - راستڕەوی هەڵگەڕاو– چەندین دەرفەتی گران بەها لە دەست دەدەن.

گەر لە سەر ئاستی گشتیدا مەسەلەی نەتەوەیی و هەڵویست وەرگرتن تەوەری سەرەکی پێك بێنن لە ململانێی نێوان هەردوو ئاراستەدا, خۆ ئەوە ئەزموونی پارتی و بزووتنەوەی کورد لە بەشی رۆژئاوادا ئاشکەراتر دیارە. هەروەکو لە سەرەوەش باسمان کرد, یەکەم ناکۆکیی کە لە نێو سەرکردایەتی پارتی سەریهەڵدا بۆ بابەتی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە لە رووی رۆڵی ئامرازی نەتەوەیی و داخوازییەکانی نەتەوەیی و بەرنامەی نەتەوەیی. هەروەها لە سەرەتادا ئاراستەی–راستڕەو– پاشگەزبوونەوە بە رێگای– دەستکێشانەوەی سەرانیان لە کار– پاش ئەوەی بینیان کەوا زۆرینە پابەندن بە بەرنامەی نەتەوەیی, بەڵام دوای دەستگیرکردنی سەرکردایەتی مێژوویی کە لە پێش دادگای سەربازی لە سەر -تاکتیك– ناکۆك بوون, ئەوان دیسان سەر لە نوێ گەڕانەوە پاش ئەوەی هەستیان کرد کەوا گۆڕەپان لە بارە بۆ دەستداگرتنیان بە سەر حزبدا.

کۆنفرانسی پێنجەمی ئابی ساڵی ١٩٦٥ بەوە جیا کرایەوە کەوا بەشداربووانی دوای دانیشتن و وتووێژی زۆر ناونیشانەکانی تەنگژەی ناو پارتیان هەڵنجا و مەسەلە راستەقینەکانی ناکۆکیان گەڵاڵەکرد و پەنجەیان خستە سەر برین و جەختیان لە سەر سێ مەسەلە کرد:

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

مەسـەلەی یەکـەم, بەرنامـەی پـارتی نەتـەوەیی, کـە خـستنەرووی پرسیاری نەتەوەیی ( ئێمە کێین؟) دەگرێتە خۆ, ئایا ئێمە گەلین یان کەمەنەتـەوەین؟ - وەك کـە راسـتڕەوەکان دەڵـێن– و ئێمـە چـیمان دەوێ, مافـەکانی نەتـەوەیی بـەپێی پرێنـسیپی مـافی چـارەی خۆنووسین یاخود تەنها هەندێ داخوازی رۆشنبیری؟ چـۆن پێناسـەی حـزب دەکرێـت؟ ئایـا ئـامرازێکی سیاسـی خـەباتگێڕی شۆڕشـگێڕی رێکخراوەییە یاخود کۆمەڵەیـەکی چاکسازییە؟ مەسـەلەی دووەمـیش ئامرازەکـانی خـەباتکردن و شـێوازی رووبەرووبوونـەوەی پیلانـە شۆفینیەکانە, بە تایبەتی پاش جێبەجێکردنی پشتێنەی عەرەبی– و ئایا ئێمە بەشێکین لە هێزە دیموکراتییەکانی سوریا و لـە پاشانیـشدا هاوپەیمانییەتیان لە گەل دەبەستین یاخود خۆمان بە رێگـای دەزگـا و کارگێڕییەکانـەوە دەدەینـە پـاڵ دەسـەڵات؟ ئایـا شـوێنی ئێمـە لـە کوێیە لە کێـشە سیاسـی و کۆمەلایەتیـەکانی ولاتـدا ؟ ئایـا ئێمـە لـە بزووتنـەوەی گۆڕانگـاری سیاسـی گـشتیداین یـان شـوێنی ئێمـە لـە تەنیشت دەسەلات و رژێمـە؟ مەسـەلەی سـێیەمیش هەڵوێـستی ئێمـە بوو لە بەرامبەر مەسـەلەی نەتـەویی کورسـتان و لـە سـەرروویانەوەش شۆڕشی کـورد لـە عـیراق, ئایـا ئێمـە لـە گـەل سـەرکردایەتیی رەوا و شەرعینە بە سەرکردایەتی بارزانی نەمر یان لەگەڵ رەوتی -٦٦–دا.

بـە کـورتی کۆنفرانـسەکە کۆمەڵـە پرێنـسیپێکی بـە شـێوەی بڕیـاڕ و راسپاردە دارشت ,کە رێبـازی پێـشوو وسیاسـەتەکانی سـەرکردایەتی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پێشووی بە شێوەیەکی گشتی رەتکردەوە و وشکی و سڕبوونی و دوودڵیی ئەم سەرکردایەتیە لە ئەنجامدانی چاکسازی لە حزبدا مەحکوم کرد و بەرپرسیاریەتی ئەوەی روویدابوو خستە سەر ئەستۆی ئاراستەی راستڕەو لە سەرکردایەتیدا و سەرکردایەتیەکی کاتییان پێکهێنا بە مەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ کۆنگرەیەکی گشتیی پارتی بە ئامادەبوونی تەواوی ئەندامانی سەرکردایەتی پێشووی هەڵوەشاو. پارتی و بزووتنەوەی نەتەوەیی بە گشتی بە بەشێك لە هێزە نیشتیمانی و دیموکراتیەکانی وەڵات دانرا و داوای سزادانی سەرانی ئاراستەی راستڕەو کرد ئەوانەی کە دەستیان تێکەڵ ببوو لە رستنی پەیوەندی نهێنی لە گەل دەزگاکانی دەسەڵاتدا, لەو رۆانگەیەشەوە هەنگاو بنرێ کەوا گەلێك هەیە بەناوی گەلی کورد و تەواوی بنەماکانی نەتەوەیی و خۆبەستنەوەی بە مافە نەتەوییە نەگۆڕەکانی هەیە کە جێی سەوداکردن نین, و راوەستان لە گەل شۆرشی کورد و سەرکردایەتییە شەرعییە مێژووییەکەی بە رابەرایەتی بارزانی نەمر و پێشکەشکردنی هاوکاری و پاڵپشتی بۆی لە هەموو بوارەکاندا. بەم شێوەیە دەبینین چۆن تایبەتمەندی گۆڕپانەکەمان سەبارەت بە ناوی چەپڕەوی نەتەوەیی و راستڕەوی نەتەوەیی گەلاڵە بوو.

ئێمە لە سەر رێچکەکانی مارکسیزمی سۆڤیەتی, چینی, ئەلبانیایی, ئۆرۆمارکسیزمی نویێ و ترۆتسکیزم ناکۆك نەبووین. پارتیمان لە سڵی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

١٩٧٣ وه پابەندیی خۆی به مارکسیزمی لینینی بـه دیارخـست, واتـه دوای کـۆنفرانس بـه هەشـت سـالّ, ململانێمـان لـه سـەر پالّـدەره تـەواوەکانی چـینایەتی نـەبوو, چـونکه زۆربـەی کاتـەکان بنـەماکانی هەردوو لا وەکو یەك بوون له رووی رواندنگەی کۆمەلایەتیەوه له بەر ئەوەی ئێمه بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و پارتێکی دیموکراتی بووین و پارتێکی نێونەتەوەیی نەبووین وەکو حزبی کۆمۆنیستی سوریا, هـەر بۆیەش له خشتەی کارەکانماندا شـتێکی وا نـەبوو کـەوا لـه مەسـەله میتۆدییـه فەلـسەفییەکانی و هاودژەکـانی بـدوێن, چـونکه لـه ئەرکـه سـەرەکیەکانمان نـەبوو, بـەلّکو زۆر جـار خۆمـان لــه چـوونه نـاو گفتوگـۆکردن لــه ســەر مەســەله ئایینیــەکان و داب و نەریتــەکان و کەلەپور بەلا دەنا. ئەگەر ناکۆکییەکیەکیش هەبوایه له سـەر مەسـەله ئایدۆلۆژییەکان سـەبارەت بـه بزووتنـەوەی نەتـەوەیی کـورد لـه گـەل لایەنەکانی دیکه خۆ ئەوه لـه گـەلّ ئاراسـتەی–کۆسمۆپـۆلیتی– بـوو (کەبیرو باوەر نەتەوەییان نەبوو) و کوردە کۆمۆنیستەکانی ناو حزبـی کۆمۆنیـستی سـوریا پێـشەوایەتیان دەکـردن. بۆیـه دیـسان دووپـات دەکەینەوه کەوا نـاکۆکی لـه نێـوان چـەپ و راسـتدا لـه چوارچـێوەی کاری نەتەوەیی بوو نەك چینایەتی. لـه ئەنجامیـشد ئاراسـتەی چـەپ لایەنی بەرژەوەندییەکانی زۆرینەی رۆلّه چەوسـاوەکانی گـەلی کـوردی گـرت بــه حــوکمی نوێنەرایــەتیکردنی هــزر و هەلّوێــستی زۆرینــەی جەماوەری کوردی پابەند بـه مەسـەله نەتەوەییـەکانی خۆیـەوه, ئـەو

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

زۆرینەیەی کە پێکهاتبوو لە جوتیار و هەژار و کرێکارانی کشتوکاڵی و توێژ و کەساییەتیە نیشتیمان پەروەرە دەوڵەمەند و حاڵخۆشەکان و رابەرە لاساییەکان و خوێندەواران لە قوتابیان و رۆشنبیران کە توێژی هەرە بەرفراوان بوون. پاشان بە هۆی کاریگەری هۆکارە ناوخۆییەکان و ناکۆکی لە سەر هەڵوێست و سیاسەتەکان ریزبوونێکی هزری سیاسی ئاشکەرا هاتە ئاراوە کە خوێندنەوەی ناونیشانە سەرەکییەکانی مەسەلەکانی ناکۆکی ئاسان دەکات, ئەمەش جاری یەکەمە لە مێژووی بزووتنەوەدا روودەدات, کەی کورتیەکەی داقلیشانی حزب بوو بۆ دوو باڵ: چەپڕەوی نەتەوەیی و راستڕەوی نەتەوەیی, هەر یەکێکیان بەرنامە و هەڵوێست و رەوشتی خۆی هەیە, رۆژگاریش وای خواست کەوا مەسەلەکانی ناکۆکی لە نێوان هەردوو لایەندا لە سەر مەسەلە ستراتیژیە سەرەکییەکان بێت نەک تەنها لە سەر تاکتیکی سیاسی,ئەمەش بووە هۆی کەوا داقلیشانەکە ئاسۆیی و ئەستوونی بێت, ئەگەرچی دوای سی ساڵیش ناکۆکیەکە هێشتان بەردەوامە و ململانێیەکە هەر هەیە و بەڵگە و نیشانەکان وا پیشان دەدەن کەوا بەردەوام دەبێت تا وەکو بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە قۆناخی رزگاریخوازی نیشتیمانی دایە و لە دوای چارەسەرکردنی کێشەی کوردیش لە سوریا  ناکۆکیەکە هەر سەرهەڵدەداتەوە بەڵام بە شێواز و ناوەرۆکی دیکەوە.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کۆنفرانسەکە لە شوێنێك لە تەنیشت ماڵەکەمان لە گوندی جەمعایە بەسترا و هەمان شوێنی بەستنی کۆنفرانسی چوارەمی ساڵی ١٩٦٤ بوو کاتێك کە هێشتان پارتی بە یەککگرتوو دادەنرا. (٢٢) هەڤاڵ لە چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکانی جیاجیا بە شداریان تێدا کرد و هەموویان لە کەسان و کادیرانی پێشەوە و پێشەنگ بوون و هەستیان بە بەرپرسیارییەتی نەتەوەیی و نیشتیمانی و حزبی دەکرد و دڵگەرم بوون بۆ رزگارکردنی رێکخراوە سیاسیەکەیان و زۆربەی ئەوانەش لە رێکخستنەکانی جەزیرە بوون و هەندێکیشیان نوێنەرایەتی رێکخستنی حزبییان دەکرد لە زاکۆی دیمەشقدا. رێکخستن لە ناوچەی کوبانیە و چیای کوردەکان هاتبووە سڕکردن یاخود نیمچە نەماو بوو بە هۆی دەستگیرکردنەکان وئاشکەرابوونی لێپرسراوانی, بانگهێشت نەکردنی ئەندامانی سەرکردایەتی لە ئەنجامی بڕیارێکەوە هات کە بە کۆمەڵ وەرگیرا بوو, بەتایبەتی زۆربەی زۆریان لە گرتووخانەی مەدەنیی شاری حەلەب بوون وشتێکی ئاسایی و لۆجیکییە کەوا توخمە راستڕەوەکانی بەرپرس لە تەنگژەکە بانگهێشت نەکرێن کە بۆ خۆیان خەریکی خۆشگوزەرانی و رابواردن بوون. لە نێو ئەو ژمارەیەشدا هەندێك توانیان تا کۆتایی لە رێڕەوەکە بەردەوام بن و هەندێکیش خۆیان دوورە پەرێز راگرت لە –رووبەرووبوونەوەکانی رێکخستنی سیاسی– لە بەر هۆیەکانی تایبەتمەند بە کاری فەرمانبەرایيەتی وئاسایشی خۆیان بەڵام هەر نزیك مانەوە لە رێبازی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

نـویٚ و وپـەیوەنـدی خۆشەویـستی و دۆسـتایەتیان لـە گـەل پارتیـدا پاراست.

پـــاش تـــەواوبوونی کارەکـــانی کـــۆنفرانس کـــە وەکـــو ووتمـــان سـەرکردایەتیەکی کـاتیی هەلٚبـژارد و بـەیانی کۆتـایی بلآوکـردەوە, حەسانەوەیکی میللی لە نیٚـو ناەنـدە پارتیـەکان و نیـشتیمانپەروەرە سەربەخۆیەکان هاتەئاراوە. راستەڕەوەکانیش توشـی سەرسوڕمان و نائومیـدی هـاتن بـە هـۆی سـەرکەوتنی هـەنگاوی یەکـەم لـە سـەر ڕیٚگـای دوور و دریٚـژدا, بـە تایبـەتی پـاش خویٚندنـەوەی بڕیـاڕ و ریٚنماییەکانی هزری و سیاسیی کە بە رووودانی بۆمەلەرزەیـەك دەچـوو لە کۆمەلٚگای کوردیدا و لە جەرگەی بزووتنەوەی نەتەوەییدا بەلٚکو لـە گورەپـانی کوردسـتاندا بـە گـشتی, وەك یەکـەم دیـاردەی هـزری- رۆشنبیری کە بەم شیٚوە روون و بویٚرانەیە رووبدات. بەبیٚ زیـادەڕۆیی یەکەم هەولٚی چاکسازی ریـشەیی بـوو لـە پـارتیٚکی کوردسـتانیدا بـە تیٚڕوانینیٚکـی زانـستیانە و بابەتیانـە هـەموو کارتیٚکـەرەکان و لایەنـە نـــاوخۆیی و ســـوریایی و کوردســـتانی و جیهانیـــەکان وەرگریٚـــت و بخویٚنیٚتـەوە. زۆریـشی ناخایانـد ئەزموونـە تازەکـە بەرنامـە میتۆدیـە تەواوەکەی پیٚشکەش کرد سەبارەت بە هەردوو مەسـەلەی نەتـەوەیی و نیشتیمانی و کاری بەرەیی لە سەر ئاسـتی بزووتنـەوەی نەتـەوەیی کوردی و بزووتنەوەی نیشتیمانی دیموکراتی لە سوریا و بزووتنـەوەی رزگاریخوازی کوردستانی لە ناوچەکەدا.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەرچەندە لە سەرەتادا راستڕەوەکان وایان خۆ پیشاندا کە بایەخ نادەن بە مەسەلەکە و خۆیان وا پیشاندا کەوا ئەم رووداوە بە لایانەوە کارێکی قلیشانەیی منالآنەیە و هیچ کاریگەری نیە, بەلآم لە هەمان کاتیشدا هەولّیاندا رووداوەکە بگرنە خۆیان بە رێگای مانۆرکردن, بە داخەوەش هەندێك لە کەس لە سەرکردایەتی خزمەتێکی گەورەی راستڕەوەکانیان کرد و بەگەرمییەوە بەشداریان لە -پیلآنی- لەناوبردنی بڕیار و ئەنجامەکانی کۆنفرانسیان کرد, هەرچەندە لە پاشاندا پاشگەز بوونەوە, بەلآم بەم کارەیان بەشداریان لە درێژبوونی تەمەنی راستڕەوەکان کرد. لە بەرامبەر ئەم هەموو مانۆرانەدا, سەرکردایەتی کاتی بەبڕوابوونێکی مەزنەوە لە بەرامبەر رووداوەکان راوەستا و کەوتە رەفتارکردن و گفتوگۆکردن لە گەل ئەو پێشنیار و گەنگەشە و چارەسەرانەی خرابوونەروو, چونکە مەبەستی رزگارکردن و یەکگرتنی پارتی بوو لە سەر بنەما پرێنسیپیەکانی نویێ.

کۆنفرانسەکە ئامادەکرا و بەسترا بە بێ ئەوەی یەك کەس لە ئەندامانی سەرکردایەتی پێی بزانێ. پێش بەستنی کۆنفرانس بە سالێك, من لە حەلەب بووم, لە هاوینی ١٩٦٤ بۆ بەشداریکردن لە خیوەتگای لاوانی قۆناخی دواناوەندی ناوچەی -راموسە- بە بەشداری قوتابیانی حەسەکە و دێرلزور و رقە و حەلەب کە نزیکەی مانگێکی خایاند. چەند رووداوێك لەو خیوەتگایە دروستبوون کە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هـەرگیز لـە یـاد ناچـنەوە لەوانـەش ڕوداوی ڕووبەڕووبوونـەوەی- رەگەزپەرسـتانەی- نێـوان قوتابیـە بەعـسییەکان و هەنـدێك لـە کوردەکانی جزیـرە کـە هـەڤاڵانی ئێمـە بـوون, لـە پێنـاو دۆزینـەوەی جۆرە -هاوسەنگییەك-چووم بەدوای هەڤاڵانماندا گەڕام لە پارێزگـای حەلەب و ئاشناییم لـە گـەل پەیـداکردن و هەماهـەنگی و هاوکـاری لـە نێوانماندا دروستبوو لەو -ڕووبەڕووبوونەوانـە-دا بـۆ بـەرگریکردن لـە خۆمان لە بەرامبەر شەڕەنگێزی شۆڤینیانەی هەندێك لە بەعسیەکان. کار گەیشتە رابەرەکانی خیوەتگا -یوسف کـەنعان و جـۆرج ئـەنتی- ئەوەی دووەمیش خەڵکی قامشلۆ بوو و ئەفسەریچکی بەعسی بوو لـە کاتی یاخیبوونی -سەلیم حاتوم- کـوژرا و کێشەکە چارەسـەر کـرا. ڕووداوی دووەمـیش ئـەو پێکدادانـە خوێناویانـە بـوون کـە لـە نێـوان قوتابیـە بەعـسیەکان و ناسـرییەکاندا ڕوویـان دا و خـەریك بـوو فیتنەیـەکی گـەورەی لێبکەوێتـەوە ئەگـەر خـۆ تێهـەڵقورتانی سـەرکردایەتیە باڵاکـان نەبوایـە, لـەم بارەشـەوە سـەرکردایەتی لقـی حزب لە حەلەب  بە مەبەستی ناوبـژیکردنی پێکدادانەکـە رایـانکرد بـۆ ئـەوێ و-ئەحمـەد ئـەبو سـالح- ی وەزیـر و ئەنـدامی سـەرکردایەتی بەعس لە گەلیان بوو ویـستی هەنـدێك تەنگژەکـە خـاو بکاتـەوە و لـە ووتـەی خۆیـدا ستایـشی ناسـریەکان و جـەمال عەبدولناسـری کـرد. نایشارمەوە ئێمە لەو پێکدادانانەدا لەگەڵ ناسرییەکان راوەستاین کـە لـە دەرەوەی دەسـەڵات بـوون. پـاش تـەواوبوونی خیوەتگاکـە لـە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

خۆمەوە بیرم کردەوە سەردانی هەڤاڵانی سەرکردایەتیمان لە زینـدانی حەلەب بکەم, لـە نێوانیانـدا تـەنها (عەبـدوللا مـەلا عـەلی)م دەناسـی, گەیشتمە زیندان و کیسەیەکی میوەم پێ بوو, داوای ئەوم کـرد. هـات و شەپرزە دیاربوو و پێـی سـەیر بـوو. پـاش پرسـین لـە حـاڵی ئـەو و هەڤاڵان پێم گووت: دەمەوێ ئاپۆ –ئۆسمان سەبری– و ئەوانی دیکـە ببینم و باسی شلەژانی رەوشی پارتی لە گەڵیاندا بکەم و گوێ لە را و پێـشنیارەکانیان بگـرم سـەبارەت بـەو چارەسـەریانەی کـە لـە دیـدی ئەوان دەکرێ ئـەنجام بـدرێن, چـونکە لـە قاعیـدە کوڵانێـك هەیـە بـە تایبــەتی بەرامبــەر کــردەوە و رەفتارەکــانی رەوتــی راســترەو. وا پێکهـاتین دووبـارە سـەردانیان بکەمـەوە و ئـەویش ئاگـاداری ئـاپۆ ئۆسمان و ئەوانی دیکە بکاتـەوە لـەوەی کـە لـە نێـوان هەردووکمانـدا باسکرا و لە سەری پێکهـاتوین. مـن –عەبـدوللا مـەلا عـەلی–م بـاش دەناسی و لێپرسراوی مـن بـوو و ئەنـدامێکی ناسـراوی سـەرکردایەتی بوو لە جزیرە و کابرایەکی ئازاو روورووو بوو, پێش دەستگیرکردنیـشی لە رۆژانی راونانی لە لایەن ئاسایـشەوە سـەردانی ماڵمـانی دەکـرد لـە گوندی جەمعایە. لە سەردانی دووەمـدا دیـسان داوای ئـەوم کـردەوە, ئـەم جارەیـان خـۆی و ئۆسمـان سـەبری و رەشـید حـەمۆ و کـەمال عەبدی و هەندێکی دیکـەش بەدیارکـەوتن. تێیانگەیانـدنم کـەوا ئـەوان دەزانن تەنگژەکە گەورە بووە بارودۆخەکە مەترسیی هەیە و هەروەها دەزانن کەوا هۆکاری سەرەکی پیلانگێڕی راسترەوەکانە بـە تایبـەتی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

–عەبدولحەمید دەروێش– و ئەوان لە گەل هەر کارێکی رزگاری چاکسازین کە لە لایەن قاعیدەوە ئەنجام بدرێت.
– لە سەر بانگهێشتی هەڤاڵ –مەحەمەد عەبدو– سەردانی ناوچەی –چیای کوردەکان–م کرد و نزیکەی مانگێکم بە سەر برد و سەردانێکی شادی بەخش بوو, تیادا چێژم لە جوانی شاخ و دڵپاکی خەڵکەکەی و سروشتە جوانەکەی وەرگرت و یەکەم سەردانیشم بوو بۆ ناوچەکە, هەروها دیسان بۆ یەکەم جاریش سەردانی دیمەشقم کرد, پاشانیش گەڕامەوە قامشلۆ جارێکی دیکە لە گەل هەڤالان و دۆستان کەوتمەوە ناو کەش و خەمەکانی رزگارکردنی پارتی تا وەکو لە ساڵی دووەمدا کاتی دیاریکراوی هات. نایشارمەوە کەوا سەردانم بۆ هەڤالان لە زیندان هێز و پشتگیرییەکی گیانیی پێبەخشین کە پلەی بە پێروەچوونی و سووربوونی ئێمەی بەرابەرکرد.
وەك باسم کرد سەرکردایەتی کاتی بە پێی رێنماییەکانی کۆنفرانس بڕیاری دا پەیوەندی بە تەواوی ئەندامانی سەرکردایەتی پێشووە بکات بەبێ ئەوەی هیچ کەس لێی بەدەر بێت و ئەنجام و بڕیارەکانی کۆنفرانسیان پێ رابگەیەنرێت و بزانرێت هەڵوێستیان چیە بەرامبەر بەو رووداوە و چەند ئامادەییان هەیە بۆ بەپێرەوە هاتن و هاوکاری کردن بە بێ ئەوەی داوایان لێ بکرێت بێنە ناو سەرکردایەتی کاتییەوە و ئەمەیان بۆ قۆناخێکی دیکە واز لێ بهێنرێ.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەڤالآن منیان راسپارد بۆ ئەنجامدانی ئـەم ئەرکـە لـە گـەل هـەڤالآنی حەلەب و دیمەشق کـە لـە زینـدان دەرچـووبوون و پـەیوەنـدیم لەگـەڵ زۆربەیان کرد و دواییـنیـان ئۆسمـان سـەبری بـوو لـە دیمەشـق، پـاش گەڕانەوەم بۆ قامشلۆ کۆبوونەوەیەکی سـەرکردایەتی کاتیمـان بەسـت ئەوەی روویدابوو خستمانە روو و بۆمان دەرکەوت کەوا لـە وڵامەکانـدا جیـاوازی هەیـە. زۆربـەیان وڵامـەکانیان دواخـست و دوودل بـوون و بەشـێکیان وڵامیـان دیانـەوە، وڵامـی ئـاپۆ ئۆسمـان سـەبری لـە هـەر هـەموویان روونـتر بـوو و ئامـادەیی تـەواوی خـۆی دەربـڕی بـوو بـۆ هاوکاریکردن لە گـەل ئێمـە بـەپێی بڕیـار و دروشمـەکانی کـۆنفرانس. پاش وتووێژکردن رای زۆرینەمان ئەوە بوو کەوا پێویستە پەنا بۆ بـەر ژمارەیـەك لـە ئەنـدامانی سـەرکردایەتی پێـشوو ببـەین لەوانـەی کـە مەرجـەکانی خـەباتگێڕی و هـزری نەتـەوەییان تێدایـە و رابـردووی پاکیـان هەیـە، بـە تایبـەتی سـەرکردایەتی کـاتی، سـەرکردەیی ئەزموونداری تێدا نەبوو تەنها -مەحەمەد نیـو- نـەبێت ئـەوانی دیکـە زۆربەی هەرە زۆریان نەوەی گەنج بوون و ئامادەییان هەبوو هەر هیچ نـەبێت چـوار کـەس قبـوڵ بکـرێن، ئەوانـەش بـە پێـی هەڵـسەنگاندنەکانمان -ئۆسمـان سـەبری، عەبـدوللا مـەلا عـەلی، مەحەمەد مەلا ئەحمەد و کەمال عەبدی بـوون و نـەمان دەزانـی پـەند لەوەدا نیە کە ئێمە ئەمانە قبول بکەین بەڵکو لەوەدایە کە ئایا ئەوانە یەکتر قبوڵ دەکەن.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

له گەرمەی ئامادەکارییەکانی کۆنفرانسدا من خۆم بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی بەکالۆریا ئامادە دەکرد و خۆم و ماڵەوشمان ترسمان هەبوو لە دەرنەچوونم و هیچ بوارێکیشم بەدەستەوە نەبوو بۆ خوێندن تەنها مانگی پێش تاقیکردنەوەکان نەبێت و ئەنجامەکەم شتێکی مەزندەکراو نەبوو و لە تاقیکردنەوکاندا دەرچووم بە پلەی ٦٢٪ لە کۆی گشتی. کاتێک کە قوتابی سەرەتایی بووم لە قوتابخانەی سەلاحەدین لە قامشلۆ و پڕ بووم لە هەستی نەتەوەیی لە ساڵەکانی یەکەمی دامەزراندنی پارتی و ناسراویش بووم بەوەی کە بچووکترین ئەندامی پارتی بووم لەو ماوەیەدا. رۆژێک لە رۆژەکانی ساڵی خوێندنی ١٩٥٨-١٩٥٩ لە یەکێك لە مەمەڕەکانی قوتابخانەدا پارچە کاخەزێکم دۆزیەوە, هەڵمگرتەوە و خوێندمەوە, بینیم چامەیەکی شاعیری گەورە ئەحمەدی خانیی بە زمانی کوردی تێدایە. لە سەرەتا سەرم سوڕما و پاشان بە هەست زانیم کەوا هی مامۆستا مەحەمەد مەلا ئەحمەدە کە مامۆستا بوو لە قوتابخانەکە, لێی نزیک بوومەوە و کاخەزەکەم دایەوە و ئەویش چەپ و راست رووانی و پاشان کاخەزەکەی خستە گیرفانی و سوپاسی کردم, ئەو کات هەستم بە گەورەیی کرد و پاشان لە دوورەوە بووین بە برادەر. دوای گەیشتنم بە قۆناخی ئامادەیی و دواناوەندی لە دواناوەندی -ئەلعروبە- لە رۆژئاوای قامشلۆ لە گەل هەڤاڵ - نوری حاجی- دەستەی لێپرسراو بووم لە رێکخستنی قوتابیان, لەو ساڵانەشدا

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

رووداو و پێشکەوتنی گرنك هاتنە ئاراوە, بەیانیـەکی زووی یـەکێك لـە رۆژەکـــان هـــەواڵی رووداوی گڕگرتنـــە سەرســـامەکەی ســـینەمای – عامودە–مان بیست و بڕیارمان دا بـەرەو ئـەوێ بـڕۆین بـە مەبەسـتی پێشکەشکردنی هاوکاری, داوامـان لـە چاودێری قوتابخانـە -حوسـێن حاج حوسێن– کرد کە دواتر بوو بە پارێزگار وپاشانیش بە وەزیر کـە رێگامان بدات بڕۆین بـەڵام رازی نـەبوو و رووداوی گڕگرتنەکـە کـە بـە سەدان منداڵی کورد بوونە قوربانی هـیچ کـاری تێنـەکردبوو, ئێمـەش گوێمـان نـەدا ئـەو و رۆیـشتین, دوو رۆژ لـەوێ ماینـەوە و هاوکـاری خەڵکەکـەمان دەکـرد لـە گواسـتنەوەی تەرمـەکان و دڵنەوایدانـەوەی کـەس و کـاری قوربانییـەکان, تـاکو ئێـستا گومـان دەکـرێ دەسـتە شوڤینیەکان لـە دواوەی ئـەم رووداوە بـن. رووداوەکـەش لـە کاتێکـدا روویـدا کـە فلیمێـك دەربـارەی شۆڕشـی جـەزائیری نمـایش دەکـرا و داهاتی فیلمەکەش هەر بۆ ئـەو شۆڕشـە بـوو. لـە قوتابخانەکەشمانـدا ژمارەیەك لە مامۆسـتایان دەسـتیان کـرد بـە راپۆرتنووسـین لـە سـەر ئێمـە بـۆ دەزگاکـانی ئاسـایش بـە تایبـەتی چـاودێران, لەوانـەش – حوسێن حاج حوسێن– و – عەلی شەمسین– و –حەسەن عروانـی– و فەرحان بولبول–, لە میـانی پێـشەکەشکرنی سـڵاوی ئـاڵا کـە هـەموو بەیانیەك بە ئامادەبوونی گشت قوتابی و مامۆسـتایان ئـەنجام دەدرا, ئێمـەش لـە رووی هەسـتێکی نیـشتیمانیەوە ئـەوەمان ئـەنجام دەدا و سروودی نیشتیمانیمان دەچڕی, منیش دڵسارد بـووم لـە گووتنـەوەی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دروشم وهوتافاتی حزبی بەعس و جارێکیان ئەفسەری لاوان حەسەن عروانی منی بینی و لە پێش هەموویان بانگی کردم و فەرمانی پێدام لە سەر سك لە زەوی بخشم و بارانیش دەهات. دوای کە تەواو بووم پێی گووتم: ئەگەر بە دڵت نیە برۆ لای مامت بارزانی, دوای چەند ساڵێك بە دروستی چوومە لای. لەو ساڵانەشدا ناکۆکی کەوتبووە نێوان دوو ئاراستەدا لە ناو حزبی بەعسدا یەکێکیان سەر بە ئەکەرەم حۆرانی– بوو, ئاراستەی دووەیش ئاراستەی فەرمانڕەوا بوو کە لە قوتابخانەکەماندا بەهێزتر بوون و رۆژێکیان رێککەوتین کە خۆپیشاندانێکی هاوبەش ئەنجام بدەین و مەرجمان بۆ دانان کەوا دەبێ کۆمۆنیستەکانیش بەشدار بن لە گەلمان, ناچار لە ژێر فشاری ئێمەدا رازی بوون, هەروەها لە سەر سروشتی دروشمەکان رێککەوتین و دەرچووین بۆ خۆپیشاندانەکە و ئێمە ئەو کات وەکو رێکخستنێکی حزبی بووین و لە هەموو رێکخستنەکانی دیکە گەورەتر بووین, جاری یەکەمیش بوو کە وتووێژ و خۆپیشاندان لە گەل بەعسیەکاندا بکەین, ئەمەش بە دەستپێشخەری من روویدا و تەنها خۆم لێی بەرپرسیار بووم و لە شەقامەکانی شاریشدا هەندێ لە هەڤاڵانی خۆمانم بینی سەریان سوڕما بوو لەو دیمەنە و هاتنە ناو خۆپیشاندانەکە و دڵیان خۆشبوو بەو بەشداریکردنەیان, لەوانەی بە بیریشم دێن حەسەن بەشار, عەزیز ئۆمەری, نعمەتۆ, ئۆسکی زاخرانی و سەعید بارودۆ بوون. پاش گەیشتنی پێشەوەی خۆپیشاندانەکە بۆ بەردەم بارەگای

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەڕێوەبەری ناوچەکە, باڵی دووەمی بەعسی تووشــی ئـستفزاز بـوون و شەڕەدەســت دەســتیپێکرد, دوای دەســتگیرکردنی ژمارەیــەك لـــە قوتابیان خۆپیشاندانەکە بەڵاوەی لێکرا. ئومێدم بوو کـەوا درێـژە بـە خوێنـــدنم بـــدەم لـــە دەرەوەی وڵات و ئـــەو کـــاتیش بزوتنـــەوەی پشتیوانانی ئاشـتی, کـە سـەر بـە حزبـی کۆمۆنیـست بـوو و - فوئـاد قــەدری- بــەڕێوەی دەبـرد, کورسـیە بەخـشراوەکانی سـۆڤیەتی بـۆ خوێندن دابەش دەکـرد, بـە حـوکمی پەیوەندییـە مکومەکـەی بـاوکم لەگەڵ -قــەدری جـەمیل پاشــا- دا کـە ئـەمیش پیـاوێکی پـڕ بـوو لـە هەستی نەتەوەیی و هانی گەنجانی کـورد دەدا بـۆ خوێنـدن و زانـین, من بە ڕێگای ئەوەوە داخوازی و پـەڕەکانی خـۆم پێـشکەشکردن بـە مەبەســتی بەدەســتهێنانی یــەکێك لــە کورســیە بەخــشێنراوەکانی خوێندن. زۆری نەبرد و نامەیەکم لە پاشبەندی ڕۆشـنبیری سـۆڤیەت پێگەیـــشت, تیـــادا ئاگـــادارم دەکاتـــەوە کـــەوا مـــن کورســـیەکم بەدەستهێناوە بۆ خوێندنی پزیشکی لە زانکۆی -لۆمۆمبا- لە مۆسکۆ و تەنها لەسەر من ئەوەیە کەوا سەردانی پاشبەندەکە بکەم بە ڕێگـای -بزووتنــەوەی پــشتیوانانی ئاشــتی-, چــوومە دیمەشــق بــۆ بینینــی -فوئاد قەدری- لە ماڵی خۆی لـە گـەڕەکی کوردەکـان (رکـن الـدین), لەوێ دوو هاوڕێی دیکەی خۆمم بینی کە بۆ هەمان مەبەست هاتبوون, ئەوانیش - عوزیز فەرمان و خورشید خەباز بوون. یەکـەم بەیاننامـەی لە سەر -پــشتێنەی عــەربی لــە گــەل بەڵگەنامــەی -مەحەمــەد تەلــەب

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هیلال-م لە گەل خۆمدا هەڵگرتبوو, لەو کاتی کە خـەریکی قـسەکردن بووین لە سەر رێکخستنی سـەفەر و فیـزا, دانەیـەکم لـەو بەیاننامـە و بەڵگەنامەیە پێشکەش بە میواندارەکـەمانم کـرد. پـاش خوێندنـەوەی بەیاننامەکـە بـە دەنگێکـی تونـدەوە رووی لـە مـن کـرد ووتـی: ئەمـە پڕوپاگندەی ئمپریالیزمە هیچ بنەمایەك بۆ ئەم پیلانـە هەڵبەسـتراوانە نیە, پاشانیش تۆ بۆ بەیاننامەی گومانلێکراوی وەها بـڵاو دەکەیـەوە, بەردەوام بوو و گووتی: ئەگەر حکومەتیش هەڵسێت بـە بێبەشـکردنی کوردەکـانی جزیـرە لــە مافــەکانی هاووڵاتیــەتی وەکــو کــە لــە بەیاننامەکەدا هاتووە خۆ ئەوە کارێکی رەوا و یاساییە, چونکە ئەوان لە تورکیاوە هاتوون. قسەکانی وەکو تریـشقەبوون لـە سـەرمدا, بۆیـە کەوتمە وڵامدانەوەی و بەرگریکردن لە ناوەرۆکی بەیاننامەکە و راستی ئەو زانیاریانەی کە لە بەڵگەنامەکەی -مەحەمەد تەلەب هـیلال- و -پـــشتێنەی عـــەرەبی-دا هـــاتبوون و بـــەرگریکردن لـــەوەی کـــورد دانیـــشتوانی رەســـەنی ناوچـــەکەن و دزەیـــان نەکردووەتـــە ئـــەو ناوچـــانەیان, بـــەڵکو پرۆژەیـــەکی رەگەزپەرســـتانە هەیـــە بـــۆ بـــە عەرەبکردنی ناوچـە کوردیـەکان و ئەمـەش خراپەکاریـە بەرامبـەر بـە وڵات و گەلی سوریا و لێدانی یەکبوونی نیشتیمانیە, گەیـشتمە ئـەوەی پێی بلێم ئەگەر بەراسـتی مکـوڕی لـە سـەر ئـەوەی کـەوا کوردەکـانی جزیرە تازە هاتوونەتە سوریا, دە من پێموایە بنەماڵەی ئێـوە دوایـین کەس بوون کە هاتوونەتە ئێرە بۆیە فەرموون ئێـوە لـە پـێش هـەموو

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کەسێك بگەڕێنەوە تورکیا ئەوسا ئێمەش بەدواتانەوە دێین. زیاتر توند بوو و گووتی: ئەگەر تۆ خاوەنی ئەم هزرانە بی هەرگیز بەخشی خوێندن لە یەکێتی سۆڤیەتدا بەدەست ناهێنی, یەکسەر وڵامیم دایەوە و گووتم: ئەمە هزرەکانی منە و هەرچی رووبدات هەرگیز وازیان لێ ناهێنم و لەماڵەکەیان دەرکەوتم و هەردوو هاوڕێکانی دیکەم دوامکەوتن و مەترسی خۆیان بە دیارخست لەوەی ئەوانیش کورسی بەدەست نەهێنن پاش ئەوەی هی من کەوتنە بەر حوکمی نەمان. بەڵام ئەوان سەفەریان کرد و خوێندنی خۆیان لە پاشان تەواو کرد.

## لە سەر رێگای داڕشتنی پرۆژەی نەتەوەیی نیشتیمانی:

سەرکردایەتی کاتی هێدی هێدی دەستیکرد بە ڕێ خۆشکردن بۆ خۆی بە رێگای پەیوەندیکردن بە جەماوەر و کەسایەتیە نیشتیمانپەروەرەکان و بناغەکانی حزب, و نزیکبونەوە لە سەرکردایەتی کۆن و گەنگەشەی بەردەوام بە نهێنی و بە ئاشکەرا لە سەر مەسەلەی شەرعیەت و ناکۆکیە هزری و سیاسیەکان. پاش گەڕاندنەوەی -ئۆسمان سەبری- و هەڵبژاردنی بە سکرتێری گشتی حزب و بەرفراوانکردنی سەرکردایەتی, کە -مەحەمەد مەلا ئەحمەد- یش بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێك گەڕایوە ریزییەوە و پاشان خۆی کێشایەوە لەبەر هەندێ هۆکاری تایبەت بەخۆی, هەروەها - رشید

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

سمۆ–و کەسانی دیکەش گەڕانەوە ڕیزییەوە, سەرکردایەتیەکی گونجاو دروست بوو کە پێکهاتبوو لە سەرکردایەتی مێژوویی و کادرە پێشکەوتووەکانی نەوەی نوێی گەنج و لە هەموو ناوچە کوردیەکان و شوێنەکانی نیشتەجێ بوونی کورد. دەستمان کرد بە داڕشتنی پڕۆژەی –پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ– و خۆ مائامادەکردن بۆ بەستنی یەکەم کۆنگرەی دوای کۆنفرانسی ئاب. هەروەها لەو ماوەیەدا دوو بەڵگەنامەی میتۆدیی گرنگمان دەرخست یەکەمیان لە ژێر ناونیشانی "کەمەنەتەوە یان گەل" کە دەربارەی مەسەلەی سەرەکیی ناکۆکیەکە بوو لە گەڵ -ڕاسترەوەکان– و مێژوویی سیاسیی هەبوونی کورد لەسەر خاکی مێژوویی خۆی دەگێڕایەوە و ڕەوایی خەباتی ئەو گەلەی دەخستە ڕوو بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوەییە سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و دیموکراتیەکانی.

بەڵگەنامەی دووەمیش لە ژێر ناونیشانی "سەبارەت بە چەپەکان" بوو کە بریتی بوو لە خستنەڕووی ڕەگەکانی ئەم ئیدیۆمە و مێژووی چەپ بە گشتی و لە ئەوڕوپا بە تایبەتی و دەربڕینەکانی لە ڕۆژهەڵات و سوریادا و هەروەها سروشت و واتاکەی لە ناو بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیدا و پاشانیش بۆ ئێمە چی دەگەیەنێت وەك –حزب– کە ناوی حزبەکەمان – پارتی دیموکراتی چەپڕەوی کوردە لە سوریا. ئاشکرایە ئەم دوو بەڵگەنامە میتۆدیە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە وروژاندنی ڕەوشی هزری لای ڕۆشنبیران و خوێندەواران بە شێویەکی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

تایبەت ئەوانەی ئەندامانی حزب بوون و وەکو وەلاّمێك بـوون بـۆ ئـەو پرسـیارە کەڵەکەبووانـەی دەکـران دەربـارەی مەسـەلەکانی نـاکۆکی لەگەڵ -ڕاسترەو-دا, بێجگە لەمەش دەرخستنی بەڵگەنامەی میتۆدی کارێکی نویٚ بوو لە ناو بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە سوریا.

تەنها بەمەش نەوەستاین بەڵکو لە نێوان خۆماندا دەستمان کـرد بـە لێکۆڵینـەوە لـە شـێوە و سروشـتی ئـەو قۆناغـەی کـە سـوریا پیایـدا تێدەپەڕیٚ و ئەو پەیوەندیە کۆمەلاّیەتیانـەی لـە ناوچـە کوردیەکانـدا هەیە و هەڤالاّنمان لە زۆربەی ناوچەکاندا ئاگادار کردەوە کەوا هەڵسن بە ئەنجامدانی سەرژمێری و چاوپێکەوتن و ئامـادەکردنی لێکۆڵینـەوە لەسەر هەر یەك لە ناوچەکانیان. بەرهەمەکانیشیان یەك لە دوای یـەك بـە دەسـتمان دەگەیـشتن و تـاکو ئێـستاش هەنـدێکیان لـە لامـان پارێزراوە و سوودمان لێیان وەرگـرت لـە جوولاّنـەوەی سیاسـیمان و ڕۆشـنبیریە میتۆدیەکـەمان و ڕوانگـە هزریەکانمانـدا. هـەروەها لێکۆڵینەوەی دیکەش پێشکەش کران سـەبارەت بـە ڕەوشـی هەریـەك لـە کوردسـتانی تورکیـا، کوردسـتانی عێـراق و شۆڕشـی ئـەیلول و مەسـەلەکانی نـاکۆکی لەگـەڵ ڕەوتـی -٦٦-دا. بابـەتی کـوردە کۆمۆنیستەکانیشمان لە بیر نەچووبوو کە لـە نـاو حزبـی کۆمۆنیـستی سوریادا کاریان دەکرد و کردەوەی سیاسـیی دوور لـە پرێنـسیپەکانی "مارکـسی-لینینـی"یـان دژ بـە کێـشەی کـورد ئـەنجام دەدا و بـە خەستی کەوتینە سەرخوێندنەوەی ئەو بەرهەمانـەی سـتالین، لیـنین،

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ماركس و ئەنجلسی تایبەت بە کێشەی نەتەوەیی, بۆ ئـەوەی بتـوانین بەرەنگاری –کۆسمۆپۆلیتیەکانی کورد– ببینەوە و سـوودمان زۆر لـە پـــەرتووکی "وەلاّمدانـــەوەی کۆسمۆپـــۆلێتیزم"ی –عەبـــدوڕەحمان زەبیحی– وەرگرت.

لـــە ڕێگـــای ڕۆژنامـــەی حزبـــەوە –دەنگـــی کـــورد– و بـــەلاّوکراوە ناوخۆییـەکان و بەیاننامەکانـدا زۆر هەڵوێـست و ڕاو بۆچـوونمان بـلاّو کردەوە کـەوا خزمـەتی ئـەو ڕێبـازە هـزری و سیاسـیەمان و پـڕۆژەی نەتەوەیی و نیشتیمانی دەکـرد, کـە ئێمـە بـە تـەمای گەلاڵـە کـردن و خـــستنە ڕووی بـــووین. هـــەروەها هەواڵـــەکان و هەڵوەســـتەکانمانی دەگرتـــە خـــۆ ســـەبارەت بـــە پیلانـــی –پـــشتێنەی عـــەرەبی– و بێبەشکردنی کورد لە ڕەگەزنامە و کـاری دەسـتگیر کـردن و ڕاونـان و بانگکردنی خەڵك بۆ بنکەکانی ئاسـایش و حوکمـدانی خـەباتگێڕان لـە دادگاکـــانی ســـەربازیدا. داخـــوازکردنی مافـــە نەتەوەییـــە سیاســـی و ڕۆشنبیری و کۆمەلاّیەتیەکانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان لە مـاوەی شێـــستەکانی ســـەدەی بیـــستەمدا شـــتێکی نـــوێ نـــەبوو, بـــەڵکو داخوازیـەکانی کـورد لـەم بەشـەدا پـێش ڕووخـانی ئیمپراتۆریـەتی عوسمانی دەستی پێکردبوو وەکو بەشێك لە خەباتی گشتی نەتەوەی کـوردی هـــەر لـــە ســـەرەتای ســـەدەی نۆزدەمـــەوە کـــە پێـــشڕەوە بەرابیـەکان ئـەم ئالاّیـەیان هەڵـدابوو بـە ڕێگـای کۆمەڵـە و ڕێکخـراو و ڕاپەڕینەکانیانەوە و هەروەها بـەڕێگای خـستنەڕووی داخوازیـەکانیان

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

له كۆنگره نێو نه‌ته‌وه‌ییه‌كانی سیڤه‌ر و لۆزان و كۆنگره‌ی ئاشتی له پاریس كه ژه‌نه‌ڕاڵ -شه‌ریف پاشا- به ناوی هه‌موو كورده‌وه ئاماده‌ی ببوو. پاش سایكس- بیكۆش بارودۆخ گۆڕاو قۆناغێكی نوێ هاته ئاراوه, وێڕای ئه‌مه‌ش كێشه‌ی نه‌ته‌وه‌یی كورده‌كانی سوریا دانه‌مركایه‌وه و له ساڵی ١٩٢٨ كورده‌كان یاداشتنامه‌یه‌كیان پێشكه‌ش به كۆنگره‌ی دامه‌زراندنی سوریا كرد و داوای مافه نه‌ته‌وه‌ییه كارگێڕی و ڕۆشنبیری و سیاسیه‌كانیان كرد. له ساڵی ١٩٣٢ ڕۆژنامه‌نووسی ناسراوی سوریا -منیر الریس- ووتارێك له یه‌كێك له ڕۆژنامه‌كانی دیمه‌شق بلاَو ده‌كاته‌وه له ژێر ناوی "كورده‌كان داوای ده‌وڵه‌تێكی كوردی ده‌كه‌ن له سوریا". كێشه‌ی كورد كه‌وتبووه نێو بایه‌خه‌كانی ده‌سه‌لاَداره‌كانی ئینتیداب و په‌یوه‌ندیه‌كانی فره‌نسا و توركیا. به‌ڵگه‌نامه كۆنه‌كانی بریتانیا و فره‌نسا كه ئێستا ئاشكرابوونه زۆر بابه‌ت و هه‌واڵ و نهێنی ده‌گرنه خۆ ده‌رباره‌ی چالاكی كورده نه‌ته‌وه‌ییه‌كان و بزاڤ و خواسته‌كانیان و له پێش هه‌مووشیانه‌وه نامه‌كانی سه‌ركرده‌ی نه‌ته‌وه‌یی به‌رچاو -حاجۆ ئاغا- بۆ ده‌سه‌لاَتدارانی فره‌نسا و به‌ریتانیا سه‌باره‌ت به مافی كورده‌كانی ڕۆژئاوای كوردستان.

## شاندێكی میللی كوردی له دیمه‌شق:

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

سـەرکردایەتی کـاتی حـزب لـە هـاوینی ١٩٦٦دا شـاندێکی میللـی ئامادەکرد بۆ چوونە دیمەشق و بینینی سەرۆکی حکومـەت –یوسـف زەعـین– و باسـکردنی ڕەوشـی جووتیـارانی کـورد و مەسـەلەی بـێ بەشـبوونیان لـە ڕەگەزنامـە, لـەوەی پیلانـی پـشتێنەی عـەرەبی لـە جێبەجێکردندایـە و ئەوانـەی لـە ڕەگەزنامـە بێبەشـکراون بـە دەسـت ئازەرەکـانی دەنـاڵینن و یاسـا بـەدەرەکان لـە ناوچـەکەدا پـەیڕەو دەکرێـت و هـەموو شـتێك دەبـێ بـە ڕێگـای دەزگاکـانی ئاسایـشەوە تێبپەڕێ تەنانەت نووژەنکردنەوەی خانووەکان و ناوی مناڵە تازە لە دایکبووەکـانیش, لـــە گـــەل بـــەرفراوانبوونی دیـــاردەی بـــەرتیل و لەبنهێنانی سەرچـاوەکانی ڕۆڵـەکانی نەتـەوەی کـورد بـە شـێوەیەکی بەرنامـەکراو بـۆ ئـەوەی ناچـار بـن کـۆچ بکـەن و بـار بکـەن لـە ناوچەکانیان. تەنانـەت ئـەو ژمـارە کەمـەی لـە جووتیـارە کوردەکـان ماونەتەوە و زەویان بە دەستەوە ماوە و لەسەر بەرهەمەکەی دەژین, کەوتوونەتە ژێر ڕکێفی هەڕەشەکردن بە بێبەشـکردنیان لـەو زەویانـە بە تایبەتی ئەگەر بزانین کەوا شەپۆلی شۆڤێنیە ڕەگەزپەرستەکانی دژ بە جووتیارانی کورد هەر لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکاندا لـە سـەردەمی –یەکبوونی سـوریا و میـسر– و سـەردەمی جیابوونەوەیانـدا کەوتنـە جووڵەکردن بۆ بێبەشکردنی ئـەو جووتیارانـە لـەو زەوی و زارانـە. لـە ژێـر سـێبەری دەسـەڵاتی بەعسیـشدا, کـە تـاکو ئێـستا بەردەوامـە, کارەکە گەیشتووەتە ڕادەی کارەسات، وتەیەکی بـەناوبانگی وەزیـری

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

چاكسازی كشتوكاڵی -مستەفا حەمدون- هەیە لە سەردەمی یەكبووندا, كە لەو سەردانەی بۆ ناوچەی جزیرەی كرد بە بۆنەی دابەشكردنی زەوی بەسەر جووتیاراندا و لە كاتی سكاڵاكردنی جووتیارە كوردەكان لە بێبەشبوونیان وەڵامیانی دەدایەوە و دەیگووت: "كورد هیچی نیە لە لای من -الكردی مالوشی عندی-".

گشت ئەوانەی ئاگادارمان كردبوونەوە لە كەسایەتیە نیشتمانپەروەرە كوردەكان و سەرۆك خێڵەكانی گشت ناوچە و شار و شارۆچكەكانی پارێزگای حەسەكە داوەتنامەی ئێمەیان قبوڵ كرد. سەركردایەتی پارتی منی ڕاسپارد بۆ بە دواداچوونی بابەتەكە و ئامادەكردنی دەقی ئەو یاداشتنامەیەی كە بۆ سەرۆكی حكومەت بەرز دەكرایەوە.

ئەندامانی شاندەكە لە گۆڕەپانی یەكێك لە میوانخانەكانی دیمەشق كۆبوونەوە و ژمارەیان زیاتر لە ٣٠ كەسایەتی بوون، لەگەڵیاندا كەوتمە شرۆڤەكردنی هۆكارەكانی ئەم دەستپێشخەریە و ناوەرۆكی یاداشتنامەكە و ئەو داخوازیانەی كە بەرز دەكرانەوە و وتووێژێكی زۆر لەسەر هەر ڕستە و وشەیەكی ناو یاداشتنامەكە كرا.

ئەو بە پیروەهاتنە گەرمەی داوەتنامەكەمان ڕێگای لە ئامادەبووان نەگرت كە داوای هەندێك گۆڕانكاری بكەن لەو یاداشتنامەدا و ئەندامانی شاندەكە بوون بە دوو بەش : یەكێكیان بە شێوەیەكی گشتی پشتگیری لە یاداشتنامەكە دەكرد و بە پێویستی نەدەزانی گۆڕان لە بەندەكاندا بكرێت ئەوەی دیكەش سوور بوو لەسەر

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەنجامــدانی گۆڕانکــاری بــە تایبــەتی لەســـەر بەنــدی "شــاندەکە نوێنەرایەتی جەماوەری کورد لە جزیرە و خواستی مـافی جووتیـارانی کورد لە زەوی و ڕەگەزنامە دەکات" هەروەها دروشمی دابەش کردنی زەوی بەســـەر جووتیـــارانی کـــورد وەکـــو جووتیـــارانی عـــەرەب و "دروشمەکانی برایـەتی کـورد و عـەرەب و هەنـدێ بەنـد و مەسـەلەی دیکە".

هەرچەندە ئەوانەی -بەرهەڵستکار بوون– زۆرینەنەبوون بـەڵام وێـڕای ئەمەش من ڕازی بووم لەسـەر تێبینیـەکانیان ویاداشـتنامەیەکی نـوێم -هەموارکراو–ئامادەکرد چونکە ئامـانجی سـەرەکی بینینـی سـەرۆکی حکومەت بوو بـە نـاوی شـاندێکی یـەکگرتوو کـە نوێنەرایـەتی هـەموو پێکهاتەی کوردی دەکات لە ناوچـەی جزیـرە. پـاش چارەسـەرکردنی ئــەم کێــشەیە کۆســپی نــوێ هاتنــە ئــاراوە. هەنــدێك هــەر لــەوان پێـشنیاریان کـرد داوای یارمـەتی لـە فوئـاد قـەدری بکـەین بـۆ دابـین کردنی دیدارەکە. ڕای ئێمەش ئەوە بوو کە دوو یان سێ لە ئەنـدامانی شـاندەکە سـەردانی نوسـینگەی سـەرۆکی حکومـەت بکـەن بـۆ ئـەم مەبەستە. پاشان دوای ڕەزامەندی ئێمە –فوئاد قـەدری–یـان هێنـا و هەر لە یەکەم ساتەوە هەوڵی دا پاساو بێنێتەوە, جارێکیان سەبارەت بە یاداشتەکە کە بە شێوەیەکی نیمچە کۆمەڵی, بڕیاری لەسەر درابوو لـە کـاتی دیدارەکـەدا بیخوێنمـەوە، جـارێکی دیکـەش سـەبارەت بـە بارودۆخ و ئامـاژەکردن بـە ڕۆڵـی پـارتی لـە ئامـادەکردنی شـاندەکە.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەڵبەتـە دوای چـەند ڕۆژێـك –ناوبـژیکار– ئاگـاداری کردینـەوە کـەوا سەرۆکی حکومەت داوای لێبووردن دەکـات لـە ئەنجامـدانی دیدارەکـە پـاش ئـەوەی پێـشتر ڕازی ببـوو و کـاتێکی بـۆ دیـاری کردبـوو. لـە دوایشدا دەرکەوت کەوا لە ناوبردنی پڕۆژەکە کارێکی هاوبەش بوو لـە نێـوان گرووپـــە بەرهەڵـستکارەکەی نـــاو شـــاندەکە و ناوبـــژیکارە ناپاکەکەدا. وێڕای ئەوەی ڕوویدا بەڵام دەستپێشخەریەکە بـە کـارێکی سەرکەوتوو دانرا چونکە یەکەمین کاری لەم جۆرە بوو لە لایەن پارتی و سەرکردایەتی کاتیەوە ئەنجام بدرێت, هەروەها بە نامەیەك دادەنـرا بـۆ دەسـەڵاتەکان کـەوا جـەماوەری کـورد بـە هـەموو توێژەکانیـەوە یەکگرتوون دژی پیلانەکانی چەوسانەوەی نەتەوەیی و پارتیش ڕێـز و پێزانینی هەیە لە نێو ڕیزەکـانی گەلـدا، ئەمـە لـە لایـەك, لـە لایـەکی دیکەشەوە بـۆ ئێمـە ئـەزموونێك بـوو بـۆ ناسـینی توێـژەکانی بـورژوا نیـــشتیمانیەکانمان و ڕابـــەرەکانی کۆمەڵگاکـــەمان و تێکـــەلکردن لەکەڵیان بە ڕێگای گەنگەشە و ئاشنا بوون لە گەڵ هـزری هەنـدێکیان و لابردنی لێلـی لەسـەر حزبەکـەمان و بەرنامـە و سـەرکردایەتیەکەی. ئاشـــکراش بـــوو کـــەوا ئێمـــە ســـەرکەوتنێکی گـــەورەمان بەســـەر ڕاسـترەوەکاندا هێنـا ئەمـەش گۆشـەگیریانی زیـاتر دەکـرد و دەیـان خستنە سووچێکی تەسکەوە. لێرەشدا پێویستە دوو بەسەرهاتی بـزە ئـامێز بگێڕینـەوە کـە لـە پـەراوێزی دەستپێـشخەریەکەدا ڕوویـان دا. یەکەمیان کاتێك –عوسمان سەبری–سکرتێری پارتیمانم لـە ئـەنجامی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەستپێشخەریەکە ئاگادار کردەوە لە ماڵی ئەو لە گەڕەکی کوردەکان تووڕە بوو و هەڵچوو چەقۆیەکی چێشتخانەی گرتە دەست و دەستی بە هەڕەشە و گوڕەشە کرد لە ئاغا و دەرەبەگەکان و دەیگوت: من زۆر لە مێژە باش دەیانناسم و ترسنۆکی و خیانەتکاریان بەرامبەر بە مەسەلەی نەتەوەیی دەزانم, کۆتاییان لەسەر دەستی من دەبێت –چەقۆکەی بەرز دەکردەوە–. بۆ من دیمەنەکە سەیر نەبوو چونکە ئێمە ڕاهاتبووین لە دووبارە بوونەوەی ئەم کارەی. دووەمیشیان لە قامیشلی ڕوویدا پاش ئەوەی هەوڵی دیدار لەگەڵ سەرۆکی حکومەت سەری نەگرت و زانیاری بڵاو بووەوە کەوا هەندێ لە ئەندامانی شاندەکە لەسەرنەکەوتنی دیدارەکە بەرپرسیار بوون, هەواڵەکە لە جزیرەدا بڵاو بوویەوە، لە کاتی گەیشتنی جمیل حاجۆی ئەندامی شاندەکە بۆ قامیشلی کە بە ئوتومبێلی خۆی بەرەو –تربەسپی– دەڕۆیشت, –ئۆسکی زاخرانی–(هەڤاڵێکی خەباتگێڕ بوو سەر بە هەمان خێڵی –هەڤیرکان–ی بنەماڵەی حاجۆ ئاغا بوو و ناسراو بوو بە خوێن شرینی و قۆشمە بازی و زمان درێژی) هاتە سەر شەقامەکە و لە پێش ئوتومبێلەکە ڕاوەستا و جەمیل حاجۆ بانگی کرد: چیت دەوێ؟ ئەویش لە وەڵامدا ووتی : "جەمیل مێزەرەکەمان بدەرەوە" چونکە زۆربەی ئەندامانی بنەماڵەی حاجۆ -کوم و کۆلۆس– یان دەبەست وەکو نەریتێکی نەتەوەیی کوردی ناسراو کە زۆر لە کوردەکانی جزیرەش بەکاریان دەهێنا مەبەستیش لێرە بە خوازە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەوەیە کەوا سەرکردەکان ئێوە نوشستتان بە ئەرکی شاندەکە هێنـا، بەمەش لە چوارچێوەی کوردایـەتی دەرچـوون. جـەمیل حـاجۆش بـە هێواش و لەسەر خۆ گاڵتە و گەنگەشەی لە گەڵ کرد.

## هەندێ ووشە دەربارەی هێماکانی نەتەوەیی و حزبی:

شتێکی سوودبەخشە باسی هەندێك لەو کەسایەتیانە بکەین کـە ڕۆڵـی جیاجیایان هەبووە لە بزووتنـەوەی نەتـەوەیی کـورد لـە سـوریا و لـە ژیـانی پارتایەتیـدا, بـە پێـی ئـەوەی پەیوەسـتە بـە هەڵوێـستمان لـە بەرامبەریان و شێوەی ڕەفتار کردنیان لەگەڵماندا وەکو حزب و وەکـو ڕێبـازی هـزری-سیاسـی, بـۆ ئـەوەی بـە هەڵـە تێنەگـەین و هەڵسەنگاندنەکە رێك و دروست بێت لە پێناو خزمـەتکردنی ڕاسـتیدا، ئاشکراشە من لەم بوارەدا باسی مێژووی ژیانی ئەوانـە ناکـەم چـونکە ئەمە ماوەیەکی درێژ و مانـدوو بـوونێکی زۆری دەوێ بـەڵکو ئەوەنـدە بەسە -هەڵویـستی ئاڵوگۆڕکراومـان- لـە هەنـدێ کـاتی دەستنیـشان کراودا باس بکەین.

## عوسمان سەبری:

بێجگـە لـەوەی کـە دیـارترین دامەزرێنـەری -پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان-سـوریا بـوو و کـۆنترین خـەباتگێڕ بـوو لـە نێـوان

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

سەرکردایەتیەکانی حزبدا, –ئاپۆ– جێی ڕێزی گشت لایەك بوو, لە نێو نەوەی گەنجدا بە سەرکردەیەکی ئازا ناسرا بوو, کە هەرگیز سەودای لەسەر جێگیرە نەتەوەییەکان ناکات و بە ئاشکرا هەڵوێستە ناڕەزاییەکانی خۆی بەرامبەر بە سەرکردە کوردییە لاسابیەکان دەردەبڕی. کاتێك کاری بەستنی کۆنفڕانسی ئابی ١٩٦٥مان ئەنجامدا, ئەو تاکە کەس بوو لە سەرکردایەتیدا ئومێدمان پێ بەست بوو بۆ ئەوەی پاش ئەو گۆڕانکاریانە ڕابەرایەتی حزب بکات, هەرچەندە زۆربەمان لە نزیکەوە نەمان دەناسی، ئەویش هیچی نەدەزانی دەربارەی بەستنی کۆنفرانسەکە و ئەو پێشکەوتنانەی لە کاتی بەستنیدا هاتبوونە ئاراوە, چونکە وەك وتمان ئەو لە زیندانی مەدەنی (حەلەب)دا بوو.

هەر لەو کاتەی کە پایەی سکرتێری گشتی حزبی بەدەست هێنا، بە ئاشکرا دیار بوو کەوا ئێمە–وەکو نەوەیەکی گەنج –کە بڕوای بە میتۆدی زانستی و سەرکردایەتی بە کۆمەڵ هەیە لە کاری حزبیدا و کاریگەرە بە هزرە پێشکەوتنخواز و سۆسیالستیەکان– لەبەردەم قۆناغێکداین کە بێ کێشە نییە و ڕووبەڕووین لە بەرامبەر سەرکردەیەکی مێژوویی کە زۆربەی تەمەنی خۆی لە زیندان و گرتووخانەکاندا بەسەر بردووە و هەڵوێستی پێشینەیی هەڵدەگرێ بە پێی –بەهرە– و زۆربەی جارەکانیش ئەو هەڵوێستانەی نەگەتیڤیانەیە لە بەرامبەر سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم و مارکسیزمدا بە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بێ ئەوەی بە رێگای خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە ئاشنایی لەگەڵیاندا پەیدا بکات، لە بەرامبەر کەسایەتیەکی ئەوهادا, زۆر زەحمەتە بەڵکو مەحاڵیشە لە قسەکانی پەشیمان ببێتەوە (چ جای هەڵوێستەکانی). ئێمە لە بەرامبەر مرۆڤێکین کە کینەیەکی چیتایەتی قووڵی هەڵگرتووە بەرامبەر بە هەر شتێك کە پەیوەندی بە هەموو جۆرە سەرکردە و کەسایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردی هەبێت بە بێ هیچ بیانوو و پاساوێکی میتۆدی یاخود شیکردنەوەیەکی زانستی بە تایبەتی ئێمە لە چوارچێوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی داین کە یاسا و ئەرك و تێڕوانینە بابەتیە ئیجابیەکانی خۆی هەیە بەرامبەر بە رۆڵی بورژوای نیشتمانی و کەسایەتیە کۆمەڵایەتیەکان و ڕۆشنبیرە نەتەوەییەکان. ئێمە هیچ ڕێگایەکی دیکەمان نەبوو بێجگە لە خۆگونجاندن لە گەڵیدا و نواندنی ڕێزێکی تایبەت بەرامبەر بە سکرتێری حزب و پایە و تەمەنی.

پاش ماوەیەك لە ئاشنا بوون و بەیەکەوە کارکردن و پاش سەردانم بۆ کوردستانی عێراق و بینینی بارزانی نەمر کێشەیەکی دیکەی نوێ سەریهەڵدا دەربارە سکرتێری گشتی و دەرچوو سکرتێرەکەمان بە هۆی هەڵوێستەکانی پێشووی جێی ڕەزامەندی سەرکردایەتی شۆڕش نیە، وێڕای ئەمەش, زۆر کاری تێنەکردین, چونکە هەڵوێستی پابەندبووی ئێستای گرنگ بوو بەرامبەر بە حزب و بە شۆڕشی کورد، کۆنگرەی دووەمیشمان بە سەلامەتی تێپەڕاند و لە میانی کۆنفرانسی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

شەشەمدا بە شێوەیەکی کتوپڕ ئارەزووی دەست لەکار کێشانەوەی خۆی دەربڕی, لە بەر ئەوەی بڕیاریدا بچێتە کوردستانی تورکیا و لەوێ شۆڕش بەرپا بکات, هەرچەند هەوڵماندا لەو بڕیارە پاشگەزی بکەینەوە و سوور بووین لەسەر مانەوەی بەڵام هەر پاشگەز نەبوویەوە و دوای چوار ساڵ –جودابوونەوە– ڕوویدا، کۆنفرانسیش بە تێکڕای دەنگ منیان بە سکرتێری حزب هەڵبژارد کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووم.

بێگومان چەند هۆیەك هەبوو بۆ جیابوونەوەی عوسمان سەبری لە حزب و بە پێی خوێندنەوەی خۆم بۆ ڕووداوەکان و هەڵوێستەکان, هۆکارەکانم لەمانەدا کورت کردەوە:

١. سکرتێری گشتی بینیی پێکهاتەی سەرکردایەتی کاتی لە ڕووی هزر و هەڵوێستی سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە جیاوازە لە سەرکردایەتی لاسایی و پرۆژەیەکی توکمەی پێیە و پشت بە شیکردنەوەی زانستی و پرێنسیپەکانی سەرکردایەتی بە کۆمەڵ دەبەستێ و ئەم پێکهاتەیەش لە ڕووی هزر و ڕۆشنبیری و پێزانینەوە بە چەندین قۆناخ لە پێشەوەی سەرکردایەتی کۆندایە وکەلێنێکی گەورە لە نێوان ئەو و گەنجەکاندا هەیە کە زەحمەتە بتوانێت –بە دڵئارامیەوە– بەردەوام بێت بە تایبەتی ئەو لەو جۆرانەیە کە ناتوانێت لە هزری بەسەرچووی خۆی پاشگەز بێتەوە بۆ بەرژەوەندی نوێی گەنجان، ئەو گەنجانە بوون کە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئـەرکی-گـۆڕانی جـۆری–یـان لـه بونیـاتی حزبـدا دروسـت کـرد و نوشستیان به هزری ڕاسترەو هێنـا و بناغـەی حزبیـان بـەرفراوان کرد و پرۆگرامێکی پێشکەوتووی نوێیان بۆ دانا, بنەمایـەکیان بـۆ پەیوەندیە پێشکەوتووەکانی سیاسی دامەزرانـد لـه سـەر ئاسـتی کـوردی و سـوریایی و عـەرەبی, لایـەنی میتـۆدیی پەیوەسـت بـه کێـشەی نەتـەوەیی و مافـەکانی گـەلی کـورد و خواسـته دوور و نزیکەکانیان قولّ کرد, ئەوانن سەرپەرشتی دەرچـوونی ڕۆژنامـەی حزب و بەیاننامەکانی دەکەن و پەیوەندی له گەلّ ڕێکخراوەکـانی حــزب لـــه دەرەوە دەکـــەن و جـــەماوەر ئامـــادە دەکـــەن بـــۆ بەرەنگاربوونـــەوەی پیلانـــەکانی پـــشتێنه و ســـەرژمێری بـــه بـــێ ئەوەی سکرتێری گشتی هیچ بەشداربوونێکی تێدا بکات.

٢– هەروەها بینیی ئێمه پێکهاتـەی سـەرکردایەتیدا بـه ئاراسـتەی پەیوەندیە ستراتیژیه نەگۆڕەکان دەڕۆین له گەلّ بـارزانی نـەمردا, لـه ناخیـشیدا لـەم پێـشکەوتنانه ئاسـوودە نـەبوو، ئەمەشـی لـه دواییدا بـه ئاشـکرا چەسـپاند (لـه کۆتـایی ژیانیـدا) کاتێـك کـه بـه تونـــدی پـــشتگیری لـــه هەڵوێـــستی –ئۆجـــەلان– کـــرد دژ بـــه ســـەرکردایەتی پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان و ســـەرۆکی پـــارتی مەسعود بارزانی.

٣– بـاری ناهـەمواری داراییمـان کـه هـیچ هاوکـاری و پاڵپـشتیمان نەبوو له هیچ لایەنێکەوە و پشتمان به ئابوونەی ئەنـدامانی پـارتی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

و پیتاکی دۆستان دەبەست و زۆرجار نەمان دەتوانی کرێی سەفەری نێوان قامیشلۆ و دیمەشقدا دابین بکەین, لەم حاڵتەشدا حزب ناتوانێت بە ئەرکی خۆی هەڵسێت بەرامبەر بە سەرکردایەتی خۆی و بە تایبەتی سکرتێری گشتی کە شایستەی هەموو چاودێریەك بوو و پێویست بوو بە شێوەیەکی هەژی بژێت, بەلاّم سەیر لەوەدایە بزووتنەوەی کوردی لە سوریا بە پێچەوانەی گشت گۆڕەپانەکانی دیکە نەیدەتوانی خەرجی بژێوی سەرکردایەتیەکانی خۆی دابین بکات ئەمەش کارێکە پێویستی بە هەڵوەستە هەیە. چونکە زۆر لە خەباتگێڕان کاری نیشتیمانیان لە پێناو بژێوی ژیاندا جێهێشت و بەمەش بزووتنەوەی کورد ژمارەیەکی بێ سنووری لە وزەکان لە دەست دا.

## جەگەرخوین:

ئەو شاعیرە مەزنەیە کە نەوەی ئێمە و نەوەکانی دوای ئێمە قەرزارینە بەوەی پێشکەشی کرد لە بواری داهێنانی شیعری و رۆشنبیری نەتەوەیی و جەماوەرئامادەکردن و رابوونەوەدا کە رێگای پێشووانی گرتبووە بەر لە پێشرەوە بەراییەکانی هەڵسانەوەی نەتەوەیی وەکو جزیری و خانی و کۆیی. بێجگە لە پایە ئەدەبیەکەی (لە شیعر و مێژوو و زماندا) رۆڵی–داخوازیاری نەتەوەیی– گێڕاو و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەشداری جۆراوجۆر و دەوڵەمەندی هەیە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیدا هەر لە دامەزراندنی -بزووتنەوەی خوەیبوون- وە, هەروەها ئاگای لە بزووتنەوەی دیموکراتی ناوخۆ و جیهان هەبوو و کاریگەر بوو بە هزری سۆشیالیزم و ئێمەش وەکو نەوەی -چەپڕەو- کە دەرهاویشتەی کۆنفرانسی ئابی ١٩٦٥ بوین, سەرسوڕما بووین بە جەگەرخوین وەك شاعیرێك کە قسەی دەکرد و شیعری بە زمانی گەنجەکانی تامەزرۆ بۆ پێشکەوتن و نوێخوازی و زانین دەنووسی.

گەنگەشە لەگەڵ ئەو لەسەر چارەنووسی بزووتنەوەی کورد و رێگاچارەکانی نەدەبڕایەوە، لە گەڵ بۆچوونەکانیشمان دەگونجا و هانی دەداین بۆ نوێکردنەوە و پێشکەوتن بە تایبەتی زۆربەی ئەو کەسە چالاکانەی ئێمە پەیوەندیەکی مکوممان لە گەڵ ئەو شاعیرە هەبوو و زۆربەی کاتەکانمان لە دیوەخانە ساکارەکەی ئەودا بەسەر دەبرد.

دوایکۆنفرانس و هاتنە ئارای سەرکردایەتی کاتی و ئاسییکردنەوەی ڕەوشەکانی حزبیمان و پەیوەندیە سیاسیەکانمان، جگەر خوین ئەو کات لەگەڵ خێزانی خۆی لە دیمەشق دادەنیشت و لە میانی یەکێك لە سەردانەکانمدا بۆ لای ئەو, داوای لێکردم کە بە تەنیا بین و ئارەزوومەندی خۆی بە دیار خست بۆ هاتنە ناو کاری سیاسیدا, لە بەر ئەوەی خۆی سەرسوڕما بوو بە ڕێبازی حزب و بڕوای بە هێڵە سیاسیەکەی هەبوو. ئەمەش بۆ من کارێکی لە پڕ و مەزندە نەکراو

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بوو, چونکه لەو بڕوایەدا بووم کەوا جەگەرخوینی شاعیر موڵکی گشت ڕۆڵەکانی گەلی کوردە و بۆ ئەو و کەسانی وەکو ئەو دروست نیە بچنە نـــاو حـــزب و ڕێکخـــراوە سیاســـیەکاندا و خۆیـــان بخەنـــە کونجـــە بەرتەسکەکان و بکەونە ململانێی وا کە نە سەرەتای هەیە و نە بنەتا. لە بەر ئەوەی شـوێنی سروشـتی ئـەو –حزبـی کـوردە– بـە ئاسمانـە بەرفراوان و جیهانە باڵ ڕاکشاوکەیەوە، ئەو حزبەی کە هـیچ سـنووری نیە و هـیچ پـەیڕەوی نـاوخۆی نیـە و پابەنـدبوونێکی دەسـت نیـشان کراویشی نیە. پاشانیش ئەو برادەر و دۆستی ئێمەیـە و بـە بـەردەوام ئێمە ڕاکانی وەردەگرین.

لە یەکەم کۆبوونەوەی لیژنەی ناوەندی ئارەزووی جگەر خوین خرایـە ڕوو جێگای ئاسوودەبوونی گشت بوو بە پێچەوانەی سکرتێری گـشتی کـە ئاسـوودە نـەبوو لـە خـستنە ڕووی ئـەم بابەتـە و پـاش دانیـشتن وتووێژی زۆر بڕیار درا بە وەرگرتنی بـەڵام لەسـەر بنـەمای –ئەنـدامی شەرەف– لە سەرکردایەتیدا و نەك وەك ئەنـدامێکی کـارگێڕ, ئەمـەش وەکو ڕێزگرتن و خەڵاتکردنی بوو. بە ڕێگای منەوە ئاگادار کرایـەوە و ئامادەی چەندین دیدار بوو, بەڵام وا دیار بوو کەوا ڕەوشێکی دیکـەی دەویست, پاشان بـۆ مـاوەی سـاڵێك بـەم حاڵەتـەماینـەوە تـا وەکـو جارێکیـان داوای لێبـووردنی خـۆی پێڕاگەیانـدم لـە قبـووڵ کردنـی – ئەندامی شەرەف– لە بەر ئەوەی ئەمە بۆ ئەو گونجاو نیە. پاشـانیش لە پەیوەندیەکانی خۆشەویستی و برادەرایەتی بەردەوام بووین تا ئەو

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کاتــەی ڕاســترەوەکان ئــەو هەلــە و کاردانــەوەیان قۆســتەوە و لــە حزبەکەی خۆیاندا کردیان بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، بە مەزنـدەی من کارەکە بریتی بوو لە یاریەك کە ڕاسترەوەکان بۆ خۆیان قۆستەوە بۆ سوود وەرگـرتن لـە نـاوی شـاعیر لەسـەر کیـسی ناووبـانگ و پایـە نیشتمانیەکەی ئەو, لەو رۆژەوە کە چووە ناو حزبـی ڕاسـتڕەودا و لـە گەڵیان جولاًیەوە تەنانەت لـە کـاتی هۆنینـەوەی پەیوەندیەکانیـشیان لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا, ئەو ناوبانگەی جەگەرخوین تووشی شێوان بوو و زیـانی پێگەیـشت ئەمـەش جێـی داخ و نارەحـەتی شـەیدایانی ئـەم شاعیرە بوو.

## پشتێنەی عەرەبی و بڕیاری بەرپەرچدانەوەی:

وەکو باسمانکرد لە ژێر سایەی دەوڵەتی سەربەخۆدا کورد لـە هـەموو مافـەکانیان بێبەشـکران تەنانـەت لـە داننـان بـە هەبوونیـشان. لـە سـەردەمی عەقیـد –ئـەدیب شیـشەکلی–دا ناوەنـدە شـۆڤینیەکانی دەسەلاتدار لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٤– دەسـتیان کـرد بـە وروژانـدنی رق وکینـەی نەتـەوەیی بەرامبـەر بـە کـورد جارێـك لـە ژێـر نـاوی –مەترسی لە کورد– و جارێکی دیکە بە بیانووی کەوا پیلانێك هەیە بـۆ دابڕاندنی بەشێك لە سوریا و نزەکردنی کورد لە تورکیـاوە بـۆ سـوریا وەك جارێکیان لە ڕاگەیاندنێکی وەزیری دەرەوەی سـوریادا هـات کـە هاوکـات بـوو لـە گـەل دەرچـوونی لێکۆڵینـەوەی –هـیلال– ئەسـعەد

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

مەحاسن–, بەڵام پاش لابردنی شیشەکلی لەسەر دەسەڵات لـە لایـەك و لەلایەکی دیکەشەوە راوەستانی پیلانە رەگەزپەرستیەکان بـە هـۆی تێپەڕبوونی وڵات بە بارودۆخێکی دیموکراتی رێژەیی, کە تیایـدا رێگـا درا بە ئازادی حزبـەکان و رۆژنامەگـەری و ئەنجامـدانی هەڵبـژاردنێکی پەرلەمانی پاك.

لە گەل بەدەرکەوتنی ساڵانی شێستەکان و بە رێنمایی ناوەندە برژوا نەتەوەییەکانی فەرمانڕەوا دەسەڵاتادارەکان دەستیانکرد بـە دانـانی سەرتای پیلانەکانی بەرەگاربوونـەوەی بزووتنـەوەی سیاسـی کـورد و گـەڕان بـەدوای ئـەو رێگایانـەی کـە جێـی متمانـەن لـە بـەدیهێنانی – کۆڕانکاری لە پێکهاتەی دیمۆگرافی– لە ناوچە کوردییەکاندا لە میانی سیاسەتی بەعەرەبکردندا.

بـۆ ئـەم مەبەسـتەش مـولازمی یەکـەم –مەحمـەد تەلـەب هـیلال– ی سەرۆکی هۆبەی سیاسی لە جزیرە بەڵگەنامە بەناوبانگەکەی خۆی لـە ساڵی ١٩٦٣ ئامادەکرد لە ژێر ناوی:"لێکۆڵینەوەیەك لەسەر پارێزگای جزیـرە لــە رووی سیاسـی– کۆمەڵایــەتی–نەتەوەییــەوە" . ئـــەم بەڵگەنامەیەش تاکو ئێستا وەکو بەرنامەیەکی کارکردن بـەکاردێت لـە لایـەن حکومەتــە یــەك لەدوایەکــەکانی ســوریاوە. وێـڕای کـە ئـەو –بەڵگەنامەیـە– لـە شێستەکاندا بـە شـێوەیەکی بـەرفراوان لـە لایـەن بزووتنەوەی کوردی بڵاوکرایەوە, بـەڵام گرنگـە لێرەشـدا هەنـدێك لـەو ئامـانج و ئامرازانـە بخەینـەروو کـەوا ئـەو بەڵگەنامەیـە پـشتی پێـوە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەستبوو لە پێناو سەرکەوتنی مەترسیدارترین کردەوەی - پاکتاوکردنی رەگەزی- کە لە سوریای -هاوچەرخ-دا دژ بە رۆڵەکانی گەلی کورد ئەنجام دەدرێت. شایانی باسە بەڵگەنامەکە -جوگرافیا-ی جزیرە دەگرێتەوە کەچی کاری بەعەرەبکردنی ناوەکان و ناوچە و گوند و شاروچکەکان هەروەها سیاسەتە شۆڤینیە بەدەرەکانی دژ بە کورد, هیچ لە ناوچەکانی کورد لە جزیرە و کوبانیە (عین العرب) و چیای کوردەکان بەدەر ناگرێ.

لە رێکەوتی ١٩٦٣/١١/١٢ مولازمی یەکەم لە ئاسایشی سیاسیدا, لێکۆڵینەوەی خۆی پێشکەش بە لایەنە سەرووەکان لە دیمەشق کرد, وەکو بەدیش دەکرێ لێکۆڵینەوەکەی بەهاوکاری لە گەل-سەعید ئەلسەیید-ی پارێزگاری حەسەکە ئامادە کردووە کە مێژوویەکی درێژی هەبوو لە وروژاندنی پروپاگەندە و مەترسیە ناراستەقینەکانی دەربارەی هەبوونی گەلی کورد.

لێکۆڵینەوەکە (١٦٥ لاپەڕە بوو), هەر لە دەرچوونیەوە بوو بە بەرنامەی کار بۆ ناوەندە شۆڤینیەکان, هەندێك لە بەندەکانی جێبەجێکران بە تایبەتی ئەوەی پەیوەست بوو بە پیلانی "پشتێنەی عەرەبی" و "سەرژمێری بەدەر" کە لە پارێزگای حەسەکە ئەنجام درا و مافی ڕەگەزنامەی سوریایی لە(١٥٠) هەزار هاوڵاتی کورد سەنرایەوە بۆ ئەوەی بێبەشیان بکەن لە گشت مافەکانیان لەوانەش مافی مولکیەت و سوودوەرگرتن لە زەویەکانیان. ئەمەش وەکو

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ڕێخۆشـکردنێك بـوو بـۆ هێنـانی هاولاّتیـه عەرەبـەکان لـه ناوچـەکانی دیکـەوە. وا دیـارە بەنـدەکانی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە و لێکۆڵینـەوەکانی دیکەی وەك ئەمە –وەك وتمان– لە ژێـر وتووێـژدا بـوون پـێش سـاڵی ١٩٦٣ کە مێژووی فەرمیی لێکۆڵینەوەی –هـیلال–ە, کـه بـۆ نموونـه تیایدا هاتووە:

"ئێمە پێشنیار دەکەین:

١- دەوڵـەت پـشت ببەسـتێ بـە کـاری ڕاگواسـتن و دابەشـکردن بـۆ ناوەوە و ئاگاداری یەك بە یەکی توخمە مەترسیدارەکان بێت.

٢- سیاسەتی نەخوێندەوارکردن: واتە دروست نەکردنی قوتابخانە و پەیمانگە زانستیەکان لە ناوچـەکەدا (مەبەسـتی ناوچـە کوردیەکانـە) چـونکە ئەمــە بــە شـێوەیەکی زۆر بــە هێـز و ئاشـکرا پێـچەوانەی ویسترآوی چەسپاند.

٣- دەبێ تۆمارەکانی مـەدەنیی زۆربـەی کوردەکـانی جزیـرە ڕاسـت بکرێنــەوە و داوا دەکـەین لــە ئەنجامـدا دەرکردنــی ئــەو کەسـانەی لێبکەوێتـەوە کـە ڕەگەزنامـەیان نەسـەلمێنراوە و بدرێنـەوە دەسـت دەوڵەتــەکانی خۆیــان.. پێویــستە هــیچ کــوردێکیش ڕەگەزنامــەی سوریایی وەرنەگرێ مەگەر بە مەرسومی کۆماری نەبێت.

٤- گرتنی دەرگای کارکردن: هەروەها پێویستە لەسەرمان لـە پێنـاو بەشـداری لـە پلانەکـەدا ڕێگـای کـارکردن لـە کوردەکـان بگـرین بـۆ ئەوەی یەکەم جار بکەونـە بارودۆخێـك کـە نـەتوانن جوولـە بکـەن و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دووەمیان بیانخەینە بارودۆخێکی ناجێگیر بۆ ئەوەی هەموو ساتێك لە ئامادەباشیدا بن بۆ کۆچ کردن. بۆیەش دەبێ چاکسازی کشتوکاڵی لە جزیرەیەکەم جار ئەو بڕیارە وەرگریّ کە نابیّ زەوی بەکریّ بدرێتە کورد و نابێت مولکیەتیان هەبێت و توخمە عەرەبیەکانیش وەلحەمدو لیللا زۆرن و هەن.

٥- پەرپاکردنی هەڵمەتێکی بەرفراوانی پڕوپاگەندە لە نێوان توخمە عەرەبیەکان و لەسەر کوردەکان چڕبکرێتەوە، یەکەم جار بە مەبەستی ئامادەکردنی توخمە عەرەبیەکان بۆ پاشەڕۆژ و دووەمیشیان شلەژاندنی بارودۆخی کوردەکان بە شێوەیەك کە بیانخاتە ئەو بارودۆخە ناجێگیرەدا.

٦- داماڵینی خەسڵەتی ئاینی لە شێخ و مشایخە ئاینیەکانی کورد یاخود گواستنەوەیان بۆ ناوەوە لە جیاتی کەسانی دیکە و ناردنی شێخە عەرەبەکانی دەستکرد بە پلانێکی داڕێژراو, چونکە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی کورد ئاینی نیە بەڵکو کۆڕو کۆبوونەوەی نەتەوەییە.

٧- تێکبەردانی کوردەکان لە گەڵ یەکتردا و ئەمەش کارێکی ئاسانە بە ڕێگای ئەو کەسانەیان کە ڕەگەزی خۆیان بە عەرەب دادەنێن لەو ناوچە کوردیانەی سەر سنوور، ئەوانە شورەی ئایندەن و لە هەمان کاتیشدا چاودێرن لەسەر کوردەکان تاوەکو دەگوازرێنەوە.

٨- هێڵی سنووری باکووری جزیرە بکرێتە ناوچەیەکی سەربازی وەکو ناوچەی بەرەی جەنگ (بەرەی سەربازی لە گەل ئیسڕائیل) بە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

شـێوەبەك كـە چـەك و چـەكەمەنی و هێـزی تیـا دابنرێـت ئـەركی نیشتەجێكردنی عەرەب و دەرخستنی كورد بێت بە پێی ئەو پلانـەی كە دەوڵەت دایدەڕێژێت.

١٠- دروست كردنی كێڵگەی هەرەوەزی بۆ عەرەبەكانی كـە دەوڵـەت لـە هێڵـی بـاكوو نیـشتەجێیان دەكـات بـە مـەرجێك ئـەو كێڵگانـە مەشـقدراو بـن و چـەكدار بـن وەكـو كیبۆتزاكـانی جوولەكـەكان بـە تەواوی.

١١- ڕێگە نەدان بـەو كەسـانەی بـە عـەرەبی قـسە ناكـەن كـە مـافی هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتنیان هەبێت لەو ناوچانەی باسمان كردن.

١٢- قەدەغەكردنی بەخشینی ڕەگەزنامەی سـوریایی بـە شـێوەیەكی بنبڕ بەو كەسانەی دەیانەوێ لەو ناوچانە نیشتەجێ بن جا لە هەرچی ڕەگەزێك بێت (تەنانەت ڕەگەزی عەرەبی نەبێت).

خێڵـەكانی عـەرەب لـە جزیـرە : پێـشنیاری بڵاوكردنـەوەی زانـست و هۆشیاری و ڕۆشنبیری دەكەین لە نێوان ئەو خێڵانەدا :

١- دروستكردن و دامەزراندنی زۆرترین ژمارەی قوتابخانەی جیاجیـا بـە هـەموو قۆنـاغ و جۆرەكانیـەوە لـە نێـو خێڵـە عەرەبـەكان و لـە ناوچانەكانیاندا و دابینكردنی هەموو پێداویستیەكانی قوتابخانانـەكان بە باشترین شێوە.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

٢- دامەزراندنی یەکـەکانی ڕێنمـایی و ڕێنمـایی میللـی لـە گـەڵ ئـەو قوتابخانانەدا هەبێت کە یارمەتی بلاّوکردنەوەی ڕۆشنبیری و زانـست بدات.

٣- نـاردنی زۆرتـرین ژمـارە لــە لاوانــی عــەرەب بــە تایبــەتی لــە هەژارەکان بـە بـێ خۆبەسـتنەوە بـە مەرجـە باوەکـان بـۆ دەرەوەی وڵات و تەواوکردنی خوێندنی پسپۆری، تەنانەت مـن پێشنیار دەکـەم هەر کەسێك لە عەرەبەکانی جزیرە بڕوانامەی دواناوەندی بە دەسـت هێنابێت ڕەوانەی دەرەوە وڵات بکرێت بۆ خوێندن.

٤- کردنەوەی پەیمانگا کشتوکاڵیە بالاّکـان لـە جزیـرە بـۆ ڕۆڵـەکانی عـەرەب کـە گـشت ئـامرازە نوێیـەکانی یارمەتیـدەری گەشەسـەندنی کشتوکاڵی بە خۆیەوە بگرێت.

## پێشنیاری دیکە سەبارەت بە خێڵە عەرەبەکان:

١-جێگیرکردنــی ئەوانــەی کــە جــێگیر نەبوونــە لەســەر زەویــەکان و ئامادەکردنیان بە زووترین کات.

٢-دابەشکردنی مولکەکانی دەوڵەت بە شـێوەیەکی دروسـت بـە سـەر توخمە عەرەبەکاندا.

٣- دابەشــکردنی ئــەو زەوی و زارانــەی کــە چاکــسازی کــشتوکاڵی دەستیبەسەر داگرتوون بەسەر توخمە عەرەبەکاندا.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

٤- هێنانی توخمی دیکەی عەرەبی لە ناوەوە و نیشتەجێکردنیان بە پێی مەرجی مەعقول. "کۆتایی هات-".

لە ڕووی مێژووییەوە بژاردەی سیاسی عەرەبی لە سوریا ئامادە بوو بۆ ڕەتکردنەوەی کورد وەکو گەل و ماف نەك وەکو تاك, لە مێشکی نەتەوەیی خۆیشیدا هەڵوێستێکی نەگەتیڤانەی پێشینەی هەبوو بەرامبەر بە کێشەی کورد. لەوانەیە ئەمەش بۆ بارودۆخی تایبەت بە مێژووی سوریا بگەڕێتەوە کاتێك کە مەیلی جوداخوازی لە هەندێ لە ناوچەکاندا سەری هەڵدا وەکو-چیای دروز- و -چیای عەلەویەکان- کە هەڕەشەی لە یەکێتی نیشتمانی دەکرد, بە هەر حاڵ - بێگوناهیش- نەبوو لە ڕووی پەیوەندیی لە گەڵ ئینتدابی کۆلۆنیالی -فرانسا و ئینگلیز-دا, یاخود ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ نووسینەکانی پێشڕەوە نەتەوەییە بەراهیەکانی عەرەب وەکو زەکی ئەلئەرسوزی کە کورد بە -جرج- دەچوێنێ یاخود -میشێل عەفلەق- (کە هەر کەسێك لە ولآتی عەرەبیدا بژێت بە عەرەبی دادەنێت) واتە بێبەشکردنی کورد لە پێناسە نەتەوەییەکەی و دان نەنان بە هەبوونی. ئەمە لە کاتێکدا کە دەبینین کورد بە درێژایی مێژووی خۆی لەگەڵ سەربەخۆیی ولآت و سەروەری یەکبوونی بووە، پرۆژەی ئینتدابی -فڕەنسی-ئینگلیزی- بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەسیحی کوردی لە جزیرەدا ڕەت کردۆتەوە و لە بەرامبەری ڕاوەستاوە, بەڵکو ژیانی لە گەل گەلی عەرەبی سوریایی هەڵبژاردووە لە ژێر ڕەشماڵی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

یەکپارچەیی نیشتمانیدا بەڵام لەسەر بنەمای داننان بە هەبوون و تەواوی مافەکانی.

ئەوەی جێی سەرنجیشە ئەوانەی لە پێشەوەی ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی کورد بوون و بە دوای پاسا و و بیانوودا دەگەڕان بۆ ئازاردانیان لە نێو گشت ڕەوت و ڕێچکە سیاسی و هزریەکاندا بڵاو ببوون، لە نێو بورژوا لاساییەکان و نەتەوەییە عەرەبیەکان و بەعسیەکان و نەتەوەییە کۆمەڵایەتیەکانی سوریادا هەبوون، ئیسلامیەکان و کۆمۆنیستەکانیش زۆربەی کاتەکان بێلایەن بوون. (مەگەر هەندێك حاڵەتی تاکە کەسی نەبێت لێرەو لەوێ کە پاڵپشتیان لە کێشەی کورد دەکرد) ئەمە بێجگە لەوانەی فەرمانڕەواییان دەکرد لە ڕژێم و حکومەتەکانی سوریا و دەزگای کارگێڕی و دامەزراوە ئاسایشیەکانی کە پڕبوون لە ئاراستە سیاسیە جیاجیاکان و زۆربەی کاتەکان کۆك بوون لەسەر بابەتی کورد. وەك بلێی هیچ ڕۆڵێکی کورد بە درێژایی مێژووی خۆی بە هانایەوە نەهاتبێت هەر لە سەرهەڵدانی ئیسلامەوە بگرە تا سەلاحەددین و تا دەگاتە پێشڕەوە بەراهیەکانی سەربەخۆیی وەکو -ئیبراهیم هەنانۆ- و -یوسف ئەلعەزەمە- و کەسانی دیکە. چاکەکانیشی بە چاکە وەڵام نەدرانەوە. وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێکرد, سەرەتای شەستەکان شەپۆلێکی شۆڤێنی بەربلاوی بە خۆوە بینی دژ بە کورد، دەستپێکردنی لە سەرەتادا بە داڕشتنی پیلانی نهێنی و ناردنی توخمی هەڵبژاردە و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

مەشقکردوو بوو بۆ ناوچە کوردیەکان بە تایبەتی جزیرە (ناوچەی نەفت و دانەوێڵە) بە مەبەستی وەرگرتنی دەسەڵاتی کارگێڕی و ئاسایشی و هەماهەنگیکردن لەگەڵ دامەزراوە جیاجیاکانی پارێزگادا بەڵکو پێش ئەویش لە گەل وەزارەتە پەیوەندداره‌کانی دیمەشقدا لە ژێر ناونیشانێکی ووروژاودا: ڕێگا گرتن لە "جیابوونەوەی کوردی" و "ئیسرائیلی دووەم" و "بە عەرەبکردنی کورد" هەروەك لە بەڵگەنامەی -محمد تەلەب هیلال- دا هاتووە. لەم بابەتەشدا زۆر پیلان و دیاردەی دیکە ئاشکرا بوون و زۆربەیان هەر بە پەنهان مانەوە. جۆرێکی نوێشیان لە -پیاوە ئاینییەکانی- عەرەبیان هێنا بە تایبەتی لە پارێزگای حەلەب و لە نێو گوندەکانی جزیرەدا بلاٌویان کردەوە بۆ ڕێنماییکردنی کوردەکان, بەلاٌم بە زمانی عەرەبی، هەروەها ژمارەیەك لە شاعیرە حیکایەتخوانە عەرەبەکانیان هێنا و زۆربەیان خەڵکی ناوچەکانی فورات بوون (دێرزور و ڕەقە)، ئەمانە لە میوانخانەکانی کوردان لە گوندەکان کۆر و شەوچرایان دەبەست و چیرۆك و بەسەرهاتیان دەگێڕایەوە و چامە و شیعری میللی عەرەبیان دەگووتەوە لە نێوانیشیاندا -حاجی مەحەمەد ئەلغزی- کە بە ناوبانگ بوو، هەروەها ئەو کات, دەزگای (نووسینگەی دووەم) -کە سەرۆکەکەی سەرهەنگ -حیکمەت مینە- بە دڵڕەقی و دوژمنکاری ناسراو بوو- ڕۆڵی چوونە ناو ناوەندە ئاینی و خێڵەکیەکان و هاندانی سەرۆك هۆزەکانی عەرەبی گێڕا بە مەبەستی دژایەتیکردنی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کوردەکـــــان و دەســـــت بەســـــەرداگرتنی زەوی و زارەکانیـــــان و ئەشـــکەنجەدانی خـــەباتگێڕە کوردەکـــان بـــە خـــراپترین شـــێوەکانی ئازاردانی دەروونی و جەستەیی لە پێنـاو چاوترسـاندنی –نەتەوەییـە کوردەکان– و قەدەغەکردنی گۆرانی و مۆسیقای کوردی و نەهێشتنی ئاهەنگی بووك گواستنەوەی کوردی –بە شێویەکی تایبەت لـە شـار و شارۆچکەکاندا–. ئەو کاتیش پڕوپاگەندە بڵاو بوویەوە کە یـەکێك لـە مۆسیقاژەنە هەر بەتواناکانی کوردیان تیرۆر کردووە کە ناسراو بوو بە –چەلەبی– و داهێنەرێکی گەورە بوو و ئاینـدە ڕۆڵێکـی پێـشڕەوانەی بۆ حەشـاردابوو. هـەروەها دەسـەڵاتەکان هـەموو توانایـەکیان خـستە گەڕ بۆ هاندانی هەندێ لە سەرکردەکانی خێڵە کوردیەکان بۆ گـۆڕینی (نەتەوەکەیان) و ڕاگەیاندنی ڕەگـەزی عـەرەبییان. هـەروەها هەوڵیـدا ناکۆکی و ناحەزی لـە نێـوان هاوڵاتیـە کوردەکانـدا دروسـت بکـات بـە تایبەتی لە نێوان خەڵکی سـەرخەتێ و خـەڵکی بـن خـەتێ و چـەندین پلان و پیلانگێڕیی دیکەی لەم جۆرە, کـە چـاوەڕێی ڕۆژێـك لـە ڕۆژان هەر ئاشکرا دەبن.

دوای کۆنفرانـسی ئـابی ١٩٦٥ و لـە سـەرەتای هـاوینی سـاڵی ١٩٦٦ کۆنگرەی یەکەممان بەست, کە دووەم کۆنگرە بوو لە دوای کۆنگرەی دامەزرانـدنی حـزب لـە سـاڵی ١٩٥٧, هـەروەها کۆبوونـەوەی لێژنـەی ناوەندی نوێمان لە کێڵگەی –ئەبو ئاراس– ی هاوڕێمان بەست لەسەر ڕێگای قامـشلۆ–حەسـەکە و جێگایـەکی ئـارام بـوو و زەحمـەت بـوو

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەوە شوێنە بە مێشکی کەسێکدا بێت, دانیشی پێدا دەنێم کەوا لە هیچ کۆبوونەوەیەکی دیکەی پێشوو و پاشتری ئەم کۆبوونەوەیە وا هەستم بەو حەسانەوە دەروونیە نەکردووە. خشتەی کارەکانی کۆبوونەوەکەشمان بێجگە لە مەسەلەی ڕێکخستن و پەیوەندیە نەتەوەییە سیاسیەکان و پێکهێنانی سەرکردایەتی, کێشەی "پشتێنەی عەرەبی" بە شێوەیەکی تایبەت و چەوسانەوەی نەتەوەیی بە شێوەیەکی گشتی بە خۆوە گرت. پاش وتووێژێکی دوور و درێژ کە گشت ئامادەبووان بەشداریان تێداکرد بە تێکڕایی ڕێککەوتین لەسەر بڕیاری بەرپەرچدانەوەی ئەنجامەکانی پیلانی پشتێنەی عەرەبی بە هەموو شێوە و ئامرازێك، و پلانێکی بەرفراوان و ورد دانرا کە دەبێ لەم ڕووەوە بزاڤێکی سیاسی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام بدرێت لەسەر ئاستی سوریا و بزووتنەوەی کوردستانی و دەرەوە. جەماوەری کورد ئامادە بکرێت و لە ڕێزەکانیدا گیانی بەرگری بە هێز بکرێت و سەرکردایەتی چەند سەردانێکی مەیدانی بکەن بۆ ناوچە جیاجیاکان بە تایبەتی ئەو ناوچانەی کە دووچاری پیلانی شۆڤێنی ناڕەوا دەبنەوە.

دوای کۆنگرە و دوای چەند کۆبوونەوەیەکی لێژنەی ناوەندی بڕیار درا بە دابەشکردنی بڵاوکراوەیەك کە خۆم دامڕشتبوو و (٢١) دروشمی کورتکراوەی گشت پرێنسیپ و ئامانجەکانی حزبی دەگرتە خۆ و بە شێوەیەکی سەرەکی جەختی لە سەر بابەتی "پشتێنەی عەرەبی" و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەرەنگاربوونـــەوەی دەکـــرد و داوای لـــە جـــەماوەری کـــورد و هێـــزە دیموکراتیـــەکان دەکـــرد هاوکـــاریی بکـــەن لـــە بەرەنگاربوونـــەوەی پـــــشتێنەکە و سیاســـــەتی چەوســـــانەوەی نەتـــــەوەیی. پـــــاش لێکۆڵینەوەیکی وورد بە هەزاران دانە لەم بڵاوکراوەیە لە گشت شـار و شارۆچکەکانی حەسـەکە و لـە ناوەنـدی پارێزگـا و لەیـەك کاتـدا بـڵاو کراتەوە. هـیچ کەسـێکیش لـە هـەڤاڵانمان دەسـتگیر نـەکرا, چـونکە وەکو ووتم بە لێکۆڵینەوەیـەکی ورد و بـە ئاگاییـەکی زۆرەوە کارەکـە ئەنجام درا. شتێکی کتـو پـڕیش بـوو بـۆ دەزگاکـانی ئاسایـشیش کـە پێـشتر پارێزگاکـە بـە خۆیـەوەی نـەبینی بـوو. ئەمـەش نیـشانەی دەستپێکردنی کاری بەرپەرچدانەوەی سیاسـی بـوو دژ بـە پـشتێنەی عـــەرەبی. هـــەروەها چـــەند رووداوی دیکـــە و ڕووبەڕووبوونـــەوەی جووتیاران لە گەڵ دەزگاکانی ئاسایش و پـۆلیس هاتنـە ئـاراوە و زۆر قوربانی گیانیشی لە گوندەکانی –عەلی فرۆ– و گوندی -گرێ پـرێ– لێکەوتـــەوە . نایـــشارمەوە, بیرۆکـــەی ســـووتاندنی ئـــەو کێڵگانـــەی دروســـتکراوانەی دوای بێبەشـــکردنی جووتیـــارە کوردەکـــان لـــە زەویەکانیان لە ناوچـەی کوردەکـان, لای پارتیمـان هـەبوو وەکـو دوا چارە ئەگەر دەسەڵاتدارەکان لە بڕیارەکانیان پاشگەز نەبنەوە.

سەرقاڵ بوون و خۆئامادەکردنمان بۆ بەرپـەرچـدانەوە و نوشـستهێنان بە پیلانی پشتێنەی عـەرەبی، بەرەنگاربوونـەوەی ڕاسـترەوەکانی لـە بـیر نەبردینـــەوە و بـــە هـــزر و سیاســـەت و ڕۆشـــنبیری بەرپـەرچـی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەوانیـشمان دەدانـەوە و لـە پـێش گـەلی کـورد ئاشـکرا و رسـوامان دەکردن, بە تایبەتی لە مەسەلەی –راوەستانیان وەکو تەماشـاکار– لـە بـەردەم ئـەم ئەرکـە سـەرەکیە و ملکەچـبوونی بـەردەوامیان بـۆ دەسەلأتدارانی خۆجێیی و خۆ بێبەریکردنیان بەە هەموو شـێوەیەك. لێرەشـدا شـتێکی سـوود بەخـشە بگەڕێینـەوە سـەر دانپێـدانانی ئەندازیاری پشتێنەی عەرەبی بـەوەی سوود لـە ئـەزموونی زایـۆنیی ڕەگەزپەرست وەردەگریٚ, کاتێك باسی هەندێك لەو کردەوانە دەکات کە زایۆنییەکان ئەنجامی داون بە مەبەستی بە جوولەکەکردنی ناوچـە عەرەبیـە فەلەسـتینیەکان. لـە سـاڵی ١٩٤٩ بـە پێـی هەنـدیٚ یاسـای تایبەت "ناوچەکانی ئاسایش" لە ئیسرائیل دروست بـوون و ڕێگـا بـە وەزارەتـی بـەرگری درا کـە عەرەبـەکان لـەو شـار و شارۆچـکانەی دەکەونە سەر هێڵی سنووری بە پانتایی ١٠ کم دەربکەن و مولکیـەتی زەویـەکانیان لـیٚ بـسەنرێتەوە بـە مەبەسـتی کەمکردنـەوەی ڕێـژەی عەرەب. لە ساڵی ١٩٥٢ یاسایەك دەرچوو ڕەگەزنامە دەبەخـشیٚ بـەو جوولەکانەی پێش دامەزراندنی ئیسڕائیل و ئەوانەی دوای دامەزراندنی هاتوون و عەرەبەکانیش بێبەش دەکات، هەروەها مەسەلەی وەرگرتن لـە خوێنـدنی بـاڵا و بـارودۆخی بـژێوی و جیاکردنـەوەی ڕەگـەزی و ڕێگەدان بە فەرمانداری سەربازی لە بێبەشکردنی هەر کەسێك لە مافە مەدەنیەکانی و دەستگرتنی مـادی و پێشکەشکردنی یارمـەتی بـە – کیبۆتزاکـانی– جوولەکـە و بێبەشـکردنی جووتیـارانی عـەرەب لــە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەنجامیشدا بەرهەمی جووتیاری عەرەب زۆر کەم بوویەوە و پەنابەری ناوخۆیی سەریهەڵدا پاش ئەوەی جووتیارانی عەرەب لە زەوی و زارەکانی باوك و باپیرانیان بێبەش کران.

هەروەها شتێکی سوودبەخشە سروشتی ئەنجامدانی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی لە ناوچە کوردیەکان بزانین بە شێویەك کە لەگەڵ ناوچەکانی دیکە جیاوازە و ئەمەش وەك سەرەتایەك بوو بۆ ئەنجامدانی بەعەرەبکردن و پیلانی پشتێنە و بێبەشکردنی جووتیاران و موڵکدارانی کورد بە بێ جیاوازیکردن لە نێوان زەوی چاك و خراپیان.

لە ناوچەی جزیرەدا دەستداگیرا بەسەر زەوی ٦٠٠ موڵکدار کە یاسای چاکسازی کشتوکاڵی دەیانیگرتەوە و زەوی ٢٠٠ موڵکداریش لە ئەنجامی بڕیارەکانی لێژنەی پشتبەستن. ئەو زەویانەی دەستیان بەسەرداگیران ٦٥٥٥٢٧٠ دۆنم بوو کە ١٣٨٨٥٣٠ دۆنم بۆ کێڵگەکانی دەوڵەت بوو و ٤٧٠٦٣٨١ دۆنم بۆ وەبەرهێنان نەدەشیا. جێگای تێبینیە کەوا ئەو زەویانەی لە جزیرە دەستیان بەسەرداگیرا ٤٣٪ زەویە دەست بەسەر داگیراوەکان پێك دێنێت لە کۆی تەواوی پارێزگاکانی سوریا, چونکە گشت ئەو زەویانەی لە ولاتدا دەستیان بەسەرداگیرا ١٣٠١٣٥١٥ دۆنم بوو. ئاشکراشە کەوا بانگەشەکانی شۆڤینیەکان بەوەی کورد نزەکراوە و نامۆن لەسەر هیچ بنەماو ڕاستیەکی مێژوویی نەبوو بەڵکو بریتی بوو لە دیدێکی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ڕەگەزپەرستانەی ستەمکار، بۆ نموونەش دەقی سەرژمێری بریتانیا دەخەینە ڕوو کە لە ساڵی ١٩١٩ ئەنجامیدا دەربارەی ژمارەیەك لە بنەماڵە کوردەکانی ئەو کات لە دەرەوەی ناوچە کوردیە ڕەسەنەکانیاندا دەژیان, واتە لە ناو سوریا، ئەم سەرژمێریەش لە ڕاپۆرتێکی وەزارەتی جەنگ لە فەرمانگەی سالۆخڤانی سەربازی ژمارە م.ی٨٦٩٣٥ لە ١١ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٩ بلاّوکراوەتەوە : دیمەشقی شار ١٢٥ خێزانن، دیمەشقی سالحیە ١٦٠٠،عەدرا ٥٠، حەماە ١٠٠،کوردەکانی ئیبراهیم لە نزیك حەماە ٥٠, کوردەکانی عوسمانۆ ١٠٠، قونەیتەرە و حۆران و کەرەك ١٥٠، خێزانی دیکەی پەرش و بلاّو ٤٠٠، کۆی گشتی : ٢٥٧٥ خێزان.

ناوی خێڵەکانی دەرەوەی ناوچە کوردیەکان: شێخانی سەرۆکەکەی (مەحمود پاشا بۆزۆ) یە و ژمارەی ماڵەکانی ٢٢٥, کیکی ئەحمەد باس عەجیل ٦٠, مللی حەسەن مەلا ٨٠, زازا عەلی ئاغا زلفۆ مەدینە ٣٥, دقۆری ڕەشید ئاغا شەمدین ١٠, بەرازی مستەفا بەگ بەرازی ١٥٠, زەرکالیا عەبدلرەحمان پاشا ئەلیوسف ١٠, ئەیوبیە حەسەن کۆسە ٥٥, ئاشیتا بابۆ مراد ٥٠, پینار ئالی ئیسماعیل ئاغا نعمۆ ١٠, واتێلی حەسەن کالتۆن ٤٠, حسنیە١٥, موشیلیا ٥, میکاری حاج حەسەن حاج حوسێن٣٠, قەرەچۆلی محیەدین ئاغا قەرەچۆلی١٠, متینا ١٠, علۆشیا ٥, قەرەگێچی٢٠, ڕەشوانی ٥, کوردی ٥, سوراقیا

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

٢, داریا ١٠, باراقی ٣٠, گرکۆلیا٢٠, خێزانەکانی بڵاو لە حۆران١٥٠, کۆی گشتی دەکاتە: ١٠٤٤.

سەبارەت بە ژمارەی کوردیش بە پێی قسەی مامۆستا فیلیب خۆری لە پەرتووکی "سوریا و ئنتدابی فرانسایی" ٨,٥٪ دانیشتوانانی سوریا لە ساڵی ١٩٤٥ بە کوردی قسەیان دەکرد و لە بنەڕەتدا خێڵی نیمچە کۆچەر بوون لە ناوچەی فورات و جزیرەدا دەژیان. ئەم رێژەیەش کوردەکانی ناوچەی چیای کوردەکان و عەینلعەرەب (کوبانیە) و شارەکانی حەلەب و دیمەشق و حەما و چیای عەلەوییەکان و دەوروبەری دیمەشق ناگرێتەوە, ئەگەر ئەم هەموو ژمارانەیان کۆ بکەینەوە ئەو کات رێژەکە دەگاتە زیاتر لە ١٥٪.

مامۆستا ( ادیب معوض) ساڵی ١٩٤٥ سنوری ناوچەی کوردی لە سوریا بەم شێوەیە دەستنیشسان دەکات." هێڵێکە لە رۆژئاوای موسلەوە بە جزیرەدا تێدەپەڕێ بەرەو باشوری تورکیا تا دەگاتە لێواری دەریای ناوەراست لە ئەسکەندەرونە ئەو هێڵە رۆژئاواییەی هاوسو لە گەل گۆشەی باکوری رۆژئاوای پانتایی ناوچەی کوردی کە ئێمە لە مەر باسکردنی داین و ناسراوە بە کوردستان یاخود وڵاتی کوردان, پێویستە لە روانگەیەکی جوگرافی رووتەوە تماشای بکەین و ئەو هێڵەی ئاماژە پێکراوە بە جزیرەی فوراتی کوردیشەوە بە رۆژهەڵاتی دابنێن و چیای ناسراو بە ناوی چیای کوردەکان بە رۆژئاوای و ئەوەی دەکەوێتە نێوانیان ئەو ناوچانەن کە توخمی کورد

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

به زۆرینەی هەرە زۆری تیادا نیشتەجێن وخاکێکی کوردیە و کورد بە بەشێکی دادەنێن کە لە ولآتی رەسەنی کورد جیا ناکرێتەوە".

ژمارەی کوردیش بە نۆ ملیۆن دادەنێت و لەو ژمارەیەش ۳۰۰ هەزاریان لە کوردستانی سوریایە بێجگە لە کوردەکانی دیمەشق.

هەروەها دەڵێ کوردەکانی تێکەڵبوو لە گەل کۆمەڵگای سوریا لە گەڕەکی کوردەکان لە دیمەشق و لە قەزای –حارم–ی نێوان حەلەب و ئەسکەنەدەروونەدا و لە حەماە و چیای عەلەوییەکاندا دەژین.

پێیوایەش ژمارەی کوردەکانی دیمەشق دەگاتە ۲۰ هەزار کەس لە ناوچکانی کورد ۲۰۰۰–۱۸۰۰ گوند هەیە هەموویان کوردن لە نێوانیاندا چەند گوند و کێڵگەیەکی ناکوردەکان هەیە, ئەو ژمارە گەورەیەی شوێنە ئاوەدانیەکان بلآوەیان کردووە لە رۆژئاواوە لە لێواری رۆژهەلآتی شاری ئەسکەندەرونە کە دەکەوێتە سەر کەنداو لەو شوێنەی کە لە رۆژئاواوە, بەشەکانی چیای کوردەکان کە پێی دەگوترێت –کورداغ– و لیژاوەکانی ئەم بەشانە کۆتایی دێت, تا وەکو دەگاتە کۆتایی قەزای –جزیرە–ی فوراتی رۆژهەلآت. ئەو قەزایانەی کە لە ڕۆژئاواوە بلآوبوونەتەوە هەر لە دەستپێکردنی ئەمەی دواییەوە ئەمانەن عەین دیوار، قامشلی، راسلعەین، ئاراب بینار، جرابلس، مەنبەج و عەزاز کە بە قەزای کورداغ دەگاتەوە و زیاتر لە هەزار گوند بە تەنها لە جزیرەن و نزیکەی ۳۵۰ لە ئاراب بینارەو ۳۹۰ لە کورداغ.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

## شەپۆلی دەستگیرکردنەکانی ساڵی ١٩٦٦:

هەڵمـەتی دەسـتگیرکردنەکانی کۆتـایی ئـابی سـاڵی ١٩٦٦ بەرفراوانتیرین هەڵمەت بوو لە مێـژووی بزووتنـەوەی نەتـەوەیی کـورد لـــە ســـوریا و دووەمیـــان بـــوو لـــە ڕووی ڕێزکردنـــەوە پـــاش دەستگیرکردنەکانی ساڵی ١٩٦٠ کە لـە بنەڕەتـدا لـە ناوچـەی جزیـرە چڕبووبووەوە و نزیکەی ١٠٠ کەسی گرتەوە.

شـتێکی ئاشـکەرایە کـەوا دەسـتگیرکردنەکان –خۆپـارێزی– بـوو لـە مەترسی ئەگەرەکانی گەشەسەندنی گیانی بەرگریکردن دژ بـە پیلانـی پشتێنەی عەرەبی و لە دەست دەرچوونیان, بە تایبەتی ئەو شـەپۆڵە لە دوای بڕیـاری بەرەنگاربوونـەوە هـات کـە لـە لایـەن کۆنگرەکـەمان کۆبوونەوەکانی لێژنـەی ناوەندیـەوە دەرچـووبوو, هـەروەها لـە دوای مەســـەلەی دابەشـــکردنی بلاوکراوەکـــان و دزەکردنـــی هـــەواڵی – سـووتاندنی بـەروبوو– لـە ناوچـەکانی –کێڵگـەکانی دەوڵـەت– بۆیـە شەپۆڵەکە –هەڕەمەکی– بوو لە پلـەی یەکـەم دووەمـی تێپەڕانـد لـە رووی ڕۆڵی کەسە دەستگیرکراوەکان کە زۆربەیان دووربوون تەنانـەت لە بزووتنەوەی سیاسیش.

ئەو دەم من لە قامشلۆ بووم لە ماڵی هەڤاڵ –بەهجەت مەلا حامید– و یەکێك هات ئاگاداری کردینـەوە کـەوا چـەند ئوتومـۆبێلی دەورییـەکی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هاوبەش لە ئاسایش و پۆلیس لەگەڵ ئوتومبێلێکی فریاکەوتن گەیشتنە دێیەکەمان -جەمعایە-، ماڵی ئێمەیان پشکنی و بە دوای مندا گەڕابوون، لەو کاتەوە بووم بە کەسێکی -ڕاونراو- و وەکو ژمارەیەك لە هەڤاڵانم لەو ماڵ بۆ ئەو ماڵ و لەو ناوچە بۆ ناوچەیەکی دیکە لە ژێر پەردەی تاریکیدا دەمگواستەوە. ئەم ڕەوشە نوێیەی من بووە هۆی زیاتر ناسینی ئەنداmان و دۆستان و جەماوەری حزب لە گشت ناوچەکانی جزیرەدا چ وەکو تاکە کەس چ وەکو ڕەوش و بارودۆخی کۆمەڵایەتی، تاوەکو لە ژیانیشدا مابم هەرگیز دڵپاکی و چاکەی گەلەکەمان بە ژن و پیاوەوە و ئەو خۆبەخت کردن و قوربانیدانەیان لە پێناو بەختەوەرکردنی خەباتگێڕانی ڕاونراو لە یاد ناکەم کە بۆ ئێمە دایك و خوشك و براو هاوڕێ بوون براو برادەر و گیانپارێز و بەرەڤان بوون.

چوومە دیمەشق لەوێ پێویست بوو لەسەرمان -مۆرێك- بۆ لێژنەی ناوەندی حیزب لە بەیرووت دروست بکەین، -مەننان- ی خۆشنووس نەخشەیەکی بە پێی ویستی ئێمە دروست کرد و لەگەڵ خۆم هەڵگرت و بەرەو لوبنان بە ڕێکەوتم, یەکێك لە هەڤاڵانمان لە ڕێکخستنەکانی دیمەشق -تاورکەم نەقش- وەکو ڕێناس لەگەڵما بوو، گەیشتینە سنووری سوریا-لوبنان لە نزیك کارگەدا لە سنوورە شاخاویەکەوە - بە دزەکراوی- دەرباز دەبووین, چەند کیلۆمەترێکمان بڕیبوو کاتێك دوو چەکدار لە ناکاو لێمان بەدەرکەوتن و ڕایان گرتین و دەستمانیان

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

گرێدا و بە ووردی ئێمـەیان پـشکنی و هەرچـی لـیرەی سـوری هـەبوو لێیـــان بـــردین کـــە نزیکـــەی ٥٠ لـــیرە بـــوو، هـــەروەها نەخـــشەی مۆرەکەشـیان بـرد کـە جێگـای بایـەخ و نیگـەرانی هـەردووکیان بـوو, هەڕەشەیان لێکردین کەوا دەماندەنە دەست ئاسایش چونکە ئێمە لـە سیاسیەکانین. وتووێژ لە نێوانماندا دەستی پێکرد تا دەستبەردارمان بـوون پـاش ئـەوەی هـەموو شـتەکانمانیان بـردن, لـە ڕۆیـشتنمان بـەردەوام بـووین تـا گەیـشتینە ئـەو دیـو سـنوور بـە دووریـەکی زۆر. لێـرەدا ئـەرکی یاوەرەکـەم تـەواو بـوو منـیش بـەردەوام بـووم لـە گەشـتەکەمدا بـۆ بـەیرووت پـاش ئـەوەی لـە گـەڵ شـوفێری تاکـسی پێکهاتم کەوا کرێکەی پاش گەیـشتنم بـۆ بـەیرووت بـدەم، ناونیـشانی هەڤاڵ شـەهیدمان –خـدر شـانباز–م پێبـوو کـە نـەریت ئاسـا زۆر بـە گەرمی و نەجیبانە پێشوازیی لێکردم. بە ڕێگای ئەویش چـاوم کـەوت بـــە هـــەڤاڵانی ڕێکخـــراوی بـــەیرووت و مەســـەلەی پەیوەندیـــە ئایندەییەکانمان ڕێکخست و بە هەمان شێوە گەڕامەوە دیمەشق بەڵام بـە هاوکـاری برادەرێکـی دیکـە ئـەویش مـامی هـەڤاڵمان –حوسـام کەیلانی– بوو کە خەڵکی دیمەشق بوو و زۆر ئازا بوو لە مەسـەلەکانی سـنوور و بـە سـەلامەتی گەیـشتینەوە دیمەشـق و هـەڤاڵ –عوسمـان سـەبری–م ئاگـادار کـردەوە لـە هـەموو ئـەوەی لـە گەشـتەکەمدا ڕویـدابوو. پاشـان ماڵئـاواییم لێکـرد و بـەرەو جزیـرە کەوتمـە ڕێ و پێویست بوو لەسەرم بڕیاری سەرکردایەتی بە جێبێـنم بـەوەی بـەرەو

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ناوچەکانی شۆڕش بڕۆم لە کوردستانی عێراق. ئەوەش ماوە بڵێم کەوا شەهید -خدر شانباز- کە نموونەی قوربانیدان و گیانبازی و نیشتمانپەروەریی ڕاستگۆ بوو لە ڕۆژانی شەڕی تشرینی ساڵی ١٩٧٣ لە ئەنجامی یەکێك لە بۆردومانە ئاسمانیەکانی ئیسرائیلی شەهید بوو لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکی خۆی لە -کارگەکانی بەرگری-دا لە نزیك دیمەشق. ئەو کاتیش ئەو ئەندام بوو لە دەستەی سەرکردایەتی ڕێکخراوی پارتیمان لە دیمەشقی پایتەختدا یادە شکۆدارەکەشی هەتا هەتایە هەر لە مێشك و هەستی هەڤاڵانی دەمێنێت.

## گەشتی کوردستانی عێراق ودیدار لەگەڵ بارزانی نەمردا:

پەیوەندی و نامە لە نێوان ئێمە و برایانمان لە سەرکردایەتی شۆڕش و پارتی لە عێراق دوای کۆنفرانسی ئابی ١٩٦٥ نەبڕا. دوای کۆنگرەکەمان و گەڕاندنەوەی بارودۆخی ڕێکخستن بۆ باری ئاسایی خۆی و دارشتنی بەرنامەی حزب و تەواوبوونی ژمارەی ئەندامانی سەرکردایەتی و هەڵبژاردنی عوسمان سەبری بە سکرتێری حزب، زۆر پێویست بوو لەگەڵ برایانمان و بە تایبەتی ڕابەری نەمر بارزانی نەمر ڕاوێژ بکەین و پێشکەوتنەکانی مەسەلەی کورد و بارودۆخ و ڕووداوەکانی ناوچەکەش ئەمەیان دەسەپاند. من لە لایەن سەرکردایەتیەوە نێردرام و هەڤاڵی شەهید محمد حسن بەرپرسی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

لێژنەی ناوچەی جزیرە و پاڵێوراوی ئەندامیەتی لێژنەی ناوەندی لەو گەشتەمدا یاوەرم بوو, لە سەرەتای مانگی نیسانی ساڵی ١٩٦٧ شەو بە مەلە لە دجلە لە کەناری ئەو بەرەوە لە گوندی – جەمشەرەف–ی بەرامبەر شاری –جزیرەی بۆتان– پەڕینەوە ، هەروەها یادی بە خێر شەهید مەحەممەد ڕەشۆ لەگەڵمان بوو کە کوردی سوریا بوو, خزم و کەسی لە کوردستانی عێڕاق هەبوون و گەیشتبووە شۆڕشی ئەیلول و پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر بوو لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا لەگەڵ لەشکری عێراقدا لە نزیك گەلی زاخۆ شەهید کرا. لە ڕێگاماندا بەردەوام بووین تا بەرەبەیان تا وەکو گەیشتینە دوا وێستگەی ئەو کۆمەلأنەی کە یەك لە دوای یەك ئێمەیان تەسلیم بە یەکتر دەکرد و لە خزمەتی شۆڕشدا بوون بە هەماهەنگی لە گەڵ سەرکردەی سەربازی شەهید –عیسا سوار–. پاش خۆرهەلأتن ئێمەیان گواستەوە ئەو بەری ڕووباری –هیزل– لەوێ ئیتر هێزێکی پێشمەرگە ئێمەیان وەرگرت و یاوەرمان بوون تا بارەگای عیسا سوار, ئەمیش زۆر بە گەرمی و بە ڕێزەوە پێشوازی لێکردین. ڕۆژی دواتر درێژەمان بە پێڕەوەکەمان دا و دوو پێشمەرگەی عیسا سوار بە دوو ولأخەوە–هێستر– یاوەرمان بوون و بەرەو ناوچەی باڵەك بە ڕێ کەوتین، لە ڕێگادا و بە دروستی لە – گەلی زاوێتە–وە ڕەبیەکانی لەشکری عێراق لە سەر ڕۆخەکانی چیای گارە بە چاو دیار بوون ، وتووێژی پچڕپچڕیش لە نێوان حکومەت و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

سەرکردایەتی شۆڕش هەبوو, ئاگربەستێکی کاتیی سەپاندبوو بەڵام بە بێ هیچ ڕێککەوتنێك. لە کاتی ڕێکردنمان بینیمان هێزێکی لەشکری کە نزیکەی ٣٠ سەرباز بوون لە یەکێك لەو ڕەبایانەوە زۆر بە پەلە بەرەو رووی ئێمە هاتن بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ئەو ڕێگایە بکەن کە ئێمە پیایدا دەڕۆین، یاوەرەکانمان داوایان لێکردین پەلە بکەین بۆ ئەوەی بە دیل نەکەوینە دەستیانەوە. ئێمەش پەلەمان کرد و شتەکە مەزندەکراو نەبوو بۆ ئێمە و بینیمان پاسەوانەکانمان بە دووریەکی زۆر لە پێشمانەوە دەڕۆن بە بێ ئەوەی گوێ بە ئێمە بدەن، بەم شێوەیە ماینەوە بۆ ماوەی ٣ کاتژمێر و زۆر ماندوو بووین و تینوێتی گەرووی وشك کردین بە هۆی ڕاکردن و ترس لە چارەنووسی نەزانراودا. پاشان زانیمان کەوا ئەو سەربازانە سەرنجی بینینی دوو کەسیان دابوو کە جلێکی مەدەنیان لەبەرە وایان مەزند کردبوو کەوا بیانینە و چونکە ئاگربەست ڕاگەیەنرا بوو تەقەکردن قەدەغە بوو، بۆیە نیازیان نێچیرکردنی ئەم دیمەنە بەهادارە بوو. گەیشتینە یەکەم بەربەستی پێشمەرگە کە بە سەرکردایەتی شەهید وەیسی بوو, شەوێك میوانداری کردین و پاشان یاوەری ئێمەی کرد تا بارەگای حسۆ میرخان کە –حوسێن بابە شێخ– لەگەڵ هێزێکی سەربازیی میوانی ئەو بوون. بەیانی ڕۆژی دواتر درێژەمان بە پێڕەوەکەمان دا و گەیشتینە ناوچەی بارزان و لەسەر پێڕگەکانی –بلێ– پێشمەرگەکانمان تەقەیان کرد و دوو –کەویان– گرت، زۆری نەخایاند

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

و لـه لایـەن کۆمەڵەیـەك لـە پێـشمەرگە بارزانیـەکان گـەمارۆ دراین ،
کاتێك کـە میوانیـان بینـی هەنـدێك گەڕانـە دواوە و لـە گـەل هـەردوو
پاسەوانەکەمان قسەیان کرد, پاشان تێگەیشتین کەوا داوایان لێکراوە
تەقە نەکەن بە تایبەتی کوشتنی باڵندە لە ناوچەی بارزان قەدەغەیـە
و ئەگـەر ئێمـە لەگـەڵیان نەبووینایـە تووشـی سـزادان دەهـاتن. ڕۆژی
دواتر گەیشتینە دوا خاڵی پەڕینەوە لـە زێـی گـەورە و شـەو لـە مـاڵی
یەکێك لە گوندیەکان بووین. پاش ئەوەی گەیشتینە سنووری ناوچەی
باڵـەك بـە ڕێکـەوت تاکـە گۆڕێکمـان بینـی کـە لەسـەری نوسـرا بـوو
"شەهید –ناجی بەگ– لە هەڤاڵانی بارزانی". وەها دوای دوانـزە ڕۆژ
گەیـشتینە –کـانی سمـاق– بارەگـای مەکتـەبی سیاسـی و عـەلی
عەبدوللا، سامی عەبدولرەحمان، حەبیب مەحەمەد کەریم لەوێ بـوون
بێجگە لە –شـەکیب ئـاکرەیی– بەرپرسـی دەزگـای پاراسـتن. پـاش
هەفتەیـەك لـەوێ (کۆنفرانـسی سیاسـی –عەسـکەری)ی بـەناوبانگ
بەسترا لە ١٩٦٧/٥/١٥ کە بۆنەیـەکی بـاش بـوو بـۆ ئـەوەی سـلاو لـە
بـارزانی نـەمر و ئیـدریس بـارزانی بکـەین و زۆربـەی هـەرە زۆری
سەرکردایەتی و کادرەکانی شۆڕش و حزب بناسین.

لەوێ ماەیەك ماینەوە, لەو ماوەیەشدا لە کانی سماق چاومان کـەوت
بە باوکە –پۆڵس بێداری– ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شـۆڕش
هەروەها کۆمەڵێك لە ڕۆژنامەنووسانی ئەڵمانی و فرەنساییمان بینی.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پاش ئـەوەی چـەند دیـدارێکمان لـە گـەڵ مەکتـەبی سیاسـی سـازکرد چـووینە قەسـریّ- کـە بارەگـای زسـتانی بـارزانی لێبـوو- و یەکـەم دیــدارمان لـــە گـــەڵ بەرێزیـــدا ئـــەنجام دا و دەســـتمان کـــرد بـــە شرۆڤەکردنی بارودۆخی سوریا و بارودۆخی کورد بە گشتی و حزبمـان بە تایبەتی تا وەکو گەیشتمە سـەر ناوهێنـانی -عوسمـان سـەبری- یەکسەر بارزانی پرسـیاری کـرد : ئـەو لـە گـەڵ ئێوەیـە؟! ووتم بـەڵێ سـکرتێری حزبمانـە، لـە دەم و چـاویدا گـرژی و داخ بـەدیار کـەوت و ووتی : ئەگەر ئەو سکرتێرتانە ئـەی ئێـوە لێـرە چ دەکـەن؟ هـەولّم دا بۆی شرۆڤە بکەم کە هەڵوێستی سکرتێری حزبمان هەمان هەڵوێـستی ئێمەیە و هەرچەندە ئێمە نازانین لە ڕابردوودا چی لێـی ڕوویداوە بـەڵام ئێمە لەو بڕوایەداین کەوا ئەو ئێستا پابەنـدە بـە هێڵـی حزبمـان و بـە هەڵوێستمان بەرامبەر بە شەرعیەتی سەرکردایەتی مێـژوویی شـۆڕش. هەنـدێك هێـور بوویـەوە میزاجـی گـۆڕا و دەسـتی کـرد بـە قـسەکردن لەسەر -خالد بەگداش- بە شێوەیەکی نەگەتیڤ، پاشان چووە سـەر باسی عسمەت شـەریف وانلـی و ڕەفتـار و کردەوەکـانی و هەڵـەکانی، هەستم کرد شەوەکەمان بوو بە شەوێکی کوردی سوریایی بـەڵام نـەك بـەو شـێوەیەی کـە مـن ئومێـدم دەکـرد. ڕۆژی دووەم جـارێکی تـر بینیمان و شەڕی حوزەیران دەستی پێکردبوو، ئەویش بـە باسـکردنی گەلی فەلەستین دەستی بە ئاخاوتن کـرد و چـۆن ئـەو گەلـە بـووە بـە قوربانی فەرمانڕەواکانی عەرەب و بە هەناسـە هەڵکێـشانەوە گـووتی:

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

وا دیـــارە ئیـــسرائیل بەســـەر عەرەبـــدا ســـەردەکەوێت چـــونکە فــەرمانڕەواکانی عــەرەب ڕاســتگۆ نــین. پــاش ئــەوە چــووینە نــاخی بابەتــەکانی تایبــەتمان و مەســەلەی پەیوەنــدی و چــی خوازیــارە بــۆ خزمەت کردنی شـۆڕش و داوای لێکـردین کـە بایـەخ بـە خوێنـدکارانی کورد لە ئەورووپا بدەین، و بە ڕەوشی لوبنان، هانی داین بۆ بـەردەوام بـــوون لـــە پەیوەندیـــەکانی عـــەرەبیمان دا بەتایبـــەتی لەگـــەڵ فەلەستینیەکان، و پێش خواحافیزی کردنمان ئاماژەی پێکردین کـەوا دیـــدارێکی دیکـــە لەگـــەڵ مەکتـــەبی سیاســـی ســـاز بکـــەین، دوا دەسـتەواژەش کـە بەسـەر زاری داهـات داوای لێکـردین دانەیـەك لـە دیوانی مـەلای جزیـری بـۆ دابـین بکـەین، پاشـان بـۆ سـڵاو کـردن لـە ئیدریس بارزانی و ئاخاوتن لەگەڵی سەبارەت بە هەندێ کاری دەست نیـــشانکراو و ئاگـــادار بـــوو کـــە بـــە شـــێوەیەکی تـــەواو و ورد لـــە پێشکەوتنەکانی بزووتنەوەی کوردی و بە گشتی و ڕەوشی بزووتنەوە لە سوریا و ڕەوشی پارتیمان سوپاس و پێزانینی خۆی بە دیار خست بۆ هەڵوێستی پاکمان بەرامبەر بە شۆڕش و پارتی، لە نێوان –گاڵتە و ڕاستیـشدا– ئامۆژگـاری کـردین کـەوا زۆر بـەرەو هـزری کۆمـۆنیزم نەڕۆین.

پاش ئەو دیدارە مێژووییە گرنگەی یەکەمم لە گەڵ بـارزانی نـەمردا و پـاش ئاگـاداربوونم لـە ڕەوشـی شـۆڕش و حـزب (بـە پێـی ئـەو مـاوە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کورتەیەی بۆم ڕەخسا) بە ئـەرکی خـۆم دەزانم سـەرنجە بەراهیـەکانم ڕوون بکەمەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١-سەرسوڕمانم بەم سەرکردەیە بەرابەر بوو و لە کەسایەتی ئەودا گشت فاکتەرەکانی سەرکەوتنم بینی و زیاتر دڵنیابووم لە ئاراستە نەتەوەییە کوردستانیەکەی و خواستە ڕەواکـانی لـە گـۆڕانی ئـەو واقیعە تاڵـەی کـە کـورد تیـادا دەژی. لەسـەر هـەموو ئەوانـەش ڕا گەیشتمە ئەو بڕوایەی کەوا ئەم سەرکردەیە زۆر زوڵمی لێکراوە لـە لایـەن ڕۆڵـەکانی گەلەکـەی و لـە لایـەن هـەڤاڵانی -پێـشوو-ی لـە سـەرکردایەتی حزبـدا و هـەموو ئـەو تاوانانـەی ڕەوتـی- ٦٦ - بەسەریاندا باراندبوو هـیچ بنگـە و بنەمایـەی بـۆ نیـە و ئـەو تاکـە چـەپڕەوی راسـتەقینەیە -بـە واتـا نەتـەوەیی و کۆمەڵایەتیەکـەی وشەکە- لە ڕەوشتی ڕۆژانـەیی و ڕەفتـارکردن لـە گـەڵ میللـەت و ڕاوەستان لەگەڵ جەماوەردا و لە ڕیـزی هەژارەکانـدا و چـەقین لـە سەر ئامانجە نەتەوەییەکان و خۆبەستنەوە بە پرێنسپەکان.

٢- ئەو سەر سوڕمانەی من ( وەك گـەنجێکی ٢٢ سـاڵ و ئەنـدامی مەکتــەبی سیاســی حزبێکــی کــوردیی پارچــەیەکی دیکــە) بــەو سەرکردە مەزنە ڕێگای لێنەگرتم ئەو کات هەسـت بـە جـۆرە -بـێ ئومێدییەك- بکەم بەرامبەر بە کارکردنی سەرکردایەتی پارتی و بە تایبــەتی مەکتــەبی سیاســی, بینــیم ئاگــادار نینــە لــەوەی لــە دەوروبـەریان ڕوودەدات لـە نـاو بزووتنـەوەی کـورد و لـە وڵاتـانی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەوروبەردا بەڵكو هەر بایەخیان پێ نەدەدا و ئەم كەمتەرخەمیە –مەترسیدارە– بووە هۆی بێبەشكردنی بارەگای بارزانی لە زانیاری وزانراوە و لە كۆتایشدا –هەندێك جار– نەتوانێت بڕیاری گونجاو لە كاتی گونجاودا سەبارەت بەم بەشە یان بەو بەشەی كوردستان وەرگرێت, سەركردەیەكی بەو ئاستە شایستەی كۆكردنەوەی دەیان بسپۆر و راوێژكار و سەرچاوەی زانیاری بوو لە دەوروبەریدا. ئەمەش كاری مەكتەبی سیاسی بوو كە هەرگیز نەیكرد. –لە رووی ئەمانەتەوە– دەڵێم سیمای چالاكی و جوڵەم بە شێوەیەكی بەدەر لە یەكێك لە ئەندامانی سەركردایەتیم بینی تازە گەیشتبووە شۆڕش ئەویش –سامی عەبدولرەحمان بوو و ئەو كات سەرپەرشتی راگەیاندنی دەكرد. پاشا ماوەیەكی دیكە شەهید –فرەنسۆ حەریری–م ناسی كە رۆلێكی گرنگی دەبینی لە شۆڕش و لە پارتیدا.

چەند رۆژێك پاش ئەوەی چووینە كانی سماق و دیدارمان لە گەل مەكتەبی سیاسی سازكرد, دەستمانكرد بە گەڕانەوە و هەمان ماوەی خایاند, لە رێگا لاماندایە –قومری– كە بارەگای ئەسعەد خۆشەوی لێبوو و دوو رۆژ لە میوانداری ئەو ماینەوە, سەركردەیەكی بە رەوشت و ژیر و ئاگادار بوو, زۆر پرسیاریشی ئاراستە كردین ئارەزووی زانیینی وردی ئەوی پیشان دەدا بۆ ئاگاداربوون لە بزووتنەوەی كورد لە سوریا. ئێمەش ئامانج

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

وریێبازی خۆمان له دوای کۆنفرانسی ئاب بۆ شرۆڤه کرد و –مەلا حەمدی– له گەل– سەلیم–ی کوڕی لەوێ ئامادەبوون. له جیاتی پەڕینەوە بۆ تورکیا مەحەمەد رەشۆ پێشنیاری کرد له سنووری هاوسوو له گەل ناوچەی سەرچاوەکانی نەوت و کۆمپانیای –قەرەچۆخ– بپەڕینەوە, واشمان کرد و ئەو رۆژه گەیشتینه گوندی –گر زیارەت–.

## پەیوەندییه سیاسیه نیشتیمانیەکان:

ئێمه ئەرکی جێبەجێکردنی دروستکردنەوەی پەیوەندیەکانمان لەگەلّ هێزه نیشتمانیەکانی سوریا یاخود سەر له نوێ بنیادنانەوەیان له پێش بوو، به تایبەتی ئێمه چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەییمان له چارەسەری نیشتمانی و دیموکراتیدا لەسەر ئاستی ولاّتدا و لەو چوارچێوەیەدا دەدۆزیەوە. لەو قۆناغیشدا هیچ هێزێکی دیکه نەبوو بێجگه له حزبی کۆمۆنیستی سوریا که بتوانین پەیوەندیمان له گەلّیاندا دروست بکەین تەنها چەند تاك و کۆمەڵەیەك نەبن له بزووتنەوەی نەتەوەییی عەرەب و ناسریەکان و کەسایەتیه عەرەبه بێلایەنەکان. ئەو کات تێگەیشتنمان بۆ واقیعی ولاّت ئەوە بوو کەوا پێویسته دیموکراتیەت و هەنگاوەکانی سۆسیالیزم بەدیبهێت له سەر ئاستی ئابووری و بەهێزکردنی پەیوەندیەکان لەگەلّ بلۆکی سۆسیالیزم و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

چارەسـەرکردنی مەسـەلەی کـوردی بـە ڕێگـای گفتوگـۆ و بـە هێزکردنـی یـەکێتی نیـشتمانی و بەرەنگاربوونـەوەی هیـزە ئیمپریالیستەکان و شـەڕانگێزەکان و پـشتگیری و پاڵپـشتیکردنی خەباتی گەلی فەلەستینی و وەرگرتنـی هەڵوێـستێك کـە پـشتگیری سەرکەوتنی خەباتی بزووتنـەوەی نەتـەوەیی کـورد لـە ناوچـەکەدا بکات و دروستکردنەوەی پردەکان و بنیاتنانی بناغەیەکی پتەو لە برایەتی عەرەب و کورد.

هەڵوێـستی فـەرمیش بـە ئاراسـتەیەکی دیکـە بـوو, ئـەویش بەدەستهێنانی دەسەڵاتی زیاتر بوو بۆ سەرکردایەتی تاکە حـزب و کـۆنترۆڵکردنی کورسـی فـەرمانڕەوایی بـە لەشـکر و ئاسـایش و دەزگاکـان و ئابوورییـەوە و ڕێگـە نـەدان بـە ژیـانی دیمـوکراتی و ئـازادی کـاری سیاسـی و ڕاگەیانـدنی و ڕۆشـنبیری و خنکانـدنی ئازادیـەکان و بەرزکردنـەوەی دروشمـە ڕادیکالیـەکان بەرامبـەر بـە ناوچەکە و کێشەی فەلەستین بەبێ ئـەوەی هـیچ پێـشکەوتنێك لـە کردەوەکانیدا ئەنجام بـدات، هـەروەها داننـانی بـە هـەبوونی گـەلی کورد و مافەکانی ڕەتکردەوە و بزووتنەوەی نەتەوەیی کـوردی بـە شـتێکی نـامۆ دانـا کـە پێویـستە بـە هـەموو ڕێگایـەك بـەرەنگاری بکرێت و وەرگرتنی هەڵوێستی شۆڤێنانە دژ بە مافەکانی کـورد لـە وڵاتانی دیکەشدا بە تایبەتی لە عێراقدا تا ئەو ڕادەیـە ئامـادە بـوو

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

له ساڵی ١٩٦٣دا لەشکری سوریا بنێرێت بۆ کوردستانی عێراق و شەڕ لە دژی شۆڕشی کورد بکات.

له ژێر ئەم بارودۆخە توندەدا دەستمان بە جوڵە کرد, هەرچەندە پەیوەندیشمان له گەڵ حزبی کۆمۆنیستی سوریای هاوپەیمان لە گەڵ حزبی فەرمانڕەوادا هەبوو بەڵام ئەو له گەڵ بزووتنەوەی کوردی کۆك نەبوو و لە ناخیدا لەگەڵ بیرۆکەی–تواندنەوەی نەتەوەیی– بوو لەسەر ئاستی کوردی سوریا واتە تێکەڵکردنی کورد لە گەڵ کۆمەڵگای سوریا تا پلەی توانەوە و گواستنەوە له پێناسەی نەتەوەیی خۆی بۆ پێناسەیەکی دیکە، ئەمەش –بەپێی بیرۆکەی ڕانەگەیەنراوی کۆمۆنیستەکان– بەڕێگای سۆسیالیزم و سەرهەڵدانی پەیوەندیە کۆمەلأیەتیەکانی نوێوە ئەنجام دەدرێت کە جیاوازیە نەتەوەیی و ئەتنی و زمانەوانیەکان له ناودەچێت، هەڵوێستی حزبی کۆمۆنیستیش لە پشتێنەی عەرەبی پاڵپشتیکردنی بوو چونکه بە پرۆژەیەکی سۆشیالیشتیان دادەنا کە ئامانجی ئاودانکردنی "کێڵگەکانی دەوڵەتە" لە شێوەی –کۆلخۆزەکانی– ولأتانی سۆشیالیستدا. دیاردەی –کۆسمۆپۆلۆتیزمیش– لای کوردەکانی ناو حزبی کۆمۆنیستیشدا هۆیەکی دیکە بوو بۆ دروستبوونی هاوڕکی و جیاوازی له نێوانماندا و بگرە هەندێ جاریش دەگەیشتە ڕووبەڕووبوونەوەی هزری و سیاسی, شتێکی ڕێکەوتیش نیە کۆمۆنیستەکانی کورد لە جزیرە پیلانی پشتێنەی عەرەبی ئەنجام بدەن و کۆمەڵە جووتیارێك

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

که له ۳۰ خێزان پێکهاتبوو له سەروویانەوە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەرپرسی پەیوەندیە دەرەکیەکان –ڕەمۆ شێخۆ– لە شوێنەکانی خۆیان لە –تەلشەعیر– و گوندەکانی دەوروبەری لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٦٦ بگوازنەوە بۆ گوندی –قەلعەتهادی– لەو کاتەی کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی –بە تایبەتی پارتیمان– بڕیاری دابوو بەرەنگاری ئەم پیلانە ڕەگەزپەرستە شۆڤێنیەی دژ بە سۆشیالیزم و پرەنسیپەکانی ببێتەوە. بەسەرهاتی (قەلعەتهادی) وەکو ئاماژەیەکی ڕەشە لە مێژووی کۆمۆنیستە کوردەکاندا دەمینێتەوە و شتێکی ڕێکەوت نەبوو له کۆبوونەوەی "ئەنجومەنی گشتی نیشتمانی حزبی کۆمۆنیست" دا کە لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧١ لە دیمەشق سازکرا, ڕەمۆ شێخۆ له میانی خوێندنەوەی ڕاپۆرتی ناوچەی جزیرە بڵێت: "ئێوە هەمووتان دەزانن ئەگەر هەبوونی ئێمە وەکو ڕێکخراوێکی بەهێز له جزیرەدا نەبووایە کوردە نەتەوەییەکان زۆر زۆر بەهێزتر دەبوون لەوەی کە ئێستا هەیە، ئاشکرایە کەوا ئێمە نۆ هەڤاڵی خۆبەختکەرمان ڕەوانە کرد بۆ کاری گیانبازی له فەلەستیندا, کەچی لە جزیرە هیچ کەسێك لە لای ئێمەوە بۆ لای بارزانی ڕەوانە نەکرا" هاورێکەشی –یەعقوب کرۆ– ی ئەندامی سەرکردایەتی حزب و دەستەی بەرپرس لە ڕێکخراوی جزیرە قسەکانی ڕەمۆ شێخۆی برادەری تەواو کرد و گوتی:"ڕێکخراوی جزیرە, ڕێکخراوێکی قارەمانە له میانی ململانێی چینایەتی توند و تەنانەت له میانی ململانێدا دژ بە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

مەیل و هزرە نەتەوەییەکانی کورد  کە پارتی ئاڵا هەڵگریەتی، گەشەی سەند و پێشکەوت. لە گوندە کوردیەکاندا تەنها کۆمۆنیستەکان و نەتەوەییە کوردەکان هەن و لێرەشدا ململانێ بەردەوام لە نێوان هەڵوێستی نەتەوەیی و هەڵوێستی چینایەتیە". بێجگە لە هەوڵە بەردەوامەکانی ڕەمۆ شێخۆ بۆ ئەوەی ولآتە سۆشیالیستەکان پێشوازی لە قوتابیە کوردەکانی سوریا نەکەن کە بەڕێگای ئەو کورسیانەوە وەردەگیران کە ساڵانە بۆ حزبەکەمان تەرخان دەکرا. هەروەها لە ژێر پەردەی –هاوپەیمانێتیان لەگەڵ حزبی بەعسی دەسەلآتدار– و لە گەڵ –ڕژێمی نیشتمانی پێکەوتنخواز– کە بە ڕێگای –پێشکەوتنی ناسەرمایەداریدا– تێدەپەڕی، هەندێکیان دەستیان لە گەڵ دەزگا ئاسایشیەکان تێکەڵ کرد سەبارەت بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ڕەوش و هەواڵ و چالاکیەکانی تا ئەو ڕادەیەی بەرپرسی پێشووی دەزگای ئاسایشی سەربازی و پیاوی بەهێز لیوا -عەلی دۆبا– خشتەیەکی ئامادە کردبوو بە ناوی ٥٠ کەسایەتی کوردی کە لەسەر ئاستی سوریادا بە هاوکاری هەندێك لە کوردە کۆمۆنیستەکان و ڕابەرێکی دیار لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان –حزبێکی– جێگرەوە دابمەزرێنن، بەلآم ئەو کات پرۆژەکە سەری نەگرت و ئەمەش لە سەرەتای حەفتاکاندا بوو.

بە پێی میتۆد مەزەندەمان دەکرد کەوا حزبی کۆمۆنیستی سوریا نزیکترین لایەنی نیشتمانیە بۆ کێشەکەمان و بۆ پارتەکەمان و بڕوای

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بـــه پرەنـــسیپەکانی نێـــو نەتـــەوەیی هەیـــە و دۆســـتی وڵاتـــە سۆشیالیـستەکانە, بـەڵام واقیعـی کردەیـی پێـچەوانەی ئەمـە بـوو، جارێکی دیکە دەڵێمەوە کۆمۆنیستە کوردەکان –کۆسمۆپۆلۆتیەکان– ئەو ڕۆڵە نەگەتیڤانەیان گێڕا, ئـەوەی زیـاتریش مەسـەلەکەی خەسـت کرد ئەوە بوو –خالـد بەکـداش– ی ئەمینـداری گشتی ئـەو حزبـە بـە ڕەگەز کورد بوو هەرچەندە ئەو لە یاداشتەکانی خۆیدا دەڵێت بووە بە عەرەب، ئەو واقیعەش بە شێوەیەکی نەگەتیڤانـە لەسـەر بزووتنـەوەی نەتـــەوەیی کـورد دەژمێـردرا. دوای کـۆنگرەی سـێیەمی پارتیمـان و پابەند بوون بە هـزری مارکسی، دژایـەتی کـوردە کۆمۆنیـستەکان بـۆ ئێمە زیاد بوو و دەستیان کرد بە وتەی –نابێت دوو حزبی کۆمۆنیست لە وڵاتێکدا هـەبێت بـە پێـی گوتـەی لیـنین و دەبـێ یـەکێکیان دژ بـە بەرژەوەندیـــەکانی چـــینی کرێکـــار بێـــت– وەڵامـــەکانمان و شیکردنەوەکانمان هیچ سوودێکی نەبوو لە گەڵیاندا و ڕوونکردەوەمـان سەبارەت بەوەی ئێمە حزبێکی کۆمۆنیست نین بەڵکو حزبێکی کوردی نەتەوەیین مارکسیزم و لینینیزم بە سەرچاوەی هزریمان دادەنـێین لـە خەباتمانـدا و ئامرازێکـە بـۆ بـەدیهێنانی ئامانجـەکانمان و چـەکێکی میتۆدیـە بـۆ زانینـی مێـژوو و کۆمـەڵگا و گـۆڕانی پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیەکان و ئێمە دەتوانین بەیەکەوە هاوکاری بکەین و خـەباتی هاوبـەش ئـەنجام بـدەین چـونکە ئـەوەی لەسـەر ئاسـتی میتـۆدی و پرەنسیپی ئێمە بەیەك دەگەیەنێ زیاتر و بەرفراوانترە لە هۆکارەکـانی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

جیاوازی و ناکۆکی، وا دیاره ئەم ئاخاوتنانە هیچ شوێنێکیان بۆ خۆیان لە مێشکیاندا نەدۆزیەوە، ئەرکە لێرەشدا گەواهی بدەم کەوا – کۆمۆنیستە کوردەکانمان– لە میتۆدی زانستی تێنەگەیشتبوون و نەیانتوانی لە پرەنسیپەکانی مارکسی–لینینی سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەیی و پەیڕەوکردنە کوردیەکانی تێبگەن، ڕق و کینەی چینایەتیان بەرامبەر بە نیشتمانپەروەرە کوردەکان کوێری کردبوون بە تایبەتی بەرامبەر بەو کەسانەی کە لە بنەماڵە ناسراو یان دەوڵەمەند یان ڕەسەن بوون. هەڵوێستیان بەرەو خراپتر ڕۆیشت و گۆڕەپانی نیشتمانیان بەزاند و دەستیانکرد بە دژایەتیکردن و دوورکەوتنەوە لە "کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا" بە بیانووی ئەوەی کە کۆمەڵەیەکی ڕەگەزپەرستی گۆشەگیرە و خۆیان تەنها پابەندن بە چوونە ژێر ئالای "یەکێتی قوتابیانی نیشتمانی سوریا" کە ڕێکخراوێکی قوتابیانی بەعس بوو. گەنگەشەش لەگەڵیان نەبڕایەوە لەسەر نیشتمانپەروەری و پێشکەوتنخوازی سەرکردایەتی یاسایی مێژوویی شۆڕشی کورد لە کوردستانی عێراق و هەڵوێستەکانیان دوودڵ و گومانلێکراو و برینداركارانە بوون بەرامبەر بە سەرکردایەتی بارزانی نەمر.

بێگومان پانتاییەکی زۆر هەیە لە کێشە ناکۆکیەکانی نێوان ئێمە و کۆمۆنیستە کۆسمۆپۆلیتەکانی کورد و هەروەها حزبی کۆمۆنیستی سوریا و زۆر بابەت و ناونیشان و مەسەلەی هزری و سیاسی پڕ لق و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پـۆپ هەیـە سـەبارەت بـەم بابەتـە و پێویـستی بـە هەڵوەسـتەیەکی تایبەت هەیە لە کاتێکی دیکـەی گونجـاودا. ئەگـەر بمانـەوێ بابەتەکـە کـورت بکەینــەوە دەڵــێن هەڵوێــستی کۆمۆنیــستەکان بەرامبــەر بــە مەســەلەی کــورد بــە دوو هۆکــاری ســەرەکی تێکــەڵ بەیــەك بــوو و بەیەکەوە بەسـتراو مـەحکوم بـوون, یەکـەمیان خـۆی لـە بێتواناییانـدا نوانــد لــە دەستنیــشانکردنی تایبەتمەنــدی ئــەم مەســەلەیە و لــە ڕەتنەکردنەوەی پرەنسیپی تواندنەوەی نەتەوەیی بەرامبەر بـە کـورد، ئەو نەشتەرگەریە زۆرەملێیەی کە لـە هەنـدێ وڵاتــی نەتـەوە جیـاوازدا ڕوویدا و بە پێی هەوڵدرا ئەو نەتەوە جیاوازانە تێکەڵ یەکتر بکرێن بە ڕێگــای تواندنــەوەیان و ڕەگ هەڵکێــشانی زمــان و ڕۆشــنبیرییان. دووەمیشیان خـۆی لـە چـەوت هەڵسەنگاندنی ڕۆڵـی کۆمۆنیـستەکاندا نواند لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا بـە گـشتی. پـاش ماوەیـەك هێـزی کۆمۆنیستە نوێیەکان سەریان هەڵدا کە بەبێ دوو دڵی پابەنـد دەبـوون بە گەوهەری ڕاسـتەقینەی مارکـسی-لینینـی و هەڵوێـستی خۆیـان بـە ڕوون و ئاشکرا لە بەڵگەنامەکانیاندا ڕادەگەیاند لە دانبنان بە هـەبوونی گەلی کورد و مافی چارەی خۆنووسینی و هاوکاری لەگەڵ خەباتەکەیدا و لە پێـشەوەی ئـەو هێزانـەش هاوبەنـدی کـاری کۆمۆنیـستی بـوو کـە پاشان بوو بە حزبی کاری کۆمۆنیست.

سوودبەخشە لێرەشدا جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ هەڵوێستی فـەرمی ڕژێمــی بەعــسی فــەرمانڕەوا. ئــەم حزبــە لــە ئــەدەبیات و بۆچــوونە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

میتۆدیەکانیــدا کوردەکــانی ســوریا بــە -کۆچــبەرێکی- ناعــەرەبی دادەنێــت وەکــو کۆچــبەرەکانی دیکــەی ئەرمــەنی و چەرکەســی و ئاشــووری و تورکمــانی ...هتــد. هــەروەك لــە گۆڤــاری "المناضــل" دا هــاتووە بەمــەش ناوەســتێ بــەڵکو بــە بینینــی ئــەو حزبــە هــەبوونی کوردەکان لە سوریا لە ئەنجامی پیلانێکی نێـو دەوڵەتیـەوە بـووە کـە هــانی کــوردی داوە بــۆ دزەکــردن بــۆ ســوریا، بۆیــە دەبێــت ئــەو دزەکردووانە بگەڕێندرێنەوە وڵاتە ڕەسـەنەکانیان، لـە پێنـاو ئەمەشـدا دەبێ پلانی پشتێنەی عەرەبی جێبەجێبکرێت و سـەرژمێریاری بـەدەر بە دوایدا بێـت بـۆ بێبەشـکردنی ئـەو کەسـانە لـە مـافی هاوڵاتیـەتی و ئاســانکردنی کــاری دەرکــردن و کۆچــپێکردنیان لەگــەڵ ئەنجامــدانی کـردەوەی ئاسایـشی و سیاســی بـە ســوود وەرگـرتن لـە ئامۆژگـاری و ڕێنماییــەکانی بــەدناو -محەمــەد تەلــەب هــیلال- کــە تایبەتمەنــدە بــە تیرۆر دژ بە بزووتنەوەی سیاسی کوردی بە ڕێگای بێبەشکردنی کەسە چالاکەکانی لە مافە مەدەنیەکانیان و دەسـتگیرکردنی خـەباتگێڕانی و ڕاونانیان و زیندانیکردنیـان و سەپاندنی گەمارۆی ئـابووری و دەروونـی بەسەریاندا.

هەڵوێستی گشتی فەرمی وەها بوو, بـەڵام ئەمـە رەتکردنـەوە نیـە بـۆ سەرهەڵدانی هەندێك تاك و توێژ کە ناوە ناوە لە نێو ڕیزەکـانی حزبـی بەعسدا بە دیار دەکەوتن و هەڵوێستی جیاجیـان هەڵـدەگرت و داوای

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

چارەسەرێکی گونجاویان دەکرد و تۆوی دیموکراتیەت و مرۆڤایەتیان هەڵدەگرت بەڵام کاریگەر و یەکلاکەرەوە نەبوون.

پاش سەرکەوتنی بزووتنەوەی سەرۆکی کۆچ کردوو –حافز ئەسەد– کە پێی دەوترا بزووتنەوەی ڕاستکردنەوە لە ساڵی ١٩٧٠, هیچ گۆڕانکاریەك لە ڕێبازی ڕژێم –ڕژێمی تاکە حزب– دا ڕووی نەدا تەنها یەك شت نەبێت ئەویش ڕووخاندنی دروشمە بریقەدارەکان بوو لەسەر ئاستی نیشتمانی و نەتەوەیی کە لە ڕاستیدا تەنها دروشم بوون, هەروەها شێوازی ڕاگەیاندنی کۆنی پەیڕەوکراو ڕاگیرا کە سیمایەکی ڕادیکاڵی هەبوو بەرامبەر بە کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان و کێشەی فەلەستینی. سەبارەت بە بابەتی سروشتی دەسەڵات و ئاراستە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی و هەڵوێستی بەرامبەر بە دیموکراتیەت و مافەکانی مرۆڤ بە پێی گەواهیدانی بزووتنەوەی نیشتمانی و دیموکراتی سوریا و ڕێکخراوە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ بەرەو خراپتر چوو و سوریا بوو بە زیندانێکی گەورە و ڕژێم کەوتە ناو هەندێ کار و کردەوەی ناحەزی و ئازاردەر بەرامبەر بە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی و بزووتنەوەی نیشتمانی لوبنانی, هەروەها بۆ جاری یەکەم لە مێژووی سوریادا ڕژێم کەوتە تێوەگلانی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری دژی بەرگری فەلەستینی و سەرکردایەتیە یاساییەکەی. لەسەر ئاستی ناوخۆییشدا کەوتە ناو شەڕێکی چەکداری و سیاسی دژی هەندێ لە توێژەکانی گەلی سوریا

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

که کاریگەریە تایەفیەکانیشی بە خۆوە گرتبوو و کوشتارێکی دڕندانە لە شاری –حەما– و لە زیندانی –تەدمور– روویاندا, هەروەها ژمارەی زیندانیەکان گەیشتە ژمارەیەکی خەیاڵی و پاکتاوکردن و لە ناوبردن بە ئامرازی جیاجیا و تەنانەت بە ئامرازە قەدەغەکراوەکانی نێو دەوڵەتیشەوە ئەنجامدران.

هەروەها ژمارەی دەزگاکانی ئاسایش زیاد بوون و بوونە چەندین جۆر لە ناوچە جیاجیاکانی ولاّتدا : ئاسایشی سیاسی، ئاسایشی سەربازی، سالۆخڤانی ئاسمانی، ئاسایشی دەوڵەت، ئاسایشی ناوخۆیی هەر دەزگایەکیش لق و تایەتمەندی و بودجەی خۆی هەیە ئەمە بێجگە لە دەزگاکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ و کۆشکی کۆماری و حزب و حکومەت.

سەبارەت بە ڕەوشی کوردی وەکو بەشێك لە ڕەوشی گشتی نیشتمانی, بە بەردەوام هەمان ناڵینی ئەوانی دیکەی هەیە بە تایبەتی هێزە بەرهەڵستکارە نیشتمانیەکان و خوازیارانی دیموکراتیەت و لە لایەکی دیکەشەوە دەکەوێتە ژێر ڕکێفی حاڵەتە بەدەرەکانی تایبەت بە هەڵوێست لە بەرامبەر گەلی کورد و بزووتنەوە نەتەوەییەکەیدا. لەگەڵ بەردەوامی هەڵوێستەکانی پێشوو هەندێ کار و کردەوەی نوێ و شێوازی داهێنراویان هێنایە ئاراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی حاڵەتی کوردی، پلانە شۆڤینیەکان بەردەوام بوون بە شێوەیەکی خێراتر بەلاّم بێ ژاوەژاو و بە ئامرازی –هێور– و ئەو هەنگاوانەی مابوون لە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

جێبەجێکردنی پشتێنەی عەرەبی و بە عەرەبکردنی ناوچە کوردیەکان تەواو کران و ڕێژەی دەستگیرکردن و ڕاونـان و دەرکردنـی کوردەکـان لـە فەرمانبـەرێتی بەرابـەر بـوون و ڕیـژەی بـانگکردن بـۆ لێپێـچینەوە گەیشتە لوتکە، لە میانی ئـەو سـی سـاڵەی سـەردەمی –بزووتنـەوەی ڕاستکردنەوە– شـێوازی نـوێ سـەریان هەڵـدا لـە ڕفتـار کـردن لەگـەڵ کێشەی کورد. دەزگایەکی تەرخانکراو بە فایلی کـوردی دامەزرانـد کـە پـسپۆر و سـالۆخدەر و تایبەتمەنـدەکانی خـۆی و بودجـەی تایبـەتی خـۆی هەیـەو ڕۆڵـی ڕێکخـەر دەبینــێ و سـوود لـە کارەکـانی گـشت دەزگاکانی دیکـە وەردەگـرێ, هـەروەها ئـەوەی پەیوەسـتە بـە کـورد گواسترایەوە بـۆ ئـەم دەزگایـە ئەمـەش واتـای بەردەوامبوونـە لەسـەر ئــەوەی کێــشەی کــوردی بــە مەســەلەیەکی ئاسایــشی دادەنرێــت و پێویـستی بـە بـەڕێوەبردنێکی ئاسایـشیە. پاشـان دەسـتی کـرا بـە وەبەرهێنانی پەیوەندیەکانی سوریا لەگەڵ لایەنـە کوردیـەکانی عێـڕاق بۆ بەرژەوەندی خۆی و هەندێ جاریش سوودوەرگرتن لێیـان بـۆ ئـازار گەیاندن بە کوردەکانی سوریا بە هـۆی ئـەو ڕەوشـە سـەختەی کـە لـە سەرەتاکاندا دووچاری بزووتنـەوەی کـوردی هـات لـە عێڕاقـدا، جـەلال تاڵەبانیش دوو دڵی نەدەکرد لە پێشکەشکردنی خزمەتەکانی خۆی بـۆ ڕژێمی سوریا و ڕاگەیاندنـەکانی خـۆی دەدا وەکـو :"هـیچ کێـشەیەکی کـوردی نیـە لـە سـوریا" یـان "ئـەرکی سـەرەکی کوردەکـانی سـوریا ئەوەیە بچنە ناو حزبی پەکەکە". دەبێ ئەوەش بە ئاشکرا ڕابگەیەنین

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کەوا ڕژێمی سوریا توانی بزووتنەوەی کوردی لە عێراق بێلایەن ڕاگرێت لە بەرامبەر کێشەی نەتەوەیی کورد لە سوریا و مافەکانیان و خواست و ئازارەکانیان هەندێ جاریش هەبوونیان. پێویستە لێرەشدا ڕوون بکەینەوە کە جیاوازی لەسەر پێناسەی بەرژەوەندیەکانی کوردی عێڕاقە کە هەرگیز پێویستی بە –نکۆڵیکردن– نیە لە هەبوونی کورد لە سوریا بەڵکو کوردەکانی سوریا قولایی ستراتیژی کوردی عێڕاق پێکدێنن و لە هەمان کاتیشدا پێویست ناکات کوردی عێڕاق ئەرکی کوردەکانی سوریا بەجێبێنن لە وەدیهێنانی ئامانج و خواستەکانیان. بارزانی نەمر زۆر جار خۆی هەڵدەقورتاندە لای حکومەتەکانی سوریا بۆ بەردانی زیندانیە سیاسیەکانی کورد و کەمکردنەوەی ئازارەکانیان لەوانەش ئاراستەکردنی نامەیەك بۆ دکتۆر نوردەددین ئەلئەتاسی سەرۆکی پێشووی سوریا بۆ ئەم مەبەستە هەروەها ڕاگەیاندنی کوردی عێڕاق لەسەردەمی بارزانی نەمردا ڕەوشی کوردەکانی سوریایان دەخستە ڕوو لە خەبات و ئەلتەئاخی و ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێڕاقدا.

عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی پەکەکە هەرچی هەبوو لە توانا و خزمەتکردن پێشکەشی بە بەرژەوەندی سیاسەتی سوریای کرد تا ئەو ڕادەیەی ڕایگەیاند کەوا کوردەکانی سوریا لە باکوورەوە هاتوون و پێویستە بە ڕێگای حزبەکەی ئەو بگەڕێنەوە ئەوێ, شۆڤینیەکانی وەکو موقەدمی پێشووی ئاسایش و یەکێك لە ئەنجامدەرانی پلانی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پـشتێنەی عـەرەبی –منـذر الموصـلی– ئـەم قـسانەی –سـەرۆکی نەتـەوەیی– قۆسـتەوە لـە خـستنەڕووی نکـوڵیکردن لـە هـەبوونی مێژوویی کـورد لـە سـوریا. هـەروەها ڕژێـم تـوانی کوردانـدنی ململانـێ بێنێتە ئـاراوە لـە نێـوان ڕیزەکـانی بزووتنـەوەی نەتـەوەیی کـورددا و بەشداری لە هەڵگیرسانی شەڕی کورد و کـورد بکـات و لـە ناوەڕاسـتی نۆهـەدەکانی سـەدەی ڕابـردوودا بـە ڕێگـای پەکەکـەوە سەرپەرشـتی ڕاسـتەوخۆی هەڵمەتـە سـەربازیەکانی دژ بـە پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی عێـراق کـە ناسـراوە بـە پیلانـی –ئۆکۆردیـۆن– بکـات، هەروەها ڕژێم یەکێك بوو لـە خوازیـارانی بەسـتنی دیـداری سـێ قـۆڵی لەگەڵ تورکیـا و ئێـران بەمەبەسـتی خنکانـدنی فیدڕالیـەتی کـوردی و پاکتاوکردنی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستانی عێڕاق.

## کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا:

کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد لـە ئـەورووپا بـەکۆنترین ڕێکخـراوی نەتـەوەیی کـوردی دادەنرێـت لـە ئـەورووپا، ئـەو قوتابیـە کوردانـە دایانمەزراند کە لە وڵاتانی ئەورووپادا دەیانخوێند هـەر لـە گـەڵ یەکـەم جاری گەیـشتنی پێـشەنگەکانیان بـۆ زانـست وەرگـرتن لـە زانکۆکـانی ئـەورووپا. ئـەو ڕێکخـراوەش ڕێکخراوێکـی کوردسـتانی بـوو بـۆ هـەر قوتابیەکی کورد هـەبوو لـە هـەر چـوار پارچـەکانی کوردسـتان بـچێتە ڕیزیەوە، زۆر خزمەتی گرنگیشی بە خەباتی نەتـەوەیی کـورد گەیانـد،

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بوو بە پاڵپشتێك بۆ تێكۆشانی ناوخۆ و سەكۆیەكی ڕاگەیاندن بۆ خستنە ڕووی مەسەلەی كورد لەبەردەم ڕای گشتی جیهانی و تاكە سەرچاوە بوو بۆ هەواڵەكانی كورد و مەسەلەی كورد و بزووتنەوەی نەتەوەیی سیاسی. بە درێژایی شۆڕشی ئەیلولیش ئەم كۆمەڵەیە ئەلقەی بەیەكگەیاندنی شۆرش و دەرەوە بوو, ڕۆژنامەنووسان و پیاوانی ڕاگەیاندنی بیانی بۆ ناوچەكانی شۆڕش دەنارد و هەواڵەكانی بلأودەكردەوە.

هەندێك لە كوردەكانی سوریا ڕۆڵێكی بەرچاویان هەبوو لە دامەزراندن و پێشخستنی ئەم كۆمەڵەیە لەوانە نورەددین زازا و عیسمەت شەریف وانلی.

پاش سەرهەڵدانی ناكۆكی لە شۆڕشی كوردی و پارتیدا لە عێراق وەكو پێشتریش باسمان كرد ئەم ناكۆكیە بەرفراوان بوو و گەیشتە جەستەی كۆمەڵەكە و ململانێ دەستی پێكرد لەسەر ئەوەی كێ دەست بەسەر كارەكانی ئەم ڕێكخراوە تێكۆشەرەدا دەگرێت، هیچ شوێنێكیش نەبوو بۆ چارەسەری مامناوەند یان هەوڵدان بۆ هێوركردنەوەی بارودۆخ و هاریكاركردن لە پێناو بەڕێوەبردنێكی هاوبەشی فراوان لە نێوان گشت لایەن و ڕەوتەكاندا و دوورخستنی كۆمەڵە لە –یەكبڕینەوەی حزبی– بە تایبەتی وەكو وتمان ڕێكخراوەكە تەنها پابەست نەبوو بە بەشێكی كوردستان بەڵكو پێگیر بوو بە بەرنامەیەكی نەتەوەیی كوردستانی.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پاش بەستنی کۆنگرەی سالأنەی گشتی لە بەلگراد کە بڕیار درابوو لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٧ ببەسترێت و تا سەرەتای ساڵی ١٩٦٨ بەردەوام بوو سەرکردایەتی حزب بانگهێشتنامەیەکی پێگەیشت تیادا داوا دەکات نوێنەری خۆی بنێرێت بۆ ئامادەبوون لەو کۆنگرەیەدا. سەرکردایەتیش منی ڕاسپارد بۆ ئەم ئەرکە، دوای بەدەست خستنی پاسپۆرتێکی قەڵبی-سوریایی چوومە بەیرووت. لەوێشەوە بەرەو سۆفیای پایتەختی یوگوسلاڤیای پێشوو -بەلگراد- ڕۆیشتم و یەکسەرە پەیوەندیم بە کوردە سوریایەکانی ئەوێ کرد و بینیم کەوا ژمارەیەك لەوان بەڵکو زۆربەیان هەڵوێستیان بە لای ڕەوتی-٦٦- دا یەکلاکردبووەوە و بەڵکو زیاتریش تا ئەو ڕادەیەی کە ئەو بابەتەیان کردبوو بە کێشەی ناوندیان. لە میانی دانوستاندنم لەگەڵیاندا هەوڵمدا بایەخەکانیان یەکەم جار بخەنە سەر ڕەوشی کورد لە سوریا و هەڵوێستی نەتەوەیی دروست وەرگرن، دیدارەکەی پێش چەند مانگێك کە لە گەڵ ڕابەری شۆڕش بارزانی نەمر ئەنجامم دابوو بۆ شرۆڤە کردن و بۆچوون و سەرنجەکانی خۆم بە هەموو ڕاستگۆیی و قەناعەتەوە بۆ باسکردن.

لە میوانخانەدا چاوم کەوت بە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان حبیب محمد کریم کە بە ناوی حزبەکەیەوە ئامادە ببوو پێی ووتم - هێلکەی قەپان- لەو ململانێیەدا کوردەکانی سوریانە و ئەوانە ئەگەر بیانەوێت دەتوانن بابەتەکە بۆ بەرژەوەندی شۆڕش یەکلا بکەنەوە,

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەلاّم زۆربەیان دژ بە ئێمەن. پێم گووت هەڵوێستی حزبمان زانراوە و یەکلایە و ئەو هەڵوێستە بە هەموو ئەمانەتێکەوە بۆ گشتیان شرۆڤە دەکەم شەپرزەییشی بە ئاشکرا پێوە دیار بوو بە تایبەتی جەلال تاڵەبانیش گەیشتبووە ئەوێ و هەڕەشەیەکی ئاخنراوی خزاندبوو کەوا ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی هزریە لەگەڵ –حەبیبدا– و ئاشکراکردنی گشت پەڕەکان, کە ئەمیش پێی ووتم کەوا خۆی ناخاتە نێو ئەو گێژاوەدا. دانیشتنی کردنەوەی کۆنگرە دەستی پێکرد و مێوانەکان ووتەکانی خۆیان خوێندەوە و سێیەم ووتەش دوای هەردوو بەرپرسە کوردەکانی عێراق ووتەی من بوو کە وەکو –مینێکی کاتکراو– بوو و شتێکی کتوپری هەراسانکار بوو بۆ هەندێکیان، هەڵوێستی جێگیری حزبەکەمان ڕاگەیاند بە لای شۆڕش و ڕابەرەکەی بارزانی کە شەرعیەتی شۆڕش و حزب و نەتەوە دەنوێنێت، و هەموو ئەو درۆ و دەلەسە و پرۆپاگەندانەی لە لایەن ڕەوتی (جەلال– ئیبراهیم) دەردەچن هیچ بنەمایەکی ڕاستی نیە و بارزانی چەپە بە واتا زانستی و نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆڤایەتیەکەیەوە، کۆمەڵەکەی دیکەش پەیوەندی نهێنی دەهۆنێتەوە لەگەڵ ڕژێمی سوریا کە ئێستا پیلانی پشتێنەی عەرەبی ئەنجام دەدات.

پاش ووتەکە قوتابیە کوردەکانی سوریا بە تایبەت هاتنە لام و دەستیان کرد بە پرسیارکردن و لێپێچینەوە هەروەها ژمارەیەك لە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هـەڤاڵانمان بـە دیـار کـەوتن ئەوانـەی کـە پـێش ئـەوە لـە حاڵـەتێکی وونبووندا دەژیان.

ئەنجامەکانی کۆنگرە لە بەرژەوەندی ئێمە بوو, شتەکە سەراوبن بوو و دەســتەی بەڕێوەبــەری لــە دەســتی –جەلالیــەکان– گەڕایــەوە و دەســتەیەکی نیمــچە هاوبــەش دروســت بــوو و ئــەوان لێــی بــە دوور کرانەوە. شەوێکیان لە کاتی بەستنی کۆنگرەکـەدا کـە مـن لـە ژووری خۆم کەوتبووم گـوێم لـە لێـدانی دەرگـا بـوو, دەرگـام کـردەوە بینـیم جەلال تاڵەبانی و کەمال فوئاد و کـەمال خۆشـناو ڕووبـەڕوو لـە پێـشم وەستاون بە بێ دەسـتوور وەرگـرتن هاتنـە ژوورەوە، جـەلال دەسـتی کـرد بـە قـسەکردن بـە دەنگێکـی بـەرز و بـە هەڵـچوونێکی زۆرەوە و هێرشـکردن بـۆ سـەر مـن و بـۆ سـەر حزبمـان, هـەوڵم دا گەنگەشـەکە بخەمەوە تـەرازووە –دیموکراتیەکـەی– خـۆی بـەلاّم سـوودی نـەبوو و ئەگــەر کــەمال خۆشــناو خــۆی تێهەڵنەقورتاندایــە شــەڕە دەســتمان دەکرد. پاشان ئەو میوانـە –ڕەزا قورسـانە– ژوورەکـەمیان جێهێـشت بەلاّم پاش ڕەفتاری ناڕێك و بەزاندنی سنووری ئەدەب.

لـە ڕێگـای گەڕانەوەمـدا بـە ڕێگـای وشـکاییدا چـوومە تورکیـا، مـن و حەبیب محەمەد کریم و دارا عەتتار بووین بە ئۆتومبێلی ئەوەی دوایـی ڕۆیـشتین لـە ئەسـتەنبوڵ دوو ڕۆژ ڕاوەسـتاین و لـەوێ لەگـەڵ هەڤاڵـە قوتابیەکانمان کۆبووینـەوە، پاشـان بـەردەوام بـووین لـە ڕێگامـان تـا

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەدەنە و هەڤاڵانم بەرەو سنووری عێراق و منیش ڕاوەستام بۆ ئـەوەی بەرەو بەیرووت بە فڕۆکە بەڕێ بکەوم.

پـاش ئـەم کۆنگرەیـە ئامـادەی سـێ کـۆنگرەی دیکـە بـووم لـە کـاتی لەیەکتر دووردا.

## دەستگیرکردن و بەندیخانە:

گەیشتمە بەیرووت و لەوێ بە بەردەوام دیدارم لەگەڵ هەڤاڵانماندا ساز دەکـردن و ڕەوشـی –کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد لـە ئـەوروپا– و ڕووداوەکانیم بۆ شرۆڤە کـردن. پاشـان بـەرەو دیمەشـق ڕۆیـشتم, کـە پـێش مانگێـك بـە هـۆی –ناسـنامەی کەسـی– دەرچـووبووم بـەڵام ئاسایشی گشتی سوریا پاش لێووردبوونەوە لێی منیان دەستگیر کـرد و لەگـەڵ هێزێـك منیـان ڕەوانـی پایتـەخت کـرد, شـەوێك لـە نێـو گرتووخانـەی –ئەلئـەمانات– مامـەوە و بـەیانی ڕۆژی پاشـتر منیـان گواسـتەوە و بـە سـەر سـێ نووسـینگەی سـێ دەزگـای ئاسایـشیدا گەڕاندمیان هیچیان منیـان وەرنـەگرت گوایـە بابەتەکـە پەیوەنـدی بـە تایبەتمەندی ئەوانەوە نیە. لـە –ئاسایـشی سیاسـی– گیرسـامەوە لـە زیندانێکی ناسراو بە –قەسری شێخ تاج– کـە (تاجـەددین حوسـەینی سـەرۆکی پێـشووی دەوڵـەت بـوو) لـە ناوچـەی –ئەلحـەلبوونی– و خـستمیانە ژوورێکـەوە کـە ١٥–٣٠ گرتـووی تێـدابوو ژمارەکـە لـە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەدا بوو, ئەو کەسانەی ئەوێ سـەر بـە لایەنـە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

سیاسیە جیاجیاکان بوون لە نێوانیاندا کەسی وا هەبوو کە تاوانبار بوون بە کارکردن بۆ ئیسرائیل و وڵاتە عەرەبیەکان -لوبنان و ئوردن-، لەوێ لە گەڵ گەنجێکی مەسیحی فەلەستینی کۆبوومەوە کە خەڵکی حەیفا بوو, داهێزرا بوو لە ئەنجامی ئازاردانی زۆرەوە و تاوانبار کرابوو بە کارکردن بۆ بەرژەوەندیەکانی ئیسرائیل, چونکە دوای شەڕی حوزەیران لەسەر سنوور دەستگیر کرابوو کاتێك هەوڵی دەدا بێتە ناو سوریاوە (ساڵا دەڕۆن و من ئەم گەنجە لە نووسینگەی سەرۆك عەرەفات دەبینمەوە و ناوی -عیماد شەققور-بوو و ڕاوێژکاری سەرۆك بوو بۆ کاروباری ئیسرائیلی و یەکێك بوو لە کادرەکانی بزووتنەوەی فەتح تاکو ئێستاش برادەرایەتیەکی بەهێزم لەگەڵ ئەو خەباتگێڕە فەلەستینیە پتەوە ماوە) هەروەها نزیکەی مانگێك لە تەنیشت پیاوێکی ئاینی مەسیحی ڕەوشت بەرز بووم کە دەستگیر کرابوو بە هۆی ڕاپۆرتی یەکێك لە پارەوەرگرانی پاس کاتێك ئەو پیاوە لە شاروچکەی خۆی دەچووە دیمەشق و لە ڕێگادا سەربازە سوریایەکانی بینی بوو دوای شکەستی شەڕی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧ و لە حەسرەتی دیمەنەکە گووتبووی:"سەربازەکانمان ئەمجارە بە پێی پەتی گەڕانەوە ئومێدەوارم لە خوا جارێکی دیکە بە ڕووتی نەگەڕێنەوە". ڕۆژێکیان لەو درزە جیاکەرەوەیەی نێوان ئێمەو دالانی سەرەکی کە بەرەو بەڕێوەبەری گرتووخانەکە دەچوو کە ئەفسەرێکی بە پلەی عەمید بوو لەوێوە بەیەکەوە بینیمان کچێکی بالا بەزی قژ

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ڕەشی تاریك و خاوەن جوانیەكی زۆر, بـەرەو نووسـینگەی بەڕێوەبـەر دەڕوات، هــیچ لەدەســت –باوكــە ئاینیــە ڕەوشــت بەرزەكــە– نــەما تەنانەت گریان نەبێ و دەستیكرد بە منەمن و خوێندنەوەی هەندێك لە ئایەتــەكانی ئینجیــل. پــێم گــووت چــیبووە؟ وەڵامــی نەدایــەوە. بــە زۆرەكی جێم نەهێشت و پاش تۆزێك مەیلی پێدام و داوای لێكـردم كـە بۆ هـیچ كەسـێك نەیـدركێنم و گـووتی :"كـچەكە كـچی منـە و قوتـابی زانكۆیە هەستم بە شكاندنەوە كرد كاتێك كە بینیم هەوڵی ڕزگار كردنم دەدات بــە ڕێگــای پەیوەنــدی كــردن بــەم چــەپەڵانە لــە ئەفــسەرانی ســالۆخڤانی كــە هــیچ بــەزەیی ناكــەن." هەنــدێك هێــورم كــردەوە و دڵنەواییم دایـەوە, ڕۆژی پاشـتر ماڵئاواییمـان لـە -باوكەكـە– كـرد بـە ڕێزێكی زۆرەوە. پاش دەرچوونم لە گرتووخانەی قـەڵا بـە ڕێكـەوت لـە دیمەشقم بینی و پەیوەنـدیمان بـەردەوام بـوو و بانگهێـشتی كـردم بـۆ -ئەبرەشیەتەكەی– خۆی لە دەوروبەری دیمەشقدا.

كــەش و هــەوا ســارد بــوو لــەمانگی یەكــەمی ســاڵی ١٩٦٨ و ئازاردانەكــەش –ڕۆتینــی بــوو– فەلاقــەكردنی بــەردەوام و پاشــان هاوێشتنە نـاو گـۆمی ئـاوی بەسـتراو لـە گۆڕەپانەكـەدا بـەم شـێوەیە ماوەی دوو حەفتە ماینەوە. پاشان لە لایـەن بەڕێوەبـەرەوە بـانگكرام كـە ئەفـسەرێكی ڕۆشـنبیر و هێمنــی چــیای دروز بــوو لــە بنەماڵــەی -نـصر–. زۆر بـە درێـژی لێكۆڵینـەوەی لەگەڵدا كـردم. پێـشتریش لـە مەكتەبی سیاسی پێش دەستگیركردنم ڕێككەوتبووین كەوا هەریەك لـە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

عوسمان سەبری و محەمەد نیۆ و سەلاح بەدرەدین دەبێت لە کاتی دەستگیرکردنیان دانبنێن بەوەی ئەندامانی سەرکردایەتین و بەرگری لە پرۆگرامی حزب بکەن. زانیم کەوا هۆی ڕاستەوخۆی دەستگیکردنم ووتەکەمە لە کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە بەلگراد. چۆن ڕاپۆرت بەم خێراییە گەیشت نازانم؟!، بۆ زانینیش جەلال تالەبانی ڕاستەوخۆ لەوێوە بەرەو دیمەشق هاتبوو، کەچی من ناتوانم هیچ کەسێك تاوانبار بکەم بە هۆی نەبوونی بەڵگەوە. هەڵبەتە ئەمە بێجگە لەوەی ئاسایشی سوریا پێشتر ڕەوش و ڕۆڵی منی لە حزبدا دەزانی بەڵام ناوی من بەر لە کۆنگرە هێشتان بەسەر خاڵە سنووریەکاندا بڵاونەکرابوویەوە. کاری لێکۆڵینەوە سێ جاری خایاند و لە سنووری ئەوەی کەوا من لە سەرکردایەتیمە و بەرپرسم سکرتێری گشتییە و من ڕاسپێراوم بۆ کاروباری ڕاگەیاندن و هیچ کەسێکی دیکە ناناسم بێجگە لە سکرتێری گشتی و محەمەد نیۆ، سەبارەت بە کۆنگرەش وتم من بانگهێشت کرابووم کۆمەڵەکە کۆمەڵەیەکی پەتی قوتابیانە. لەو ماوەیەدا ڕۆژێك لە گرتووخانە پێیان ڕاگەیاندین کەوا بەرپرسێك سەردانمان دەکات بە مەبەستی پشکنین و ئاگاداربوون لە ڕەوشی گیراوەکان. بەڕاستیش سەرهەنگ -عەبدولکەریم ئەلجوندی- ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمی حزبی بەعس و بەرپرسی یەکەمی ئاسایش سەردانی کردین. دەستی کرد بە قسەکردن بۆ چەند خولەکێك لە گەڵ هەریەك لە ئێمە و لە هۆی دەستگیرکردن و ماوەکەی دەپرسی، و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

خەڵکی چ شوێنێکە؟ کە گەیشتە لای من لە هۆی دەستگیرکردنمی پرسی وتم :"بە هۆی مەسەلەی کورد" بە ووردی تەماشای کردم و پاش ماوەیەك ووتی :"دەتەوێ دەوڵەتی کوردی پێك بێنی؟" وەڵامیم نەدایەوە. پاشان بەردەوام بوو گووتی :"مافی خۆتانە کوڕی خۆم".

ڕەنگە تاکە کەس بووبم کە لە دەست جنێوەکانی دەرچووبم چونکە بینیم کە -ئەلجوندی- زۆر توند و جنێودەرە. پاشان زۆر بیرم کردەوە کە بۆ ئەم هەڵوێستە نادوژمنکارانەی نواند؟!، پاش گواستنەوەم بۆ گرتووخانەی قەلاّ و کۆبوونەوەم لە زینداندا لەگەڵ کوڕەمامە دەستگیرکراوەکەی -خالد ئەلجوندی-ی سەرۆکی یەکێتی سەندیکای کرێکاران لە سوریا, زانیم کەوا ئەو پیاوە ناسراوە بە هەڵوێستی لایەنگرانەی بۆ مافەکانی کورد و بە ڕێگا تایبەتیەکانی خۆی نامەگۆڕیی لەگەڵ بارزانیدا دەکرد.

منیان لە -قەسر شێخ تاج- گواستەوە بۆ بنکەی پۆلیسی سەربازی و شەوێکی سەختم بەسەر برد کە سەرەرای هەموو ئەو ئازاردانە جەستەیی و دەروونیەی قەسرێ ڕەحمەتم بۆ شەوانی ئەوێ دەنارد.

ڕۆژی دواتر منیان گواستەوە بۆ بینایە کۆنەکەی پەرلەمانی سوریا بۆ بەردەم جێگری گشتیی دادگای ئاسایشی باڵای دەوڵەت, مولازمی یەکەم -علی عبدۆ الظاهر- جارێکی دیکە دەستیکردەوە بە لێکۆڵینەوە لەگەڵم بە ئامادەبوونی هەندێ کەسی کە نەمدەناسین. سەرم سوڕما لە نەفامی ئەم جێگرە گشتیە (کە خەڵکی -ئەلرستن-ە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

و له دەستەی –العماد مصطفی طلاس–ە) و بێ ئاگایی لە کێشەی کورد و تەنانەت لە ڕەوشی سیاسی لە سوریاش، بۆ نمونە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا ویستی بەسەرمدا بسەپێنێ کەوا وشەی پارتی واتای نەتەوەی کورد دەگەیەنێت و سوور بوو لەسەر ئەم رایەی، پاشان وەڵامیم دایەوە کەوا وشەکە لاتینیە و بە واتای حزب یان کۆمەڵە دێت و ئەم وشەیە ئێستا لە زمانی کوردیدا بەکاردێت و باوە. پاشان کاتی گواستنەوەم هات بۆ زیندانی –قەڵا–ی مەدەنی, لەو دەوریە پۆلیسیەی گواستنەوەی منی پێ ڕاسپێردرابوو بە ڕێکەوت یەکێك لە هەڤاڵانمان کە سەرباز بوو و دەرهاوێشتە کرابوو بۆ ڕیزی پۆلیس لە ناو ئەو دەوریەدا بوو و منی ناسیەوە و زۆر نیگەران بوو بە دیمەنەکە و پاشان کاتێکی قۆستەوە کەوا بەرادەرانی نەیبینن و بە کوردی پرسیاری لێکردم ووتی:"تۆ هەڤاڵ سەلاح بەدرەدینی وا نیە؟" بە ئەرێ وەڵامیم دایەوە.

چوومە قاوشی چواردە کە تایبەت بوو بەو گیراوانەی کە هێشتا لەسەر لێکۆڵینەوەدان, لەوێ چاوم کەوت بە خالد ئەلجوندی و جێگرەکەی حوسێن ڕزق و هەندێ کەسانی دیکەی سەرکردایەتیی حزبی ڕزگاریخوازی ئیسلامی و سەعید حەداد کە بەڕێوەبەری چاکسازی کشتوکاڵی بوو لە حەسەکە لەو سەردەمەی کە محەمەد حەیدەر پارێزگار بوو وا دیار بوو بە تاوانی -نادەستپاکیەوە– گیرا بوو و وای لێتێگەیشتم کەوا بێگوناهە و بووەتە قوربانی سیاسەت و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەرژەوەندیەکانی پارێزگار، دوای بەربوونیشی بە ماوەیەك لە شاری حەماه تیرۆر کرا. پاش ماوەیەك -سامی ئەلجوندی- یش پیمان گەیشت کە نووسەر و سەرکردەیەکی حزبی بەعس بوو و باڵوێزی سوریا بوو لە پاریس و بانگهێشت کرابوو کەوا حکومەتێکی نوێ پێکبهێنێت بەلاّم لە فرۆکەخانە یەکسەرە دەستگیرکرا و هێنرایە زیندان, بەردەوام بە گاڵتە دەیگوت:"مادام نەمانتوانی حکومەت لە دەرەوە دروست کەین لە زینداندا دروستی دەکەین و سەلاح بەدرەدینیش دەکەینە وەزیری کاروباری کوردی"پاش ماوەیەکیش پێشوازیمان کرد لە -محەمەد مەعروف- ئەفسەری ناسراوی سوپای سوریا. شەوێکیانیش -یوسف تەحتوح-ی بەرێوەبەری بەش لە -ئاسایشی سیاسی- ئامادەبوو و بەرەو قاوشی ژمارە ١٢ رۆیشت و گشتیانی دەرخست, هەمووشیان سیاسەتمەدار بوون و سەری گشتیانی تاشی و لەسەری هەر یەکێکیانی سەپاند کەوا موویەك بخواتن وەکو شکاندنەوە و سووکایەتی پێکردن هەروەها دەستی بەسەر هەموو پەرتووکەکانی ئەوێی داگرت و سووتاندنی و کەلوپەلەکانی ئەوانی فرێدا.

لە یەکەم سەردانی ئاساییدا کە سەردانەکان هەفتەی دوو جار بوون جارێك بۆ ئافرەتان و جارێك بۆ پیاوان، ژمارەیەك لە هەڤالاّن سەردانیان کردم, چونکە پۆلیسەکەی هەڤالّمان ئاگاداری سەرکردایەتی کردبووەوە و لە سەردانی دووەمدا هەڤالاّنمان لە ریزی

پۆلیسدا بە ناوی خۆیان تۆمار کرد بۆ نۆبەگرتن و بەردەوام نۆبەداریان لەبەردەم قاوشی ئێمە دەگرت و سەردانەکانیان رێکدەخست. ئەمەش پشتگیریەکی گەورە بوو بۆ ئێمە لە رووی دابینکردنی خۆراك و پەرتووك و گوێزان و بێجگە لە نامە گۆڕینەوە لە گەڵ سەرکردایەتی و سکرتێری گشتی بە شێوەیەکی تایبەت کە لە ژێر هێشتنەوەی زۆرەکیدا بوو. هەروەها بەرپرسی چێشتخانەی زیندان کابرایەکی کورد بوو و برادەرمان بوو ئەویش رەزیلی لەگەڵدا نەکردین. سەبارەت بەو بابەتەش هەرگیز سەردانەکان و سۆزە دایکانیەکەی خانم –شادیە–ی خێزانی ئاپۆ –ئۆسمان– لەبیرم ناچن کە هەموو حەفتەیەك خواردن و جلی پاکی بۆ دەهێنام. زۆرجار داوام لێکرد واز لە سەردانکردنم بێنێت و زەحمەتی رێگای هاتن بۆ زیندان نەگرێتە بەر، بەڵام سوودی نەبوو, منیش لە بەرامبەر گەورەیی و شکۆداری یادی ئەو خانمە –چەرکەسیە مەزنە– جگە لە چەمینەوە هیچی دیکەم بۆ نیە, کە ئازارەکانی ئەو کەمتر نەبوون لە ئازارەکانی –عوسمان سەبری– ژیانێکی پڕ لە گرتن و ڕاونان و کۆچکردن ژیا. سڵاوت لێبێ و رەحمەتی خوات لە سەربێ ئەی "دایکی هۆشین".

پاش نزیکەی ساڵێك نبمچە لێبوردنێك دەرچوو بە ناوی –بەردانی کاتی– کە تایبەت بوو بە سیاسیەکان و منیشی گرتەوە. بەرەوە ماڵی –عوسمان سەبری– چووم و پێی گووتم کەوا یەك لە هەڤاڵانی سەرکردایەتیمان لێرەیە و بەرپرسێکی گەورە لە دەزگای ئاسایش

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەیــــەویٚ بمانبینێــــت و پــــێش دوو رۆژ لــــە گــــەلی کۆبوومەتــــەوە و کۆبوونەوەکە پۆزەتیڤانە بووە, پاشان داوای لێکردم کە خـۆم ئامـادە بکـەم بـۆ ئـەوەی لـە گـەلی بـڕۆم بـۆ دیـداری دووەم. لـە ڕۆژی دواتـر چووینە نوسینگەی ئەو بەرپرسە کە پێموایـە لـە –پـردی سـپی– بـوو کە ئەفسەر –محەمەد عەلی ئەلنابلسی–ی سەرۆکی هۆبـەی ئاسایـشی سیاسی بوو. پیاوێکی خۆشەویستبەخش بوو خۆی بـە چـەپی بـەعس دادەنا و بڕوای بە سۆشـیالیزم و یەکسانی لـە نێـوان گەلانـدا هـەبوو, پێشنیاری کرد کە گفتوگۆیەکی قولٚ لە نێوانماندا دروسـت بێـت بـەلٚکو بگەین بە چارەسەرێك بۆ مەسەلەی کورد.
پێشنیارەکەمان ڕەتنەکردەوە بەلٚکو هانمان دا بۆ ئەم هەناسـە نوێیـە و پێـشوازیمان لـەو ئاراسـتە نوێیـەی لایـەنی بەعـسیەکان کـرد و دوای چەند کاتژمێرێك لە وتووێـژ ڕێککـەوتین کـەوا جـارێکی تـر دیـدار نـویٚ بکەینـەوە. پاشـان زانـیم کـەوا کۆمەلٚـەی –سـەلاٚح جەدیـد– خـولێکی خێـرای بـۆ نزیکـەی ١٠٠ کـەس لـە کـادرە پێـشکەوتووەکانی خـۆی کردبـووەوە لەوانـەی کـە بڕوانامـەی مافیـان هەیـە و بـە سـەرۆکی هۆبەکانی ئاسایشی سیاسیان دامەزراندبوون لە سوریا، ئەمەش یەکەم وەکـو هــەولێك بــوو بــۆ کــۆنترۆلٚکردن لــە بەرامبــەر مەترســیەکانی دەسـەلاٚتی –حـافز ئەسـەد– و دووەمـیش ئەنجامـدانی چاکسازی لـە دەزگا ئاسایشیەکاندا. لەلایەکی دیکەوە وەك –ئیـبراهیم مـاخۆس– ی وەزیــری دەرەوەی پێــشووی ســوریا لــە جــەزائیر پێــی ڕاگەیانــدم

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کۆمەڵەکەیان ئەو کات بڕیاری دابوو بناغەکەیان بەرفراوان بکەن و بەسەر لایەنە سیاسیەکاندا ببنەوە و ڕەفتار لەگەڵ کورد بکەن لە سوریا و عێراقدا، –عەبدولکەریم ئەلجوندی– ڕاسپێردرابوو بۆ ئەوەی کەناڵێك لەگەڵ بارزانیدا بکاتەوە بە ڕێگا تایبەتیەکانی خۆی نەك بە ڕێگای بزووتنەوەی کوردی لە سوریا کە ڕەنگە دەستی تێکەوتبێ و تووشی قۆستنەوە بێت لە لایەن کۆمەڵەی دیکەوە. بە پێی قسەکانی ئاراستەکە وابوو کە گفتوگۆ لەگەڵ بزووتنەوەی کورد لە سوریا بکرێت.

بە ڕێگای حەلەبەوە و بە شەمەندەفەری –ئۆتۆماتریس– چوومە قامشلی, خزم و برادەران و هەڤاڵان لە پێشوازیمدا بوون, پاش چەند ڕۆژێك بە ڕێگای هەڤاڵێکەوە هەواڵێکم پێگەیشت گوایە –خەلیل جەهمانی–ی سەرۆکی هۆبەی سیاسی لە جزیرە کە نووسینگەکەی لە قامشلۆ بوو دەیەوێت من ببینێت, وەڵامی منیش ئەوە بوو کەوا من بۆ لای هیچ کەسێك ناڕۆم مەگەر بە بڕیاری ڕاکێشانی فەرمی نەبێت. پاش ئەوە دیسان داخوازی خۆی دووبارە کردەوە –دوای هەموارکردنی– بە داوەتکردنمان بۆ فنجانێکی قاوە لە ماڵی خۆی.

ئەمەش ڕوویدا, بینیم ئەم پیاوە بە زمانی –ئەلنابلسی– و بە هەمان ئاراستەیی ئەو قسە دەکات بەڵام ماوە و ماوە لە نێو قسەکانیدا هەندێ هەڕەشەی ئاخنراو دەکات سەبارەت بەوەی ئەگەر ئێمە هەڵسین بە سووتاندنی بەرهەمی –کێڵگەکانی دەوڵەت– ئەوەش بە –

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هێڵێکی سوور- دادەنرا, لە میانی وتووێژەکانماندا لە دیمەشق و قامشلی لەگەڵ ئەم هەردوو بەرپرسە لە ئەنجامدا دەیانویست هەڵوێستی سیاسیمان بەرەو هێورکردنەوە ببەین و واز لە هاندان دژی مەسەلەی پشتێنەی عەرەبی بێنین و گشت چالاکیە ناوخۆیی و دەرەکیەکانمان ڕاگرین و ببین بە زوڕنای پڕوپاگەندە بۆ ڕژێم بە گشتی و کۆمەڵەی -سەلاح جەدید- بە شێوەیەکی تایبەت, لەگەڵ ئامـاژەکردن بە هەبوونی کەسانی دیکە ئەگەر ئێمە ڕازی نەبین - کەسانی دیکەش ڕاسترەوەکان بوون-. ئەمانەش هیچیان ڕووی نەدا و ئێمەش بەردەوام بووین لەسەر ڕێبازەکەمان بە بێ دوودڵی. کاردانەوە لە لایەنی دیکەوە خێرا ڕوویدا و بڕیارێك دەرچوو لە جێگری دادوەری عورفی -محەمەد عید عەشاوی- ی ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمی و وەزیری ناوخۆ بە بێبەشکردنم لە لە هەموو مافە مەدەنیەکانم بە بیانووی ئەوەی من مەترسی دروست دەکەم لەسەر ئاسایشی دەوڵەت، هەروەها پاڵەپەستۆ لەسەر عوسمان سەبری زیاد کرا بە ڕێگای بانگکردنی و چاودێری خستنە سەری و هەڕەشە ئاراستەکردنی. ئەم هەڵوێستە نەگەتیڤەی دەسەڵات لە کۆتاییدا گەیشتە ئەوەی جارێکی دیکە لە بەردەم دادگای ئاسایشی باڵای دەوڵەت ئامادە ببینەوە. بەم بۆنەیەشەوە ئێمە یەکەم وەجبە بووین لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی کە بخرێنە پێش دادگایەی ئاوا کە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

تایبەت بۆ ئێمە سازکرا, وەکو زانراویشە حوکمەکانی جێی (بەرپەرچی و جیاکرنەوە)ی تیادا نەبوو.

-

## لە دادگای بالاَی ئاسایشی دەولَەتدا:

پـێش کـاتی دادگاکـە هەنـدێ ڕاوێـژکاریمان لـە کـەل پـارێزەران کـرد لەوانـەش پـارێزەری کۆمۆنیـست و ئەنـدامی سـەرکردایەتی –مـۆریس سەلَیبە– کە هەلَوێستی ئـەو لەگـەلَ ئێمـە بـوو و پێـشنیاری کـرد کـە هاوڕێی حزبەکەیان –حیکمەت تورکمانی– بەرگریمان لێبکات بە کـرێ ئاسـاییەکەی خـۆی و ژمارەیـەکی تـر لـە پـارێزەرە کۆمۆنیـستەکان لەگەلَیدا بن بۆ هاوکاریکردنی لە بەرگریـدا و کارەکـەش هـەر هـەمووی شتێکی هێمایی بوو. ئامـادەی دانیـشتنی تاوانبارکردنمـان –عوسمـان سەبری– و –من– بووین و دانیشتنەکە بە ئامـادەبوونی قـازی –عـەلی مینا– بوو کـە –حیکمـەت مینـە– ی بـە بـیر هێنامـەوە ناشـزانم هـیچ پەیوەندی یان خزمایەتیەکان هەیە یان نا. هەروەها ڕێگایان دابـوو بـە هەندێ لە هەڤالاَنمان وەکو بیسەر ئامادەبن و پارێزەریش ئامادە بوو. جێگری گشتی –عەلی عەبـدۆ ئـەلزاهیر– دەسـتیکرد بـە خوێندنـەوەی بەندەکانی تاوانبارکردن و لەوانەش "هەولَدان بۆ دابڕاندنی بەشـێك لـە سـوریا" و "وروژانـدنی نەعرەتـەکانی ڕەگەزپەرسـتی" و "چـوونەپالَ ڕێکخراوێکـی ڕێپێنـەدراو" تـا کۆتـایی لـەم قەوانـە ناسـراوانە. لـە دانیشتنی بـەرگری لـە ڕۆژی دووەمـدا داوامـان لـە پـارێزەر کـرد کـەوا

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

جەخت بخاتە سەر لایەنی یاسایی و ئەوەی دیکە وازی لێبێنێ, چونکە دەیویست بچێتە ناو هەندێ بابەت و لە هەندێ هەڵوێست قووڵ ببێتەوە کە هاوڕێ بوون لە گەڵ هەڵوێستی ئێمە و لە گەل بەرنامەی حزبمان, لە بەر ئەوەی ئەرکی ئەو کارکردنە بۆ بێبەریکردنی موەکیلەکانی خۆی وەکو هەر پارێزەرێکی دیکە تەنانەت ئەگەر مەسەلەکە بگاتە دەستهەڵگرتن لە هەندێ شت و داوای بەزەیی بکات و شتی دیکەش. ئەم کارەش شایستەی ئێمە نەبوو و لە گەل ئێمە نەدەگونجا.

لە سەرەتادا عوسمان سەبری قسەی کرد و هەڵوێستی ئێمەی دەربڕی بەرامبەر بە یەکێتی وڵات و هەروەها ڕاوەستانی کورد دژ بە پلانەکانی تورکیا لەوانەش پڕۆژەی –هاتای– و جەختی کردە سەر پابەندبوونی حزب بە یەکێتی خاکی نیشتمان. پاشان من دەستمکرد بە چوونە ناو پەیوەندیەکانی کورد و عەرەب بە درێژایی مێژوو و بەرنامەی حزبەکەمان داوای نەهێشتنی ئەو ڕەگەزپەرستیە دەکات کە دژی کورد لە ئارادایە بە تایبەتی پڕۆژەکانی سەرژمێری و –پشتێنەی ئاسایش– , حزبەکەشمان حزبێکی نهێنیە بە هۆی نەبوونی دیموکراتیەت و یاسای حزبەکان، بەرنامەکەشی کارکردن بۆ بە هێزکردنی یەکێتی نیشتمانی لە وولاتدا دەگرێتە خۆی نەك دابەشکردنی. گەلی کوردیش لە سوریا لە گشت مافەکانیان بێبەشن بۆ نمونەش کەمە نەتەوەی ئەرمەنی قوتابخانەی بە زمانی خۆی هەیە و بلاوکراوەی ڕۆشنبیری

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەرمەنی لە چەند ناوچەیەکی ولاّتدا هەیە. لێرەدا جێگری گشتی قسەکانمی بڕی و گوتی:"هەبوونی قوتابخانەکانی ئەرمەنی لە سوریا هیچ ڕاستیەکی بۆ نیە". وەلاّمم دایەوە و ناوی چەند قوتابخانە و جێگاکانیانم بۆ گووت. هەڵوێستی شلۆق بوو شەپرزەیی لە دەموچاوی قازیەکان بە دیار کەوت و سەرۆکی دادگا بە مەبەستی حەسانەوە فەرمانی هەڵگرتنی دانیشتنەکەی دا. دوا دوو سەعات دادگاییکردنەکە دەستی پێکردەوە، بەلاّم بەبێ ئامادەبوونی جێگری گشتی پێشوو و ئامادەبوونی –ئەبولخێر عابدین– لە شوێنی ئەو. ئەمەیان دەستی کرد بە زمانێکی نوێ و شێوازێکی نەرم کە ستایشی کورد و مێژووەکەیانی دەکرد و سەرکردایەتی سیاسی، هەموو ڕۆڵەکانی سوریا بەیەك پلە دادەنێت و جیاوازی لە نێوان عەرەب و کورد ناکات، هەرگیزیش نە لە نزیك و نە لە دوور بە لای قوتابخانەکانی ئەرمەنی یاخود بەلای مافە ڕۆشنبیریەکانیاندا نەچوو. جەختی خستە سەر ئەوەی کەوا ئێمە لە –کۆمەڵەیەکی سیاسی نایاساییداین– و دوای توندرین سزای کرد.

پێش ئەوەی بەرەو دانیشتنی کۆتایی (دانیشتنی تاوانبارکردن) بڕۆین، پارێزەر ئامۆژگاری کردین کەوا ئامادە نەبین و خۆمان لەبەرچاو ون کەین تاکو هەڵوێستەکە ڕوون دەبێتەوە بۆیە من لە نوسینگەکەی مامەوە تاکو گەڕایەوە و دەموچاوی گرژ بوو و بە خەمەوە پێی گوتم: توندترین سزایان دەرخست ئەویش دوو ساڵە.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پاشان چوومە گەڕەکی کوردەکان بۆ ئەوەی پەیوەندی بە سکرتێری گشتی بکەم و ڕاوێژکاریی لەگەڵدا بکەم.

## کێشەی"د. شڤان و سەعید ئالچی"

پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٥ دامەزرا بە سەرۆکایەتی فائق بوجاق و سەعید ئالچی بە سکرتێر دانرا, سەرهەڵدانی پارتێك کە خەباتی گەلی کورد رێك بخات هەنگاوێکی گەورە و رووداوێکی بەرچاو بوو لە ژیانی سیاسیی گەلی کوردستانی تورکیا و پڕکردنەوەی بۆشاییەك بوو کە ماوەیەکی درێژ بوو وا مابوویەوە. ساڵێك تێنەپەڕی سەرۆکی پارتی کەوتە بەر کارێکی تیروری, ئیتر پایەی سەرۆك لابردرا و ئالچی هەر وەك سکرتێر مایەوە.

هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی پارتی, سەرکردایەتی -راستڕەو- جۆرە پەیوەندییەکی لە گەل سەرکردایەتی خۆی دروست کرد و بەپێی ئەوەی زانراوە -رەشید حەمۆ- لە ١٩٦٧/١١/١٥ گەیشتە کوردستانی تورکیا بە مەبەستی رۆشنبیرکردنی ئەندامانی پارتی و لەوێش مایەوە تا دەزگاکانی سالۆخڤانی تورکیا شالاوێکی بەرفروانی دەستگیرکردنی دەستپێکرد و گشت ئەندامانی سەرکردایەتی و زۆربەی کادیر و بەرپرسانی گرتەوە و رەشید حەمۆ بە سەلامەتی گەڕایەوە سوریا. ئەو کات هەڵوێستی سەرکردایەتی -راستڕەو- لای

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

سەرکردایەتی شۆرشی کورد لە عیراق پەسند نەبوو, و زیاتر لە رەوتی -٦٦- نزیك بوو, بەڵکو هەماهەنگیان لە گەڵی هەبوو لە پەیوەندییەکانیاندا و هاوبەندییان پێشکەوتوو بوو, ئاشکەرایە کەوا پارتیی تورکیا کاتێك پەیوەندیەکانی خۆی لە گەڵ سەرکردایەتی -راسترەو- هۆنیەوە تەنها بەم مەسەلەیە نەوەستا بەڵکو بێدەنگیشی نواند بەرامبەر گشت رەفتارەکانی ئەم رەوتە, رەنگە لەم حاڵەتەشدا - بێدەنگی نیشانەی رەزامەندی بێت-. ئەمە لە لایەك, لە لایەکی دیکەوە -رەوتی ٦٦- بە شێوەیەك پەیوەندی لەگەڵ پارتیی تورکیا هەبوو تا ئەو رادەیەی بە رێگای سەرکردایەتی -راسترەو-ەوە گوژمەیەکی پارەی وەکو هاریکاری بۆ رەوانەکرد. هەواڵ و پێشکەوتنەکانی رەوشی کوردستانی تورکیا لە مێژ بوو جێگای بایەخ و بەدواداچوونی ناوەندە حکومەتیەکانی سوریا بوو. چۆن نا؟ و تورکیا ئەندامە لە هاوپەیمانیەتی (ناتۆ)ی هاودژ لە گەل بزووتنەوەی نیشتیمانی عەرەبی و سوریاش دەیان ساڵە پەیوەندی سەربازی و سیاسی و ئابوری لە گەل بلۆکی سوسیالیستی - پێشوو- هەیە و پەیوەندییەکانی سوریا-تورکیا لە سەر ئاستی فەرمی بەردەوام شلەژاو بووە. لەم چوارچێوەیەشدا دەزگاکانی ئاسایشی سوریا ئەم بابەتەیان لە پەیوەندییەکانیدا لە گەل کۆمەڵە سیاسیەکانی کورد پشتگوێ نەدەخست و هەوڵی دەدا -کە ئەگەر بکرێت- بەکاریان بهێنێ بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەڵکو پاڵپشتیکردنی هەر هەوڵ و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کارێکی سیاسیی دژ بە حکومەتی تورکیا تا ئەو رادەیەی کەوا ئاسایشی سوریا چەند کۆمەڵەیەکی دیکەی بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێنا لەوانەش کۆمەڵەیەکی سەر بە حزبی نەتەوەیی کۆمەڵایەتی سوریا بە تایبەتی -ئەنیس حەنا مدیوایە- خاوەنی پەرتووکخانەی لیوا لە قامشلۆ, ئەمە بێجگە لە چەند کەسانێکی سەر بە تایەفەی سریانی. لەو رووداوەی (پۆلوش)ی ئەندامی دەزگای سالۆخڤانی تورکیا -میت-, کە هەندێك بە رووداوێکی لێلیان دادەنا لە ساڵی ١٩٦٢, پرسیار و گومان لای زۆر لە ئەندامانی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا دروست بوو بە تایبەتی بەرامبەر هەندێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی سەبارەت بە ئاستی تێوەگلانیان لەو پەیوەندیە ئاڵۆزەدا. کورتەی بەسەرهاتی (پۆلوش) ئەوەبوو کە ئەو کات -عەبدول حەمید دەروێش-ی بەرپرس داوای لە هەڤاڵانمان لە جزیرە کرد کە میوانێکی کوردستانی تورکیا لای خویان دانێن و بایەخی پێ بدەن, میوانە -خۆشەویستەکە-ش بە دیارکەوت و لەو ناوچە بردرایە ئەو ناوچە و لەو ماڵ بردرایە ئەو ماڵ و یەك هەفتەش میوانی من بوو, منیش ژوورێکم بە کرێ گرتبوو لە قامشلۆ و قوتابی بووم لە ئامادەیی. میوانەکەش گەنجێکی وەرزشوان بوو تەنها تورکی و ئنگلیزیی دەزانی. پاش ئەوەی ئاشنایی لە گەل زۆربەی هەڤاڵان و گشت بەرپرسانی ناوچەی جزیرەی پەیدا کرد, لە پڕێکدا دەرکەوت کەوا سەر بە سالۆخڤانی تورکیایە و خۆی دایە دەست ئاسایشی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

سوريا و گوتيان پاشان گەڕايەوە توركيا. تاكو ئێستاش پەردە لە سەر هۆ و هۆكار وئ امانجی رووداوەكە لانەدراوە. لەو كاتەوە سيماكانی پەيوەنديە ئاسايشيەكانی سوريا– توركيا بەدياركەوتن بە تايبەتی سەبارەت بە مەسەلەی كورد. لە ساڵی ١٩٦٨ دەست كرا بە دامەزراندنی پارتێكی كوردی نوێ لە توركيا بە سەركردايەتی د. شڤان پەروەر, وێرای ناتەبابوون لە سە مێژووی دامەزراندنی بەلاّم ئەو پارتە بە ناوی پارتی ديموكراتی كوردستان لە توركيا هاتەئاراوە, جياوازيش لە نێوان هەردوو ناوەكە هەرچەندە بچووكە بەلاّم هەيە و ديارە جياوازيەكە چيە لە نێوان –توركيايی– و –لە توركيا.

ئاشكراشە كەوا ئەم پارتە نوێيە لە ئەنجامی داقڵيشان و جيابوونەوە نەهاتە ئاراوە بەڵكو بە بەرنامەيەكی نوێ و هێڵی سياسی جياواز و ستراتيژيەتی جياوە سەری هەڵدا.

سەركردايەتی ئەم پارتەش لەو ناوچە رزگاركراوانەی شۆڕشی ئەيلول لە كوردستانی عيراق جێگير و نيشتەجێ ببوو بە پێی بنەماكانی پەيوەندی دۆستايەتی و هاريكاری لە گەل پارتی ديموكراتی كوردستانی عيراق و بارزانی سەركردە. هەڵوێستەكانی خۆشی لە بەرامبەر ناحەزانی بارزانی بە ئاشكرا ڕاگەياندبوو بە تايبەتی كۆمەڵەكەی – ٦٦– و پەيوەنديەكی دۆستانە لە نێوان هەردوو حيزبەكانماندا دروست ببوو لە سەر بنەمای ڕێزگرتن لە يەكتر و خۆ نەقورتاندنە نێو كاروباری ناوخۆيی يەكتر و زۆر مەسەلەی هزری و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

سیاسی هاوبەش لە نیوانماندا هەبوون. بۆ دواجاریش لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٠ چاوم پێ کەوت لە بارەگای بارزانی لە قەسرێ بە ئامادەبوونی ئیدریس بارزانی و ئەسعەد خۆشەوی و ئەو کاتیش من لەسەر سەفەرکردن بووم بۆ ئەوروپا بە ڕێگای بەغداوە ماڵئاواییم لێ کردوو پێی ووتم کەوا لەم نزیکانە لە ئەڵمانیا دەمبینێتەوە. ئاشکرایە کەوا ڕوودانی کوشتنی سەعید ئاڵچی لەسەر دەستی دکتۆر شڤان بە تاوان دادەنرێت و کارێکی ڕەتکراو و مەحکوم کراوە کە هۆ و هۆکارەکان و پاشینەکانی خۆی هەیە و سەرکردایەتی هەردوو لایانو سەرکرادایەتی پارتەکانی دیکەی کوردی لە کوردستانی تورکیا نەیان توانی تەلیسمەکانی بکەنەوە و نهێنیەکانی ئەم ڕووداوە ئاشکرا بکەن, ئەو پرسیارانەی چاودێرانیش بێ وەڵام مانەوە وەکو: بۆ شڤان وای کرد؟ بۆ ئالچی لەناو برد و کۆتایی بە خۆی هێنا؟

بە مەزەندەی من مەسەلەکە لە سنووری ململانێی هەردوو حزب و هەردوو سەرکردایەتی دەرناچێ و ئەم قەناعەتەشم لەو کاتەدا بۆ دووپات بووەوە پاش ئەوەی چاوم بە نامەیەکی عیسمەت شەریف وانلی کەوت کە ئاراستەی عەبدولحەمید دەروێش کرابوو لە ١٩٦٧/١/٣٠, ئەمەش وەکو کلیلێکە بۆ چوونە ناو قولایی ئەو ڕووداوە. وا لە نامەکە دەردەکەوێت کەوا عیسمەت شەریف پەیوەندیەکی مکومی بە دامەزراندنی حزبی - ئاڵچی – هەبووە و بەشداری لە هۆنینەوەی پەیوەندی لە نێوان ئەو حزبە و ناوەندە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەرەکیەکان کردووە, لەوانەش یۆنانی دوژمنی هەرە سەرسەختی تورکیا و هەروەها لەگەڵ قوبرسدا. وا دیارەش دوو کەس لەو حزبە ئاگایان لە نهێنیەکانی ئەم پەیوەندیە هەبوو ئەم دووەش فایەق بۆجاق و سەعید ئاڵچی بوون. لێرەشدا بە دوور نازانرێت کە بۆجاق بوو بە قوربانی ئەو پەیوەندیە چونکە ناوەندە تورکیەکان ئەمەیان پێ هەرس نەدەکرا و چونکە عیسمەت شەریف یەکێك بوو لە ئەندامانی لێژنەی ناوەندی حزبی - ڕاستڕەو- و نوێنەری ئەو حزبە بوو لە دەرەوە, بۆیە ئاشکرایە کە هەندێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی -ڕاستڕەو- ئاگادار ئەم پەیوەندیانە بوونە لە ئەنجامیشدا وا دەردەکەوێت کەوا دەزگا ئاسایشەکانی سوریاش ئەمەیان زانیوە و دەبێت هەماهەنگی ئاسایشیی ئەو لە گەڵ تورکیا لە یادمان نەچێت.

وا دیارە ڕێککەوتنی حەمید و عیسمەت دەمێکی درێژ بوو دروست ببوو بە دروستیش لەو کاتەوە کە لە کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٦٤ یەکتریان بینی بوو, ئەو کات ئەوەی دووەم ئەندامێتی سەرکردایەتی و نوێنەرایەتی حزبی بە دەست خۆ هێنا بە نوسراوێکی مۆرکراو لە لایەن -حەمید-ەوە, هەڵبەتە گومانیش لەوەدا نیە کە ئەم کارە لە پشت سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا و بەبێ ئاگاداریان کراوە. ئەمەش جاریکی تر دووپات دەکاتەوە کەوا حەمید ئامادەیی داقڵیشان و جیابوونەوەی تیادا هەبوو ئامادەیی خۆی بۆ ئەم مەبەستە وەرگرتبوو. هەروەك لە نامەکەشدا دیارە,

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

عسمەت پەیوەندی بە لایەنە ئیسرائیلیەکانەوە کرد بوو و هاوکاری دارایی بە ناوی حزبەوە بە دەست خۆی هێنابوو, هەروەها لە نامەکەدا ئاشکرایە کەوا تاکە مەرجی ئیسرائیلیەکان ئەوە بووە کە نابێت بارزانی بەم کارە بزانێ و ئەمەش واتای ئەوەیە کەوا بزاڤەکانی عسمەت شەریف لە کاتێکدا هات کە بەهای لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە کەم دەبوویەوە، پاش ئەوەی ئیسرائیلیش هەرەسی هینا لە بەرامبەر مکوڕی بارزانی و ملکەچ نەبوونی ئەو سەرکردەیە بۆ ویست وپیلانەکانیان دژ بە عەرەب. بۆیە ناوەندەکانی ئسرائیلی دەستیانکرد بە گەڕان بە دوای جێگرەوەی ئەو و هێڵی –نوێیان– دروست کرد و لە پشتەوەی بزووتنەوەی کوردی رێگای بۆ خۆ کردەوە, ئەمەش شتێکی سەیر نیە چونکە ستراتیژییەتی ئسرائیلی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە پشت دەگرێ بە پرێنسیپی هەوڵدان بۆ نەدۆزینەوەی چارەسەری دیموکراتی ئاشتیانە بۆ مەسەلەی گەل و نەتەوەکانی ناوچەی ئیسلامی بە گشتی و وڵاتانی عەرەبی بە تایبەتی, (بن گۆریون)یش زۆر پیلانی دارشت سەبارەت بە رەفتارکردن لە گەل نوێنەرانی نەتەوە و کەمەنەتەوەکان و تایفە ئایینی و مەزهەبییەکان و ژمارەیەك لە وڵاتانی دەوروبەر و هاوسێیانی ئسرائیل نەك لە پێناو لادانی زوڵم و زۆرداری و چەوسانەوە لە سەریان بەڵکو لە پێناو قوڵکرنی ململانێیەکان و گەرمکردنی رووبەرووبوونەکان, چونکە سەرکردەکانی ئسرائیل و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دامەزرێنەرە یەکەمەکانیان هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتەکەیانەوە لە سەر کیسی دەربەدەرکرنی گەلی فەلەستینی و داگیرکردنی مافەکانیان, هەستیان کردووە بەوەی هەبوونبان هاوڕکە لە گەل پرێنسیپەکانی چارەسەرکردنی دیموکراتیانەی مەسەلەی گەلان و بەردەوامبوونی ململانێ لە ناوچەکەماندا بە شێوە نەتەوەیی و ئەتەنی و رێچکەیەکانیەوە لە بەرژەوەندی ئەوان دایە. خیانەتکردنی کیسنجەر و بزووتنەوەی زایۆنیزم بە گشتی لە گەل بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و سەرکردەکەی بارزانی مستەفا, نموونەیەکی ئاشکەرایە لە مێژووی بزووتنەوەکەماندا و دەبێ سوودی لێ وەرگرین. لەم رووەوەش (ئەلیاهو ساسۆن) لە یاداشتەکانیدا باسی یارییەکانی بزووتنەوەی زایۆنیزم دەکات لە جوڵاندنی رابەرە فەلەکانی لوبنان و سوریا لە سەردەمی ئنتدابدا و پەیوەندیکردنیان لە گەل(بتۆنی)ی مەترانی سریانی لە جزیرە و کەسانی دیکەش لە پیاوانی کەنیسە.

بێجگە لە هەوڵدانی بۆ لاوازکردنی سەرکردایەتی بارزانی و گەڕانی بەدوای جێگرەوەی ئەو, روویەکی دیکەی ستراتیژیەتی ئسرائیل بەرامبەر بە بزووتنەوەی کوردی بەدیاردەکەوێ, ئەویش هەوڵدانیەتی بۆ دۆزینەوەی زیاتر لە یەك سەرچاوە بە مەبەستی ریگەگرتن لە دروستبوونی یەك ناوندی نەتەوەیی و شەرعی بۆ بزووتنەوەی کوردی چونکە ئەمەیان یەکێکە لە مەرجەکانی سەرکەوتنی بزووتنەوە و بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەم پرۆژەیەی ئسرائیلی –کە بە گشتی لەلایەن رۆژئـاواوە پیرۆزبـایی لێنــەکرا – پــشتگیری و پاڵپــشتی –هنــرری کیــسنجەر– ی زایــۆنیی بەدەستهێنا کە لە شوێنکی هەستیاردا بوو پێش ئەوەی ببێ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا و زۆر دژی مافی کورد بوو و رقی لە بـارزانی بـوو و تاکو ئێستاش هەر وایە. هەروەها سەرکەوتنی پـڕۆژەی ئـسرائیلی بەرژوەندی زیادتر لـە لایـەنێکی کـوردی تیـادا بـوو، پێموایـە –چـیاو شــرف خــان– کــە ئــەو کــات لــە بــەیروت بــوو و ناســراو بــوو بــە پەیوەندیـەکانی لەگـەڵ ئـسرائیلدا دەسـتی لـەو رووداوانـەدا هـەبوو، بـەرێگای پـڕۆژەی ئـسرائیل و خـۆ هـەڵقورتان لـە کێـشەی –شـڤان و ئاڵچی– دەیویست رۆڵێك بۆ خۆی دەستەبەر بکـات لـە سـەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردیدا. لێرەشدا شتێکی سوود بەخـشە ئـەو قـسەیەی خوالێخۆشــبوو –فــایق بۆجــاق–ی ســەرۆکی پــارتی دیمــوکراتی کوردستانی تورکیا (کە بە ئاگاداری عسمەت شـەریف دامـەزرابوو) بـە –عەبدولحەمید دەروێش–ی گووتبوو دووبارەی بکەینەوە کـە ئەمـەی دوایــی لــە دوا پــەرتوکی خۆیــدا نووســیویەتی، دەڵــێ:( نهێنــی دامەزراندنی حزب و سەرۆکایەتی من بپارێزە و بەبارزانی نەڵێن نەوەك –میت–ی تورکیا پێی بزانێت). لێرەشـدا ئاشـکەرایە کـەوا مەبەسـتی حەمید تەنها زیان گەیاندنە بە کەسـایەتی و سـەرکردایەتی بـارزانی و تاوانبارکرنی بـە دەسـتتێکەڵکردن لـە گـەل–میـت–ی تورکیـا بێجگـە لەمەش هیچ مەبەستێکی دیکەی نیە.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

جارێکی دیکه دووپاتی دەکەینەوە و دەڵێین پێویسته مەسەلەی –شڤان ئالچی– بەپێی بەردەست و راستیەکانی بارودۆخی ٣٢ ساڵ بەر لە ئێستا و ئاستی هزری ئەو کات بێتە هەڵسەنگاندن. لەوانەشە د. شڤان ئەو کات لەو راستیانە ئاگادار بێت, بێجگە لەوەی ئەو لەو بڕوایەدا بوو کەوا حزبی –ئالچی– لە دەستگیرکردنەکانەوە دەستی –میت–ی تێکەوتووە. بەپێی گەواهیدانی –شاکر– کە بە هاوسەنگ و راستگۆیی ناسراوە و یەکێکە لە دامەزرێنەرانی حزبی –ئالچی–, کاتێ شڤان ئەوی لە –قومری– لە کوردستانی عیراق بینیوە, پێی گووتووە:" تۆ لێرە چی دەکەی؟ لە سوریا لە گەل سەرکردایەتی راسترەو کۆدەبنەوە و پاشان لە -گەلالە– سەرهەڵدەدەنەوە و جارێکی دیکە لە زاخۆ !". بێگومان لە رێرەوی بابەتەکەماندا ئەم قسەیە زۆر واتای قووڵی هەیە. هەروەها دەبێ گەواهیدانی -عومەر تورهان– ئەندامی مەکتەبی سیاسی لە حزبی -ئالچی–دا پشتگوێ نەخەین, کە لە بەیروت لە سەر داوای ئەو چاوم پێکەوت و لە قسەکانیدا ئاماژەی بە هەندێك لەو مەزندە و راستیانە دا و جەختی کردە سەر رۆڵی نەگەتیڤانەی -ضیاء شرفخان– و پەشیمان بوو لەو پەیوەندییەی کە لە گەل-راسترەو–دا هەیبووە. بابەتی دیکەشی بۆ باسکردم کە پەیوەندیی بە مەسەلەی -پارە–و شتی لەو بابەتەوە هەبوو و نامەوێت ئێستا بیانخەمە روو. بەداخەوەش نەخۆشی خستبووی وگەڕایەوە تورکیا و لەوێ سەری نایەوە. پاش ئەوەی د.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

شڤان پارتە نوێیەکەی خۆی دامەزراند دوو هەڵوێست لە ناو حزبی -ئالچی-دا لە بەرامبەر ئەم سەریان هەڵدا. هەڵوێستێکی بابەتیانە کە مەسەلەکەی بە شتێکی ئاسایی دەبینی و داوای دروستکردن و هۆنینەوەی پەیوەندی و هاوکاریکردنی بە یەکەوەی دەکرد لە پێناو خزمەتکردنی گەلی کورد و دۆزە نەتەوەییەکەی, ئەم هەڵوێستە هەردوو کەسایەتی ناسراوی نەتەوەیی -شاکر- و -شەرەفەدین- لە پێشەوەی بوون و هەڵوێستەکەی دیکەش, -سەرهەڵدانی ئەو حزبەی- بە هەڕەشەکردن دادەنا لە سەر هەبوونی حزبەکەیان وسەعید ئالچی لە پێشەوەی بوو و پشتگیریی بۆ ئەم هەڵوێستەی خۆی لە دەرەوەی کوردستانی تورکیا دۆزییەوە بە تایبەتی لە لایەن -راستڕەو-ی کورد لە سوریا.

لە هەموو حاڵەتێکدا دوو هۆکار کۆتاییان بە ئاواتەکانی -د.شڤان- هێنا, یەکەمیان : تاوانی کوشتن . دووەمیان موکوڕی و رشتبوونە لە ڕادەبەدەرەکەی و پرۆژە ستراتیژیە پڕ خواستەکەی بۆ ڕزگار کردنی کوردستانی تورکیا لە کاتێکدا کە گۆڕەپانی کوردستان ئامادەی هەڵگرتنی دوو شۆڕشی کوردی لەیەك کاتدا نەبوو.

## بەردەوامکردنی ململانێ لەگەڵ ڕاستڕەوی نەتەوەیی:

لەو ماویەدا ململانێی هزری و سیاسی لە گەڵ ڕەوتی ڕاستڕەودا بەرەو بەرزبوونەوە ڕۆیشت بە تایبەتی پاش ئەوەی ئەو ململانێیە تێکەڵ

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بوو لەگەڵ کاری بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتەکانی دەسەڵاتی شۆڤێنی، لەو کاتەی کە ئێمە چ وەکو ئاڕاستە و چ وەکو سەرکردایەتی خەریکی قوڵکردنی ستراتیژیە نەتەوەییەکانمان و پێشخستنی بەرنامە و هەڵوێستە سیاسیەکان و بەرفراوانکردنی ڕێکخراوەکانمان و ئامادە کردنی جەماوەری کوردی بووین بۆ داخوازکردنی مافەکانیان، سەرکردایەتی ڕاسترەو خەریکی مانۆر و تێکۆشان بوون بۆ ڕاگرتنی ئێمە بە ڕێگای ڕووداو دروستکردن و هاندانی دەسەڵاتداران دژی ئێمە لە میانی تاوانبارکردنمان بە توندڕەوەی نەتەوەیی و ڕەفتارکردن لە گەڵ بەرهەڵستکارانی سوریا وەکو بیانوویەکی دیکە بۆ زیادکردنی ڕاونان و دەستگیرکردن و لێپرسینەوە دژی هەڤاڵانمان و دۆستانمان, هەروەها سەرکردایەتی ڕاسترەو بەردەوامی بە ئەرك و پەیوەندیەکانی خۆیدا لە گەڵ دەزگاکانی دەسەڵاتدا بە شێوەی پێشکەشکردنی –ڕاوێژکاری– سەبارەت بە کێشە ناوخۆییەکانی بزووتنەوەی کورد لە سوریا و نهێنی و تایبەتمەندیەکانی و خاڵە لاوازەکانی, کە ئەمانە هەموویان بوونە یاریدەر کەوا ڕژێم پلانەکانی خۆی جێبەجێ بکات لە پەرتەوازەکردن و دابەشکردنی بزووتنەوەی کوردی کە بە دوای یەکدا و تاکو ئێستاش ڕوودەدات. کار گەیشتە ڕادەی مەترسیمان لەوەی تەنگژەکە بگاتە ڕووبەڕووبوونەوەی ناوخۆیی لە نێوان کوردەکاندا و وروژاندنی ئاژاوە لە نێوانیاندا و بە کوردیکردنی ململانێ بە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

شـێوەیەکی یـەکجارەکی. لـە ئـەنجامی هەسـتکردنمانەوە بـە لێپرسراوێتی نەتەوەیی و نیشتمانی و بە مەبەستی دوورخستنەوەی مەترسیەکانی جێبەجێکردنی پیلانـەکانی دەسـەڵات، دەسـتمان کـرد بـە کـارکردن بـە شـێوەیەکی چـڕ وخەسـت بـۆ ڕۆشـنبیرکردنی هەڤاڵـەکانمان بـە ڕێگـای بەسـتنی کـۆڕ و کۆبوونـەوە و ڕێنماییـە ناوخۆییـەکان و ئاگادارکردنـەوەیان لـەوەی بکەونـە نـاو شـەڕێکی لابـەلاوە و جـەختمان لـە سـەر کێـشەی سـەرەکی کـرد کـە ئـەویش مافـەکانی گـەلی کـوردە، هـەروەها وامـان لـە توێـژە نیـشتمانیە بێلایەنـەکان کـرد کـەوا هەسـت بـەم مەترسـیانە بکـەن و بـە دڵێکـی فراوانەوە پێشوازیمان لـەو کۆمەڵانـەی –هەوڵـە خێرخوازەکـان– کـرد کە لێـرە و لـەوێ سـەریان هەڵدا بە تایبـەتی لـە شـاری قامـشلۆ کـە ئامانجیان هێورکردنەوە و گفتوگۆ و تێگەیـشتن بـوو، لـەو کەسـانەش پێکدەهاتن کە بەئەمەکی و نیشتمانپەروەری ڕاستگۆ ناسراو بوون.

## گەشتی ئەوروپا و زیندانی بەرلین:

لە هاوینی ساڵی ١٩٦٩ جارێکی تر بانگهێشت کراین بۆ ئامادەبوون لە کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لـە ئـەوروپا کـە بڕیـار بـوو لـە بـەرلینی ڕۆژئـاوا سـازبکرێت و لـە لایـەن سـەرکردایەتیەوە ڕاسـپێردرابووین بـۆ ئـەم ئەرکـە. پـاش ئـەوەی جـارێکی دیکـە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پەساپۆرتێکی قەڵبی سوریاییم بەدەست خۆ خست بە فرۆکە چوومە بەیرووت و بەرەو –پراگ– رۆیشتم و لەوێشەوە بە شەمەندەفەر بەرەو –بەرلین– ی پایتەختی کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی چووم بۆ ئەوەی لەوێوە بپەڕمەوە بەرلینی ڕۆژئاوا و هەڤاڵ –فەرهاد حاجۆ– و برادەرێکی دیکە لە کوردەکانی سوریا لەم گەشتەمدا یاوەرم بوون. دوای گەیشتنم بە خاڵی پەڕینەوە –فریدریك شتراسە–ی قایم و ناسراو بە توندی لە بواری پشکنین و چاودێری ئاسایشیدا، منیان دەستگیر کرد پاش ئەوەی ئاشکرا بوو کە پاسەپۆرتەکەم قەڵبە –وا دیار بوو بە ڕێکوپێکی ئامادە نەکرابوو– منیان خستە زیندانی –گۆڕەپانی ئەلێکزاندەر–ی بەناوبانگ لە ناوەندی شاردا, بەلاّم بێ ئەوەی یەك کەس سیمای زیندانەکە ببینێ و لە ژوورێکی تاریکی تاکە کەسیدا ١٢ ڕۆژ مامەوە و ناچاریان کردم کە نوسراوێك واژۆ بکەم کە نەمدەزانی ناوەرۆکەکەی چیە، دوای زانیم کەوا بڕیاری حوکمدانە لەسەر من بۆ ماوەی ٢ ساڵ و پاشانیش بەدەستەوەدانم بە ولاّتەکەم. لەو ماویەدا مانم لە خواردن گرت و تەندروستیم بەرەو خراپی چوو لە ئەنجامی ئەو نەخۆشیەی کە دووچارببوم و زۆر ئازاری دام تا کو پزیشکێك سەردانی کردم و پاشان لە ژەمەکاندا گۆشت و ماسیان پێشکەش دەکردم و وایان دەزانی من مانم گرتووە لە خواردنی گۆشتی بەراز, دوای ڕۆژی ١٢ ەکە ژمارەیەك لە پیاوانی ئاسایش بە یاوەری پاچەڤانێکەوە هاتن و –کە پاچەڤانەکە لە بەرلین کاری

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەکرد و کوردی دیمەشق بوو– و دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد لەسەر پاسەپۆرتەکەم و چۆن من لە بەیرووتەوە –پایتەختی ئیمپریالیەتی جیهانی– هاتوومە، بۆم شرۆڤەکردن کە من کێم و بۆچی هاتوومە و باسی ڕەوشی کوردەکانی سوریام کرد و چۆن پارتەکەمان بەیاننامەیەکی دەرخستووە پشتگیری لە ئەلمانیای دیموکرات دەکات بۆ چوونە نێو ئەندامیەتی دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا و ئێمە وەکو ئەوان سۆشیالیستین. ڕۆژی دواتر هاتن و بەرپرسێکی ڕێکخراوی –لێژنەی هاوکاری ئافرۆ–ئاسیایی–یان لەگەڵ پزیشکێك هێنابوو بۆ دڵنیابوون لە ڕەوشی تەندروستیم، پاشان پاساویان هێناوە کەوا ئەوەی ڕوویدا لە بەر ئەوە بووە چونکە وڵاتەکەیان لە لایەن ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیەوە بەرئامانجە و هەروەها داوای لێبووردنیان لێکردم چونکە ئەوەی ڕوویدا –بە هەڵە تێگەیشتن–بوو و پێیان گووتم کەوا دەمگەیەننە سنووری چیکۆسلۆڤاکیا بۆ ئەوەی بگەڕێمەو –پراگ– و ڕێگام پێنادەن بەو پاسەپۆرتە قەڵبەوە دەربازی بەرلینی ڕۆژئاوا ببم. منیان گەیاندە سنوور بەڵام پۆلیسی چیکیا نەیانهێشت بە بێ ڤیزە دەرباز بم، ئەو بەهارەی پراگ لەم بارەوە توندیەکی لە لێپێچینەوەدا بە خۆوە بینی بوو. جاریکی دیکە گەڕامەوە لای پۆلیسی ئەڵمانیا جانتام بە شانەوە و بە پیادە. یەکسەرە منیان خستە زیندانەوە و دوای کاتژمێریك ئەفسەری بەرپرسی دەرگای سنوور هاتە لام و ئینگلیزی دەزانی و داوای

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

لێبووردنی لێکردم لەوەی لە هاوکارانی ڕوویدا بەرامبەر بە من، پێی گووتم کەوا من لەم ساتەوە ئازادم بەڵام بە هۆی نەبوونی گەشتەکانی شەمەندەفەر لەم کاتەدا بۆ بەرلین من ئەم شەوە میوانی ئەوان دەبم و منیان گواستەوە ژوورێکی پاك و بەیانی منیان برد بۆ لای شەمەندەفەر و پارەی بلیتەکەیان بۆ دام. یەکێك لەو ڕێکەوتنانە ئەوە بوو جابی بلیت کە پیاوێکی بە ساڵاچووبوو پاش تەماشاکرنی بلیتەکەم لێی پرسیم گوتی تۆ خەڵکی کوێی؟ منیش ووتم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. خەڵکی کامە وڵاتی؟ سوریا، تۆ عەرەبی؟ نا..کوردم. لە تەنیشتم دانیشت و کاتێك کە گەنج بوو خزمەتی لە کوردستانی عێراق کردبوو بێ ئەوەی بزانم ئەرکی چ بووە لەوێ، دەستیکرد بە ناوهێنانی شار و شارۆچکە و ناوچە کوردیەکان لە گەڵ هەندێ ووشەی کوردی. گەیشتمە بەرلین و ڕووم کردە ناونیشانی هەڤاڵانی قوتابیمان لە کۆلیژی ئابووری -کارل سۆرس- هەڤاڵ -مەحمود شەویش-م دۆزیەوە کە بە سۆز و هەستی مەردانەی ناسراوە و بایەخ و داخی دەربڕی بەرامبەر بە گرتنم و پێی ڕاگەیاندم کەوا کۆنگرە بە هۆی من دواخراوە و ناڕەزایی بەرز بۆتەوە و یاداشتنامەیەك پێشکەش بە لایەنە نێو دەوڵەتیەکان و ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکان کراوە و ڕاگەیاندنی بەرلینی ڕۆژئاوا بە تووە مژوولە. ڕۆژی دواتر هەڤاڵ و برادەران منیان گەیاندە شوێنی کۆنگرە و ئەندامی سەرکردایەتی حزبی کۆمۆنیستی عێراق -موکەڕەم تاڵەبانی- کە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

نوێنەرایەتی حزبی خۆی دەکرد لە کۆنگرەدا لەگەڵیان بوو. لە ناخمدا بڕیارم دابوو کەوا نەبم بە کەرستەیەك بۆ دژایەتیکردنی ئەڵمانیای دیموکرات بە تایبەتی داوای لێبووردنیان لێکردبووم و ئازادیان کردبووم, ویستی خۆشم بە ئەنجام گەیاند و وێڕای ئامادەبوونی پەیامنێرەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان هیچ لێدوانێکم دژ بە ئەڵمانیا ڕانەگەیاند، لە یادمە –حەمرش ڕەشۆ– لە هەڵوێستی من پەست بوو کە پەیوەندیەکی مکومی لەگەڵ سکرتێری حزبەکەماندا هەبوو, لە هەمان کاتیشدا برادەری ئێمە بوو. وەلامی منیش بۆ هەر یەکێ کە پرسیاری لێکردبام دەربارەی هۆی دواکەوتنم لە کۆنگرە, ئەوە بووە کەوا من دەستگیر نەکرابووم بەڵکو بە هۆی نەخۆشیەوە لە نەخۆشخانە کەوتبووم, ئەمەش لە ئەنجامی پاڵنەری پرەنسیپی و هەستکردن بوو بە دۆستایەتی لە گەڵ بلۆکی ڕۆژهەلاتی پێشوودا. چاوم کەوت بە ئەندامانی کۆنگرە و نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و قوتابیە سوریایەکان لە هەڤالان و برادەران ماوەیەك و لەوێ مامەوە. وتووێژ لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراق قۆناغێکی باشی بڕیبوو پاش چەند ڕۆژێك – محەمەد سالح جومعە– و -ئەلکزاندەر ڤۆن شتاینبێرگ– کە پیاوێکی ئەڵمانیە پەی بە مەسەلەی کورد دەبات و هاوسۆزی خۆی لە بۆنە جیاجیاکاندا بەرامبەر بە کێشەی گەلی کورد دەردەخات بەبێ ئەوەی پاڵنەر و ئامانجاکەنی بزانین، هاتنە لام و هەردووکیان پێیان

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ڕاگەیاندم کەوا کۆنگرەیەکی جیهانی لە کۆڵن دەبەسترێت سەبارەت بە کێشەی –بیافرا–, پرۆگرامی کۆنگرەکە بابەتەکانی نەتەوە و گەلە جیاجیاکانی خوازیاری ئازادی دەگرێتە خۆ و شتێکی لەبارە من وەکو بەرپرسێکی بزووتنەوەی کوردی ئامادەی کۆنگرەکە بم, منیش ڕازی بووم و چوومە شوێنی کۆنگرەکە و دکتۆر جەمشید بەدرخان بە حوکمی زانینی زمانی ئەڵمانی لەگەلمدا بوو.

پاش گەیشتنمان ڕاستەوخۆ دکتۆر جەمشید بە ژمارەیەك لە کەسایەتی ئەڵمانی ناساندم, لە نێوانیاندا کابرایەکی ئیسرائیلی هەبوو ئامادەی کۆنگرەکە ببوو و داوای لێکردم کە شەو یەکتر ببینین. یەکسەرە گەڕامەوە شوێنی خۆم و بە هاوکارم وت من پاشەکشە دەکەم و لە کۆنگرەیەکدا بەردەوام نابم کە ئیسرائیلیەکان تیادا بەشدار بن, چونکە ئەمە دژ بە هەڵوێستی حزبەکەمان و پلانی سیاسیمانە و ڕێگای دەرچوونم لە هۆڵەکە گرتەبەر. بەلاّم ئەو دوام کەوت و ناڕەزایی خۆی لەم ڕەفتارەم دەربڕی, بەلاّم من پێم گووت تۆ دەتوانی بمێنیتەوە و ئازادیت. بەلاّم من بڕیاری خۆم داوە و مەسەلەکە کۆتایی هات. دەرچووم بە بێ ئەوەی بزانم بۆ کوێ دەڕۆم و بلیتی گەڕانەوەشم لە لای هاوکارم مایەوە، پاشان کە ماوەیەك بە پێ ڕۆیشتم و دوورکەوتمەوە لە شەقامدا ئەو دوام کەوت و گەیشتینە بەرلین بە بێ ئەوەی بە درێژایی ماوەی فڕینەکە قسەم لەگەڵدا بکات.

پاش چەند ڕۆژێك ئاشت بووینەوە و من سەرسوڕما بووم بەو

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کەســـایەتیە خۆشەویـــستە و ڕاســـتگۆیەی نـــەوەی بنەماڵـــەی بەدرخانیـــەکان و کـــوڕی –جـــەلادەت بـــەدرخان–. لـــە یـــەکێك لەسـەردانەکانم بـۆ لای ئـەو خـانمی دایکـیم بینـی –ڕەوشـەن خـانم بەدرخان– پاشان دیدار لە نێوانماندا چەندین جار دووبـارەو بوویـەوە و زۆر سوودم لە ڕۆشنبیری و زانیاری و هەڵوێستەکانی وەرگرت.

پاشەکشە کردنم لە کۆنگرەی کۆڵن زۆر هەراسـانی بـۆ جێهێـشتمەوە بێجگە لـە نـاڕەزایی ژمارەیـەك لـە هـەڤاڵانمان لـە بـەرلین هەنـدێکیان ڕاپۆرتیـان بـۆ بـارزانی نـەمر نووسـی بـە شـێوەیەکی زیـادەڕۆ و وێنەکـەیان وا کێـشابوو وەك بلێـی مـن بوومـە هـۆی ڕزگـار نـەکردنی کوردسـتان و دەرفـەتێکم لەدەسـت داوە کـە قـەرەبوو ناکرێتـەوە, پاشـان بـەرەو بـەیرووت چـووم دوای ئـەوەی دوو هەفتـە لـە پـراگ مابوومەوە.

-

## بەیانی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠:

گەیشتمە بەیرووت و هەواڵەکانی گفتوگۆی کـورد و حکومـەتی عێـراق لـە نێـو ناوەنـدە سیاسـیەکاندا بـڵاو ببویـەوو و ڕۆژێکیـان –مـستەفا جـاف– دوای لێکـردم بـە یەکـەوە لـە گـەل نوێنـەرێکی بـارزانی نـەمر بڕۆینـە سـوریا بـۆ سـەردانی میـشێل عەفلـەق و بـە ئامـادەبوونی بیرمەندی نەتەوەیی –مەنح ئەلسوڵح– ئەمەش لە بارەگای ڕۆژنامـەی –المحـرر–ی بـەیرووتی، بینـیم کـەوا سـەرەتایەکی گـۆڕان هەیـە لـە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەڵوێستی حزبی بەعسدا هەرچەندە سیماكانی ئاگایی و ناپەلەیی پێوە دیار بوو, تێگەیشتم كەوا سەركردایەتی بارزانی دەستی كردووە بە ئەنجامدانی گفتوگۆیەك لە قووڵاییدا لە گەل ناوەندەكانی حزبی بەعس و پێویست بە ئێولاندنی (قەناعەت پێهێنانی) –عەفلەق– دەكات بە هۆی كاریگەری زۆری لەسەر سەركردایەتیەكانی حزب لە عێراقدا. پاشان بەیانی١١ ئاداری ساڵی ١٩٧٠ ڕاگەیەنرا و گۆڕانێكی قوڵ و ڕووداوێكی بەرچاو بوو لە مێژووی عێراقدا و لە پەیوەندیەكانی عەرەبی كوردیدا و سەركەوتنێك بوو بۆ پرێنسیپەكانی ئاشتی و بەیەكەوە ژیان, بۆیە پشتگیری و پاڵپشتی وڵاتانی بلۆكی سۆشیالیستی -پێشوو– و یارانی ئاشتی و ئازادی لە جیهان و گشت دۆستانی گەلی كوردی بەدەست هێنا. بەیاننامەكە هۆكارێكی ئەرێیانەی پێكهێنا لە پێشكەوتنی بزووتنەوەی نەتەوەی كورد لەپارچە جیاجیاكانی كوردستاندا و تەكانێكی بە ڕابوونەوەیانی دا و گێڕانەوەی ئیعتیبار بوو بۆ مافی ڕەوای كورد لەگشت شوێنەكاندا، بەڵام لە سوریادا لە لایەن باڵی دیكەی حزبی بەعسەوە بە نارەزایەوە وەرگیرا و ركەبەرانی خۆیان لە بەغدا تاوانبار كرد بە دەستبەردان لە –خاكی عەرەبی– و –بەشداریكردن لە دروستكردنی ئیسرائیلی دووەم لە وڵاتی عەرەبیدا– و لە گۆڤاری –المناضل–ی ئۆرگانی ئەو سەركردایەتیە كە بە ئاڵۆزێكی سنوردار دانەكانی بڵاودەكرێتەوە نووسراوە:

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئاشکرایە ڕژێمی بەغدا بە هۆی -لاوازی- و پێویستیی بە ئاگربەست لە گەڵ کوردەکان بەم بەیانە مێژووییە ڕازی بووە. ڕۆژگار و ساڵەکانیش دەریانخست کە چۆن تاقمی دەسەڵاتدار بەیاننامەکەی لە ناوەڕۆکە ڕاستەقینەکەی خۆی بەتاڵ کرد و پاشگەز بوویەوە پاش ئەوەی ڕەوشە ناوخۆیی وسەربازی و داراییەکانی خۆی ڕێکخستەوە.

بانگهێشتێکی فەرمیم لە بارزانی نەمر پێگەیشت بە ڕێگای -مستەفا جاف- بۆ ئامادەبوون لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان, پاش ئەوەی بە هەڤاڵانم لە وڵاتدا ڕاگەیاند کەوا پێویستە یەکێك لە هەڤاڵانی سەرکردایەتی پێم بگا من سواری فڕۆکە بووم و بەرەو بەغدا بەڕێکەوتم و ژمارەیەك لە بەرپرسانی کورد لە پێشوازیمدا بوون لەوانەش -سامی عەبدولرەحمان-ی وەزیری کاروباری باکوور.

بۆ چەند ڕۆژێك لە بەغدا مامەوە لە میانیدا سەردانی لقی پێنجی پارتی و نووسینەگەی ڕۆژنامەی -التاخی-م کرد و کاتێ کە لە نووسینگەی -حبیب محمد کریم- بووم شاندێکی باڵیۆزخانەی سۆڤێتی بە سەرۆکایەتی باڵیۆز سەردانی کردن و ناساندن لە نێوانماندا روویدا و باڵیۆزەکە لە ڕەوشی کوردی سوریای پرسی و ئاگادار بوو لە مەسەلەی کورد.

بە ئۆتومبێل چوومە کوردستان و کاتێ گەیشتینە شارۆچکەی سەلاحەددین ئۆتومبێلمان لە ئاهەنگێکی گەورەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ڕاگرت کە گۆرانیبێژی بەناوبانگ -فوئاد

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەحمـــەد- گـــۆرانی تێـــدا دەچـــڕی, پاشـــان ســـکرتێری یـــەکێتی مامۆســـتایانی کوردســـتان هاتـــە لام و خـــواردنی ئێـــوارەی پێـــشکەش کردین و شەو لە مێوانـداریێتی خـۆی هێـشتینەوە, رۆژی دواتـر بـەرەو حاجی ئۆمەران بە ڕێکەوتین و چوومە لای بارزانی نەمر و لە تەنیشتی خوالێخۆشبوو شێخ بابۆ دانیشتبوو, بە گەرمی و بە ڕێزەوە لـە لایـەن ڕابـەری نەتـەوەی کـورد و یاوەرەکـانی پێـشوازی کـرام و منـی لـە میوانداری خۆی هێشتەوە لە خانوویەکی هاوبەند بە خانووەکەیەوە.

پـاش چـەند ڕۆژێـك داوای لێکـردم برۆمـە بەغـدا بـۆ بینینـی ئەنـدامی سەرکردایەتی نەتەوەیی و هەرێمی -عەبدولخالق سـامەڕائی- چـونکە بەعـسیەکان دەیانـەوێ ئاشـنایی لـە گـەڵ سـەرکردایەتیەکانی کـورد دروست بکەن و پەیوەندیەکانیان لە گەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و بە تایبەتی لە سوریا بهۆننەوە، لە گەڵ سـامی عەبـدولڕەحمان چـووم و لـەوێ لەگـەڵ -سـامەڕائی- لـە باڵەخانەی سەرکردایەتی نەتەوەیی کۆبوومەوە کە کابرایەکی ئەرێیانە بوو لە مافەکانی کـورد تێدەگەیـشت و وای دادەنـا ئـەوەی لـە عێـراق بەدیهاتبوو تاکە هەنگاوێکە و مافی کـوردە چارەنووسـی خـۆی وەکـو خۆی دەیەوێ دەستنیشان بکات. پێی ڕاگەیانـدم کـەوا ئـەوان لەمـەڕ دامەزرانـــدنی پەیوەندیـــەکانیانن لەگـــەڵ بزووتنـــەوەی کـــوردی بـــە شێوەیەکی گشتی وەکو هەنگاوێك بەرەو چەسـپادنی پەیوەندیـەکانی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی هـەردوو گەلەکـەدا، هـەروەها ئـەوان

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەیانــەویٚ پەیوەنــدی لەگــەڵ ئیٚمــە دابمــەزریٚنن و ئامــادەی پیٚشکەشکردنی پـشتگیری و پاڵپـشتین بـۆ حیزبەکـەمان بـە بـیٚ هـیچ مەرجیٚك و ئەویش ئامادەیە گویٚ لە پیٚداویستیەکانمان بگریٚت. بینـیم کـەوا گونجـاوترە وەڵامـم بخەمـە کـاتیٚکی دیکـە تـاوەکو دەرفـەتم بـۆ دەرەخسیٚ و گویٚ لە ڕای بارزانی نەمر و ڕای ئەو هەڤاڵـە دەبیٚـت کـە ڕەنگە گەیـشتبیٚتە گەلاڵـە. کاتیٚـك ئامـادەبووم سـەر لـە نـویٚ وتوویٚـژ بکـەم، پیٚـشکەوتنی نـاوخۆیی لـە بەغـدا هاتـە ئـاراوە دژ بـە بـاڵی – سامەڕائی– کـە دەسـتگیرکرا و پاشـانیش تیرۆرکـرا و مەزنـدە دەکـرا ببیٚت بە جیٚگرەوەی سەدام حوسـیٚن، بـە نەمانیـشی پڕۆژەکـە بـەرەو نەمان چوو.

تیٚگەیشتم کەوا بارزانی بە زیرەکایەتی سیاسی خـۆی و بـە تیٚڕوانینـی ووردی، خۆی سەپاندبوو بە سـەر حیزبـی بەعـسدا و ناچـاری کردبـوو هەڵویٚستی خۆی بەرامبەر بە کیٚشەی کورد بگۆڕیٚت، بەڵکو کاریگـەری دەکردە سەر ململانیٚی باڵـەکانی و پـشتگیری لـە بـاڵی –سـامەڕائی– دەکـرد کـە ناسـراو بـە کراوەیـی لەسـەر مەسـەلەی کـورد و لەسـەر بزووتنەوەی دیموکراتی لە عیٚراقدا، هەروەها بە هیٚمنانە کاری دەکـرد بۆ بەدیهیٚنانی نزیکی لە نیٚوان هەردوو بزووتنەوەی سیاسی کـوردی و عەرەبی و بەتینکردنی برایەتی و بەیەکەوە ژیانی هەردوو گەل.

## کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان:

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

لە سەرەتای تەموزی ١٩٧٠ کونگرەی هەشتەم بەسترا کە یەکەم کۆنگرەیە دوای وەدیهێنانی ئاشتی. کۆنگرەکە لە لایەن بارزانی نەمر کرایەوە بە ئامادەبوونی نوێنەرانی گشت قاعیدەی پارتی لە کوردستان و لە دەرەوە و نوێنەرانی پێشمەرگە و دەزگاکانی شۆرش و بە ئامادەبوونی میر کامەران بەدرخان و نوێنەرانی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزی بەعس و ورێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین و دەوڵەتە سۆسیالیستەکان و حزب و رێکخراوەکانی عێراقی, من و مەحەمەد نیۆ نوێنەری پارتیمان پارتی دیموکراتی چەپڕەوی کوردی بووین و تاکە حزبی کوردی بووین کە بە فەرمی بانگهێشت کرابووین بۆ کۆنگرەکە و وتەیەکی دوور و درێژم پێشکەش کرد کە جێی رەزامەندی ئامادەبوان (بڕوانە بەشی بەڵگەنامەکان), هەروەها شاندێکی رێکخراوی پارتیمان لە لوبنان ئامادە ببوو, وتەکەی منیش دوو ئارێشەی نایەوە: یەکەمیان رەوشی کوردم لە تورکیا و ئێران خستەروو, هێرشم کردە سەر هەردوو رژێمی کۆنەپەرست, ئەمەش بووە هۆی ناڕزایی دەربڕینی ئێران, دووەمیشیان لە کاتی شرۆڤەکردنم بۆ رەوشی کورد لە سوریا وتم حزبی بەعسی دەسەڵاتدار خۆی بەرپرسە لە ئازارەکانی گەلی کورد کە بووە هۆی نارەزایی دەربڕینی –مەحەمەد سلێمان– ی ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعس لە بەغدا و پێی وتم ئەوانەی فەرمانڕەوایی لە سوریا دەکەن حزبی بەعس نین بەڵکو ئێمە شەرعیەتی حزبی دەنوێنین.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پـاش تـەواوبوونی دانیـشتنی کردنـەوەی کۆنگرەکـە, ژمارەیـەك لـە کادیرانی پارتی هاتنە لام (من لە -دارسەلام- بووم لـە نـاوپردان کـە تیایدا ڕێککەوتنی ئاشتی لـە نێـوان بـارزانی نـەمر و سـەدام حوسـێن مـۆرکرا و دەکەوتـە بەرامبـەر شـوێنی بەسـتنی کۆنگرەکـە) و پیرۆزباییـان لێکـردم بـۆ ئـەو وتـە باشـەیەم بەتایبـەتی مەسـەلە کۆمەڵایەتی و هزری و سیاسیەکانی گرتبووە خۆ لەوانـەی لـە بیریـشم دێن -سەلیم ئاغۆکی، عەلی هـەژار، فـارس بـاوە و حەمیـد بـەرواری- هـەروەها ئێـوارە سـەرکردەی بـە توانـا و بیرمەنـدی سیاسـی خۆشەویست شەهید -ساڵح یوسـفی- بـۆ هـەمان مەبەسـت هاتـە لام هـەروەها -فـازل میرانـی- کـە ئـەو کـات گـەنجێکی قـۆز بـوو بـە کەسایەتیەکی پڕخواست جویێ دەکرایەوە و بایەخی بە خوێندنـەوە و ڕۆشنبیری دەدا.

شـاندێك لـە کۆمـەڵی -ڕاسـتڕەو- گەیـشتبووە کوردسـتان بـە بـێ بانگهێشتنی پـارتی بۆیـان و عبدالحمیـد دەروێـش و جەگـەرخوین لـە نێـوان شـاندەکەدا بـوون و ڕێگایـان پێنـەدرا بێنـە نـاو ناوچـەی کۆنگرەکـە, ئەمـەش ئاماژەیـەك بـوو کـەوا دان بـەوان نانرێـت وەکـو حزبێك کە نوێنەرایەتی شەرعیەتی ڕێکخستنی هەبێت لـە ململانێیانـدا لەگەڵ ئێمە، لە پەراوێزی کۆنگرەکەشدا ناسـینم لەگـەڵ مـیر خـانم - سینەم خان- ی کچی میر جەلادەت بـەدرخان و مێردەکـەی -سـەلاح سەعدوللا- م کرد و زۆر ڕووخۆش و بە سۆز بوون.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

له شەوی ئەو ڕۆژەدا ئوتومبێلێك له بارەگای بارزانی نەمر گەیشت بۆ ئەوەی لەسەر داخوازی خۆی بمانگەیەنێتە لای ئەو ، گەیشتینە ئەویٚ و پێی ووتم :"ئەو چەپڵە ڕێزانە درێـژەی کۆنگرەوانانـت بـەدڵ بـوو." پاشان ووتی"شێتە چۆن هێرش دەکەیتە سەر ئێران و ئەوانی دیکە و نوێنەرانی لـه نزیـك تـۆوەن؟" وەڵاّمـم دایـەوە "کـۆنگرەی پـارتی لـه کەشـی ئاشـتی و ئۆتۆنۆمیـدا و بەسەرپەرشـتی بـەڕێزتان بـۆ ئێمـه بۆنەیەکی گەورە بـوو، بۆیـه ئـازادی خۆمـان لـه قـسەکردن وەرگـرت، ناڕازی بوونی پێوە دیار بوو له بەرامبەر نـاوەرۆکی ووتەکـه بـەڵاّم بـه بیٚ ئەوەی بگاتە پلـەی هەراسـانی و مـاوە مـاوەش بـه دەسـتەواژەی شـێت ڕووخۆشـی دەنوانـد و دواتـر هـەر کاتێـك منـی ببینیایـه وای پێـدەگووتم، پاشـان خواحافیزیمـان لێکـرد و بـەرەو -دارسـەلام- ڕۆیـشتین. پاشـان تێگەیـشتم کـەوا -سـاڤاك- ناڕەزاییـەکی تونـدیان پێشکەش کردبوو بەرامبەر بە ووتەکەی من, داواکردنـی بـارزانیش بـۆ ئێمه به مەبەسـتی ئاگادارکردنـەوە و خـستنە نـاو کەشـەکان بـوو بـۆ ئەوەی له ئایندەدا ووریـایی بنـوێنین. هەڵبەتـه ئەگـەر ئـەم کـارە لـه ئەمڕۆدا ڕوویدابا، به پێی بیرکردنەوە و تێڕوانینی سیاسـی کـه ئـەمڕۆ هەمانـه، لـه پێنـاو پاراسـتنی ڕەوشـی شـۆڕش و بەرژەوەندیـەکانی هێرشـم نـەدەکردە سـەر ڕژێمـی ئێـران. بـۆ ئەمانـەتیش دەڵـێم کـەوا هەڤاڵ -محەمەد نیۆ-ی ئەندامی مەکتەبی سیاسیمان که من ئەو کات سـکرتێری حـزب بـووم, ئاگـاداری کردمـەوە لـەم بابەتـه بـه حـوکمی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

شارەزایی و هەستی سیاسیی بەڵام من گوێم پێنەدا. ئێرانیەکان بە دوای بیانوو دەگەڕان بۆ زیادکردنی فشار لەسەر بزووتنەوەی کوردی بە تایبەتی ڕێکەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ جێی خۆشحاڵی نەبوو بۆ سیاسەتە لاساییەکەیان دژ بە کورد و عەرەب و بە لێدانی هەڵوێستی ستراتیژیان دەژمێردرا کە بەستراوە بوو بە هەڵوێستی ئەمریکایی کە ئەمیش ئەم ڕێکەوتننامەی بە سەرکەوتنێك دانا بۆ سیاسەتی سۆڤێتی و بە پشتیوانیەك لە ڕژێمی عێڕاقی هاوپەیمانی سۆڤیەت کە دوایی دوو ساڵی دیکە پەیماننامەی دۆستایەتی و هاریکاری لەگەڵدا دەبەستێت.

## کۆنگرەی نیشتمانی کوردەکانی سوریا:

دوای ئەوەی سەرکردایەتی ڕاستڕەو هەستی بە لاوازی و پاشەکشە و دوورکەوتنەوەی جەماوەر کرد لە دەوروبەری و بە دوورەپەرێزیی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی کە ناوەندە سەرکیەکەی کوردستانی عێراقە، تاکتیکێکی نوێی بۆ خۆ دانا بە پێی پرەنسیپی –سوتانی خۆم و دوژمنم– پاش سەرشۆربوونیان لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان, سەرکردایەتی راستڕەو هەوڵی بەردەوام دا لەگەڵ هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و مانۆرێکی بۆ خۆی دارِشت بۆ ئەوەی پێشنیارەکەی بگاتە نووسینگەی بارزانی نەمر، ئەویش بریتی بوو لە داواکردنی کردنەوەی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

لاپەڕیـەکی نـویٚ و بڕیارەکـەی لـە دەسـت بـارزانی بێـت، هەنـدێك لـە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پـشتگیری پێشنیارەکەی سـەرکردایەتی ڕاستڕەویان کـرد بـە تایبـەتی -محمـود عوسمـان و عـەلی عەبـدوڵڵا- چونکە هەندێك لەوان لەگەڵ ئێمەدا کۆك نەبوون بـە هـۆی هەڵوێـستی نـەگۆڕمان بەرامبـەر بـە ڕەوتـی -٦٦- و هەنـدێك ئـەم هەڵوێـستە سیاسیەی ئێمەیان نەدەویست و هەندێکیش پێیـان وابـوو ئەمـە تاکـە شێوازە بۆ یەکگرتنی بزووتنەوەی کورد لە سـوریا، بۆیـە پاڵنـەرەکان زۆر بـوون و ویـستەکان یـەکبوون بـۆ ئاراسـتەکردنی زەبرێـك لـە دەسەلاٚتی هەڵکشاو و زیادبووی حزبمان.

بـارزانی نـەمر بـانگی کـردین و ڕای ئێمـەی وەرگـرت سـەبارەت بـە بابەتەکە و ووتی ئەوانـە (سـەرکردایەتی ڕاسـتڕەو) ئامـادەیی خۆیـان دەربڕیوە بۆ جێبەجێکردنی ئەوانەی من دەمەوێت, ڕای ئێـوە چـیە؟.

ڕای خۆمان پێڕاگەیاند کە بریتی بوو لە گومانکردنمـان لـە ڕاسـتگۆیی ئەم کۆمەڵەیە و شتەکە هەمووی مـانۆرە و لـە بنەڕەتـدا پێویـست بـە کات بەسەربردن ناکات لە گەڵ یاریەکانیاندا و ئێمە باش دەیانناسین.

پـاش ماوەیـەك جـارێکی تـر بـانگی کردینـەوە و هـەمان پرسـیاری لێکردین و پێشنیاری کـرد کـە بـە یەکـەوە بڕۆینـە بارەگاکـەی، واش ڕوویدا و من و محەمەد نیۆ و عەبدولحەمید دەروێش و جەگەرخوین لە گەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی (عەلی عەبدوڵلا, مەحمود عوسمـان و نوری شاوەیس) ڕۆیشتین بە بیریشم نایە ئایا سکرتێری پـارتی لـەویٚ

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بوو یان نا. بارزانی داوای کرد قسە بکەین، گوتم چی لای ئەو کۆمەڵە هەیە با بفەرموون بیڵێن. حەمید دەستی بە قسە کردن کرد و گووتی هەرچی پێشتر ڕوویداوە من هاتوومە بۆ ئێرە بۆ ئەوەی داوای لێبووردن بکەم سەبارەت بە هەر هەڵەیەك کە ڕوویداوە, ڕووی کردە بارزانی و گووتی:"ئەمە سەری من و ئەوە شمشێری تۆ من لە بەردەمتانم". ئێمە بارزانیمان بە سەرپشك دادەنا بۆ چارەسەری کێشەکانمان بە پێی ئەوەی کە ئەو بە گونجاوی دەبینیێ. دەستم بە ئاخاوتن کرد لەسەر داوای بەڕێزی و بە درێژی هەڵوێستەکانی ڕاستڕەو و ڕەفتار و تێڕوانیینەکانیان سەبارەت بە مەسەلەی کورد گێڕایەوە، جەختم کرد لەسەر هەبوونی ناکۆکی لە نێوانماندا چونکە ڕاسترەوەکان بڕوایان بە هەبوونی گەلی کورد لە سوریا نیە و پەیوەندی گومانلێکراویان هەیە لە گەڵ دەسەڵاتدارانی وڵات، هەروەها ساڵانێکە هەڵوێستی هاودژیان هەیە دژی شۆڕش و چوومە ناو قوڵایی شتە وردەکانەوە. جگەرخوین هەستی بە هەندێك ترس کرد و ووتی من نوێمە لەگەڵ -حەمید- دا و بەرپرسیاریەتی هەڵوێستەکانی پێشووی هەڵناگرم بەڵام ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی هەمووومان بەیەکەوە بڵێین -خوا لە کارەکانی پێشوو خۆش بێت- و بارزانی خاوەنی بڕیاری کۆتاییە, ئەگەر بیەوێت حزبەکەمان هەڵدەوەشێنینەوە و ئەگەر بیەوێت لە گەڵ چەپ خۆمان لێکدەدەین و دەبین بە یەك, جا با بەڕێزی فەرمان بدات. حەمید لەسەر قسەکانی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئـەو ڕازی بـوو. پاشـان بـارزانی نـەمر پرسـیاری لێکـردم چـی دەڵـێن سـەبارەت بەیـەك بـوونی هـەردوو حزبەکـە؟ وەڵامـم دایـەوە و ووتم کارەکە بەو ئاسانیە نیە. من دەتوانم زۆر قـسەی شـیرین بکـەم بـەڵام پەنـد لـە پـەیڕەو کردنیـەتی. دواتـر بـارزانی فـەرمانی دا کـەوا پەیوەنـدیمان بـەردەوام بێـت بـۆ تـەواوکردنی بابەتـەکان. ئێـوارەی هەمان ڕۆژ داوای کـردین بـۆ کۆبوونـەوە لـە گـەلی و گـووتی مەکتـەبی سیاسی فـشارێکی زۆری خـستووەتە سـەرم و داواتـان لێدەکـەم ئـەم بابەتە یەکلا بکەنەوە، ئێمەش ڕەفتـار ئاسـا ڕووبـەڕوو پێمـان گـووت ئێمـە نـاتوانین بڕیـار لەسـەر چارەنووسـی حزبەکـەمان بـدەین، ئێمـە هەردووکمان قەناعەتمان بە هەموو ئەو شـتانە نیـە کـە سـەرکردایەتی ڕاسـتڕەو دەیخاتـە ڕوو و ئەگـەر بەڕێزیـشت قەناعـەتت هەیـە کـەوا بەرژەوەندی لەوەدایە, لێمان گەڕێ بـا گوێبیـستی ڕای هەڤاڵـەکانمان بین لە ولاّتدا, ئەگەر ڕازی بوون با وابێت و ئەگەر نـاڕازی بـوون ئێمـە ئەم بەرپرسـیە مێژووییـە هـەڵناگرین. بـەڕێزی ڕازی بـوو و دووبـارەی کردەوە کەوا خۆی قەناعەتی بە یەکسانی لـە نێـوان دڵـسۆز و خـائین نیە و ئێوە لە ئێمە نزیکن و هەڵوێستە ڕاسـتگۆیەکانتان لەگـەڵمان لـە تەنگانەترین بارودۆخدا لە بیر ناکەین, بەڵام من لەو بڕوایەدا دام کـەوا ئـەنجام لـە بەرژەوەنـدی ئێـوە دەبێـت و لـە بەرژەوەنـدی ڕێبـازی سیاسیتان دەبێت. ڕێکـیش کـەوتبووین کـەوا لـە حاڵـەتی ڕازیبـوونی هـەڤالاّنمان لـە هـەر دوو لایەنەکـەوە ژمارەیـەکی دەستنیـشانکراوی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

یەکسان ئامادە بن بۆ بەستنی کۆنگرەی یەکگرتن، هـەڤالأنمان پـاش ئـەوەی محەمـەد نیـۆ بـە دریـژی ئـەوەی ڕوویـدابوو بۆیـانی باسـکرد کۆنفرانسێکیان بەست بە زۆرینە ڕەزامەندیان دەربڕی لەسەر پڕۆژەی کۆنگرەی یەکگرتن، لە دوا ساتدا سەرکردایەتی –ڕاسترەو– ویستیان مـانۆرێکی پیلانگێـڕی ئـەنجام بـدەن بـە پێـشنیار کردنیـان بەسـەر هەڤالأنمانـدا کـەوا نەڕۆنـە کوردسـتانی عێـڕاق و لـە جیـاتی ئـەوە بەیەکەوە سـەرکردایەتیەکی نـویَ پێکـدێنین و بـا سـەلاح بـەدرەددین ببیَ بە سکرتێری حزبی نوێی یەکگرتوو.
لە کـاتی دەستنیـشانکراوی کـۆنگرەی نیـشتمانی کوردەکـانی سـوریا ئامادە بووم چونکە لە ئەوروپا بووم و ئامـادەی کـۆنگرەی کۆمەڵـەی خوێنـــدکارانی کـــورد بـــووم کـــە لـــە ســـوید بەســـترا. ژمـــارەی دەستنیـشانکراوی هەریـەك لـەو دوو لایەنـە ئامـادە ببـوون, لەگـەڵ کۆمەڵەیەك لـە کەسـانی نیـشتمانپەروەری سـەربەخۆ. کۆبوونـەوە لـە نـاوپردان لـە ١٩٧٠/٧/٢٦ ئـەنجام درا و لـە لایـەن بـارزانی نـەمرەوە کرایەوە و هەوڵی دا جـۆرە هاوسـەنگیەکلە نێـوان هـەردوو لایەنـدا بـە دیار بخـات بـە مەبەسـتی گەیـشتن بـە یـەکگرتنێکی ڕاسـتەقینە و بـە بیرمە دوای تەواوبوونی ئیدریس بارزانی کە لە لای دانیـشتبووم داوای لێکردم کە بـە باوکـە بڵـێم کـەوا نابێـت یەکـسانی لـە نێـوان دڵـسۆز و خائینـدا بکرێـت. وەڵامـیم دایـەوە کـەوا پێموایـە پێویـست ناکـات قسەکانی –باوکە– ببڕم پاش ئەوەی کە ئێرە بە جێـدێڵیَ بـە درێـژی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

باسـی دەکـەین ئـەویش ڕازی بـوو, بـۆ ئەمانـەتیش دەڵـێم ئیـدریس هاوسۆز بوو لەگەڵ ئێمە و بڕوای نـەبوو بـەوەی کـە ڕوویـدا و هـەرگیز بـڕوای بــە ســەرکردایەتی –ڕاســتڕەو– نــەبوو. پاشــان دارا تۆفیــق دەستیکرد بە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکە تـا وەکـو سـەرکردایەتیەکی کاتی هاوبەش هەڵبژێردرا بە سەرکردایەتی کەسایەتی نیـشتمانپەروەر –دهــام مــیرۆ–. ڕەوشــەکە زۆر درێــژەی نەخایانــد و –ڕاســتڕەو– دەستیکرد بە خۆکێشانەوە پاش –ڕاکردنی– عەبدولحەمیـد دەروێـش و ڕەشید حەمۆ بۆ سـوریا بـە بـێ ئاگـاداری و دەسـتور وەرگـرتن لـە سـەرکردایەتی پـارتی کـە لـە بەغـدا بـوون و بـە پێـی ڕێککـەوتنێکی پێشوو لەوێ کاریان دەکرد لـە ژێـر فـەرمانی بەرپرسـانی ڕاگەیانـدنی پارتی، ئەم هەنگاوەش بە هەڵوەشاندنەوەی –پابەنـد بـوون–دانـرا و پاشـگەزبوونەوە بـوو لـەو پەیمانـەی کـە –سـەرکردایەتی ڕاسـتڕەو– دابووی، ئەمەش دیسان ئەوە دەگەیەنێت کەوا پـڕۆژەی یەکخـستن – وێـڕای ئـەوەی کـە ئەمـەی لـێ دەبینـرا– کەوتـە بـەر هەڵوەشـانەوە چونکە لایەنێك لەو دوو لایەنەی ئەم پڕۆژەیە دەرچوو.

بە درێژایی ئەو ماوەیە من لە دەرەوەی وڵات بووم و بەدواداچـوونێکی تێروتەسەلم نەبوو بۆ پێشکەوتنەکان و پاشماوەی ئەو ناکۆکیەکانـەی لـە دوای دەرچـوونی ڕاسـتڕەو هاتبوونـە ئـاراوە. هـەروەها ئاگـام لـە بڕیاری پاشەکشەی هەڤاڵانیشمان نەبوو تاوەکو ڕوویدا, ئومێدم وابوو پاش ئەو هەموو ماندووبوونە پڕۆژەکە ئامانجەکانی خۆی بـەدیبێنـێ و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بە تایبەتی چونکە بە ناوی بارزانی نەمرەوە بەند بوو و لە کۆتاییشدا ملکەچی بڕیاری هەڤالانم بووم و پابەند بووم بە ڕای زۆرینەی سەرکردایەتی.

لێرەدا بەو بۆنەیەوە پێویستە ڕوونبکرێتەوە کە ئەوەی ڕوویدا لاواز بوون بوو بۆ بزووتنەوەی کوردی لە سوریا و ئەمەش بە کردەوەی پیلانگێری نەخشەکێشراوی سەرکردایەتی ڕاستڕەوی کورد لە سوریا دروست بوو. لە لایەکەوە، مانۆر و دەستبەرداریەکانی لە پێش بارزانی نەمردا، بەڵگەی هیچ پێنەمان و ڕووخانی بەرنامەکەیەتی، لە لایەکی دیکەشەوە نەیدەتوانی هەبوونی حزبێکی بە هێزی ڕێکخستوو لەسەر گۆڕەپانی کوردی لە سوریا قبووڵ بکات، چونکە ئەمە لە ڕووی مێژووییەوە هاوڕکە لە گەڵ ئاراستە و ڕێباز و سیاسەتەکانی، بۆیەش هەموو شتێکی کرد لە پێناو لاوازکردنی بزووتنەوە و ئاراستەکردنی زەبرێکی ئازاربەخش بەو بزووتنەوەیە. ئەزموونەکەمان فێری کردین کە کۆکردنەوە ناکرێ لە نێوان بزووتنەوەیەکی کوردی ڕێکخستوو و بە هێزی خاوەن بەرنامەیەکی خەباتگێڕی لە سوریا و لە نێوان ڕاسترەوێکی کوردیدا کە خەمی سەرەکیی نزیکبوونەوە و ڕازیکردنی دەسەڵاتە، بە بێ ئەوەی تەماشای هاوڕکی ئەمە بکات لەگەڵ بەرژەوەندی و مافەکانی نەتەوەیی، ئەم دووە لە تواناییاندا نیە بەیەکەوە کۆببنەوە و بەیەکەوە بژین. ئەم هاوکێشەیەش دەربڕی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

تایبەتمەندی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیە لە سوریا تاکو ئێستاش کاری خۆی دەکات.

## قوتابیە لە بەرلینی ڕۆژهەڵات و کرێکارە لە بەرلینی ڕۆژئاوا:

لە میانی دانیشتنی کردنەوەی کۆنگرەی نیشتمانی کوردەکانی سوریا بارزانی نەمر ڕایگەیاند کەوا پێویستە دوو ئەندامی سەرکردایەتی لەهەردوو لایەنەکەوە لە کوردستانی عێڕاق بمێننەوە, من و محەمەد نیۆ لە لایەن خۆمانەوە و حەمید و ڕەشید حەمۆ لە لایەنەکەی دیکەوە, ئەمەش لە پێناو ئاسانکردنی کاری یەکگرتندا بە پێی ڕای بەڕێزیان، پاش ئەوەی گشتیان گەڕانەوە سوریا ئێمە لە ناوچەی ناوپردانماینەوە و و پاشان بارزانی نەمر داوای کردم و بە ڕوونەرمیی لەگەڵدا نواندم و گوتی :"وەرە لە بارەگای من دەوام بکە بەڵکو فێرە بنەمای حزبایەتی بیت." وەلامیم دایەوە:"ئەگەر تاکو ئێستا فێر نەبووبم هەرگیز فێرنابم" پاشان پێشنیاری کرد کە کار لە مەکتەبی سیاسی یان لە مەکتەبی ڕاپەڕاندن بکەم و جەختی لەسەر کردەوە, بەڵام من بە ئەدەبەوە ئەمەم ڕەتکردەوە و گووتم :"گەر من لە ولاتی خۆم بە کەڵکی خەبات نەیەم لێرەش هیچ سوودێك بە ئێوە ناگەیەنم. داوام لێکرد ڕێگەم بدات سەفەر بکەم بۆ ئەوروپا بۆ

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

تـەواوکردنی خوێنـدنم. وەکـو پرەنـسیپ نـاڕازی نـەبوو, بـەڵام داوای لێکردم کە زیاتر بیر لەو پێشنیارەی بکەمەوە. پاش نزیکـەی مانگێـك ڕێزدار –ئیدریس بارزانی–م بینی داوام لێکرد ڕێگام بدەن بـە سـەفەر کردن بۆ خوێندن و ئەمەش بڕیاری کۆتاییمە، پاش کـە گەڕایـەوە لای –باوکە– داوای کردم چوومە قەسریٚ و لەویٚ بە ڕێکەوت دکتۆر شڤان و ئەسـعەد خۆشـەویم بیـنین، دوای ئیـدریس زۆر لـە گـەلم دانیـشت ویـستی قەناعـەتم پێبێنـیٚ بـە مانـەوە و کـەوا ئەمـە هـەمان ویـستی باوکیـەتی، بـەلاّم نـەیتوانی لـە کۆتاییـدا داوای لێکـردم پابەنـد بم بـە کۆنگرەی نیشتمانی و نامەیەکی بۆ شەهید –سالّح یوسفی– پێدام بۆ هاوکـاری کـردنم لـە دابینکردنـی پەسـاپۆرتی عێراقـی و داواکردنـی کورسـیەکی خوێنـدن بـۆ مـن لـە حکومـەتی ئـەڵمانیای دیمـوکرات.

گەیـشتمە بەغـدا و پەسـاپۆرتم بەدەسـت هێنـا و بـەڵێنی کورسـی خوێنـدنیان پێدام، پـاش سـیٚ حەفتـە مانـەوە لـە نزیکـەوە زۆربـەی ئەندامانی سەرکردایەتی حزبی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـرانم ناسـین کـە لـە بەغـدا بـوون و هاوکـاری و پـشتگیریان لـە حکومـەتی عێـڕاق وەردەگرت.

گەیشتمە بـەرلینی پایتـەختی ئـەڵمانیای دیمـوکرات و پـاش ماوەیـەك سەردانی وەزارەتـی دەرەوەم کـرد سـەبارەت بـە مەسـەلەی کورسـی خوێندن, بەرپرسەکەی پێی ڕاگەیاندم کـەوا ڕەزامەنـدی وەرگـیراوە و داوای لێکردم فۆرمێکی پێویست پڕ بکەمەوە و کاغـەزە پێویـستەکانم

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

به دیار بخەم, منیش وام کرد. بـە مـەرجێك کـە دەسـت بـە خوێنـدن بکەم لە خولی داهاتوودا چونکە من دواکـەوتووم, لـەو ماوەیەشـدا کـە چاوەڕوانیم دەکرد چاوم بە هەڤالأنمان و هـەڤالأنی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان دەکـەوت و شـتێکی ئاسـایی بـوو کـەوا گەنگەشـە لەسـەر مەسەلەی سیاسـی و بابـەتی کۆنگرەی نیـشتمانی بکـەین. ڕۆژێکیـان دکتـۆر محەمـەد سـاڵح دهـۆکی کـە ئەنـدامی دەسـتەی بـەڕێوەبردنی ڕێکخراوی پارتی بوو لە ئەوڕوپا لە ماڵی خۆی میوانداریی کردم, لەوێ موقەددەم –عەزیز ئـاکرەیی–م بینـی کـە ئەنـدامی لیژنـەی ناوەنـدی پارتی بوو دیدارەکەشمان گەرم و گوڕ بوو, بـەلأم زۆری نـەبرد بـەرەو ساردی چوو بە هۆی وتووێژمان لەسەر کێـشەی فەلەسـتینی, چـونکە ئـاکرەیی هێرشـی کـردە سـەر فەلەسـتینیەکان و پـشتگیری لـە ئیـسرائیلیەکان کـرد و پـاش ئـەوەی کـە هەسـتی کـرد پاسـاو و بیانووەکانی لاوازن, گووتی:"ئەگەر ئەمە ڕای تۆیە تۆ ناکۆکی لەگـەل ڕای سەرکردایەتیمان و تۆ دژی ئێمەی, پاشانیش بۆ باسی سیاسـەت دەکەی ئەی نابێ پابەند بیت بە بڕیاری کۆنگرەی نیشتمانی." سـەرم سوڕما لە لۆجیکی بەرامبەرم بە هـەموو ئەدەبـەوە وەلأمـیم دایـەوە و گوتم :"ئەمە ڕای منە و مـن لـە حزبێکـی دیکـەم و ئەنـدامیش نـیم لـە حزبەکەی تۆدا پاشان لەو بڕوایەدام کەوا ئەمە هـەمان ڕای بارزانیـشە بۆ ئاگاداریشت کۆنگرەی نیـشتمانی بڕیـاری نـەداوە کـەوا ئێمـە نـابێ قسە لە سیاسەتدا بکەین". زیاتر تـوڕە بـوو و هەڵـچو بۆیـە بـە باشـم

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

زانی پاشەکشە بکەم و لە پێش دەرگا دهۆکی داوای لێبووردنی لێکردم و وێڕای پەیوەندی دۆستانەی پێشووم لە گەڵیدا, بەڵام دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان راپۆرتێکی دژی من پێشکەش بە سەرکردایەتی کرد. لە میانی بەستنی کۆنگرەی گشتی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی دەسەڵاتدار لە ئەلمانیا شاندێکی پارتی بە سەرۆکایەتی – حەبیب مەحەمەد کەریم– ئامادە بوون, داوام لە – شاخەوان نامق– کرد دیدارێکم بۆ لە گەلیدا دابین بکات, کە ئەمەی دوایی لە رەوشی من تێدەگەیشت. ئێوارە لە کافیتیریای هوتێلی حزبدا بینیم و بەرێز –عەزیز مەحەمەد– سکرتێری گشتی حزبی کۆمۆنیستی عێراق ئامادەبوو و گفتوگۆ لە نێوان من و –حەبیب مەحەمەد کەریم–دا دەستی پێکرد, پێی گووتم : بارزانی لێت تورەیە چونکە تۆ دژ بە بڕیاری کۆنگرەی نیشتیمانی دەجولێیەوە و هێرش دەکەیتە سەر پارتی. بە نا وەڵامیم دایەوە چونکە لە هەموو ئەلمانیای دیموکراتدا کوردی سوریای تێدا نیە و پاشانیش من هەڵەم بەرامبەر بە بارزانی و پارتی نەکردووە, کەریم جارێکی دیکە دووبارەی کردەوە و گووتی ئێمە لە زۆر سەرچاوەوە بیستوومانە تۆ دژ بە ئێمە کار دەکەی و ئێمە ناچارین ئەو بەخشەی خوێندنت لێببڕین. عەزیز مەحەمەد خۆی هەڵقورتایە ناودا و بە –کەریم–ی گووت: ئەوەی ویستان بەو خەڵکانەتان کرد و راتانگرتن لە کاری حزبی و پارتێکی نوێ و سەرکردایەتیەکی نوێتان بە سەر سەپاندن

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

زیاتر چی دیکەتان دەوێ, پاشان سەلاح گەیشتووەتە ئێرە بخوێنێ واتە پێشتر سەرکردە بوو ئێستا بووە بە قوتابی, تا ئەم جێگایەش هەر راوی دەنێن.

دوای دوو هەفتە لەو دیدارە لە لایەن سەرۆکی بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوەی ئەلمانیا بەرێز –شورات– بانگ کرام و داوای لێبوردنی خۆی پێڕاگەیاندم و وتی: هەرچەندە ئێمە رێز لە تۆ و لە هەڵوێستەکانت دەگرین بەڵام ناچارم ئەو بەخشەی خوێندنت لێبکێشمەوە لە سەر داوای سکرتێری گشتی پارتی, وەڵامیم دایەوە: دەمەوێ پێت بڵێم منیش لەم حاڵەتەدا ناچارم بپەڕمەوە بەرلینی رۆژئاوا– ئەو کات شەڕی سارد لە لوتکەدا بوو– لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا و بەرلینی رۆژئاوا وەکو کەلێنێکی ئاسایشی و پروپاگندەیی هاودژ بوو لە ناو قەدی کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات. زۆر پەست بووم لەوەی لە گەورەترین ئومێد بێبەش کرام ئەویش بەردەوامیدان بوو بە خوێندنم, هەروەها زۆر دڵگران بووم لەو هەنگاوەی حەبیب مەحەمەد کەریم هاوێشتی کە هیچ هەستکردنێکی بە لێپرسراوەتی تێدا نیە و تەنانەت هەستکردن بە مرڤایەتیشی تێدا نیە, چونکە بەخشەکە لە سەر کیسی دەوڵەتێکی دیکە بوو, پاشان –سوتام– دوای بێبەشکردنم لێی. دوای ئەمە جارێکە دیکە بۆم دووپات بوویەوە کەوا هەندێك ناوەند لە سەرکردایەتی پارتیدا خێریان بۆ بارزانی ناوێت و خەڵکی پاڵ دەدەن بۆ دژایەتیکردنی, بە پێی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

حـەزی خۆیـان کـار دەکـەن. هەنگاوەکـەی –حـەبیب– رەفتـارێکی هەراسـانە بـوو بەرامبـەر بـە مـن و مەبەسـتی پاڵـدانی مـن بـوو بـۆ وەرگرتنی هەڵوێستی دوژمنکارانە و کاردانەوەی نەرێیانە بەرامبەر بـە بارزانی و پارتی, بەڵام من لە –یاریەکـە– تێگەیـشتم و بـە ئێـشانەوە کپ و بەرۆژوو بووم.

بە خەمـەوە گەیـشتمە بـەرلینی رۆژئـاوا و هەنـدێك لـە هـەڤاڵانم بینـی داوام لێیان کرد کارێکم بـۆ بدۆزنـەوە بـۆ ئـەوەی بتـوانم بـژیم, بینـیم کۆمەڵەیـەك لـە هـەڤاڵانم لـە دەوروبـەرم کۆبوونـەوە و بڕیاریـان دا لـە نێـوان خۆیانـدا کومـەکی دراویـم بکـەن و نەیـەڵن کـار بکـەم وەکـو رێزگرتنێك لە لایـەن ئەوانـەوە بەرامبـەر بـە مـن, لەوانـەش: جەمـشید عەبدولکریم, عومەر وەتی, عەبدولرەزاق ئۆسیێ, شەمـسەدین حـاجۆ و حوسێن کیکی و هەندێکی دیکە کە ناویان نایەتـەوە یـادم. بـەڵام مـن هەر سوور بووم لە سەر گەڕان بەدوای کاردا تا وەکـو دۆزیمـەوە و لـە کارگـەی–لۆنـۆس– دەسـتم کـرد بـە ١٢ کاتـژمێر کـارکردن بـەڵام بـە کرێیەکی باش.

لـەو ماوەیـەدا هاوکـاری هـەڤاڵانم کـرد لـە بـەهێزکردنی رەوشـی رێکخستن لە ئەورووپا وئەنجامدانی کار و چالاکی لە بەرلینی رۆژئاوادا, کاتێك داهات کە لقی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئـەورووپا کەوتـە ژێـر کـۆنترۆڵی هـەڤاڵانمان لـەو شـارەدا. کونگرەیـەك بەسـترا و عـەلی شنگاری بەناوی پارتی ئامادە بـوو, بینـی زۆربـەیان لـە هـەڤاڵانمان,

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پێشنیارم کرد کە دەستەی کارگێڕی نیوە بە نیوە بێت هەرچەندە هەڤالانی لە ژمارەی پێویست کەمتر بوون, ئەویش رێزو ستایشی نواند بەرامبەر ئەو هەڵوێست و ئەمەکداریەی من بۆ شۆڕش و پارتی وێڕای ئەو هەمووەی لە گەل من ئەنجام درا. پێشی گووتم کەوا رەوشی راستتەقینەی ئێمە و هەڵوێستی ئێمە بە بارزانی نەمر رادەگەیەنێت دوای ئەوی هەندێك لە سەرکردایەتی(پارتی) ویستیان بیشێوێنن.

## گەڕانەوە بۆ بەیروت:

لە ساڵی ١٩٧٢ جارێکی دیکە لە بەیروت بووم لە سەر داوای هەڤالانم بەسووربوونەوە, لەوێ پەیوەندیم لە گەلیاندا کرد و لیژنەی ناوەندیمان کۆبوویەوە و کەوتە لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی ئەوەی روویدابوو و بریاردرا خۆمان ئامادە بکەین بۆ بەستنی کۆنگرەی سێیەمی حزب, ئەو کات گۆڕەپانی لوبنان مەڵبەندی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی عەرەبی بوو و شۆێنی دانیشتنی سەرکردایەتی شۆڕشی فەلەستینی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی و هەموو سەرکردایەتییەکانی فەلەستینی بوو, ئێمەش دەستمان کردەوە بە بزاڤ و دروستکردنەوە و بونیادکردنی پەیوەندییەکانمان لە گەل هێزە فەلەستینی و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

لوبنانیەکان لە بزووتنەوەی –فەتح– و بەرەی دیموکراتی و بەرەی میللی و کۆمۆنیستە فەلەستینیەکانەوە بگرە تاوەکو دەگاتە حزبی پێشکەوتنخوازی سۆسیالیست و حزبی کۆمۆنیستی لوبنان و رێکخراوی کاری کۆمۆنیست و هێز و رێکخراو و حزبەکانی دیکە. لە ماوەیەکی کورتیشدا پەیوندی و ئاشناییمان دروستکرد لە گەل زۆربەی کەسایەتیەکان و سەرکردایەتیەکانی ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی عەرەبی ئەوانەی لە سەر گۆرەپانی لوبنان هەبوونیان هەبوو. بزاڤ و کاری سیاسیشمان لە لوبنان لە ژێر ناوی رێکخراوەکەمانەوە دەکرد, کە لە بنەرِتدا لە رۆڵەکانی کەمەنەتەوەی کورد لە لوبنان پێکهاتبوو, بە خێری هەبوونی شەهید –کەمال جەنبلات– و دەسەڵاتەکەی و هاوسۆزیی بۆ کورد و پەیوەندیە دیارەکانمان لە گەلیدا (کە بە رەگەز کوردە) توانیمان دەستوور بۆ کۆمەڵەی رۆشەنبیری کۆمەڵایەتی کوردی وەرگرین –کە سەرپۆشی یاسایی–کۆمبەندی کاوە بوو پیش پەیدابوونی و بەدەستهێنانی دەستووری یاسایی خۆی.

بزووتنەوەی نیشتیمانی لوبنانی– سەریهەڵدا و ئێمە یەکێك بووین لە دامەزرێنەرانی و هەڤالٚ – مستەفا جومعە– نوێنەرایەتی ئێمەی دەکرد لە ئەنجومەنی ناوەندییدا و بۆ جاری یەکەم بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا لایەنێکی کوردی ئەندامیەتی دەزگایەکی بەرەیی بەدەست خۆی بێنی بە شێوەیەکی فەرمی و دانپیێنراو لە لەلایەن گشتیانەوە و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەشـداریی لـە گـشت دەزگـا سیاسـی و رۆشـنبیری و ئاسایـشی و سەربازییەکانیدا (لـە میـانی شـەڕی نـاوخۆدا) بکـات. هـەروەها ئێمـە بەشە داراییەکەی خۆمان وەردەگرت لـەو یارمەتیانـەی کـە لـە لایـەن رێکخراوی رزگارخوازی فەلەستینی و لیبیا و عیراقـەوە پێشکەش بـە بزووتنەوە نیشتیمانی لوبنانی دەکران, ئێمـە وەکـو لایـەنێك یەکسان بـووین لـە مافەکانمانـدا لـە گـەل لایەنـەکانی دیکـەی نـاو ئـەو بزووتنەوەیـە, وەکـو: حزبـی پێـشکەوتنخوازی سۆسیالیـستی بـە سـەرکردایەتی –کـەمال جـەنبلات– و حزبـی کۆمۆنیـستی لوبنـانی و رێکخـراوی کـاری کۆمۆنیـستی و بزووتنـەوەی –امـل– و ناسـرییە بێلایەنەکان و حزبی بەعسی عـەرەبی سۆسیالیـست بـە هـەردوو لقـە سورییایی و عێراقیەکەیـەوە و حزبـی نەتـەوەیی کۆمەڵایـەتی سـوریا و حزبـی کـاری سۆسیالیـست و یـەکێتی سۆسیالیـستی عـەرەبی و ریکخراوی دیکەش.

پەیوەندیـە سیاسـیەکانمان لـە گـەل ئـەو هێـز و لایەنـە لوبنـانی و فەلەستینیانەدا یەکەم ئـەزموونی بـوو لـە پەیوەندیـەکانی عـەرەبی– کوردیدا و یەکەم سەرەتاتکێکردنی کـورد بـوو بـە سـەر ئـەوە هـەموو ژمـارە زۆرەی هێـزە عەرەبیـە نیـشتیمانی ودیموکراتیەکانـدا. ئـەرکی ئێمەش روون و ئاشـکەرا بـوو ئـەویش شـرۆڤەکردنی رەوشـی کـورد و مەسەلەی کورد بوو بە هەموو لایەنەکانیەوە بۆ عەرەبە دۆسـتەکانمان و لە لایەنی بەرامبەریشەوە وەرگتنەکی بێ هاوتا هەبوو بۆ تێگەیشتن

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

و حاڵیبوون لە مەسەلەکەمان و هاوکاریکردن لە گـەل خەباتەکـەمان و داننان بە مافەکانمان, زیدەڕۆیش نیە گەر بڵێم ئێمە لە پێشەوەبووین لە ڕاکشاندنی پردە بەتینـەکانی نێـوان بزووتنـەوەی هـەردوو گەلـدا و توانیمــان کێــشەکەمان بــە شــێوەیەکی دروســت ڕوون بکەینــەوە و هاوپەیمانانی ڕاستگۆی بۆ بدۆزینەوە.

لە سەر ئاستی پەیوەندیە کوردیە فەلەستینیەکاندا ئێمە هەر لە دوای کۆنفرانـسی ١٩٦٥دا دەسـتمان بـەو ئاراسـتەیە کردبـوو, پەیوەنـدی سیاسیمان بۆ جاری یەکەم لە گەڵ نوێنـەر و کـادرێکی پێـشکەوتووی بزووتنەوەی –فەتح– دروست کردبوو لە ساڵی ١٩٦٦ لە دیمەشق کـە نـاوی –حوسـێن مـولکی– بـوو, پەیوەندییـەکانمان بـەردەوام بـوو و پەرەیسەند, دواتـر پەیونـدیمان لـە گـەل –بزووتنـەوەی دیمـوکراتی– دروست بوو پاش ئەوەی لە – بزووتنەوەی میللی– جیـا بوویـەوە لـە ساڵی ١٩٦٧ و پاش موحازەرە گرنگەکەی هـەڤاڵ –نـایف حەواتمـە– لە زانکۆی دیمەشق کە تیایـدا بـە ڕوون و ئاشـکەرایی ڕایگەیانـد کـەوا گەلی کورد مافی چارەی نووسینی خۆی هەیـە لـە هـەموو پارچـەکانی کوردستاندا  بە سوریاوەش. پاش ماوەیەك لە دانیـشتنم لـە بـەیروت, کــە ئــەو کــات بارودۆخمــان زۆر قــورس بــوو لــە ڕووی بژێویــەوە, چـاومکەوت بـە –جـەلال تالـەبانی– کـە هەڵوێـستی پێـشووی خـۆی گۆڕیبوو و ئاشت بووینەوە و بەیەکەوە دەستمانکرد بە بیرکردنەوە لە چارەنووســی گــەلی کــورد و چــۆنیەتی چارەســەرکردنی تەنگــژەی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بزووتنـەوەی سیاسـی کـوردی. دوای کـە بینیـشی رەوشـی بـژێویمان خراپــە لــە خۆیــەوە دەستپێــشخەری کــرد و هاوکارییــەکی دارایــی بەسوپاسەوە پێشکەشکردین و گوژمەکەش بەشی کڕینی –ئـامێرێکی چاپ– و –ئامێرێکی لەبەرگرتنەوەی– دەکرد و پێی گـوتم کـەوا ئـەم گوژمەیــە بەشــێکە لــەو هاریکاریــەی کــە لقێکــی بزووتنــەوەی نەتەوەییەکانی عەرەب لە کوێت پێشکەشی بە ئێمە کردووە.

دواتـر ئاشـناییم لـە گـەل سـەرکردایەتیەکانی بزووتنـەوەی بـەرگری فەلەستینی دروستکرد بە تایبەتی –یاسر عەرەفات، جۆرج حەبـەش، نـایف حەواتمـە، ئـەبو ئـەیاد(سـەلاح خەلـەف)، ئـەبو جیهـاد(خـەلیل ئەلوەزیر) و کەسانی دیکە و هەروەها سەرکردایەتیەکانی بزووتنەوەی نیشتیمانی لوبنانی و پەیوەندیەکانمان لەگـەڵ گشتیان بـەهێز بـوو و پەرەیــسەند. پاشــان بارودۆخمــان باشــتر بــوو دوای ئــەوەی کــە هاریکاریمــان لــە بزووتنــەوەی نیــشتیمانی لوبنــانی و رێکخــراوی رزگاریخوازی فەلەستینی وەرگرت. رۆژێکیان –سوهەیل یـەموت– کـە کەسایەتیەکی نیشتیمانی لوبنانییـە و دۆسـتی سـۆڤیەتە بانگهێـشتی کردم بۆ ماڵەکەی خۆی و منیش دوو هەڤاڵم لـە رێکخـراوی لوبنـان لـە گەل خۆمدا برد. منی بە رۆژنامەنووسێکی سـۆڤییەتی ناسـاند کـە لـە قاهیرەوە هاتبوو نـاوی – یـەفگینی بریمـاکۆف– (کـە دواتـر بـوو بـە وەزیری دەرەوەی روسیا) بوو، یەکسەرە بیریم خستەوە کە چۆن لـە سـاڵی ١٩٦٦ لـە میوانـداری هـەڤاڵانمان بـوو لـە قامـشلۆ بـۆ ئـەوەی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەرێگای ئەوانەوە بپەڕێتەوە کوردستانی عێراق و چاوی بکەوێ بە بارزانی, پاشانیش گەڕانەوەی لە پڕ و ناکاوی لە خاڵی پەڕینەوە بۆ بیاڤ (حقل) –رمێلان– لە جزیرە کە بسپۆرە سۆڤیەتیەکان بەرێوەیان دەبرد و دواتریش لە سەفەرەکەی پاشگەز بووە بە مەزندەی ئەوەی کەوا لە سوریا پێشکەوتن روودەدەن, ئەو کاتیش چەند رۆژێك پێش بزووتنەوەی شوباتی ١٩٦٦ ی –سەلاح جەدید– بوو. ئەمانەی هەموو بە بیرهاتەوە و گووتی بەرێگای بەغداوە سەفەری کرد و چەند جار چاوی بە بارزانی کەوتووە. دیدارەکە رێکوپێك بوو تا وەکو مەسەلەی حزبی کۆمۆنیستی چینی و–ماوتسی تۆنگ– کەشەکەی شێواند کاتێك لە قسەکانمدا گووتم ئەزموونی چینی شایستەی لێکۆڵینەوەیە بە تایبەتی بارودۆخی چین بە بارودۆخی گەلانی رۆژهەڵات دەچێ و بە تایبەتی گەلی کورد.

لەو ساڵانەدا دەستمانکرد بە دروستکردنی پەیوەندی لە گەل دەولەتە سۆسیالیستەکان بە رێگای بالیۆزخانەکانیان لە بەیروت کە پەیوەندی زیندوو و سوودمەند بوون و زۆر قازانجیشی لێکەوتەوە بۆ هەردوولا و بەتایبەتی بۆ ئێمە کە هەڵوێستمان ئاڵوگۆر دەکرد و گەنگەشەمان لە مەسەلەی کورد دەکرد و گوێمان لە سەرنج و پێشنیارەکانیان دەگرت سەبارەت بە هەڵوێستی گشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و مەسەلەی کوردی, توانیمان پەرەبسێنین بەو پەیوەندیانەمان تاکو گەیشتە پایتەختەکانی ئەو وڵاتانە بە رێگای

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ڕێکخراوەکـانی – هاوکـاری ئـافرۆ– ئاسـیایی– کـە بەدواداچـوونی پەیوەندییەکانی پێراسپێردرابوو لە گەڵ بزووتنەوەکانی رزگـاریخوازی نیـشتیمانی لـە جیهانـدا. هـەروەها بـە دەیـان بەخـشی خوێنـدنمان بەدەستهێنا و زیاتر لە (٣٠٠) قوتابی کوڕو کچ لـە کوردەکـانی سـوریا کە زۆربەیان لە چینە هەژارەکان بوون, ناردە وڵاتە سۆسیالیـستەکان و بڕوانامـەیان بەدەسـتهێنا لـە بـوارە جیاجیایـەکانی زانـستدا, ئەمـە بێجگـە لـە بەخـشە چارەسـەرییەکان بـۆ نەخۆشـەکان. بـە رێگـای ئێمەشەوە پەیوەندی لە نێـوان وڵاتـە سۆسیالیـستەکان و هەنـدی لـە پارتەکانی بزووتنەوەی کوردی لە تورکیا دروست بـوو و بولگاریـا بـە نـاوی گـشت ئـەو دەوڵەتانـە بـەم کـارە راسـپێردرابوو, بـە گـشتی سیاسەتی وڵاتە سۆسیالیستەکان پۆخت دەکرایەوە لـە دروسـتکردنی پەیوەنـدی و ناسـین و کۆکردنـەوەی زانیـاری و مەشـقی سیاسـی و پێـشکەشکردنی بەخـشی خوێنـدن, بـەڵام لـەو قۆناخـەدا دژی هـەر کارێکی چەکدارانە بوون لە تورکیا, بە گشتی وڵاتـە سۆسیالیـستەکان هـیچ هەڵوێـستێکیان دەستنیـشان نـەکردبوو بەرامبـەر بـە مەسـەلەی گـەلی کـورد و بزووتنـەوە رزگاریخوازەکـەی, بێجگـە لـەوەی کـەوا پابەندبوون بە سنوور و مەرجەکانی شەڕی ساردی ئەو کات و پابەنـد بوون بە دەرنەبڕینی هیچ هەڵوێستێکی کوردی کە دەوڵەتـەکانی سـەر بـە رۆژئـاوا, ئەوانـەی کوردسـانیان لـە نێـوان خۆیانـدا دابەشـکردووە وەکو تورکیا و ئێران تووشی هەراسان بکات, لەهـەمان کاتیـشدا ئـەم

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەوڵەتانـە کەوتبوونـە نـاو هاوپەیمانیـەتی لـە گـەل رژێمـە برژوایـە نەتەوەییـەکان بـە تایبـەتی لـە عێـراق و سـوریا و بـە –رژیمێکـی نیشتیمانی پێشکەوتخواز–دیان دادەنان, ئەمەش رێگا لە بەردەم هەر کرانەوەیەکی راسـتەقینە دەگرێـت بـە رووی بزووتنـەوەی کـوردی لـە هەردوو وڵاتدا.

وا دیـــارە ســـتراتیژیەتی ئـــەو دەوڵەتانـــە پـــشت بـــە پاراســـتنی بەرژەوەندیـەکانی خۆیـان دەبەسـتێ لـە چوارچـێوەی گـشتیدا بـۆ رووبەرووبوونـەوەی رۆژئـاوا. بـە هـۆی رەوشـی داتـەپیوی کـورد و بزووتنەوەکـەیان, وڵاتـە سۆسیالیـستەکان رۆژێـك لـە رۆژان هەسـتی بـەوە نـەکرد کـەوا بەرژەوەندیـە ئێـستاییەکانی پێویـست بـە پشتگیریکردنی ئەم گەلە و بزووتنەوەکەی دەکـات, هەرچـەندە ئەمـە هاودژە لە گەل پرەنـسیپە میتۆدییـەکانیان و تێڕوانینـەکانیان, حزبـە کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی تورکیا, عێراق, ئێران و سوریا هیچ رۆڵێکیان نەگێڕا لە هەڵسەنگاندنی هەڵویست بەرەو باشتر, بـەڵکو هەنـدێك لـەم حزبانە هانی وڵاتە سۆسیالیستەکانیان دا بۆ ئـەوەی لـە بزووتنـەوەی نەتەوەیی کـوردی –کۆنەپەرست– دووربکەونـەوە. ئەمانـە هـەمووی رێگایـان بەربەسـت نـەکرد لـەوەی ئـەو دەوڵەتانـە تێکـەڵی لـە گـەل بزووتنـــەوەی کـــورد بکـــەن بـــەڵام بـــە وریاییـــەکی زۆرەوە و بـــە ئامادەکرنێکی – بـەدەر– ەوە بـە رێگـای رێکخراوەکـانی هاوکـاری و دوستایەتی و پـشتگیرکردنی ئاراسـتەکانی کـە خوازیـاری برایـەتی و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئاشتی نەتەوەیین لەو وڵاتانەی کە کێشەی کوردیان تێدایە. شتێکی سەیریش کە هەرگیز لە میشکماندا دەرناچێت ئەوەیە کەوا بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە حوکمی بارودۆخەکەی دەوروبەری و هەڵوێستی هاودژانەی رۆژئاوا، خۆی بە بەشێك دادەنا لە سەنگەری سۆسیالیستدا کەچی وڵاتەکانی بلۆکی سۆسیالیست هەر ئاگایان لێ نەبوو و لە خەیاڵێکی دیکەدا بوون.

کەمەنەتەوەی کورد لە لوبنان دەگەیشتتە (٧٠) هەزار کەس کە بە دوو شەپۆل هاتبوونە لوبنان، یەکێکیان لە لە کۆنەوە لە سەردەمی ئەیوبیەکانەوە، ئەم شەپۆلەیان خەریکە داننەنێت بە رەسەنایەتی کوردی خۆی و کەوتووەتە بەر حوکمی – بەعەرەبوون–، دووەمیشیان لە تورکیاوە لە میانی ئەو چل ساڵەی دواییدا هاتوون (بە بینینی ساڵی ١٩٧٢) بێجگە لە هەندێك کۆمەڵێك لە کوردەکانی سوریا کە بە شێوەیەکی جێگیر لەوێ سەقامگیر نابن. کورد لە لوبنان کەمەنەتەوەیەکی هەژارە و رێژەی نەخوێندەواریی تێدا زۆرە و بونیاتی خۆبەستنەوەی خێڵەکی تێدایە. لە سەرەتادا هەوڵماندا مافی هاووڵاتیەتی بۆ رۆڵەکانیان بگەڕێنینەوە و ریزی کەسانی هۆشیاریان رێکخەین لە رێکخراوێکی خاوەن پێناسەی کوردی– لوبنانی و رۆڵیان هەبێت لە ژیانی سیاسی لوبناندا و توانیمان هەندێك لەو ئامانجە ویستراوانەمان بەدی بێنین بەتایبەتی لە رووی دامەزراندنی – رێکخراوی لوبنان– کە پەیوەندیەکی رێکخستنی و سیاسیی هەبوو لە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

گەل حزب لە سوریا و خاوەن بەرنامەیەکی نیشتیمانی لوبنـانی پـاراو بوو کە یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی نیشتیمانی لوبنـانی. بـەرداوامیش بـوو لـە پێـشکەشکردنی مەسـەلەکانی کەمەنەتـەوەی کوردی لە لوبنان لە سـەر هـەموو سـەکۆیەك و لـە هـەموو بۆنەکانـد و کەسایەتیەکی هێژای بۆ خۆ دروست کـرد کـە جێگـای رێـز وستایـشی ناوەنــدە دیموکراتیــەکانی لوبنــانی و فەلەسـتینی بــوو, هــەروەها بەشداریی لە پشتگیری و پاڵپشتیکردنی بزووتنەوەی کـوردی کـرد لـە هـەر چـوار پارچـەکانی کوردسـتان و چـەندین سـەکۆی راگەیانـدن و دەزگا رۆشەنبیری دامەزرانـد کـە گرنگترینیـان وەکـو باسمـان کـرد – کۆمەڵەی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی– و گۆڤاری – رۆهەلات– بوو کـە بـە زمـانی عـەرەبی و کـوردی دەردەچـوو و هەواڵـەکانی بزووتنـەوەی کوردی دەگرتە خۆی و گۆڤاری –رێبەر– بە زمانی کوردی و بە پیتـی لاتینی و ژمارەیەك لە پەرتووکی رۆشنبیری و میـژوویی سـەبارەت بـە کـورد و کێـشەی کـورد بڵاوکـردەوە و بایـەخی بـە هونەرمەنـدە کوردەکــان دا لـــە موســـیقاژەن و گورانیبێـــژەکان بـــە رێگـــای پێشوازیکردنیان و رێکخستنی ئاهەنگ بۆیان, ژمارەبـەك لـە نوسـەر و شـاعیرانی کـوردی میـوان کـرد و کـۆڕ وئێـوارە کـۆڕی بـۆ سـازکردن لەوانەش شاعیری کوردی ئێران –هێمن– و نووسـەری کـوردی سـوریا –بـەنگی– نووسـینگەکانی رێکخـراویش بـوو بـە شـوێنی گرتنـەخۆی نیشتیمانپەروەرانی کورد لە هەر کوێیەك بن, لەو هونەرمەندانـەی کـە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

رێکخـراو میـوانی کـردن و بایـەخی بـە کاروباریـان دا –شـرین مـەلا, هونەرمەند جوان حاجۆ و مەحمود عەزیز– بوون. لە ساڵی ١٩٧٠ دا و پاش بەیانی ١١ی ئادار لە میانی سەردانی بەرێز –مەسعود بـارزانی– بۆ بەیروت رێکخراو پێشوازییەکی گەورەی بۆ ئامـادەکرد و کۆڕێکی جەماوەری بەرفراوانی بۆ بەرێزی سازدا. کاتێك کە گەڕایەوە من لە – حاجی ئۆمەران– بووم بە دلخۆشییەوە باسی کرد و سوپاسی کردین بـۆ ئـەو دەستپێـشخەرییە و ستایـشی هـەڤالانی ئـەوێمانی کـرد, ئـەم دیدارەش ئەو کاتە روویدا کە من لە ژێر خیوەتی –ئـدریس بـارزانی– دانیـشتبووم لـە نزیـك حـاجی ئۆمـەران– و ئـەو هاتـە ژوورەوە و ئاشناییمان دروست کرد کە جاری یەکەم بوو یەکتر ببینین.

-

## سەرکردایەتی -راستڕەو– لە بەغدا:

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٣ عەبدولحەمیـد دەروێـش و جەگـەرخوین بـە ناوی سەرکردایەتی –راستڕەو– بە نهێنییـەکی رەهـاوە بـەرەو بەغـدا رۆیشتن. ئەو کاتیش پەیوەندیەکانی نێوان حکومەت و سـەرکردایەتی بزووتنـەوەی کـورد بـەرەو خرابـی دەچـوو و هەوڵـەکانی تیرۆرکردنـی بارزانی و سەرکردایەتیەکانی پارتی بەردەوام بوو, حکومەتیش لە خۆ ئامادەکرندا بـوو بـۆ لـە نـاوبردنی رێککەوتنامـەی ١١ی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠. بـەپێی هەنـدێ سەرچـاوەی کـوردی عێراقـی بـاوەڕپێکراوەوە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پەیوەنـدی سـەرکردایەتی –راسـتڕەو– لـەم گەشـتەوە دەسـتی پـێ نەکردبوو بەڵکو پێشتر دەستی پێکردبوو بە دروستیش لەو کاتەی کە عەبدولحەمیـد دەروێـش لـە بەغـدا بـوو بـە ڕێگـای یـەکێك لـە ئەلقـە لەگوێیـەکانی سـالۆخڤانی عێراقـی کـە بـە تاوانـە بێبەزەییەکانیـەوە ناسراوە, ئەویش -عەلی ڕەزا–یە و بە ڕەگـەز کـورد بـوو, هـەر ئـەویش بـوو یـاوەریی شـاندی – راسـتڕەو–ی کـرد لـە بەغـدا و پەیوەنـدی و چـالاکیەکانی ئـەوانی ڕێکخـست کـە لـە گفتوگـۆی ئاسایـشیدا چـڕ ببوویەوە و بەو پەیوەندیە روخساریانەی لە گەڵ سـەرکردایەتیەکانی حزبە کارتۆنیە کوردیەکانی سەر بە بەعس داپۆشرابوو.

جێگـای سـەرنجە کـەوا پەیوەندییـەکانی –راسـتڕەو– لـە گـەل دەزگاکـانی رژێمـی عێـراق هاوکـات بـوو لـە گـەل پەیوەندییـەکانی – عسمەت شەریف وانلی– لە گەل هـەمان ئـەو دەزگایانـەدا کـە خـەریك بوو ژیانی خۆی لە دەست بدات دوای ئەو هەوڵـە تیرۆریـەی دووچـاری هات لە سویسرا. شاندی –راستڕەو– گەڕایـەوە بـەیروت و لەوێـشەوە چـوونە سـوریا و عەبدولحەمیـد دەروێـش بـانگ کـرا و سـەرهەنگ – مەحەمـەد ناسـیف– ی سـەرۆکی لقـی دەزگـای ئاسایـشی نـاوخۆ لێپرسینەوەی لە گەڵدا کرد سەبارەت بە پەیوەنـدیی لـە گـەل رژێمـی عێراقدا, دەڵێن لـە وەڵامـدا گووتبـووی: "بـەڵێ لـەم بـارەوە بزاڤمـان کردووە وەکو لایەنگریکردن و پـشتگیریکردنی خـەباتی عـەرەبی دژی بزووتنـەوە کۆنەپەرسـت و جوداخوازەکـانی هـاودژی عـەرەب".

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەروەها گووترا کەوا ئەو گەشتە بە ئاگاداری یەکێك لە دەزگاکانی ئاسایشی سوریا کراوە بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیارییەکی چڕ و پڕ لە سەر بزووتنەوەی کوردی لە عێراق و هەڵوێستەکانی رژێم و مەسەلەکانی دیکە. بە هەر حاڵ –فایلی مەسەلەکە داخرا– هەتاهەتایە. جارێکیش –عومەر لەعلیٚ– ( کە کەسێکی نیشتیمانپەروەری سوریایە و رۆژێك لە رۆژان برادەری راسترەوەکان بوو) لە جەگەرخوینی پرسی دەربارەی ئەم بابەتە کە چۆن تۆماری نەتەوەیی خۆی پیس کرد بەو پەیوەندییەی دژ بە بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوەی کورد لە عیراق. وڵامی جەگەرخوین وا بوو: "لە لایەن عەبدولحەمیدەوە پەلکێش کرام و تێوەگلام و کات بەسەرچوو، هەروەها من بە شێوەیەکی دیکە لە بابەتەکە تێگەیشتبووم" وەڵامی خۆیشی تەواو کرد بە گێڕانەوەی بەسەرهاتێك بە شێوەی نوکتەیەك کە لێرەدا ناکرێ باسی بکەین. هەروەها دەڵێن شاندەکە لەو سەردانەدا گوژمەیەکی زۆری پارەی (حەلال و زەلال)ی بەدەست هێنابوو. تاهیر سفۆك ئەندامی سەرکردایەتی ڕاسترەو (لە گەڵ ڕەشید حەمۆ و عەزیز داود کە هەردووکیان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بوون و پێش چەند ساڵێك لێیان جیابۆونەوە) لە دیدارێکیدا لەگەڵ گۆڤاری مەتین ژمارە ٦٩ لە تشرینی یەکەم ساڵی ١٩٩٧ دەڵێ :"بەڕێز حەمید دەروێش لە لوبنان دادەنیشت و ئاڵۆزی کەوتبووە نێو لێژنەی ناوەندی حزب بە هۆی سەردانەکەی حەمید دەروێش بۆ بەغدا کە ئەو

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کات پەیوەندیەکانی نێوان حکومەتی عێراق و شۆڕشی کوردی شێوا بوو و هەر کارێکی لەم جۆرە بە خیانەت کردن دادەنرا لە بەرامبەر کێشەی کورد و ئابڕووچوونی حیزبەکەمان بوو بە تایبەتی پاش پیلانگێڕی بەغدا لەسەر ژیانی بارزانی".

بە هۆی بارودۆخی قورسی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و دابەشبوونی گەلی کورد لە نێوان چوار دەوڵەتدا و هەماهەنگی نێوان ئەم دەوڵەتانە و بە هۆی کردەوە توند و تیژەکانیان و سیسەتی برسی کردن و بگرە لەناوبردنیش, هەندێك لا لە لایەنەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کورد ڕێبازی هۆنینەوەی پەیوەندیان گرتەبەر لە گەڵ هەندێ لەو ڕژێمانەی کوردستانیان دابەش کردبوو بە مەزندەی ئەوەی دەتوانن هاوڕکیە لابەلایەکانی نێوان ئەو ڕژێمانە بقۆزنەوە، ئەم دیاردەیەش زیاتر لە لای بزووتنەوەی کورد لە عێراق بەدیارکەوت لە هۆنینەوەی پەیوەندیەکان لە گەڵ ڕژێمەکانی ئێران و تورکیا و سوریا، بزووتنەوەی کورد لە ئێرانیش پاڵی خۆیان دەدایە ڕژێمی بەغدا، بزووتنەوەی کورد لە تورکیاش پاڵی دەدایە ڕژێمی سوریا. بە داخەوەش لە ڕووەوە هیچ هەماهەنگیەك لە نێوان لایەنە کوردیەکاندا نەبوو لە کاتێکدا هاریکاری نهێنی لە نێوان چوار ڕژێمەکەدا هەبوو لە پێناو گرتنەخۆی بزووتنەوەی کوردی و پاکتاوکردنی بە ڕێگای چوونە ناو ریزەکانیەوە بە شێوەی ئاسایشی و سیاسی، زۆر لە لایەنەکانیش لە سەر کیسی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

سەربەخۆیی و ڕاستگۆیی و یەکێتییان باجێکی زۆریان دا، هەروەها ئەو ڕژێمانە پەیوەندیەکانیان قۆستەوە بۆ گەرمکردنی دوژمنایەتی لە نێوان بزووتنەوەی کورددا و هاندانیان بۆ شەڕی کورد–کورد و بۆ ناوزڕاندنی لایەنێك بە ڕێگای لایەنێکی دیکەوە. ئەوەی جێی پێکەنینیشە هەندێك لە لایەنە کوردیەکان کە پەیوەندی گومانلێکراویان دروست کردبوو لەگەڵ ڕژێمێك یان زیاتر لەو ڕژێمانەی کوردستانیان داگیر کردووە, نەیارانی خۆیان تاوانبار دەکرد بە تێوەگلان و دروستکردنی پەیوەندی لە گەڵ ئەو ڕژێمانەدا, هەر وەك چۆن –ڕاستڕەو– وایدەکرد, بۆ نموونە کاتێك بەشداریی لەو هەڵمەتە هیستریاییەدا کرد کە دەزگاکانی ئاسایشی سوریا دژی حزبەکەمانی ڕێکخستبوو و تاوانباری دەکرد بە ڕەفتارکردن لەگەڵ ڕژێمی عێراق بە بیانووی ئەوەی کە ڕێکخراوەکەمان پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوی بەعس لە لوبنان هەیە کە ئەو کات ئەندام بوو لە بزووتنەوەی نیشتمانی لوبنانی. لە هەمان کاتدا خۆی پەیوەندی نهێنی لە گەڵ ڕژێمی عێراق هەبوو و پارەی لێوەردەگرت. ئێمەش دەمانزانی کەوا ئەو هەڵمەتەی سوریا بۆ سەر ئێمە لە ڕووی –شەڕی دەروونیەوەیە– بۆ وروژاندنی ئاژاوەیە لە ناو بزووتنەوەی کوردیدا و مەبەستی ڕێگاگرتنە لە خەباتی بەردەواممان و دەسەڵاتی هەڵکشاومان لە نێو جەماوەری کورددا و ڕێزلێنانی لایەنەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی عەرەبی لە ئێمە. بە داخەوەش دەڵێم چەندین لایەنی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

نەتەوەیی کوردستانی -پەلکێش- کرانە نێو ئەم یاریە جا چ بە نەزانینەوە بێت یان بە دارشتنێکی پێشوەختانەوە.

شتێکی سوودمەند و پێویستە کەوا ئەم کێشەیە -پەیوەندیەکان لەگەڵ ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان- لە میانی کاری گۆڕانکاریدا لە سەرووی خشتەی کاری خەباتگێڕانی کورد بێت ئەویش بە هەڵسەنگاندن و سوود وەرگرتن لە وانەکانی و دۆزینەوەی جێگرەوە بۆی لە ڕووی ڕووخسار و ناوەرۆکەوە. بە تایبەتی ئەو ڕژێمانە هێشتان لە ڕوانگەکەی - بەڕێوەبردنی تەنگژەی کوردی- کار دەکەن و لە دیدیی ئاسایشیەوە رەفتار لە گەڵ کێشەی کورد دەکەن بە ڕێگای دەزگا سالۆخڤانیەکانیەوە، هەروەها سروشتی پەیوەندیەکان بە شێوەی کۆن لە کۆتاییدا دەکەوێتە ناو بەرژەوەندی ئەو ڕژێمانە چونکە یەکەم جار ئەوان لە ژووری داخراودا دەسووڕێنەوە و بە بێ ڕاگەیاندنی هاوبەش بەڵکو لە یەك لایەنەوە ڕادەگەیەنرێ -ئەویش بە زۆری لایەنی کوردیە- لەو کاتانەی کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستانی زیاتر پێویستی بە پەیوەندیە سیاسیەکانی ڕوون و تەنك و بەشداری بەرفراوانترین توێژەکانی میللی هەیە لە دروستکردنی بڕیارە چارنووسیەکان و پاراستنیان و بەرگریکردن لێیان.

ئێمە هەر لە سەرەتاوە ڕێبازێکی نوێمان گرتە بەر لە پەیوەندیە سیاسیەکانماندا لەسەر ئاستی نیشتمانی سوریایی و هەرێمی, ئەویش

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

جـەخت کـردن بـوو لـە سـەر هێـزە شوڕشـگێڕیەکان و بزووتنـەوە دیموکراتیخوازەکـــان و ڕێکخـــراوە ناحکومیـــەکان و هێزەکـــانی ڕزگاریخوازی عەرەبی، هـەر لـە سـەرەتاوەش ئاراسـتەمان نەتـەوەیی بـوو لـە شـرۆڤەکردنی کێـشەی کـورد و عەدالـەتی ئـەو کێـشەیە و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیەکانی گشت پارچەکان، ئەمەش بووە هۆیەك لـەو هۆیانـەی کـەوا بکەوینـە بـەر ئامـانجی ناحـەزانمان, چـونکە پرۆژەیـەکی ڕێـك وپێـك و بەرنامەیـەکی ڕوون و تـەنکمان هـەڵگرتبوو سەبارەت بە کێشەی نەتەوەییمان.

## کۆمبەندی کاوەی ڕۆشنبیری کوردی:

سێ هۆ وایلێکردین بیر لە دامەزرانـدنی کۆمبەنـدی کـاوەی ڕۆشـنبیری کوردی– لە بەیرووت بکەینەوە هۆی یەکەم مێـژوویی بـوو پـەیوەسـت بوو بە کەلتوور و ڕابردووی بزووتنەوەی کوردی لە سوریا کە کاریگـەر بوو بە –قوتابخانەی بەدرخانیەکان– ئەمیش بریتی بوو لە ڕێبـازێکی نەتەوەیی کە دوو ڕووی هەبوو. ڕوویەکی سیاسی: شـۆڕش و بـەرگری چەکداری و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن بەخۆوەدەگرێت لـە پـاڵ کـاری ڕێکخـستنی و دامەزرانـدنی کۆمەڵـە و ڕێکخـراوی سیاسـی. ڕوویـەکی ڕۆشنبیریش: دەرخستنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و پـەیڕەوکردنی پیتـە لاتینیەکان لە ئەلف و بێی کوردیـدا، چـاپکردنی پـەرتووك و کارەکـان

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دەرباەی مێژوو و وێژە و شیعر و فێرکردن و بەرفراوانکردنی زمانی کوردیی بە خۆوە دەگرت. ئەو قوتابخانەیە کاریگەری لە مێژوومانـدا کـرد و مـۆرکی تایبـەتی خـۆی خزانـدە بونیـادی بزووتنـەوەی نەتـەوەییمان و حزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان لـە سـوریا و بەرنامـە نەتەوەیی و دروشمی یەکگرتنەکەی و مۆرکە ڕۆشنبیریەکەی.

هـۆی دووەم بابـەتی بـوو, لـە میـانی ئـەزموونی یەکـەممان لـە پەیوەندیەکانماندا لە گەڵ لایەنەکانی بزووتنەوەی نیشتمانی عـەرەب سەریهەڵدا و ئەو کات بەدیارکـەوت کـەوا کـەلێن و بۆشـاییەکی قـووڵ هەیە لـە ڕووی نـەبوونی هـیچ سەرچـاوەیەکی نووسـراو سـەبارەت بـە گەلی کورد و کێشە نەتەوەییەکـەی و مافـە ڕەواکـانی بـە تایبـەتی بـە زمانی عەرەبی کە ئەمەش بێئاگاییەکی عەرەبیی دروسـت کـرد لەمـەڕ ڕاستیەکانی کێشەی کورد کە هەنـدێ جـار بـەبێ مەبەسـت زیـانی بـە خـەباتی گـەلی کـورد دەگەیانـد لـە لایـەن هەڵبـژاردەی ڕۆشـنبیری عەرەبی.

هـۆی سـێیەم سیاسـی بـوو، ئـەویش بەرنگاربوونـەوەی نـسکۆی نەتـەوەیی بـوو کـە ڕووبـەرووی شۆڕشـی ئـەیلول و بزووتنـەوەی نەتەوەیی کوردی لە عێراق و سەرکردایەتیە مێژووییەکـەی بوویـەوە و بە کارەساتێك دادەنرا بەسەر گەلی کورد لە گشت شوێنێکدا, ئەمـەش پاڵی نایین بەرەو بزاڤ کردن و ڕاگەیاندن کەوا گەلی کورد کۆتـا نـەبووە و بزووتنەوەی کوردی کۆتایی نەهاتووە بەڵکو لە شەڕێکی ناهـاوهێزدا

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دۆڕا و تاكه چەكیشمان لەو كارەماندا ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕۆشـنبیری بـوو. لـە جەرگـەی بـەیرووتی ناوەنـدی ڕۆشـنبیری عـەرەبی و و بـەم شێوەیە بە كۆششی هەڤالآنمان لە ئەوروپا و بـە دروسـتیش ئەوانـەی كـە لـە –یـەكێتی سـۆڤیەتی پێـشوو– بـوون –كۆمبەنـدی كـاوەی ڕۆشنبیری كوردی–مان لە بەیرووت دامەزراند لە ١٤ ی نیسانی سـاڵی ١٩٧٥، وەكـو باسیـشمان كـرد, پـێش ئـەو –كۆمەڵـەی ڕۆشـنبیری كۆمەڵایەتی كوردی– بە چەند سـاڵێك پێـشتر دامـەزرابوو و نۆبـەرەی بەرهەمەكانی پەرتووكی –قارەمـانی كـوردی سـۆڤێتی– –لیتـیكین– بوو، لێرەشدا دەبیٚ من ئەوە ڕوون بكەمەوە كـەوا  لـە ڕاسـتیدا ئێمـە موغامەرەمان دەكرد لەو پرۆژەیەدا بەو ڕەوشـە سـەختەمان لـە ڕووی دارایییەوە و لەو كاتـەی كـە شـەڕی نـاوخۆیی بـەردەوام بـوو و ڕۆژانـە ڕووبەڕووی مردن دەبووینەوە كاتێك بـەرەو چاپخانە دەڕۆیـشتین بـە مەبەستی پێداچوونەوە و بە دواداچوونیدا. دیسان لێرەشدا پێویـستە ئاماژە بە ڕۆڵی برادەر –جۆرج حـداد– خـاوەنی –دارالكاتـب– بكـەم كە باشترین پاڵپـشتمان بـوو لـەو ئەركـە ڕۆشـنبیریەماندا و بەشـداری كردین لە خۆشـی و ناخۆشـیدا و لـە گـەڵ ئێمـە نـەبوونی و نـەداری و دڵـەڕاوكێیی چەشــت. بــە خێـری ویـستە پۆلایینیەكەمانــەوە گـشت ئاسـتەنگ و مەترسـیەكانمان بـڕی تـا ئـەو پلەیـەی ئـەمڕۆ كۆمبەنـدی كـاوە بێجگــە لــە بــەیرووت لــە ئــەوڕوپا و كوردســتانیش هەیــە و بەرهەمەكانی لە گشت شوێنێك بڵاو دەكرێنەوە بە تایبەتی لـە وڵاتـە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

عەرەبیەکاندا و لە پەرتووکخانە و پیشانگا ناوخۆیی و جیهانیەکانی جیاجیا نمایش دەکرێن.

کۆمبەند ڕێگای بە خۆنەدا کە تەنها بە دیلی –چاپ و دابەشکردن– بمێنێتەوە یاخود تەنها ڕێگای بازرگانی بگرێتەبەر (چونکە پەرتووکی کوردی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا تاکو ئێستا زەرەرمەندە) بەلکو ڕێگای ڕاستی خۆی بڕی بە ئەنجامدانی ئەرکی ڕۆشنبیری جیاجیا و لە گۆڕەپانی ئەوروپا و کوردستان دەستیکرد بە سازدانی کۆڕی زانستی و ڕۆشنبیری و سیاسی و هزری و ژمارەیان گەیشتۆتە دەیان کۆڕ هەروەها ئەنجامدانی ڤیستیڤالی ڕۆشنبیری و بایەخدان بە هونەر و مۆسیقا و فۆلکلۆر لە ناوەوە و لە دەرەوە بە ڕێگای تیپ و کۆمەلەکانەوە, تیپی کاوەی هونەریش یەکەم تیپی هونەری بوو کە لە سوریا دامەزرا هاوکات لەگەل سەرهەلدانی کۆمبەند. هەروەها کۆمبەند بە سەرکەوتوویی لە دەرگایەکی دیکەی دا ئەویش دەرگای مافی مرۆڤە و دەستیکرد بە بەشداریکردن لە چالاکی و بزاڤ و کۆنگرەکانی مافی مرۆڤ لەسەر ئاستی هەرێمی و جیهانی و تاکە لایەنی کوردی بوو کە بانگهێشت کرابوو بۆ کۆنگرەی –دۆربان– لە باشووری ئەفریقیا سالی ٢٠٠٢ دەربارەی ڕەگەزپەرستی و جیاکردنەوەی ڕەگەزی.

لە بیریشمان ناچێت بلێین کۆمبەند هەندێك لە ئەرکەکانی خۆی بە جێهێنا بەرامبەر بە قوتابخانەی بەدرخانیەکان بە وێنەگرتنەوە و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

چاپکردنەوەی کارەکانی –جەلادەت و کامەران بەدرخان– و گۆڤـاری –هاوار، ڕووناهی و ژینا نوو– کـە ئـەو پـیشڕەوە بەراهییانـە دەریـان خستبوون ئێمەش هێشتان لەسـەر ڕێگـای ئـەوان دەڕۆیـن لـە پـڕۆژە ڕۆشنبیریەکانمان و بەرنامە نەتەوەییەکانماندا.

ئەو کەلتوورە ڕۆشنبیریەی ئەمڕۆ شانازی پێوە دەکـەین دەرەنجـامی ڕۆڵـی ڕۆشـنبیری ڕێبـازە چـەپەکەمانە لـە پێشخـستنی ڕۆشـنبیری نەتەوەیی دیموکراتی و مرۆڤایەتی، بێجگە لەمـەش دامەزرانـدنی تیپـە وەرزشـیەکان، دەرخـستنی گۆڤـار و سـەکۆی هـزری و دامەزرانـدنی کۆمەڵـەکانی دۆسـتایەتی کـورد و عـەرەب هـەر بـۆ ئـەو دەگەڕێتـەوە هەروەها زیندووکردنەوە و بەرفراوانکردنی ئاهەنگـەکانیش بـە بۆنـەی نـــەورۆز و وەرچـــەرخاندنیان بـــۆ بـــاڵاکردنی ڕابوونمـــان و بـــۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پیلانەکانی –تواندنەوەی نەتەوەیی– لە پێـشوودا و بە عەرەبکردن لە دواییدا.

## کۆنگرەکانی حزب:

پێـشتر گـووتم کـەوا دوای گەیـشتنم بـە بـەیروت دەسـتمان کـرد بـە خۆئامـادەکردن بـۆ بەسـتنی کـۆنگرەی سـێیەم. ڕاپـۆرتی سیاسـی، پڕۆژەی بەرنامەی حزب، پەیڕەوەی ناوخۆ، پڕۆژەی بەرنامەی بەرەی نیـشتمانی کـوردی لـە سـوریا و –دانەیـەکی دیکـەش بـۆ– بـەرەی نیشتمانی کوردستانیمان ئامادەکرد. گەیـشتمەوە دیمەشـق بـە هـۆی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ڕێگاكانی برادەرانمان لە یەكێك لـە لایەنـەكانی فەلەسـتینی، بۆنەیـەك بوو بۆ بینینـی هـەڤاڵانی ڕێكخراوەكـەمان لـە دیمەشـق و ئەنجامـدانی سەردانێك بۆ سـەركردایەتیەكانی حزبـی كۆمۆنیـستی سـوریا كـە ئـەو كات ببووە دوو باڵ، چاوم كەوت بـە خـەباتگێڕ –ریـاز ئـەلتورك– بـە ئامادەبوونی –یوسف نمر– لە مـاڵی ئـەوەی دواییـدا لـە –قوسـاع–, دەرفــەتێك بــۆ ئــاڵوگۆڕكردنی ڕا و هەڵوێــست ســەبارەت بــە كێــشە جیاجیاكـانی نـاوخۆیی و عـەرەبی و كـوردیی سـوریا و لـە بـیرم دێ لێمپرسی كەوا هەندێ پرۆپاگەندە هەن دەڵێن یەكێك لـە هۆكارەكـانی ناكۆكیتـان ناحـەزیتان بـوو بـۆ –خالـد بەكـداش– چـونكە بـە ڕەگـەز كـوردە، پیاوەكـە ئەمـەی بـە تـەواوی ڕەتكـردەوە و گـووتی جـا بـە ڕاسـتی كـوردە؟! بـەڵام چ سـوود بـە كـورد دەگەیـەنێت ئەگـەر سوودمەند نەبووبێت بـۆ عـەرەب. نزیكیـەك هـەبوو لـە چـەمكەكانمان سەبارەت بە ماركسیەت و ڕۆڵی لە ڕزگار كـردن و یەكخـستنی گـەلان، داوام لێكرد كەوا پێویستە بەرنامـە نوێیەكـەیان كێـشەی ڕەوای گـەلی كورد لە سوریا و لە پارچەكانی دیكەی كوردستان بگرێتە خـۆ لەسـەر بنەمای پرەنسیپی مـافی چـارەی خۆنووسـین, بـەڵێنی دا بـەڵام هـیچ شــتێك لــەم ڕووەوە نەهاتــە ئــاراوە. پاشــان نامەیــەكی ســڵاوی بــۆ كۆنگرەمـان نـارد، چـونكە ئێمـە نەمانویـست هـیچ كەسـێك بـە نـاوی كەســییەوە بانگهێــشت بكــەین بــۆ كۆنگرەكــەمان لەبــەر هۆكــاری ئاسایشی و بە نامەكانی سڵاو و هاوكاری بەسمان كرد.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەروەها چاوم کەوت بە باڵەکەی دیکە و داوام لە -عەبدولوەهاب ڕەشوانی- کرد نامەیەکی سلاڤ ئاراستەی کۆنگرەکەمان بکات, بەلاَم دوای بەخۆداچوونەوە نەیکرد، لەگەڵ -ئیبراهیم بەکری- کۆبوومەوە و لە ماڵەکەی زۆر هەواڵ و زانراوەی پێگەیاندم بە تایبەتی سەبارەت بە وردەکاریەکانی پەیوەندیان لە گەڵ حزبی بەعسدا و سەبارەت بە چالاکیەکانی -تالەبانی- لە سوریا و هەوڵدانی بۆ دامەزراندنی حزبێکی نوێ بە پێی سیفەتە ویستراو و خواستراوەکانی دەسەڵات.

کۆنگرە بە ئامادەبوونی گشت نوێنەرانی خۆی بەسترا لە گەڕەکی -ئەلغەربی- لە شاری قامشلۆ و کۆنگرەی پڕۆژەکانی هزری و بەرنامەیی و سیاسی بوو کۆنگرەی گۆڕان و پابەندبوون بوو بە بیری مارکسی لینینی بە پێی تێگەیشتنمان بۆ ئەو میتۆدە نەك بە پێی تێگەیشتنی -کۆسمۆپۆلیتەکانی- کورد،لە کۆنگرەکەدا بە سەرکردایەتیەکی نوێی بەرفراوان دەرچووین و بە سەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەم بە سکرتێری گشتی حزب و متمانەدان بەو پڕۆژانەی کە خرابوونە ڕوو.

لەو کۆنگرەیەدا دیسان جەختمان کردەوە کەوا دەرچوونمان لەو پێگیریانەی کۆنگرەی نیشتمانی یەکخستنی کوردەکانی سوریا کە لەکوردستانی عێراق بەسترا بە هیچ شێوەیەك لە شێوەکان واتای ئەوە ناگەیەنێت کەوا ئێمە هەڵوێستمان بەرامبەر بە پارتی و بارزانی ڕابەر گۆڕاوە بەڵکو کاردەکەین بۆ دروستکردنەوەی ئەو پەیوەندیانە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

وەکو سەردەمی پێشووی پاش ئەوەی تووشی شلەژان هات بە هۆی ئەو هۆکارانەی کە باسمانکردن.

گەڕامەوە بەیرووت پاش ئەوەی خێزانەکەم –دایکی لەوەند– خواست کە هەڤاڵ و خوشکی یەکێك لە هەڤاڵە چالاکەکانمان بوو و لە ڕێکخراوی دیمەشق و و لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەری ناسراو بوو. دەستمان بە چالاکی سیاسی کرد لەسەر بنەماکانی بڕیار و ڕێنماییەکانی کۆنگرەی سێیەم.

زۆری نەبرد و گێچەڵەکان سەریان هەڵدا, بۆ ئێمەش ڕوون و ئاشکرا بوو کە پاڵەپەستۆی دەسەلأت و هەوڵەکانی لە پشتەوەی ئەو گێچەڵانەدان و ڕەهەندێکی نوێشی بۆ زیاد بوو ئەویش ڕۆڵی –جەلال تاڵەبانی– بوو کە دەستیکرد بە دانانی پلانێك –دوای ئەوەی جارێکی تر لە بارزانی هەڵگەڕایەوە– بۆ ئەوەی ڕێکخراوە کوردیەکان بە لای خۆیدا کێش بکات و ئەو کات خەریکی ڕاگەیاندنی دامەزراندنی –یەکێتی نیشتمانی کوردستان– بوو یەکێك لە سەمەرەکانی ڕێزدار تاڵەبانی ئەوە بوو کە لە نەورۆزی ساڵی ١٩٧٤ لە بەیرووت لە ئاهەنگێکی پڕ حەشامەت بەو بۆنەیەوە وتارێکی پێشکەش کرد پڕ بوو لە دەستەواژەی ستایش و پیاهەڵدانی بارزانی نەمر, زۆری نەبرد سەفەری کرد بۆ دیمەشق و لەوێ هەڵوێستەکەی گۆڕی, یەکێك لەو ڕستانەی کە لە وتارەکیدا هاتبوو ئەوە بوو کە گووتی :"بارزانی لینینی سەردەممانە". هەر وەك کۆمۆنیستە سورياييەکانيش

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بۆمانیـان باسـکرد پەیوەندیـەکی بـە پرۆژەکـانی دەزگاکـانی سـوریا هەبوو لـە دامەزرانـدنی ڕێکخـستنێکی کـوردی نـوێ, هـەمان کاریـشی کردبـوو لەگـەڵ لایەنـەکانی بزووتنـەوی کـوردی لـە ئێـران بـە ڕێگـای پــشتگیریکردنی –کۆمەڵــە– دژی –حزبــی دیمــوکراتی کوردســتانی ئێران– پاشانیش تورکیـا بـە ڕێگـای –نەجمـەددین بۆیـۆك کیـا– کـە ناســراو بــوو بــە –ســەلاحەددین– ئــەویش بــە ڕێگــای –کڕینــی ویژدانەکان– و هاندان بۆ پەرتـەوازەیی و بارسـتەیی –تکـتلات–، لـە ڕەوشی سوریاشماندا هەڕەشەی دەکرد بە بەهێز هەڵدانەوەی خۆ بـە دەسەڵات کە زۆربەی کاتەکانی خـۆی لـە سـوریا بەسـەر دەبـرد و لـە دواییشدا ئامادەبوو بۆ پێشکەشکردنی خزمەتەکانی بەو. لـە ڕاسـتیدا ململانێی –جەلال تاڵەبانی– لە گەڵ ئێمە مەسەلەیەکی کەسـی نـەبوو بەڵکو دەربڕێکـی ئاشـکرای هـەبوونی دوو ڕەوت بـوو لـە بزووتنـەوەی نەتەوەیی کوردیـدا, ڕەوتێـك بـارزانی نوێنەرایـەتی دەکـرد و هێڵێکـی سیاســـی نەتـــەوەیی دیمـــوکراتی ئاشـــتیخواز بـــوو و جـــێگیرە نەتەوەییەکانی خۆی هەبوو و دەستبەرداریان نەدەبوو. ئەوەی دیکـە هەڵپەرسـت و جەربـەزە و خۆگـۆڕ بـوو و دیـارترین هێماکـانی جـەلال تالەبانی بووو هەردوو ڕەوتیش بەم شـێوە یـان بـەو شـێوە لـە گـشت پارچـەکانی کوردسـتان هـەبوون. ئێمـەش حاڵئاسـا و بـە درێـژایی مێژوومان لە جەرگەی ڕەوتـی یەکەمـدا بـووین هەرچـەندە لـە هەنـدێ قۆناغدا پەیوەندیەکانمان لـە گـەڵ پـارتی لـە عێـراق تووشـی دابڕانـی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کاتی و سرِبوون و پاشەکشە هات. جارێکیان لـە دیمەشـق بـووم چـاو کەوت بـە شـەهید –شـەهاب نـوری– (یـەکێك لـە سـەرکردایەتیەکانی یـەکێتی نیـشتمانی کوردسـتان) بـە رِێگـای هــەڤاڵمان لێپرسـراوی رِێکخراوی دیمەشـق کـە ئاشـنایی لـە گـەڵ پـەیدا کردبـوو و هاوکـاری پێویـستی پێـشکەش کردبـوو، قـسە لـە نێوانمانـدا درێـژەی خایانـد دەربارەی خەمەکانی بزووتنەوەی رِزگاریخوازی کوردی و ئاسۆکانی و چارەسەرە پێویستیەکانی تەنگژەکـەی و شـتێکی سروشـتی بـوو کـە هەڵوێـستی نەرێیانــەی جــەلال تاڵــەبانی بخەمــە رِوو، ئــەویش لــە بەرامبەرمدا روون بوو پێی رِاگەیاندم کەوا خۆی و کۆمەڵەکەی لە گەڵ مام جەلال گونجاو و کۆك نین لە سـەر زۆر لـە کێـشەکان بـە تایبـەتی دەربارەی پەیوەندیە کوردسـتانیەکان و سروشـتی پەیوەنـدی لەگـەڵ رِژێمی سوریا, بـەلاَم ئێمـە بـە هـۆی خۆئامادەکردنمـان بـۆ شـۆرِش و تێکۆشان ئێمە پێویستیمان بە پشتگیری تاڵەبانی هەیە ناچارین چاو بپۆشین لە هەندێ شت تاوەکو کاتی گونجاو دێت. مـن لـەو کابرایـەدا وێنەی خەباتگێرِێکی پـۆلاَییم بینـی کـە بـاوەرِی بـە کێـشەی خـۆی و هزری خۆی هەیە.

بەم جۆرە وەکو گوتم گێـچەڵ هاتنـە ئـاراوە و پێویـستی بـە بەسـتنی کـۆنگرەی چـوارەم کـرد, لـە دەوروبـەری -بـەیرووتی رِۆژهـەلاَت– لـە ساڵی ١٩٧٤ رِۆژی کۆتا هاتنی کۆنگرەکە رِوواوە بـە ناوبانگەکـەی – پاس– رِوویدا کە هەندێ لـە ئەنـدامانی حزبـی –کـەتائیبی لوبنـانی–

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ژمارەیـەك فەلەسـتینیان كوشـت لـە ناوچـەی –عەینولرومانـە–. لـەم كۆنگرەیەدا هەوڵمان دا شتەكان بخەینەوە جێگای خۆیـان بـە ڕێگـای ڕێككاری ڕێكخستنی و پابەند بوون بە بڕیارەكان بـەڵام ژمارەیـەك لـە هەڤاڵانی سەركردایەتیمان كـە بـەر لـە ئامادەبوونیـان لەگـەڵ جـەلال تاڵەبانی ڕێككـەوتبوون و بـەڵێنیان لـەو وەرگرتبـوو كـەوا لـە حاڵـەتی جودابوونەوەیاندا لە حـزب هاوكـاری داراییـان پێـشكەش بكـات, ئـەو هەڤاڵانــە گەڕانــەوە ســوریا و ســوور بــوون لەســەر داقلیــشان و جودابوونەوە و دەستیان كرد بە وەرگرتنی ڕێنماییـەكان لـە تاڵـەبانی لەگەڵ گوژمەیـەكی دراو، پاشـان جودابوونـەوەیان ڕاگەیانـد و هـەموو بڕیار و بەندەكانی پەیڕەوی ناوخۆ و تێكەڵی و بە یەكەوە ژیانی دوور و درێـژمانیان بـەرپێ دا. توانیـان كۆمەڵـە هـەڤاڵێكیش لـە هەنـدێ ناوچەكاندا بە لای خۆیان كێش بكەن بەڵام بە بێ ئەوەی بتـوانن بـبن ڕێكخـستنێكی جێگـرەوە كـە جێـی ڕێـزی خـەڵكانی دیكـە بێـت و پارەكانی تاڵەبانیش بەلاش ڕۆیشت.

لە ساڵی ١٩٧٥ كۆنگرەی خۆمان بەسـت لـە كەشـێكی ئاسـوودەدا لـە بـەیرووت و لـە یـەكێك لـە بارەگاكـانی بزووتنـەوەی –فـەتح– وەكـو دەستپێـشخەریەكی هاوكـاری و هاریكـاری لەگەڵمانـدا بـە هـۆی ئـەو پێشكەوتنەی كە ڕوویدا بوو لە پەیوەندیەكانماندا. لەم كۆنگرەیەماندا توانیمـان لێكۆڵینـەوە لـە چـەندین لـە كێـشەكانمان و گەنگەشـەی بەرنامەی سیاسی و پلانـەكانی ئاینـدە بكـەین بـە تایبـەتی دوای ئـەو

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

نسکۆ پڕ ئـازارەی بەسـەر بزووتنـەوەی کـورددا هـات لـە کوردسـتانی عێراق و ئەرکە نوێیەکانی کـە پێویـستە لەسـەرمان ئـەنجامی بـدەین. کۆنگرە بڕیاری دا نـاوی حـزب بگۆڕێـت بـۆ –پـارتی هـەڤگرتنی گـەلی کـورد لـە سـوریا– و گـۆڕینی نـاوی ڕۆژنامـەی ناوەنـدی حـزب بـۆ – هەڤگرتنی گەل– و بە ئەمینداری گشتی حزب هەڵبـژێردرام. لێرەشـدا دەبێ بە هەموو ڕێز و ستایشەوە لە بەرامبـەر هەڤاڵـەکانمان بوەسـتم کە خۆڕاگر بـوون و بەرگـەی سـەختییان گـرت و تـاکو ئێـستاش هـەر بەردەوامن و هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوان ئەوانـەی هێـشتا لـە ڕیگـای خەباتدان و ئەوانەی کە بارودۆخ ناچـاریانی کـرد و دوورکەوتنـەوە لـە پـێگیری حزبـی. ئەوانـە زیـاتر لـە مـن بەرگـەیان گـرت و خـەباتگێڕی مەیـدانی بـوون و مـن زۆربـەی کـاتم لـە دەرەوەی وڵات بـوو، ئـەوان بـەرەنگاری هەڕەشـەکانی دەسـەڵات و مەترسـیەکانی دەسـتگیرکردن دەبوونەوە و ململانێـی هـزری و سیاسـی دەکـرد و ڕەفتاریـان لەگـەڵ جەماوەر دەکرد وێڕای سەختی باری بـژێویان لـە زۆربـەی کاتەکانـدا. بەڵێ سلاو لە ئەمەکداریان و ڕاوەستانیان لە تەك پرەنسیپەکانیان بـە تایبـەتیش –شـێخ ئەلجەبـەل، بـاوکی سـالار، بـاوکی لـۆرین، بـاوکی چەلەنگ، باوکی ڕۆژین، باوکی شێرزاد، باوکی سیامەند، باوکی دەلۆ، باوکی شاهین، شێرزاد سەعید و کەسانی دیکەش– کە بـارودۆخ ڕێگـا نادات ناویان بخەمە ڕوو.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

## پەیوەندیەکانی عەرەبی و پرۆژەی ناوبژی:

پەیوەندیەکانی عەرەبیمان لەو چوار ساڵەی دوایی پاش گەیشتنم بۆ بەیرووت پێشکەوتنێکی بەرفراوانی بە خۆیەوە بینی بێجگە لەو پەیوەندیە سیاسیانەی کە دروست بوون و بە تین کران لە گەڵ هێزە نیشتمانیە لوبنانیەکان و لایەنە فەلەستینیەکان وەکو پێشتر باسمان کردن، پەیوەندی دیار دروست بوو لە گەڵ هەندێ لایەن و هێزەکانی ڕزگاریخوازی عەرەبی، بە تایبەتی لەگەڵ حزبی سۆشیالیستی فەرمانڕەوا لە کۆماری یەمەنی دیموکراتی بە شێوەیەکی فەرمیش بانگهێشت کرام بۆ –عەدەن– و وتووێژم لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسیدا کرد و لە میانیدا برادەرانی یەمەنی ڕەزامەندی خۆیان دەربڕی بە بەخشینی پەساپۆرت پێمان بە گوێرەی پێویستیمان، پەساپۆرتێکی دیبلۆماسیشیان بە من بەخشی تا نەمانی کۆمار و دروستبوونی یەکبوونی یەمەنی هەر بە کارم دێنا. سەردانەکان بۆ ئەوێ دووبارە بوونەوە لە چەندین بۆنەدا و پەیوەندیمان لە گەڵ بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی جەزائیری دروست بوو هەروەها لە گەڵ زۆربەی حزب و ڕێکخراوەکانی ناوچەی کەنداو و زۆربەی حزبە کۆمۆنیستیەکانی عەرەبی. لە میانی ئەو پەیوەندیانەماندا کێشەکانی بزووتنەوەی نەتەوەی کوردمان دەخستە ڕوو و ڕەوش و بارودۆخەکەیمان شرۆڤە دەکرد و هەڵوێستی سیاسی ئەرێیانەمان لە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

زۆربەیان دەستەبەر دەکرد. پێش نسکۆی بزووتنەوەی کوردی لە عێراق و دوای سەرهەڵدانی نیشانەکانی کە ئاماژە بە ئەگەرەکانی نوێبوونەوەی شەڕ دەکات لەوێ، دەستپێشخەریەکمان خستە ڕوو بۆ برادەرانی عەرەب لە پێناو هەوڵدان بۆ ناوبژیکردن لە نێوان هەردوو لایەندا لە پێناو گەڕانەوە بۆ وتووێژ و ڕێگاگرتن لە شەڕ، لەو کارەشماندا لەو بڕوایەدا بووین کەوا داگیرسانی شەڕ هەرگیز لە بەرژەوەندی بزووتنەوەی کورددا نیە و چەندین نامەمان ئامادە کرد و ئاراستەی ژمارەیەك لە سەرکردە و ڕابەرە سیاسیەکانی عەرەب کرد لەوانەی دۆستی گەلی کوردن و لەوانەی دۆستی لایەنی بەرامبەرن، نامەمان گەیاندە هەر یەك لە –کەمال جەنبەلات، یاسر عەرەفات، سەلاح خەلەف، جۆرج حەبەش، ئەبو ئەیاد، نایف حەواتمە، محسن ئیبراهیم و سەرۆکی یەمەنی باشوور بە ڕێگای باڵیۆزخانەی یەمەن لە بەیرووت کە –محەمەد شەتفە– بە کارەکانی هەڵدەستا (تەماشای بەڵگەنامەکان بکە). لە میانی دیدارمان لەگەڵ ئەوانە بە پێرهاتنێکی گەرممان بینی و ئامادەباشی خۆیان دەرخست بۆ چوونە بەغدا و پێشکەشکردنی دەستپێشخەریە ئاشتیخوازیەکە بە هەردوو لا. جەنبەلاتیش پێش هەموویان لەم بارەیەوە کۆششی کرد و گەیشتە حاجی ئۆمەران و چاوی کەوت بە بارزانی, پاشان چوومە لای نوێنەری بارزانی لەبەیرووت هەڤاڵ -عەزیز شێخ ڕەزا– کە بەڕاستگۆیی و ڕاستی دەناسرا و بە درێژی بۆم باسی پرۆژەکەمان

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کرد کـه چـیمان کـردووه و چ کاردانەوەیـەکی هـەبووه، داوام لێکـرد نامەیـەك سـەبارەت بـە بابەتەکـە بگەیـەنێت بـە بـارزانی و نیـشانەی سەرسوڕمانم لە دەموچاوی بینی و پێی گووتم:"تـۆ چـی دەڵێـی گـەر ئەم جارە شەڕ داگیرسێتەوە ئێمە دەگەینە بەغدا". بێگومان ئەو ئەم قسانەی کردووە بە پێـی ئـەو زانراوانـەی کـە پێـی گەیـشتووه. تـاکو ئێستاش نازانم نامەکە بە بارزانی گەیشت یان نا، بە تایبـەتی مـن وام مەزەندە کرد کـەوا تاکـە ئـامرازی شـێخ عـەزیز بـۆ پەیوەنـدی کـردن باڵیۆزخانەی ئێران بوو لە بەیرووت.

## پەیوەندییەکانی نەتەوەیی و شوێنی گۆڕەپانی کـوردی سوریا:

ئێمـە هـەر لـە رۆژانـی یەکـەمی شۆڕشـی ئەیلولـەوە لـە هەڵوێـست و رەفتارماندا راستگۆ بووین لـە گـەل سـەرکردایەتی بـارزانی و بـە ئاگـا بووین لە سەر ئەو کەسە و رێبازەکەی بە شێوەیەك کـە جێـی دودڵـی نەبوو, لە پێناو سەرکەوتنی شۆڕش بە تایبەتی لـە رۆژانـی سـەختیدا هـەموو تواناکانیـەکمان پێـشکەشکرد. لـە یادمـە کاتێـك کـە بەرپرسـی رێکخراوەکانی ناوچەکەمان بووم لە سـاڵانی (١٩٦١ - ١٩٦٢- ١٩٦٣) هــەڤالانمان لـــە گونـــدەکانی ســـەر ســـنوری ســـوریا-تورکیـــا دەستپێـشخەریان کـرد لـە دامـاڵینی مینـە -کەسـیەکان- و ناردرانـە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بەرەی بادینان و لەوێش زۆر سوودیان لێوەرگرت, تەنانەت هەڤاڵی شەهیدمان –لەتیف شاکر کە من بەرپرسی راستەوخۆی ئەو بووم لە ئەنجامی هەڵەکردنێك شەهید بوو کاتێك ویستی بە تەنیا بەو ئەرکە هەڵسێت بەبێ یاوەری بسپوری شارەزا. هەروەها ئێمە رازی بووین لە سەر لێکدانی رێکخراوی حزبمان لە ئەوروپا لە گەل رێکخراوی پارتیی برا بۆ پشتگیرکردنی شۆڕش و سەرکردەکەی. لە هەمان کاتیشدا کەمتەرخەمیمان نەکرد لە یارمەتیدان و گەیاندنی رۆژنامەنووسانی بیانی بۆ ناوچە رزگارکراوەکان. لەوانەی کە بە بیریشم دێن –جان بیرڤینۆ, جیرار شالیان, یەفگینی پریماکۆڤ, دانا ئادەم شمیدت و خەڵکی دیکەش. هەروەها پەیوەندی دۆستانەمان لە گەل سەرکردایەتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دروستکرد هەر لەو سەردەمەوە کە –کەریمی حوسامی و عەبدولڕەحمانی قاسملۆ– لە ئەورووپا بوون و لە ماوەی کە لە عێراقیش بوون و پێشتریش, پەیوەندی نامەگۆڕینەوەی بەردەوامان لە گەل–ئەحمەد تۆفیق– هەبوو, پاشان ئەو پەیوەندیە گەشەی سەند و جارێکیان –قاسملۆ– و–محەمەدەمین سەراجی– هەوڵی ناوبژییاندا لە نێوان ئێمە و سەرکردایەتی ڕاسترەو ئێمەش بە پێر ئەو دەستپێشخەریە چووین و پاش چەند دیدارێك سەرکردایەتی ڕاسترەو پاشگەز بوویەوە و بۆ برایانیشمان ڕاستی ناکۆکی و هەڵوێستەکانمان بە دەرکەوت, لەو کاتەوەش –ئەو کات لە بەیرووت بووین ساڵی ١٩٧٣–

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پەیوەندیەکانمان زیاتر مکوم بوو. هەروەها پەیوەندیە برایەتیەکانمان لـە گـەڵ زۆربـەی حـزب و ڕێکخراوەکـانی بزووتنـەوەی نەتـەوەیی لـە تورکیا نەپـچڕا و گشت هاوکاریـەك و پـشتگیریەکی کـە لـە توانامانـدا هەبووبێت پێشکەشمان بە گشتیان کـرد تـا ڕادەی کردنـەوەی خـولی سیاسی و ئاسایشی و سەربازی بۆیان لە لوبنان.

لـە پەیوەندیـە نەتەوەییەکانمانـدا پـشتمان بـە تێڕوانینێکـی ڕوون و ئاشکرا دەبەست لە هاوکاری و داننان بە بەرامبەر و ڕێزگرتن لە کاری ناوخۆیان و گەیشتن بە چـوونە نـاو چوارچـێوەی بـەرەی کوردسـتانی بـەرفراوان لەسـەر ئاسـتی هـەر چـوار پارچـەدا. بەرنامـەشمان لـەم ڕووەوە لـە سـاڵی ١٩٧٣ تـەواو کردبـوو لـە کۆنگرەی سـێیەمەوە تـا ڕۆژێك لە ڕۆژان لەو کاتەی کە لـە لوبنـان بـووین گەیـشتە ئـەوەی کـە نووسینەگەکەمان ببێت بـە ناوەنـدێکی نەتـەوەیی نوێنـەری پێـنج لـە حزبە کوردستانیەکانی تورکیا کۆببنەوە لە گەڵ پارتێکی کوردسـتانی ئێـران بێجگـە لـە حزبەکـەمان و ڕێکخراوەکـەمان لـە لوبنـان. شـەڕی ناوخۆی لوبنانی و بارودۆخە ناهەموارەکەشـی ڕێگـای لـە ئەنجامـدانی ئەرکی نەتـەوەییمانی نـەگرت. شـەڕ بەسـەری دادایـن و ئێمـە ئەنـدام بووین لە بزووتنەوەی نیشتمانی لوبنان کە لایەنێکی سەرەکی بوو لەو شەڕەدا و دەستپێشخەریمان کرد لە هاوکاری کردن لەگـەڵ ڕێکخـراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی بۆ بەرەنگار بوونـەوەی هێـزە لوبنانیـەکانی ڕاسـتڕەو بـە سـەرکردایەتی حزبـی –کـەتائیب–. شـتێکی ئاشـکرا و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ڕوونـیش بـوو کـەوا شـوێنی سروشـتی کوردەکـان لای بزووتنــەوەی نیــشتمانی لوبنــانی و فەلەســتینیە بــە تایبــەتی کــەوا زۆربــەیان لــە ناوچـــەی ڕۆژئـــاوادا دەژیـــان کـــە گۆڕەپـــانی نیـــشتمانپەروەر و پێشکەوتنخوازەکان بوو, هـەروەها لایـەنی دیکـە خێزانـە کوردەکـانی ناوچەی خۆی دەربەدەرکردن و بەسەدان لە ڕۆڵـەکانی کەمەنەتـەوەی کوردیان لە ناوبردن و دەستی بەسەر سامانەکانیان داگرت. بۆیە ئێمە هیچ ڕێگایەکی ترمان نەبوو بێجگە لە ئامـادە وەرگـرتن بۆیـە هێزێکـی چەکدارمان دروست کرد بۆ بەرگریکردن و بەشداریکردن ئەگـەر هـاتوو کار پێویستی کرد و ناومـان نـا –هێزەکـانی کـاوەی شۆڕشـگێڕی– و بەشـــداریمان لـــە دەزگـــا جیاجیاکـــانی بزووتنـــەوەی نیـــشتمانی و سەرکردایەتی هاوبەشی لوبنانی–فەلەستینیدا کرد.

هەوڵەکانمان لەگەڵ برایانمـان لـە پـارت و ڕێکخـراوە کوردسـتانیەکان هێوربوونەوەی بە خۆوە نەبینی بە ڕێگای گەنگەشە و دیدار لە پێنـاو گەیشتن بە چوارچێوەیەك کـە هێزەکـانی بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کوردی کۆبکاتـەوە و ڕێگـا بگرێـت لـە شـەڕ و خـۆی ببەسـتێتەوە بـە گفتوگـۆی ئاشـتیانە، ئـەم هەوڵانــەش زۆربـەی هێـزە سیاسـیەکانی کوردی دەگرتەوە لە پارچە جیاجیاکانی کوردستان، وەکو کاردانـەوە و بەرپەرچـدانەوەیەك بـۆ ئـەو هەوڵـە جددیانـەمان و بـۆ ئـەو پـڕۆژە پاڵپشتەمان بە بەرنامە و پلانی کـارکردن کـە لـە لایـەن دۆسـتانمان و هاوپەیمانانمان لە هێـزە دیموکراتیخـوازە عەرەبیـەکان و جیهانیـەکان

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پشتگیری لێدەکرا لـەو قۆناغـەدا, زۆر هـەوڵی –دژکـار– دران لـە ژێـر سەرپۆشـی یـەکێتی بزووتنـەوەی کـورد, پاشـانیش دەرکـەوت کـەوا هەندێك لە ناوەندە فەرمیەکانی سوریا لە پشتەوەی بوون و بە ڕێگای هەندێك لە کەسانی کۆمۆنیستی سوریا و سەرکردایەتی ڕاستڕەووەوە, هەرچـەندە چـەندین دیـداریان سـازکرد بـەڵام هێـزە سـەرەکیەکان دەستیان کرد بـە خـۆ دوورخـستنەوە لێیـان پـاش ئـەوەی کارەکـە و ئامانجـەکانی ئـەم هەوڵـەیان بـۆ ئاشـکرا بـوو بـە تایبـەتی پـارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، حزبی دیموکراتی کوردسـتانی ئێـران و بزووتنەوەی کوردی لە تورکیـا و لـەو بارودۆخـەدا گەشـتەکانی بـەڕێز –عەبدولحەمیـد دەروێـش– لـە نێـوان دیمەشـق و ئـەوروپادا گەیـشتە بـەرزترین ڕێـژە لـە کاتێکـدا سـەرکردایەتیەکانی نیـشتمانی کـوردی گشتیان سەفەریان لێ قەدەغە کرابوو. لە ڕووی مێژووییـەوە هـەر لـە سـەرەتای دارشـتنی سـنوور و سـەرهەڵدانی –کوردسـتانی ڕۆژئـاوا– گۆڕەپانەکانی بوو بە وێستگەیەکی دیار بـۆ گرتنـەخۆ و حەسـانەوەی جەنگاوەرانی لە باکوور هاتوو و کەشێکی لـە بـاری هـەبوو بـۆ دانـانی پلان و بەرنامە لە پێناو درێژەدان بە تێکۆشان و خۆبەدەستەوەنەدان بەرامبەر بە زەبرە پڕ لە ئازارەکانی کە بە سێ قۆناغی لە دوای یەکدا هاتن، قۆناغی ساڵی ١٩١٥، قۆناغی ساڵی ١٩٢٥، قۆناغی ساڵی ١٩٣٠ و هەر لە دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەوە –کوردسـتان– پـێش زیـاتر لـە سەد ساڵ بایەخدان بەم گۆڕەپانە شتێکی ئاشکرا و دیار بوو وەك لـە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

وتار و نامەکاندا بەدەر دەکەوێت، گۆڕەپانەکە یەکەم بەردی بناغە و سەرەکیی هاوپەیمانیەتی کورد–ئەرمەنی بە خۆوە بینی پاش ئەوەی ژەنەڕاڵ –شەریف پاشا– لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس سەرەتاکانی دانا، هەروەها گۆڕەپانەکە بزووتنەوەی خوەیبوونی دەرهاوێشت وەکو وەڵامێکی سیاسی ڕێکخراوەیی و نیمچە سەربازی لەسەر شوێنەواری ئەو شکەستەی کە بزووتنەوەی کورد لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ عوسمانیەکان و بزووتنەوەی تۆرانیدا بەخۆیەوە بینی، بۆ یەکەم جاریش لەم گۆڕەپانەدا پیتە لاتینیەکان لە لایەن بەدرخانیەکانەوە دانران و جارێکی دیکە هزری نەتەوەیی سەرتاگیری نەك هەرێمی خرایەوە ڕوو و کوردەکانی زیاتر لە پارچەیەك لە پارچەکانی کوردستانی کۆ دەکردەوە و وەکو نۆبەرەی کارکردن بە ئاراستەی ڕەتکردنەوە و قبووڵنەکردنی دابەشکردنی کوردستان لە لایەن داگیرکەرە کۆلۆنیالیەکانەوە. لەم گۆڕەپانەشدا هەوڵە خێرخوازەکان دەستی پێکرد بۆ یەکگرتنەوەی نەتەوەیی لەسەر ئاستی سیاسی و ڕێکخراوەیی لە گەڵ کوردستانی عێراقدا و زۆر لە کەسایەتیە کوردیە ناودارەکان بە ڕێنمایی ڕاستەوخۆی بزووتنەوەی خوەیبوون نێردرانە بارزان و موسل و بەغدا. بەم شێوەیە ئەم گۆڕەپانە بووە بە خاڵی بەیەکگەیشتن لە نێوان باکوور و باشوور و ڕۆڵی هەماهەنگیی بینی, لێرەشدا گرنگ نیە شوێن و کات لە نێوان ماوەیەك و ماوەیەکی دیکەدا گۆڕان بە خۆوە ببینێت و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ناوەندەکان جێگۆڕکێ بکەن لە نێوان قامشلی و کوبانیـە و عـەفرین و لە دەرەوەی ناوچە کوردیەکان لە نێوان حەلەب و دیمەشق کە گـۆڕی –بـەدرخان پاشـا– ی گـەورە و مـەولانا خالـد و جـەلادەت بـەدرخان ئامێز دەکات هەروەها هەندێ جاریش بەیروت.

لەسەر ئەم گۆڕەپانەدا تۆوی تێکەڵکردن وپیتاندنی هزری و سیاسـی و ڕۆشـنبیری لـە نێـوان هـەردوو قوتابخانـەی بەدرخانیـەکان و بارزانیـەکان دانـرا و بـە دروسـتی لـە دوای شۆڕشـی تـەمموزی سـاڵی ١٩٥٨ لـە عێـراق و گەڕانـەوەی بـارزانی و هەڤاڵـەکانی، ئـەو کـات گۆڕەپانی نەتەوەیی پێویستی بە گواسـتنەوەیەکی جۆرەکی بـوو بـۆ گەڕاندنەوەی هاوسـەنگی نەتـەوەیی و بـەردەوامی دروسـت بـوو, لـەو کاتەوەش گۆڕەپانی کوردستانی ڕۆژئـاوا دەسـتی بـە مـەیلکردن کـرد بـەرەو بەشـی باشـوور و لـە کانیـاوە نەتـەوەیی و شۆڕشـگێریەکەی دەخواردەوە و خۆراکی هزری و گیانی خۆی لێوەردەگرت.

بۆیە شتێکی سەیر نیە کە باشوور دوای ئەوە ببێتە تاکە سەرچـاوەی کێشەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی و ناوەندێك بۆ ڕاکێشانی بزووتنـەوەی کـوردی لـە هـەر سـێ بەشـەکانی دیکـە –بـە گۆڕەپانەکەمانەوە– بۆ لای خۆی, هەروەها ببێت بە جەمـسەرێك کـە خەڵکانی دیکە ململانێی لەسـەر دەکـەن بـە ئەرێیانـە یـان نەرێیانـە و ببێـت بـە مەرجـەعێك بـۆ سەرچـاوەی شـەرعیەتی نەتـەوەیی و بـە لاوەنانی ناکۆکیەکانی ناوخۆیی لە نێوان حزبە کوردسـتانیەکاندا و لـە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

میانی ئەم کارە بەردەوامەی بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٠ساڵ شتێکی سوودمەندە کە ئاماژە بەو ڕاستیە بکەین کەوا –چەپڕەوی نەتەوەیی– لەم بەشەدا پێش هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان –بارزانیزم– ی دۆزیەوە وەکو ڕێبازێکی هزری سیاسی نەتەوەیی و دەستپێشخەری کرد لە دروستکردنی پەیوەندی و بەردەوامبوونی لەگەڵ سەرکردایەتی بارزانی. ئەمەش لە –چەپڕەوی نەتەوەیی– حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرکردایەتی –ئەحمەد تۆفیق– و حزبەکەمان ( پارتی دیموکراتی چەپڕەوی کورد لە سوریا و پاشان بوو بە پارتی هەڤگرتنی گەلی کورد لە سوریا) و بە سەرکردایەتی سەلاح بەدرەدین و پارتی دیموکراتی کوردستان لە تورکیا بە سەرکردایەتی د.شڤان بەرجەستە بوو. شتێکی ئاشکراشە کەوا پەیوەندیەکە لە گشت قۆناغەکاندا بە هێلێکی ڕاستدا نەڕۆیشت و ئەگەر لێکترتنێکیش هەبێت لەسەر لایەنەکانی –چەپڕەوی نەتەوەیی– خۆ ئەوە یەکەمیان درەنگ دۆزینەوەی بارزانیزم بوو و دواکەوتنی هزریی و –مندالّیەتی چەپڕەوانەی– بوو هەندێ جار، هەروەها بێتوانایی بوو لە دانانی بەرنامەیەکی ڕوون بۆ پەیوەندیەکانی لە گەڵ بارزانی و کەمتەرخەمی بوو لە دارشتنی ستراتیژیەتێکی بابەتیانە و شۆڕشگێڕانە بۆ بزووتنەوەی کوردی. شتێکی گونجاو و سوودمەندە لە ڕووی دەستپاکی مێژووییەوە بڵێین کەوا –چەپڕەوی نەتەوەیی– پێشتر ئەمەکدار بووە و ئێستاش

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەمەکدارە بۆ مەسەلەی بارزانیزم و هەڵەی نابچووك لە لایەنی دیکەوە بەرامبەرمان و بەرامبەر خەڵکانی دیکە ڕوویدا، هەرچەندە گەواهی (ئیدریس بارزانی) ١٣ ساڵ دواکەوت بەڵام هەر چۆنێك بێت جارێکی تر ڕووناکی خستەوە سەر و جارێکی تر بەهای بەخشییەوە بە هەوڵدان بۆ هەڵسەنگاندنی ڕابردوو بۆ بەرەو ئایندە چوون ئەویش کاتێك کە لە دیدارەکەماندا لە ساڵی ١٩٨٣ لە لیبیا و بە ئامادەبوونی فازل میرانی و ڕۆژ نوری شاوەیس و سعید بارزانی پێی گووتم:"خوا شاهیدە ئێمە زوڵممان لە ئێوە کرد سەلاّح" و ئاماژەی بە هەڵوێستی خۆیان دەکرد لە میانی کۆنگرەی نیشتمانی کوردەکانی سوریا ساڵی ١٩٧٠ لە ناوپردان.

پێموایە گۆڕەپانەکەمان بە هەموو خەسڵەتە مێژووی و نوێیەکانیەوە شایستەی بایەخپێدانێکی زیاترن لە لایەن برایانمان لە باکوور و باشوور ئەویش بە پشتگوێ نەخستنی هەبوونی, کوردستانیەتی, مافی گەلەکەی, کەسایەتیە نیشتمانیەکەی و تەماشانەکردنی بە بچووك یان لە ڕوانگەی خزمەتەکانی مندا, چونکە لە ڕووی دانیشتوانەوەش ڕێژەی کورد بەرامبەر دانیشتوانی وڵات زیاترە لە ڕێژەی کوردی ئێران و کوردی تورکیا و نزیکە لە ڕێژەی کوردی عێڕاق بە گوێرەی کۆی گشتی دانیشتوانی ئەم دەوڵەتانە.

شتێکی سوودمەندە لێرەدا ڕوون بکەینەوە کەوا بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە سوریا هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە پشت بە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

خەباتی سیاسی دەگریٚ وەکو شیٚوازیٚك بۆ بەدیهیٚنانی ئامانج و داخوازیەکانی و ئەم بابەتەیە نەبووەتە کیٚشەیەکی ناکۆکی لە نیٚوان -چەپی نەتەوەیی- و -ڕاستڕەوی نەتەوەیی- دا, هەروەها هیچ ڕەوتیٚکی دیکە لە گۆڕەپانەکەیدا توندوتیژی و تیٚکۆشانی چەکداری هەڵنەبژاردووە. ئەمەش بە بینینی من بۆ چەند هۆیەك دەگەڕیٚتەوە:

یەکەم : لەسەرەتاکانەوە گۆڕەپانەکەمان بووە جیٚی -هەناسە هەڵکیٚشان- و لە خۆگرتنی ئەو جەنگاوەرانەی کە شکستیان هیٚنابوو لە بەرامبەر عوسمانیەکان و کەمالیەکاندا و هەستیان بە بیٚهوودەیی تیٚکۆشانی چەکداری کرد و بە تایبەتی دووبارەبوونەوەی شکستەکان و دوایینیان هەوڵە بیٚهوودەکان بوو لە ناردنی جەنگاوەران بۆ کوردستانی تورکیا لە سالآنی سیەکاندا. کوردی سوریاش دەرسیان وەرگرت لەم هەڵویٚستە و پابەند بوون بە ڕیٚبازی ئاشتیانە و کاری سیاسی بە تایبەتی جوگرافیای ناوچە کوردیەکان لە سوریا هاوکار نیە تەنانەت بۆ بیرکردنەوەش لە مەسەلەکانی شۆڕشی چەکداری.

دووەم : سیمای ئاشتیانەی میٚژوویی بزووتنەوەی نیشتمانی سوریا بە گشتی و بەرهەڵستکارانی بە تایبەتی. دوای بەدەستهیٚنانی سەربەخۆیی، نەریتە سیاسیەکان ڕیٚگای خۆیان دۆزیەوە لە نیٚو ناوەندەکانی بەرهەڵستکاری نیشتمانی و ڕۆشنبیرە سوریایەکاندا و هیچ کاریٚکی توندوتیژی لە لایەن هیٚز و حزبە سیاسیەکاندا ڕووی نەدا تەنانەت ئەو ئاژاوە چەکدارەیە نەبیٚت کە لە نیٚوان کۆمەڵەکانی -

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئیخوان موسلیمین- و -دەسەلآتدا- ڕوویدا کە پاڵنەرە دەرەکی و تایفەگەریەکان بزوێنەری سەرەکیی بوون.

سێیەم : سروشتی ئاشتیانەی کوردی سوریا, کە لە کاریگەبوونی بە شوێنی مێژوویی -جوگرافی- نێوان هەردوو ڕووباردا هەڵقوڵاوە کە بێشکەی شارستانیەتەکان و ڕۆشنبیریەکان و هۆزە بەیەکەوە ژیاوەکانە و ویستی هۆشیارانەیە لە خواستنی چارەسەری ئاشتیانە و دیموکراتیانەی مەسەلەی نەتەوەیی کوردی و بەیەکەوە ژیان لەگەڵ گەلی عەرەب و نەتەوەکانی دیکە لە یەك چوارچێوەی نیشتمانیدا.

ئاشکرایە کەوا گەلی کورد لە سوریا -بەختەوەرە- بەم بەدەریەی لە چوار بەشەکانی دیکەی کوردستان لە خەباتی ئاشتیانەی ڕەوا و دادوەرانەی خۆیدا و بە بێ خوێن ڕشتن و قوربانبدان. ئەمەش ئەرێیانە ڕەنگی دایەوە سەر پەیوەندیە ناوخۆییەکانی بزووتنەوەی سیاسی کوردی و نەکەوتنە بەر بارمتەیی لایەنە هەرێمیەکان بە بیانووی دابینکردنی -هاریکاری- سەربازی و خۆراك و چەك بۆ جەنگاوەرانیان بەرامبەر پێشکەشکردنی دەستبەرداریەکان.

## سەرەتاکانی گۆڕان لە بونیادی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی و ووتارەکەیدا:

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

له ساڵی ١٩٧٥ دیمەنی سیاسی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

له سوریا پڕۆژه شۆڤینیەکان –پشتێنەی عەرەبی و بێبەشکردن لە ڕەگەزنامەی سووریایی– و ڕاونان و زیندانکردنی خەباتگێڕە کوردەکان بەردەوام بوو، دەسەلآتەکانی ئاسایشی ناوخۆیی, دەسەلآتی خۆی بەسەر ناوچە کوردیەکاندا کێشابوو و خۆی هەڵدەقورتانده نێو گشت شتێکی بچووك و گەورە بە ڕێگای دەزگا تایبەتیەکانی پەیوەنددار بە فایلی کورد، بزووتنەوەی کوردیش لە ڕێگای حزبەکانیەوە هەوڵی دەدا کارەکە چارەسەر بکات بەلآم بەبێ دەستهێنانی هیچ سەرکەوتنێکی شایسته.

له عێراقدا نسکۆیه پڕ ئازارەکە دروست بوو و کۆچکردن بەرەو ئێران ڕوویدا و سەرکردەو خەباتگێڕەکانی کورد لەوێ بارودۆخێکی سەختیان چەشت و بوونە نێچیری ژێر بەزەیی ڕژێمی شای دژکاری ئومێد و خواستەکانی کورد، بۆ جیهان وا دەرکەوت کەوا ناوەندی سەرەکی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە سەرکردایەتی بارزانی ڕووخا.

له تورکیا دوای هەڵبزاوی ڕۆشنبیری و سیاسی لە هەندێ ساڵدا لە لایەن نیشتمانپەروەر کوردەکانەوە کە هەوڵیان دا سوود لەو –دیموکراتیه ڕێژەییە– وەرگرن کەوا لە هەندێ سەردەمدا خۆی بەدیار دەخست, سەربازان جارێکی دیکه گەڕانەوە و حوکمی نائاساییان و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

یاسا توندوتیـژەکانیان بەسـەر کوردسـتاندا سـەپاندەوە و هەڵمـەتی دەستگیرکردنی بەرفراوانیان دژی نیشتمانپەروەرە کوردەکان بـەڕێوە دەبـرد و لـەم هەڵمەتانەشـدا کەسـێك قورتـاری نـەبوو جگـە لەوانـەی وڵاتیان جێهێشت و بوونە پەناهەندەی وڵاتانی دراوسێ و ئەورووپا.

لـە ئێـران بزووتنــەوەی کـوردی هێـشتا لـە تەنگـژەی گیرخـواردووی درێژخایەنی خۆیدا دەژیا بە هۆی بارودۆخە خودی و بابەتیەکانی. لـە بەرامبەر ئەم دیمەنە –نەرێیانـە– بەگـشتی، هەنـدێ لـە سـەرەتاکانی هانـدەر سـەریان هەڵدا لەسـەر ئاسـتی سیاسـی و هزریـدا کـە سـیما بەراییەکانی بە –خۆداچوونەوەی ڕەخنەیی بۆ ئەزموونی ڕابردوو– بە خۆوە دەگرت لە لای هەڵبژاردە سیاسی و ڕۆشـنبیریەکان و گـرنگترین نیشانەکانی ئەمانە بوون:

یەکەم : هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی جێگـرەوە لـە میـانی هەڵسەنگاندنی ئەزموونـەکانی پێـشوو و نزیکبوونــەوە لــە دەستنیــشانکردنی ئــەو هۆکارانەی بوونە هـۆی هاتنەکایـەوەی تەنگـژەی سیاسـی و ڕووداوی نـسکۆ و هەڵـەکان و لادانـەکان، هەرچـەندە سـنووری ڕەخنەگرتنەکـە زۆر بەرتەسك بوو و دوور بوو لە تەنکی ویستراو و ڕەخنە لە خۆگرتن، بە ڕێگای خۆ دزینەوە لە بەرپرسیاریەتی و خستنە سەر ملی کەسانی دیکە.

دووەم : ئەو ساڵانە بە پێرەوهاتنێکی زیادی بە خۆوە بینی لـە لایـەن توێژە ڕۆشنبیرەکانەوە بۆ ناو ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی نەتـەوەیی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کوردی دوای ماوەیکی –وشکی–, ئەم هێرشە بەڵگەی ساخبوونەوە و سەرەتای ئاشتبوونەوە بوو لە نێوان سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیران و شوێنمای ئەرێیانەی بە جێهێشت و ئەنجامەکانی لە دواییدا بە دیارکەوتن. گۆڕەپانی کوردستانی عێڕاقیش لە پێشەوە بوو, کۆمەڵە ڕۆشنبیرەکانی کورد شار و شارۆچکەکانی عێڕاقیان بە جێهێشت و بەرەو گوند و شاخەکان بەڕێکەوتن کە سەرکردایەتی شۆڕش و پارتی لێبوو، دوا ئەویش گۆڕەپانی تورکیا و سوریا بەڵام ئێران لەم دیاردەدا بە دواکەوت.

سێیەم : قبووڵکردنی فرە حزبی و هزری و سیاسی، لە کاتێکدا کە سەرهەڵدانی حزبێکی دیکە بێجگە لە حزبی مێژوویی کۆن و –سەرکردە– لە شتە قەدەغەکان بوو لە مێشکی سیاسی کورددا, کەچی ڕووداوەکان و پێشکەوتنەکان ئەم وەرچەرخانە گرنگەی سەپاند. لەمەش زیاتر لۆجیکی کاری بەرەیی لە نێوان هێزە جیاجیاکاندا بووە جێگای بایەخ و کارە بەراهیەکانیان و –بەرە– کوردی و کوردستانیەکان و نیشتمانی و نەتەوەییەکان لە زۆربەی گۆڕەپانەکانی کوردستان دروست بوون.

چوارەم: وتارێکی سیاسی نوێ لە نێو ناوەندە سیاسیەکانی کورد سەریهەڵدا, ڕووداوەکان و ئەزموونەکە بەدیاریان خست کەوا هەندێ دروشم و ڕۆشێتی ئامادەکراو هەن کە لە گەڵ ڕەوشی نوێ ناگونجێن و جارێکی دیکە چاویان بە زۆربەیاندا خشاندەوە, لەوانەی کە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

جارێکی دیکه دارێژرانەوه مەسەلەی دۆست و دوژمنی بزووتنەوەی کورد بوو له ناوخۆ و له هەرێم و له جیهاندا و مەسەلەکانی بەراهی له ئامرازەکانی تێکۆشانی –سەربازیی و ئاشتیانه–دا و مافەکانی گەلی کورد و داخوازییەکانی که له کۆتاییدا دەکەونه ژێر رکێفی تەرازووی هێزەکان, پەیوەندیەکانی کوردی, رێگاکانی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان و هەڵوێست له بەرامبەر به مەسەلەی دیموکراتیەت لەو وڵاتانەی که کوردستانیان دابەشکردووه.

پێنجەم: هەوڵەکانی هەڵسەنگاندنی پەیوەندی له گەل هەر چوار رژێمەکەدا له لایەن هەندێك له لایەنەکانی بزووتنەوەی کوردی پاش ئەو ئەزموونه تاڵانه و دارژتنەوەیان له چوارچێوەی هەردوو بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتیمانی به شێوەیەکی هاوسەنگ, دەڵێین –هەوڵەکان– چونکه تاکو ئێستا ئەم کێشەیه به تەواوی چارەسەر نەکراوه.

شەشەم: دروستبوونی روانگەیەکی نوێ له رووکردنه هێز و رێکخراوەکانی ئەو گەلانەی گەلی کورد له گەلیاندا دەژین به شێوەیەکی تایبەتی گەلی عەرەب وبەتایبەتتریش بەرەو بزوتنەوەی نیشتیمانی فەلەستینی وەکو ئاماژەیەکی ناواخنی بۆ سەرنەگرتنی شێوازی پشتبەستن به رژێمەکان و قەرەبوکردنەوەی به رووکردنه گەلان.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

حەوتەم: گەڕانەوەیەکی –ڕێژەیی– بۆ بابەتی ڕۆشنبیری، بەڵام بە هێواشی و لە سەرخۆ، بەڵێ ڕاستە چاپەمەنی ڕۆشنبیری دەرچوون و بنکە و ناوەندی پەیوەنددار بە کاروباری ڕۆشنبیری دامەزران، بەڵام لە سنوری دەستبەسەرداگرتنی حزبی ویەکڕەوی هزریدا مایەوە لە گەل پەراوێزێکی ساکار بۆ رای بەرامبەر و فرە هەڵوێستی وفرە رایی.

## دوا وشە:

هەر وەك دیارە لەم لێکۆڵینەوەماندا لە رووی کاتەوە لەسنووری ساڵی ١٩٧٥ دەربازنەبووینە و ئەوەی ماوە بەجێی دێڵین بۆ لاپەڕەکانی بەشی دووەم لە ئاییندەیەکی نزیکدا، بەڵام شتێکی سوودبەخشە ئامـاژە بە بابەتێکی گرنگ بکەم ئەویش ئەوەیە کە رەنگە هەندێك کەس دوو شت تێکەڵ بکەن: هەڵوێستی پرەنسیپی مێژوویی نەگۆڕمان بەرامبەر بە کێشەی هەبوون و مافی گەلی کورد و هەڵوێستی سیاسیمان لەوەی پەیوەستە بە چارەسەر و ئەلتەرناتیفەکان. لە یەکەمیاندا راستی بابەتیانەی کورد وەك کە هەیە ناشارینەوە، لە دووەمیشیاندا بەئەندازەیەکی باش لە نەرمی و ئامادەباشی و لێکتێگەیشتندا دیارین.

بەدرێژایی مێژوو و رێبازمان ناسراوین بە ڕووڕوویی و روونی و خۆبەستنەوە بە ژیانی هاوبەش لەگەڵ گەلی عەرەبی سوریا، گشت سەربوردەی سیاسیشمان پڕە لە هەستەکانی ئاگایی لە ولاتمان و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

راوەستان دژی دوژمنانی هەروەك بە ئاشكەرا لە رووداوەكانی ناو ئەم لێكۆڵینەوەماندا بەدیاردەكەوێ, ئێمە بەم كارەشمان ئەمەكداری خۆمان بەرامبەر بە رابەرە بەراهیەكانمان و پابەندبوونمان بە ئاكار و رەوشتی گەلەكەمان بەدرێژایی چاخەكان دەچەسپێنین.

وێڕای شانازیمان بە گەلەكەمان و پابەندبوونمان بە نەتەوەمان و پێناسەمان شانازی بە ژیانی هاوبەش لە گەل گەلی عەرەب و بە یەك چارەنووسیمان دەكەین, ئێمە وەكو حزب و وەكو بزووتنەوەی نەتەوەیی كوردی لە چلێ ساڵ زیاترە چەسپاندوومانە كەوا ئێمە نزیكترین لایەنین بۆ كێشەكانی عەرەبی و بەتایبەتی كێشەی یەكەمی عەرب كە كێشەی فەلەستینە, هەروەها ئێمە لە هێزە یەكەمەكانی كورد بووین كە پەیوەندیە عەرەبییەكانی خۆمان رواند و بەهێزمان كرد.

گەوهەری پرەنسیپی لە بینینی كورد وەكو گەلێك كە مافی چارەی خۆ نووسینی هەیە پرەنسیپی چارەنووسی نیشتیمانی رەت ناكاتەوە لە بڕوابوون بە سوریایەكی یەكگرتوو و بەهێز كە سەرفراز بێت بە یەكگرتنی نیشتیمانی و یەكگرتنی توخمە نەتەوەیی ورۆشنبیریە جیاجیایەكانی. بنمیچی سیاسەتی فەرمی لە بەرامبەرمان ئەمەیە: هیچ هەبوونێك بۆ كورد نیە لە سوریا وەكو گەل و مەسەلەیەكی نەتەوەیی.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

زمانحاڵی هەڵوێستی ئێمە ئەمەیە: کوردە سوریایەکان گەلێکن هەن و مافی پرەنسیپی خۆیەتی دەستنیشانی چارەنووسی خۆی بکات لە چوارچێوەی سوریای یەکگرتوودا. لەم حاڵەتەشدا گفتوگۆی نیشتیمانی دەتوانێت رێگا کورت بکاتەوە تا رادەی بەیەك گەیشتن لە نیوەی رێگادا.

کەی گفتوگۆی نیشتیمانی سەرتاگیری دەست پێدەکات و کەی حکومەتی سوریا بە پێرحەزی بزووتنەوە نەتەوەییەکەمانەوە دێت لە رێکەوتن لە سەر دۆزینەوەی چارەسەرێکی دیموکراتی گونجاو بۆ مەسەلەی بەشێك لە گەلی سوریا لە سەر بنەمای برایەتی کورد وعەرب و ژیانی هاوبەش و یەك چارەنووسی، ئێمە چاورێی ئەو رۆژەین.

لە کاریگەری هۆکارەکانی ناوخۆ و ناکۆکی لەسەر هەڵوێست و سیاسەتەکان ریزبونێکی هزری سیاسی سیما ئاشکرا هەڵقولاً کە خوێندنەوەی ناونیشانە سەرەکیەکانی کێشەکانی ناکۆکی ئاسان دەکات( ئەمەش جاری یەکەمە روو دەدات لەمێژوی بزوتنەوەدا، پوختەکەی داقلێشانی حزب بوو بۆ دوو باڵ: (چەپرەوی نەتەوەیی و راسترەوی نەتەوەیی) لە نێوان هەردوو لایەندا، کە دەربارەی مەسەلە ستراتیژیە سەرەکیەکانە نەك دەربارەی تاکتیکی سیاسیە بە تەنها، ئەمەش ئەم داقلێشانەی کردە –ئاسۆیی وئەستونی–، ئەگەر ناکۆکی تاکو ئێستا بەردەوام بێت و ململانێ دوای زیاتر لە سی ساڵ هەر هەیە، بەڵگەکان وا پیشان دەدەن کەوا بەردەوام دەبێت تاوەکو

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە قۆناغی –رزگاریخوازی– نیشتیمانیدا بێـت, و جیـاوازی و نـاکۆکی لــە دوای چارەسـەرکردنی مەسـەلەی کوردیش لە سوریا هەر سەرهەڵدەداتەوە, بەڵام بە شـێوەو نـاوەرۆکی دیکە.

لە لایـەکی دیکـەوە و لـە کۆتـایی ئـەم لێکۆڵینـەوەدا پێویـستە روون بکەمـەوە کـەوا مـن بـە هـەموو توانایەکمـەوە هەوڵمـداوە راسـتیەکان وەکـو خۆیـان بـەپێی دیتنـی خـۆم بخەمــە روو, لەوانەیــە بــە پێــی یاساکانی ژیان خوێندنەوەی جیاجیا بۆ روداوەکانی مێـژوو هـەبێت و راڤـەکردنی جیـاواز هـەبێت بـۆ روداو و سـەربوردەکانی بزوتنـەوەی نەتەوەی کوردی. هەروەها خۆم دوورخستەوە لە خراپـە گەیانـدن بـە کەسایەتی هیچ یەکێك و رەفتارم لە گـەڵ هەڵوێـست و هـزر و راکانـدا کـردووە نـەك لـە گـەڵ روکـەش و تایبەتمەندیـەکانی کەسـانەکان, لـە شیکرنەوە و هەڵسەنگاندنەکانمدا لە هەبونی بەرامبەرەوە چـووم نـەك رەتکردنـەوەی و لـە بڕوابـوون بـەوەی هـیچ پێـشکەوتنێك نایەتـە دی بـەبێ ململانـێ و جیـاوازی. مـن شـانازی دەکـەم کـەوا بزووتنـەوەی نەتەوەیی لە سوریا وێڕای ململانێی بەردەوامی و ناکۆکیـە قووڵـەکانی هەرگیز گشتمان بەبێ بەدەری نەخلیسکاینە ناو هەڵدێری توندوتیـژی و توندوتیژی هاودژ, دەبێ شانازی بەو رەفتارەشمـان بکـەین چـونکە یەکێکــە لــە تایبەتمەندییــەکانی بزووتنەوەکــەمان کــە ســیمایەکی ئەرێیانەیە و دەبێ رێزی لێبگیرێ و سـەرتاگیر بکـرێ بـۆ سـەر گشت

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هێز و لایەنەکانی کوردستانی. ناوهێنـانی –عەبدولحەمیـد دەروێش– لـە زیـاتر لـە شـوێنێك لـەو لێکۆڵینەوەیـەدا هـەرگیز واتـای زیـان گەیاندن نیە بە کەسایەتی ئەو بەڵکو ئەمە رۆلی ئەو پیشان دەدات لە بزووتنەوەکەمانـدا وەکـو بەرچـاوترین سـەرکردەی – راسـترەوی نەتەوەیی– کە وێرای ناکۆکیەکان بە دۆستی دادەنێم. بەم بۆنەشەوە داوا لـە گـشت ئـەو کەسـانە دەکـەم کـە ناویـان لێـرەدا هـاتووە یـان نەهاتووە گەنگەشە لە سەر ئەم بابەتە نەتەوەییە گشتییە بکـەن و را و تێبینیەکانیان بخەنەروو بە شێوەی پەرتوك و لێکۆڵینـەوە و وتـار و بەڵینیان دەدەینێ بەشـداریان بکـەین لـە چـاپ و دابەشـکردن ئەگـەر پێویست بێت.

## سەرچاوەکان:

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

- pirtûka: (dêmenin ji Dîroka winda) – samî . A . Namî apc – stokholm – ٢٠٠٠

– كردستان والحركة التحرريه الكردية – صلاح بدرالدين – بيروت / ١٩٧٤.

– غرب كردستان «دراسة تاريخية سياسية وثائقية موجزة» صلاح بدرالدين – رابطة كاوا للثقافة الكردية بيروت / ٢٠٠٠ .

– البارزاني والحركة التحررية الكردية – جزء ٣ – مسعود البارزاني – أربيل – كردستان العراق/ ٢٠٠٢ .

– خويبون وثورة آكري، روهات آلاكوم، ترجمة ومراجعة: شكور مصطفى، رابطة كاوا للثقافة الكردية، أربيل، كردستان العراق ٢٠٠٠ .

– دراسة عن محافظة الجزيرة من النواحي السياسية – الاجتماعية – القومية. الملازم أول محمد طلب هلال، رئيس الشعبة السياسية بالحسكة/١٩٦٣ – رابطة كاوا للثقافة الكردية / ٢٠٠١ .

– وثائق وزارة الخارجية السورية – الاكراد وثورة البارزاني – عدنان مراد / ١٩٦٦ .

– الرد على الكوسموبوليتية – عبدالرحمن ذبيحي .

– صفحات من تاريخ حركه التحرر الوطني الكردي في سورية – محمد ملا احمد – رابطة كاوا للثقافة الكردية، ٢٠٠١ – أربيل – كردستان العراق .

– ژمارەکانی گۆڤاری – War – کە لە – استانبول– دەر دەچیٚ, ل ٥ – ٦/ ١٩٩٨ – ٧/١٩٩٩ و ئەو دیدارانەی کە لە گەل: شاکر ئەبو

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

زدمیر – ئیبراهیم کوجلو – مەحمود لەوندی – دەروێش سەعدۆ – شەرەفە دین ئاچی – جودی – کە دیار مەحەمەد سەعید دۆسکی– لە کوردی وەرگێڕاوە.

– گۆڤاری «المناضل»ی ناوخۆیی حزبی بەعس, ژمارەی هاوین/١٩٦٦.

– ئەرشیفی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان – عیراق .

– دیدارەکانم لە گەل هەندێك لە سەرکردایەتیەکانی پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکی (ئالچی).

– دیدارەکانم لە گەل هەندێك لە سەرکردایەتیەکانی پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکی (شڤان).

– بەڵگەنامەکانی پارتی هەڤگرتنی گەلی کورد لە سوریا

– تاریخ مسیرة الشعوب العربیة الحدیث – د. امیل توما – دار الفارابي – بیروت/١٩٧٩

– تاریخ سوریة ولبنان وفلسطین – د. فیلیب حتي – دار الثقافة – بیروت/١٩٥٨

– سوریة والعهد الفیصلي – یوسف الحکیم – ذکریات – دار النهار – بیروت / ١٩٨٦

– تاریخ سوریة ولبنان تحت الانتداب الفرنسي – ستیفن هامسلي لونغریغ – دار الحقیقه –بیروت / ١٩٧٨

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

- يقظة الكرد – جرجيس فتح الله – دار آراس – أربيل / ٢٠٠٢
- الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية – د. وليد حمدي – مطابع سجل العرب / ١٩٩٢
- من وثائق الحركة التحررية الكردية – باشراف د. عبدالفتاح بوتاني– مجلة (متين).
- له باشيەكانی ( راپۆرت نووس ) لێكۆڵنەوەیەك دەربارەی – خۆیبون – د. كەمال مەزهەر ئەحمەد – گۆڤاری رەنگین.
- سورية والانتداب الفرنسي – فليب خورى – مؤسسة الأبحاث العربية / بيروت .
- الأكراد في لبنان وسورية – د. أديب معوض – چاپخانەی ئەمەریكایی – بەیروت / ١٩٤٥.
- أضواء على الحركة الكردية في سوريا – عبدالحميد درويش – ٢٠٠٠

# بەڵگەنامە و وێنەكان

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

**نامەی عیسمەت شەریف وانلی بۆ عەبدولحەمید دەرویش**

بــرای بــەرێز کــاك مــودور، بــە رێگــای ئەویــشەوە بــۆ بــەرێز کــاك عەبدولحەمید

سڵاوی برایانە و تامەزرۆیی و...

دەمێکــە هەواڵــەکانتان نابیــستم و نــازانم هــۆی چــییە تــا کــو ئێــستا ناوونیشانتان بۆ نــەناردووم. کاتیــك لــە وڵات بــووم نامەیــەکم بــە کــاك

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

حوسام موراد ناردبوو, نازانم چارەنووسی چی بوو, بۆچی وڵامەکەیم پێنەگەیشت. هەروەها داوام کردبوو کەوا دوو کارگە هەیە, کارگەی (A)و کارگەی (B) کە هەڵسوکەوت لە گەڵ کارگەی باپیری بنەماڵە دەکەن لە وڵاتدا و کەرەستەی یەدەك و پێداویستییەکانی دیکەیان بۆ رەوانە دەکەن, پێم وتبوو کەوا زۆربەی ئەو کەرستانە بە رێگای لایەنی کارگەی (B) دەنێردرێت, بەڵام بە رێگای (A) دا دەڕوات. هەروەها وتبووم کەوا بەرێوەبەری کارگەی (B) برادەرمە و رەنگە بتوانێت کەرستەی یەدەك بۆ کارگەی ئێوەش بنێرێت لە(س) ئەگەر بتانەوێت. چاوەڕێی وڵام و وڵامی نامەکە بووم , دەشزانکم کەوا کاروبار و بەدواداچوونیان پێویستیان بە کات هەیە .

دەمەوێ لاتان روون بێت, کەوا هاوڕێیەتیم لە گەڵ بەرێوەبەری کارگەی (B) کەسی نیە و من خۆم هیچ ئیشێك لەو کارگەیەدا ناکەم. و بەشیشم تێدا نیە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٤ پێشنیازم بۆ باپیرەی بنەماڵە کردبووو کەوا بە ناوی ئەو سەردانی کارگەی (B) بکەم. باپیرە وتی باشە بڕۆ خۆت و هیمەتت. چوومە کارگە و ئەو رێکەوتنە بەدیهات کەوا کارگەی باپیرەی لە ئیفلاس رزگار کرد. هەروەك چۆن بە کاك (موراد)یشم گووتبوو, من سەردانی بەرێوەبەری کارگەی (B) م کرد و داوام لێکرد کەوا ئەگەر ئامادەیی تێدا هەبێت کەرستەی یەدەك بۆ کارگەی ئێوەش بنێرێت. بەرێوەبەر هەندێك دوودڵ بوو بە هۆی ئەو رایەی پێشتر هەیبوو لە سەر رەوشی خراپی کارگەکەتان و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دابەشـبوونی بەڕێوەبەریەتیەکـەی کـە زیـان بـە بەرژەوەندیـەکانی کارگەکە دەگەیەنێ. بەڵام من توانیم قەناعەتی پـێ بێـنم و ڕازی بێـت لە سەر بیرۆکەکە.

پاشان هەوڵمدا بەڕێوەبـەری کارگـەی (B) ڕابکێـشم بـۆ ئـەوەی بـزانم کەوا دیسان ئامادەیی تێدا هەیـە بـۆ نـاردنی کەرەسـتەی یـەدەك بـۆ کارگەی براکانم لە باکور. بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەنـدێ ئامـاژەم بە ڕەوشی باکور دا ( بـەبێ ئـەوەی نـاوی هـیچ بەرپرسـێکی کارگـەی باکور بێنم). بەڕێوەبەری کارگەی (B)وتـی: ئەو بە شـێوەیەکی گـشتی ئاگاداری کارگەی باکورە و ناتوانێت و نایەوێت کەرسـتەی یـەدەك بـۆ باکور بنێرێت و نایەوێت هیچ پەیوەندییەکی هەبێت لـە گـەڵ کارگـەی باکور و ئەوانەی پەیوەندییان هەیە لە گەڵ کارگەی باکوردا .

پرسیاری کرد ئایا کارگەکەتان (س) هیچ پەیوەندیی لە گـەڵ کارگـەی باکور هەیە؟ منـیش وتم: نـا, نـا هـیچ پەیوەندییـەکیان نیـە, ئـەویش وتی: باشە کەرەستەی یەدەك یۆ کارگەکـەتان دەنێـرین بـە مـەرجێك کـە منـیش پەیوەندییـەکانم لـە گـەڵ کارگـەی بـاکوور بـبڕم و بـەو مەرجەش کەوا باپیری بنەماڵەش لە وڵاتدا بەمـە نـەزانێت. منـیش لـە ڕەوشێکی قورسدا بووم, کە نەمدەتوانی پەیوەندیم لـە گـەڵ کارگـەی بـاکور بـبڕم, لــە کۆتاییــدا لەســەر چارەســەرێکی مــام ناوەنــدی ڕێککــەوتین, ئــەویش ئــەوە بــوو کــەوا بــە شــێوەیەکی کــاتی پەیوەندییەکانم لە گـەڵ کارگـەی بـاکور بـبڕم بـە لایـەنی کەمـەوە بـۆ

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

چــەند مانگێــك وەك نموونــە تــاوەكو وڵامــی ئێــوە دەگەڕێتــەوە و پەیوەندییەکانی ئێوە لە گەڵ بەڕێوەبـەری کارگـەی (B)دابـین بکـەم, دوای ئـەوە دەتـوانم ئـەوەی ئارەزوومـە بیکـەم. ئەمـە رەوشـەکەیە و چاوەڕێی وڵامتانم, ئێوەش گرنگی بابەتەکە دەزانن بۆیە پێویـست بـە درێژی ناکات.

نـویێ: بـە یونانـدا تێپـەڕیم و لـە رێگـای گەڕانەوەمـدا پەیوەنـدیم بـە کارگەیـەکی نـویێ کـرد(کارگـەی ((C)یونـانی و بـە شـێوەیەکی گـشتی قـسەم لـە گـەڵ کـردن, کـەوا ئەگـەر ئامـادەیی هـەبێت بـۆ نـاردنی کەرستەی یەدەك بۆ کارگەی باکور (هەڵبەتـە هـیچ شـتێکم لـە سـەر کارگەکـەتان بـۆی بـاس نـەکرد), (هـەروەها نـاوی بەڕێوەبـەرەکانی کارگـەی بـاکورم بـۆ نەدرکانـد) خاوەنـەکانی کارگـەی (C)وتـی کـەوا بابەتەکە زۆر جێی بایەخی ئەوانە, بەڵام زانراوەی کـەمیان لـە بـارەی گرنگی کارگەی باکورەوە هەیە, بۆیە باشتر وایـە چـاوەڕێ بکـەین تـا وەکو نوێنەرێك لە کارگەی باکورەوە دێـت و پاشـان مەسـەلەکەی بـە دوور و درێـژی لـە گەڵـدا بـاس بکـەین. بـۆ ئاگاداریـشتان ئـەوان بـە شێوەیەکی گشتی رازین لەسەر ناردنی کەرستەی یەدەك.

پاشان داوام لە بەڕێوەبەرەکانی کارگـەی (C)کـرد, کـەوا بەڕێوەبـەری کارگەی (D)قوبرسـیم پـێ بناسـێنن دیسانەوە بـۆ نـاردنی کەرسـتەی یەدەك بۆ کارگەی باکور, لە بـەر ئـەوەی دەمزانـی کـەوا بەڕێوەبـەری کارگەی (D)ئـەم کـارەی زیـاتر لا گرنگـە لەوانـەی دیکـە, بەڕێوەبـەری

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کارگە (C)یش وتی: ئەو بەم کارە هەڵدەستێت بەڵام باشتر وایە چاوەڕێ بکەن تا وەکو نوێنەرێکی کارگەی باکور لەگەڵم دێت. هەڵبەتە بەرێوەبەرەکانی کارگەی (C)و(D)یش, لەو کەسانەن کەوا پشتیان پێ دەبەسترێت.سڵاوم هەیە بۆ گشت برادەران و هەر ساخ بن.

لۆزان

٣٠/١/١٩٦٧

عیسمەت شەریف وانلی

ئەندامی لیژنەی ناوەندی, نوێنەری

حزب لە دەرەوە

تێبینی نووسەر:

مودور= بە مودور عەبدولحەنان ئەندامی لیژنەی ناوەندی لە کۆمەڵەی راستڕەو.

عەبدولحەمید= عەبدولحەمید دەروێش سکرتێری راستڕەو.

(A)ئێران =

(B)ئسرائیل =

باپیرە= بارزانی

س= سوریا

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

**باكور= بزووتنەوەی کورد لە تورکیا کە ئەو کاتە کۆمەڵەی سەعید ئاڵچی( فایق بۆجاق)بوو.**

ناوی ئەندامانی دامەزرێنەری بزووتنەوەی خوەیبوون

**ئامادەبوون لە ئەوانەی کە لە کۆنگرەی یەکەم (دامەزراندن) قامشلۆ لە ماڵی قەدور بەگ, ساڵی, ١٩٢٧, ژمارەیان (٣٢) کەس بوون:**

**١- جەلادەت بەدرخان**

**٢- کامەران بەدرخان**

**٣- حاجۆ ئاغا**

**٤- ئەمین ئەحمەد**

**٥- یادۆ ئاغا**

**٦- سەعید ئاغا**

**٧- شێخ عەبدلرحیم**

**٨- محەمەد مەهدی**

**٩- تاهر**

**١٠- سێ لەکوڕەکانی شێخ عەلی بالۆ**

**١١- قەدری جەمیل پاشا**

**١٢- ئەکرەم جەمیل پاشا**

**١٣- شێخ عەبدلرەحمان گارسی**

**١٤- دکتۆر ئەحمەد نافد**

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

١٥- شەوکەت زولفی

١٦- دکتۆر نوری دێرسملی

١٧- عارف عەباس

١٨- سارۆخان ئاغا

١٩- عوسمان سەبری

٢٠- جەگەرخوین

٢١- قەدری جان

٢٢- رەشید کورد

٢٣- ئەحمەد نامی

٢٤- عەڤدی تێلۆ

٢٥- حەسەن هشیار

٢٦- مەلا ئەحمەد شوزی

٢٧- مستەفا بۆتی

٢٨- حەمزە موکسی

٢٩- محەمەد عەلی شەویش

٣٠- قەدور بەگ

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

## ناوی ئەو (٢٧) کەسایەتیەی ئامادەی کۆنفرانسی ئابی ١٩٦٥بوون

١- سەلاح بەدرەدین
٢– محةمةد نيؤ
٣- هیلال خەلەف
٤- محەمەد بۆتی
٥- عەزیز ئۆمەری
٦- عەبدلحەلیم قچۆ
٧- یوسف ئسماعیل
٨- محەمەد حەسەن
٩- نوریحاجی
١٠- ئەحمەد بەدری
١١- فەخری هەیبەت
١٢-شەمۆ مەکی
١٣- محەمەد قادۆ
١٤- مەلا ئەمین دیوانی
١٥- غەربی عەباس
١٦- محەمەد خەلیل
١٧- مەلا شەریف

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

١٨- عەبدلرەزاق مەلا ئەحمەد

١٩- مەلا داود

٢٠-  نوری حەجی حەمید

٢١- محەمەد عەلی حسۆ

٢٢-  مەلا هادی

٢٣-مەلا ئەحمەدیٚقۆپ

٢٤- ئیبراهیم عوسمان

٢٥- سەید رەمەزان

٢٦- رەشید سمۆ

٢٧- عیسا عەساف

## پەیماننامەی سایکس - بیکو– ئەیار ١٩١٦

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەم پەیماننامەیە لە نێوان ئنگلتـەرا و فرانـسا مـۆرکراو و رەزامەنـدی روسیای بەدەستهێنا, بەشێك لەو پەیماننامەیـە تـەرخان کـرا بـوو بـۆ چـۆنیەتی دابەشـکردنی ئـەو ولاتـە عەرەبیانـەی کەوتبوونـە نێـو چوارچـێوەی ئمپراتۆرییـەتی عوسمانیـدا. کوردسـتانیش شـوێنێکی بەرچاوی داگیرکرد لەو گفتوگۆ نهێنیانەی هاوپەیمانانـدا, کـە لـە گـەڵ ئەو بایەخەیە گەورەیەی دەوڵەتە زلهێزەکاندا دەگونجا کە ماوەیـەکی درێژ بوو پێیان دەدا. باسی ناوچە کوردییـەکانی عوسمـانی (تورکیـا- عـێراق-سـوریا) لـەو نامەیـەدا هـات کـە >>سـازانۆف<<ی وەزیـری دەرەوەی روسیا لە نیسانی ١٩١٦دا ئاراسـتەی بـالیوزی فرانـسای لـە پترۆگـراد کـرد کـە دەربـارەی تەماحکارییەکارییـەکانی روسـیایە بـۆ دەستداگرتن بە سەر بەشێکی گرنگ لە کوردستانی تورکیا.

## پەیمانی سیڤەر-ئاب-١٩٢٠

پەیماننامەی سیڤەر بە ئامادەبوونی شاندێکی کـورد بـە سـەرۆکایەتی شەریف پاشا مـۆرکرا. هـەروەها بـە ئامـادەبوونی بریتانیـا, فرانسا, یونـان, ئیتالیـا, رۆمانیـا, یۆگـسلاڤیا, چیکۆسـلۆڤاکیا, پۆلەنـدا, بەلجیکا, یابان, حیجاز, ئـەرمینیای تاشـناقی و تورکیـای عوسمـانی. پەیماننامەکـە ئـەم بەندانـەی خـوارەوەی سـەبارەت بـە کوردسـتان بەخۆوە گرت:

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

**بەشی سێیەم: ماددەی ٦٢:** لیژنەی دانیشتوو لە قستەنتینیە لە سێ ئەندام پێکدێت, کە بە شێوەیەکی فەرمی لە لایەن حکومەتەکانی بریتانیا و فرانسا و ئیتالیاوە دەپالێورێن. لە میانی شەش مانگی دوای مۆرکردنی رێکەوتنامەکە, لیژنەکە پلانێکی ئۆتۆنۆمی پێشکەش دەکات بۆ ئەو ناوچانەی کە زۆرینەیان کوردن لە رۆژهەلاتی روباری فورات و باشوری سنووری ئەرمینیا کە دەکرێ پاشان دەستنیشان بکرێت, هەروەها بۆ باکوری سنووری نێوان تورکیا و نێوان سوریا و عیراق, هەروەك لە فەقەرەکانی ٢٧-١١-٣٢ دا چەسپاوە. ئەگەر لیژنەکەش نەیتوانی سەبارەت بە هەر مەسەلەیەك بگاتە بڕیارێکی بە کۆمەڵ, خۆ ئەوە هەر ئەندامێك لە ئەندامانی لیژنەکە مەسەلەکە بۆ حکومەتەکەی خۆی دەخاتەروو.

## وتەی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

## له كۆنگرەی هەشتی پارتی دیموكراتی كوردستان– عیراق – ناوپردان/ ١٩٧٠

له لایەن سەلاح بەدرەدین سكرتێری حزبی دیموكراتی كورد له سوریاوه وتاری حزبی برا خوێنرایەوه و بە چەپڵەڕێزانێكی گەرمەوه پێشوازیی لێكرا, كه ئەمەش دەقەكەیەتی:

بەڕێز جەنابی سەرۆك, میوانە بەڕێزەكان, هەڤاڵانی كۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموكراتی كوردستان, شانازییەكی گەورەیە بۆ ئێمە كه بەشدار بین لەم كۆنگرەیەتاندا. بە ناوی لیژنەی ناوەندی پارتی دیموكراتی كورد له سوریا هەڵگری سڵاوی برایانەی ئەندامان و جەماوەری حزبمان و رۆڵەكانی گەلی كوردمانین بۆ ئێوه و بۆ رابەری نەتەوەكەمان بارزانی, كە بە هەڵپەوه دەڕواننە دەسكەوتە بە نرخەكانتان و بە دڵێكی پڕ بڕواوه چاویان بڕیوەتە ئاییندەی گەشیان و مافی نەتەوەكەیان له ژیانێكی ئازاد و سەرفرازدا. ئێمە زیادەڕۆیی ناكەین, ئەگەر بڵێین بە ملیۆنان كەس لە رۆڵەكانی نەتەوەكەمان ئەمڕۆ چاویان بڕیوەتە كوردستانی عیراق, قەڵای خۆڕاگری و ئازادی و گەله خەباتگێڕەكەی كه قارەمانانه بەرگری له مافی هەبوونی خۆی كردووه و بۆ گشت جیهانی سەلماندووه كەوا شایستەی ئەو داوایانەی خۆیەتی له سایەی خەباتتان بۆ زیاتر له نیو سەدە و تا كو ئێستا

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

توانیوتانە وێڕای تەگەرەکان کییانی خۆتان بپارێزن و سەرکەوتن بە دەست بێنن.

بەپێی ڕێکەوتننامەی ١١ی ئادار داننراوە بە مافی گەلی کورد لە ئۆنۆمۆیدا کە دەستکەوتێکی گرنگە لەو دەستکەوتانەی شۆڕشەکەتان و بەرهەمی تێکۆشانی دوور و درێژتانە, لە هەمان کاتیشدا سەرکەوتنێکە بۆ گشت هێزە پێشکەوتنخواز و دیموکراتخوازەکان کە پاڵپشتی کێشە ڕەواکەمان بوون, هەروەها لە بیر ناکرێت کەوا لە ئەنجامی تێڕوانینی ریالیستانە و هەڵوێستی نیشتیمانیانەی حزبی بەعسی فەرمانڕەوایە.

حیزبی ئێمە پێشتر هەڵوێستی پشتگیری دڵسۆزانە و لایەنگرانەی خۆی بۆ ئەم ڕێکەوتنە و گرنگیەکەی دەربڕی بوو لە میانی بروسکەکانیدا بۆ مەکتەبی سیاسی حزبتان و بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە بەغدا. هەروەها جەماوەری گەلی کوردمان لە سوریا بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە پێشوازییان لەم هەواڵە کردو و ئێستا لە شادومانییەکی گەورەدا دەژین. سەرەڕای ئەوەی کە ئۆتۆنۆمی مافێکی سروشتی سەرەتاییە و بچوکترین داواکاری هەر گەلێکە, بەڵام لەم قۆناخەی ئێستادا بە خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی دادەنرێت بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد, هەرچەندە تایبەتە بە کوردستانی عیراق لە سنوورە جوگرافییەکەیدا, بەڵام خاڵی وەرچەرخانێکی گەورەیە بۆ گشت رۆڵەکانی نەتەوەی کوردمان.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بۆیە پاراستنی ئەم دەسکەوتە و سووربوون لە سەر جێبەجێکردنی ناوەرۆکەکەی ئەرکێکی نیشتیمانیە, جگە لەوەی کە ئەم ڕێکەوتنە هێزێکی گەورەی دایە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبی لە شەڕی ئێستایدا.

ئەو ڕێرەوە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە شەڕ جیهانی دووەمەوە گرتوویەتیە بەر خۆ ڕێکخستنەوەیەتی لە چوارچێوەی ڕێکخراوی نوێی سیاسیی خاوەن پڕۆگرامدا کە بزووتنەوەی تازە گەشەکراوی کوردی هەموو ئاستەنگە کۆنەکانی پێشوو و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە رزیوەکانی بەزاند و باری کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان شێوەیەکی نوێ بەخۆوە گرت دەرئەنجامیك بۆ ئەزموونە سیاسیەکان. حزبە دیموکراتخوازە کوردییەکان کە حزبەکەتان رۆڵی پێشەنگی شۆڕشگێڕی تێدا دەبینێت, بەرێکەوت نەبوو کە بۆ جاری یەکەم لە مێژووی گەلی کورددا رابەرایەتی شۆڕشێکی ڕزگارخوازی دیموکراتی بکات بۆ سەرکەوتنی مسۆگەر. خۆڕاگری حزبەکەتان و بەرخۆدانی قارەمانانەی سەرۆکتان لە هەمبەر مەترسی و هەوراز و نشێوە زۆرەکاندا بەڵگەی راستی هێڵی خەبات و قووڵی رەگ و ریشەیەتی لە ناو گەی کورددا. بۆیە دەبێت سەرچاوەیەکی رەسەن بێت بۆ گەیاندنی ئەزموونە بەنەرخەکانی بۆ حزبە کوردییەکانی دیکە. هەروەها لەکاتێکدا شانازی بە پەیوەیوەندیە بەتینەکانمان دەکەین لە گەڵ حزبەکەتان و سەرۆکە خەباتگێڕەکەیدا چ پێش هەڵگیرسانی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

شـــۆڕش و چ دوای ئـــەوە. حزبەكـــەمان لـــە هـــەموو كاتێكـــدا وەك پابەندبوونێك بە هێڵی نەتەوەیی لە گەڵ شۆڕش و ئامانجـە رەواكـانی سیاسەتی حزبتاندا بووە, چ لە سەر ئاستی كوردستان یـان لـە سـەر ئاسـتی رای گـشتی سـوریا یـان عـەرەبی, بەتایبـەتی لـە رسـواكردنی تـاقمی-٦٦- وێـڕای ئـەو هەرشـە و پاڵەپەسـتۆیەی كـە دووچـارمان دەبووەوە لە لایەن دوژمنانی بزووتنەوەی كوردی, چونكە پـەیوەنـدی چارەنووســـی و پرێنـــسیپی لـــە نێـــوان لایەنـــەكانی بزووتنـــەوەی نیشتیمانی-كوردایەتی- و بەتایبەتی لە نێوان هـەردوو حزبەكانمانـدا ئێمـەی ناچـار كـرد كـە بەشـێوەیەكی ورد و راسـتەوخۆ رووبـەرووی هەموو لادانێك ببینەوە كە دووچاری حزبەكەتان بووە, ئەمـەش بـووە پاساوی هاوكاری كۆمەڵە سەوداكارەكەی لادەر لـە هێڵـی حزبمـان لـە سـاڵی ١٩٦٦ لـە گـەڵ تـاقمی جـەلال-ئیبراهیمـی خیانـەتكار كـە لـە كۆنگرەی یەكەممان لـە سـاڵی ١٩٦٦ ریـسوا و تاوانبـار كـرا. ئەمـەش بەشێكە لەو راستیەی كەوا بزووتنەوەی كورد بە شێوەیەكی گشتی لە ناوەڕاســـتی شەســـتەكاندا تووشـــی شـــەپۆلێكی لادان هـــات بـــە سەركردایەتی رەوتی تێكدەری سـەوداكار لـە گـشت پارچـەكاندا, لـە بەرامبـــەر ئـــەم واقیعەشـــدا پێویـــستە پەیوەندییـــەكان لـــە نێـــوان پێـشەنگانی بزووتنـەوەی كـوردی قـووڵ بكـەین لـە پێنـاو یـەكگرتنی لایەنـەكانی و نزیككردنـەوەی بۆچـوونەكانیان بـەوەی كۆنگرەكـەتان گشت هێزە هاودژەكان لە هەموو پارچەكانی كوردسـتان و بەتایبـەتی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

خیانــەتکارانی گەلەکــەمان لــە ســوریا ریــسوا بکــات لــە پێنــاو بەرەوپێشبردنی بزووتنەوە و پاراستنی لە لادان,.ئەمەش ئەرکێکی بەرزی ئەم کۆنگرەیەتانە.

هــەروەها هاوپــەیمانی حزبەکــەتان و حزبــی بــەعس پێویــستە ببێتــە هۆیــەکی ســەرەکی بــۆ پتــەوبوونی دۆســتایەتی هــەردوو بزاڤــی پێشکەوتنخوازی عەرەبی و کوردی لە پێناو چەسپاندنی برایەتی و تێکۆشانی هەردوو نەتەوەی برا بۆ راوەستان لە دژی دوژمنی هاوبەشمان لە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی. بە پێی تێڕوانینمان لە بواری سیاسەتی عێراقدا دروشمی حزبەکەتان ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراتیەت بۆ عێراق هێشتا هەر زیندووە و ئەنجامدانی لە واقیعدا دەبینین. ئەویش بەجێبەجێکردنی بەندەکانی رێکەوتنەکە لە لاییەك و هاوکاری نێوان هێزە نیشتیمانی و پێشکەوتنخوازەکان, چ لە سەر ئاستی حزبی و چ لە سەر ئاستی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی یاخود رێکخراوە گەلێرییەکاندا, چونکە تەنیا ئەمەیە دەسکەوتەکان دەپارێزێت و بەجێیان دەگەیەنێت.

حزبەکەمان لەو بڕوایە دایە کەوا شۆڕش لە کوردستانی عێراقدا بە قۆناخی رزگاریخوازی نیشتیمانی و دیموکراتیدا تێدەپەڕێت و دەبێت حزبەکەتان وەکو پێشەنگێکی وشیار درك بە پێداویستیەکانی قۆناخەکە بکات و جەماوەری کوردستان کە شۆڕشەکەی – پێشمەرگە– لە ئامێزی گرت و لە چینی چەوساوەی جوتیاران و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هەژاران و توخمە نیشتیمانیەکانی دیکە پێك دێت, کە بڕبڕەی پشتی بزووتنەوەن. لە بەرامبەریشدا دەبینین کەوا دەبێت بۆ قوولکردنی هەنگاوە کۆمەلآیەتیەکان لە کوردستاندا بۆ بەرژەوەندی ئەم چینانە کار بکەن بۆ ئەوەی شۆڕش لە سەر هێڵی دروستی خۆی بەردەوام بێت.

برایان:

سەرەڕای ئەو چەوساندنەوە و نەهامەتیانەی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیا و لە کوردستانی ئێران دووچاری دێن لە سایەی هەردوو حکومەتدا, گەلی کوردمان لە سوریاش بە هەمان شێوە تووشی درندانترین شێوەی چەوساندنەوە بوونە لە سایەی فەرمانڕەوایی ئێستادا, گەلەکەمان چاوەڕیی خێری دەکرد دوای هاتنی حزبی بەعس بۆ سەر دەسەلآت لە سوریا لە سالّی ١٩٦٣ کە لە سەرەتادا دەستی کرد بە هەندێ هەنگاوی پۆزەتیڤانە لە سیاسەتی دەرەوەیدا و دروشمی پێشکەوتخوازی سۆسیالیستی بەرز کردەوە, بەلآم تێڕوانینیان بۆ گەلەکەمان نەك هیچ نەگۆڕا بگرە خراپتریش بوو. دەسەلآتی سوریا سیاسەتی –مردنی هێواش–ی گرتەبەر بۆ لەناوبردنی کیانی کوردی. بۆ ئەم مەبەستەش پیلان و پرۆژەی دیراسەکراوی دارشت و دوای سەرژمێرە نا رەواکەی زیاتر لە سەد هەزار هاوولآتی کوردی لە رەگەزنامەی سوریایی بێبەش کرد, وەکو رێخۆشکەرێك بۆ پرۆژەیەکی رەگەزپەرستانەی درندانەتر , ئەویش

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کـۆچ پێکردنیـان لـه ناوچـه کوردییـەکان دوای بێبەشـکردنیان لـه پێداویستییەکانی بژێوی, هێشتا دەسـەڵاتدارانی ئـەویٚ لـە سـەر ئـەم رێگایـە بـەردەوامن , رێگـای تواندنـەوەی نەتـەوەی کـورد بـە هـەموو شـێواز و ئامرازەکـانی لـە پاڵەپەسـتۆ و گوشـاری ئـابوری و دەسـتگیرکردنی بـە کۆمـەڵ و سیاسـەتە بـەدەرەکانی لـە ناوچـە کوردییەکانـدا. گـەلی کوردمـان لـە سـوریا کـە گـشت مۆرکـەکانی نەتەوەیی هەیە وەکو هەر نەتەوەیەکی تر و ١٥٪ دانیشتوانی سـوریا پێکـدێنێت و بەشـداریی گـەلی عـەرەبی کـردووە لـە گـشت شـەڕە نیـشتیمانییەکانیدا لـە کـۆن و نوێـدا. ئـەم هەڵوێـستە رەگەزپەرستانەیەش هیچی لێناکەوێتەوە جگە لـە زیـاتر پابەنـدبوونی ئـەم گەلـە بـە خـاکی نیـشتیمانی و بڕوابـوونی بـە دۆز و مافـەکانی. حزبەکـەمان لـە کاتێکـدا کـە ئـەم هەڵوێستە تاوانبـار دەکـات و کـار دەکات بۆ سەرکردایەتیکردنی جەماوەری کورد لـە رێگـای رزگـاربوون لەم بەرتەنگییەدا, ئەم واقیعە تاڵەش بۆ رای گـشتی ئاشـکەرا دەکـات بۆ ئـەوەی ئـەویش داوای جێبـەجێکردنی مافـە نەتەوەییـەکانی کـورد بکات لەرووی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیـەوە, وێـڕای قورسـی رەوشـی کـارکردن و دووچـاربوونی سـتەم وزۆرداری دەسـەڵات کـە سـەرکردە و کادیرەکـانی نـاوە نـاوە دەدرێنـە دادگـای سـەربازی و ئاسایيشيەکانی دەوڵەت و حوکمی ناڕەوا و بیٚ ویژدانانە و غیـابی بـە سەریاندا دەسەپێنن و زیندانەکان خاڵوو نین لە کەسـانی تاوانبـارکراو

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بە لایەنگری و ئەندامبوونی لە پارتیدا. دەسەڵات ئێستا هەوڵ دەدات زەبرەکانی بەرامبەر حزبمان دوو بەرابەر بکات, ئەویش بە رێگای بەکارهێنانی تاقمە لادەرەکەی کە رێگای سەودا و نۆکەرایەتییان گرتووەتە بەر, هەرچەندە کەوا رێکەوتنی ١١ی ئادار وەکو تەواوی دوژمنەکانی گەلی کوردمان هەموویانی تووشی سەر سوڕمان و دۆشدامان کردووە و ئەم هەوڵەی دەسەڵاتیش لە کاتێکدا دێت کە حزبەکەمان خۆی راگرت و بەردەوام بوو لە سەر هێلی خەباتی خۆی بەتایبەتی دوای بەستنی کۆنگرەی دووەمی ساڵی رابردوو بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە و پاککردنەوەی یەکجارەکیان, کە تیایدا بڕیار درا کەوا بەرەنگاریبوونی پرۆژە رەگەزپەرستییەکان بەتایبەتی پشتێنەی عەرەبی لە ئەرکە سەرەکییەکانمان بێت و بە هەموو شێوازێك کە لەتوانادا بێت دژی رادەوەستین. حزبەکەمان کە بەشێکە لە هێزە نیشتیمانی و دیموکراتیخوازەکانی وڵات شان بەشانیان کار دەکات بۆ پاراستنی سەربەخۆیی وڵات و رزگارکردنی بەشە داگیرکراوەکەی خاکی وڵات و بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی وڵات و جێبەجێکردنی, سیستەمی سۆسیالیستی دیموکراتی راست و دروست بە چارەسەری شیاوتر دەبینێت بۆ چارەسەرکردنی گشت کیشەکان و لەوانەش مەسەلەی نەتەوەیی کورد.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

برایـان لــه کۆتاییـدا ســڵاو دەکــەین لــە کۆنگرەکــەتان و سوپاســی مەکتەبی سیاسی حزب دەکەین بۆ بانگهێشتکردنمان بۆئامـادەبوون.

لە کانگای دڵەوە ئومێدی سەرکەوتنی کۆنگرەتان دەخوازین .

بژی حزبەکەتان و بژی سەرۆکەکەی.

بەهەمان شێوەی چەپلەڕێزانی پێشوازیکردنەکەی بەرێخرا.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

# نموونەیەکی ئەوحوکمانەی دژ بە خەباتگێڕە کوردەکان دەدرێت لە سوریا و ئەو تاوانانەی ئاراستەیان دەکرێت.

لە سەرەتای ئابی/١٩٦٩ کۆمەڵەیەك لە سەرکردایەتی و ئەندامانی پارتی دیموکراتی چەپڕەوی کورد لە سوریا (ناوی ئێستای:پارتی هەڤگرتنی گەلی کوردە) دادگایی کران لە لایەن دادگای (ئاسایشی باڵای دەوڵەتەوە لە دیمەشق), ئەمەش جاری یەکەم بوو کەوا نیشتیمانپەروەرە کوردەکان لە بەرامبەر ئەم دادگایەدا دادگایی بکرێن کە لە بنەڕەتدا بۆ مەسەلە هەر ناسکەکانی پەیوەست بە دەوڵەت و رژێمەوە دەبەسترێت و هەرگیز نابێت ئستئناف و تەمیز دژ بە حوکمەکانی وەربگیرێن.

ئیدعای جێگری گشتی لە دادگای بەدەری سەربازیدا لە ١٩٦٨/٧/٢٧

١-(داوا تۆمارکراو لە دژی: عوسمان سەبری حەیدەر (مردووە) و سەلاح بەدرەدین عومەر و مەحەمەد حەسەن خەلیل (مردووە) و مەحەمەد نیو مەحەمەد و عەبدولهادی عەبدوللەتیف (مردووە) بە تاوانی بەشداربوون لە دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی نهێنی بۆ ئەنجامدانی وروژاندنی کاری تایفەگەری و رەگەزپەرستی و بە تاوانی ئەنجامدانی چالاکی حزبیانەی قەدەخەکراو...

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

فەرمانی عورفیی ژمارە ١٢١ لە ١٩٦٨/٧/١٨ کە گواستنەوەی داوا لە سەر تۆمارکراوان بۆ دادگای بەدەری سەربازی دەگرێتە خۆی.
مەرسومی یاسایی ژمارە ٤٧ی ساڵی١٩٦٨ کە رووداوەکانی دادگای باڵای دەوڵەت و دەستنیشانکردنی تابەتمەندیەکانی دەگرێتە خۆی..
.

## لە رووداوەکاندا:

کورتەی رووداوەکانی مەسەلەکە ئەوە بوو, کەوا ئەوانەی داوایان لە دژ تومار کرا بوو چالاکی لە ناو ریزەکانی کوردی سوریا دەنوێنن و پروپاگندە لە نێوانیان بڵاو دەکەنەوە لە پێناو ژیانەوەی نەتەوەی کورد و بەدیهێنانی مافەکانی کورد کە گوایە لێی بێبەش کراون و نەهێشتنی ئەو چەوساندنەوەیەی لە سەریانە وەك کە خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن, ئەمانە بەم پرۆپاگندە درۆیانە خۆیان حەشار دەدەن لە پێناو شاردنەوەی ئامانجی راستەقینەیان کە یەکخستنی کوردە لە ژێر یەك دروشم و یەك سەرکردایەتیدا و بەستنەوەی بزووتنەوەی کورد لە سوریا بە بزووتنەوەکانی دیکەی کورد لە وڵاتانی دراوسێدا وەك عیراق و ئێران و تورکیا, هەروەها لە گەڵ کەسانی دیکە بەشداریان کردووە لە دامەزراندنی حزبی پارتیی کورد (واتە پارتی دیموکراتی کورد) کە کۆمیتەی ناوەندییان لە عوسمان سەبری و سەلاح بەدرەدین و کەسێکی دیکەی دەستگیر نەکراو

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پێکهاتووه که پێی دەڵێن مەحەمەد نیۆ. ئەمانە پرێنسیپەکانی حزب و بەرنامەکەیان بڵاو کردۆتەوە کە ئەوەی پێی دەڵێن سەلاح بەدرەدین چاپی کردووە و بڵاوی کردۆتەوە بە سەر ناوچە و کۆمەڵە و ئەندامانیدا, هەروەها ناوبراو پەیوەندیی بە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا کردووە و درۆ و پروپاگندەی پێگەیاندووە بۆ بڵاوکردنەوەیان لە دەرەوە, هەروەها کۆمەڵە وتارێکی نووسیوە بۆ ئەوەی لەو گۆڤارەدا بڵاوی بکاتەوە کە کۆمەڵەکە دەریدەخات.

داننانی تاوانباران بەوەی کەوا لە دامەزرێنەران و سەرکردایەتی پارتین و ئامانجی رێکخراوەکەیان ئازادی سیاسیە و ئەشکەنجە نەدانی هەر کوردیکە لە بەر ئەوەی کە کوردە, هەروەها ئازادی رۆشنبیرییە بە دەرخستنی رۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی و خوێندنی لە قوتابخانەکاندا و مافە کۆمەڵایەتیەکانە بە دامەزراندنی کۆمەڵە خێرخوازەکان و هاریکارییەکان و دروستکردنی یانەکانی تایبەت بە کورد.

## بڕیارەکان:

بۆیە و بە کارکردن بە ماددەکانی ١٩٧ لە یاسای ئسوولی جەزایی (١, ٥, ٨, ٩)ی مەرسومی یاسایی ژمارە ٤٧ی ساڵی١٩٦٨ کە دامەزراندنی دادگای باڵای دەوڵەت دەگرێتە خۆی و بە پێی داواکاری نیابەی گشتی بە تێکرای دەنگ بریار درا بە:

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

زیندانیكردنی عوسمان سەبری و سەلاح بەدرەدین بۆ ماوەی دوو ساڵ و غەرامەكردنی هەر یەكێكیان بە ٢٠٠ لیرەی سوری بە كاركردن بە فەقەرەی دووی ماددە ٣٠٨ لە یاسای سزادان, هەروەها زیندانیكردنیان بە دوو ساڵ و غەرامەكردنی هەر یەكێكیان بە ٢٠٠ لیرەی سوری بە پێی فەقەرەی هەشتەم لە ماددەی ٣٠٨ی سزادان و تێكەڵكردنی هەردوو سزای حوكمدانیان و جێبەجێكردنی توندتری بە كاركردن بە ماددە ٢٠٤ی سزادان.

سەرۆك ئەندام ئەندام

راوێژكاری مەدەنی قازیی سەربازی مولازمی یەكەم قازی

عادل مینی نادر قۆشمەجی مەحەمەد ئەلحەمەد

واژو

واژوو واژوو

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

## پرۆژەی بەرنامەی بەرەی نیشتیمانی پێشکەوتنخوازی کورد لە سوریا

### کۆنگرەی سێیەمی /١٩٧٣ بڕیاری لە سەرداوە

### ئێمە بەرەی نیشتیمانی پێشکەوتخوازی کوردمان چۆن دەوێت؟

پارتەکەمان پێشتر و ئێستاش بایەخێکی تایبەتی داوەتە بابەتی بەرەی نیشتیمانی کورد لە سوریا, هەر لە کۆنگرەی سێیەمی پارتییەوە بابەتی بەرە, پانتاییەکی گەورەی لە بەڵگەنامەکانی کۆنگرەکە داگیرکرد و یەکێك بوو لە دروشمە دیارەکانی کۆنگرەی سێیەم, لەم بوارەشدا خەباتی مەیدانیمان لە بایەخی تیوری و شیتەڵی کەمتر نەبوو, کە بناغەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بۆ ئاواکردنی کاری بەرەیی دارشت. هوشیاری حزبی و جەماوەری

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کاکلەی کار و بایەخی حزبیمان بوو, بە پێی رێبازێکی هاندەرانە بۆ تەواوی رۆڵەکانی چینە میللییە نیشتیمانییەکان بەمەبەستی یەکگرتن لە رێڕەوی خەباتی پێشکەوتنخوازی نیشتیمانیدا. هەموو ئەو هەوڵ و کۆششانەی کە تاکو ئێستا حزبەکەمان داویەتی لە گەڵ جەماوەر و کۆمەڵ و لایەنەکاندا پشتی بەستووە بە شیتەڵێکی زانستی روونی واقیعی ململانێی چینایەتی و کۆمەڵایەتی گەلی کورد و بە باوەڕێکی نەگۆڕەوە بە دابینکردنی پێداویستیەکانی هێنانەکایەوەی یەکگرتنی نیشتیمانی لە سەر بنەمای راست و دروست, تا وەکو بوو بە ئومێدێکی شیرینی بەر دڵی گشت پێشکەوتنخوازەکانی وڵات بە تایبەتیش لە لایەن شەنگستەی بزووتنەوەی کورد کە بە راستگۆیی و هەستی نیشتیمانی دەناسرێن و بابەتەکە بوو بە داواخوازێکی جەماوەری بەرفراوان لە نێو نێوەندەکانی کرێکار و جوتیار و رۆشنبیران و تەواوی زەحمەتکێشاندا. تەنانەت رەتکردنەوەی بابەتی بەرە لە لایەن هەندێك لە سەرکردایەتیەکان و دەرخستنی بڕیاری نەگەتیڤانە لە دژی لە کۆنگرەکاندا, بەڵگەی بنبڕی گرنگی و گەورەیی ئەم بابەتەیە و نیشانەی ئەوەیە کە شوێنی پێشەوەی داگیر کردووە لە نێو بابەت و بایەخەکانی دیکەدا.

دامەزراندنی بەرەی نیشتیمانی کوردی لە سوریا ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتیمانیە, نەتەوەییە بە هۆی مۆرکە کوردییەکەی کە هێز و توناکانی چین و توێژە نیشتیمانیەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەیەکی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

یەکگرتوودا کۆ دەکاتەوە لە پێناو لابردنی دیاردەکانی شۆڤینی لە سیاسەتی فەرمیدا و بەدەستهێنانی مافە رەواکانی نەتەوەیی گەلێکی بێبەش لێی و رێگە گرتن لە چین و توێژە کۆنەپەرست و راستڕەو و شۆڤینیەکانی کورد لە قۆستنەوەی مەسەلەی نەتەوەیی بە پێی هەندێ بەرژەوەندی و بۆچوونی کە خزمەت بە یەکێتی بێزۆری و پرێنسیپەکانی برایەتی نەتەوەیی لە نێوان جەماوەری کورد و عەرەب ناکات و لە پێناو لە ناوبردنی ئەو پیلانانەی کە شۆڤینییەکانی عەرەب و کۆنەپەرستانی کورد تیادا بەشدارن, لە بنەڕتیشدا بۆ بەرژەوەندی هەردوو گەل ئاراستەکراوە کە لە پیلانەکانی دوژمنانی ئیمپریالیست و زایۆنیزم دوورە پەریز نیە.

نیشتیمانیشە لە بەر ئەوەی لە کۆتاییدا خزمەتی هەوڵە گشتییەکانی نیشتیمانی دەکات لە وڵاتدا. رێکخستنی تواناکانی نیشتیمانپەروەر و پێشکەوتنخوازەکانی کوردە ئەوانەی بڕوایان بە برایەتی نەتەوەیی هەیە و داوای بە یەکەوەبەستنی تێکۆشان دەکەن دژی دوژمنانی وڵات و لە پێناو پاراستنی سەربەخۆیی وڵات و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری کار دەکەن و بە خۆڕاگرییەوە خەبات دژی دوژمنانی نەتەوەی عەرەب دەکەن و بە بەردەوامی پشتگیری لە یەکگرتنی نیشتیمانی و دیموکراتی عەرەبی دەکەن. ریکخستنی ئەو توانا و هێزانە پاڵپشتێکی بە هێز دەبێت بۆ بەرەی نیشتیمانی دیموکراتی سەرتاگیری لە سوریا و ستوونێك دەبێت لە ستوونە توند

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

و بەتینـەکانی  و کـەناڵێکی چەسـپاو دەبێـت لـە نێـوان بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی عەرەبی و کوردی لە سەر ئاستی ناوچەکەدا. تێڕوانینمــان بــۆ بابــەتی هاوپەیمانییــەتی بــەرەیی لــە بزووتنــەوەی کوردیدا لـە بنەڕتـدا پـشت بـە شـیتەڵکرنەوەی چـینایەتی زانـستیمان دەبەستێت بۆ کۆمەڵگای کوردی و دیاردەی چەوسانەوەی نەتـەوەیی و هەروەها سروشتی چینایەتیی. بە پێی تێڕوانینێکی گشتی دەگەینە ئەو ڕاستییەی کەوا دیاردەی چەوسانەوە گشت چین توێژەکانی گـەلی کـورد دەگرێتــەوە بـەبێ بـەدەری، چـونکە واتــای بێبەشـی ڕۆڵـەکانی نەتــەوەی کــورد دەگەیــەنێ لــە مافــە ڕۆشــنبیری و کۆمەڵایــەتی و سیاسـیەکانیان. بۆیــە وا پێوسـت دەکـات کـە یەکـەم جـار گـشت چینەکانی گەل لە بەرامبەر ئەم چەوسانەوەیە بوەستن و لای ببـەن، بەڵام دیاردەی چەوسانەوەی نەتەوەیی لە شیتەڵی کۆتاییدا بۆ چینی دەسەڵاتدار– بورژوای بیروکرات– دەگەڕێتـەوە کـە لـە هـەمان کاتـدا چـینەکانی دیکـەی گـەلی سـوریا لـە گـەلی عـەرب دەچەوسـێنتەوە و ئستغلالی دەکات، سەبارەت بە ڕەنگدانەوەی چەوسانەوەی نەتەوەیی لە سەر گەلی کوردیش، خۆ ئەوە لە ڕووی تونـدی و کاریگەرییـەوە لـە چینێکەوە بۆ چینێکێ دیکەی کۆمەڵگای کوردی دەگۆڕێ. زەمینـەی ســەرەکیی دیــاردەی چەوســاندنەوە زەمینەیــەکی چــینایەتیە، گومانیشی تێدا نیە کەوا ئەنجامـەکانی چەوسانەوەش هـەر خـسڵەتی چــینایەتیی دەبێــت. خواســتی نەتــەوەیی و پێــشکەوتنەکانی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بزووتنـــەوەی رزگـــاریخوازی نیـــشتیمانی و تێکـــەڵکردنی خـــەباتی نەتەوەیی لـە گـەڵ خـەباتی کۆمەڵایـەتی ئاسـۆیەکی نـوێی لـە پـێش ئەرکەکان و سروشتی خەباتی کردەوە, بە شێوەیەك کە چوارچـێوەی نەتەوەیی تەسك فراوان بوو و بوارەکـانی نیـشتیمانی و نێونەتـەوەیی بەخۆیـەوە گـرت, هــەروەها واقعــی نــوێی خــستە روو لــە بــواری ســـەرکردایەتیکردنی بزووتنـــەوەی رزگـــاریخوازی نیـــشتیمانی و ئایدۆلۆژیای باو و دەسەڵاتدار بە سەر جڵەوەکانیدا , بە تایبەتی دوای سـەرهەڵدانی چـینی کرێکـار وەکـو هێزێکـی شۆرشـگێڕی بـەردەوام و هاوپەیمانەکــەی چــینی جوتیــارانی هــەژار و تــەواوی توێــژەکانی زەحمەتکێش و توێژی رۆشنبیری شۆڕشگێڕ.

زیـادی و کـەمی چەوسـانەوەی نەتـەوەیی تێکـەڵ بـە چەوسـانەوەی چینایەتی لە چینێکەوە بۆ چینێکی دیکەی گـەلی کـورد دەگـۆڕێ, بـۆ نموونە پرۆژەی –پشتێنەی عەربی– یاخود (بێبەشکردنی کوردەکـان لە رەگەزنامەی سوریایی) کە هەردووکیان دیاردەیەکن لە دیاردەکانی چەوساندنەوەی نەتەوەیی دژ بە رۆڵەکانی نەتـەوەی کـورد, دەبیـنین کـەوا چـینی کرێکـار و جوتیـارە هـەژەرەکان و رۆشـنبیرانی ئـەو دوو چینە لە هەموو چینەکانی دیکە زیاندارتر بوون. بۆ نموونە لـە بـواری –پـشتێنەدا– جوتیـارە هـەژەرەکان لـە زەوی بێبــەش کـران بـەڵام موڵکـدارەکان و جوتیــارە دەوڵەمەنـدەکان بێبــەش نـەکران و هــیچ کردەوەیەك لە دژیان ئەنجام نەدرا, سەبارەت بـە بێبەشـکراوانیش لـە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ڕەگەزنامە, ئێمە لە نێو(١٠٠)هەزار کەسدا تەنها ژمارەیەکی کەم لە ڕۆڵەکانی چین و توێژە دەوڵەمەند و حاڵخۆشان دەبینین, زیاتر لە ٩٠٪ بێبەشکراوەکان لە ڕۆڵەکانی چین و توێژە هەژارەکانن. بوویە شتێکی سروشتییە کە ئەم کارە ڕەنگ بداتەوە لە سەر ڕێڕەوی خەباتی نیشتیمانی کورد لە بواری ڕووبەڕووبوونەوە و تێکۆشاندا.

زۆر لە دەربڕینە سیاسیەکانی چین و توێژە باڵاکانی هەڵپەرستی کورد تەنانەت لە هێڵی نەتەوەیی لاساییشیان لادا و تووشی جۆرە نەمانێکی نەتەوەیی و بەزینی سیاسی هاتن. بەڵکو کار گەیشتە ئەو رادەیەی کە هاوکاری لە گەڵ چەوسێنەرانی گەلی کورد و جەماوەرە تێکۆشەرەکەی بکەن و ڕێگا بگرن لە بەردەم هەر ئاراستەیەکی بەرەو هاوپەیمانی قۆناخی. هەروەها چەند دەربڕینێکی دیکەی سیاسی هەیە لە سەر هەندێك لە توێژە بورژواکانی نەتەوەیی, کە دەکرێ لە سەر چەند کاری قوناغێکی کاتی و دەستنیشانکراودا بە یەك بگەن, بەڵام هاوپەیمانیەتی ستراتیژی ئەوەیە کە لە بنەڕەتدا پشت بە هاوپەیمانیەتی کرێکار و جوتیارە هەژارەکان و ڕۆشنبیرە نیشتیمانپەروەرەکان و توێژی هاڕاوی ژێرەوە لە بورژوای بچووك ببەستێت, بە تایبەتی توێژەکانی بێبەشکراو لە مافی ڕەگەزنامە و کارکردن و خوێندن و زەوی, گومانیش لەوەدا نیە کەوا بەشێك لەو هاوپەیمانە ستراتیژییە هەیە و لە ئارادایە, بەڵام بە هۆی جیاوازی هێزە سیاسیەکان و پەرش و بڵاویان, هێشتان هەر هەندێك ئەرك

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ماوه که پێویسته ئەنجام بدرێت لە پێناو تەواو بە تینکردنی ئەم هاوپەیمانیە ستراتیژییە و پاشانیش گواستنەوەی بەرەو هاوپەیمانیە قۆناخیەکان بەپێی بارودۆخ و خسلەتی هەر یەکێکیان, بە مەبەستی گەیشتن بە دامەزراندنی بەرەی نیشتیمانی کوردی بە بەرفراوانترین هاوپەیمانیەکانیەوە.

## بەرنامەی کاری بەرەی نیشتیمانی پێشکەوتنخوازی کوردی

### ا- خسلەتی گشتی خەباتی نیشتیمانی کوردی لە سوریا :

ئامانجی خەباتی گەلی کورد لە سوریا و بزووتنەوە نیشتیمانیەکەی لابردنی ستەم و زۆرداری و چەوساندنەوەیە لە سەر شانی گەلێك کە ژمارەی لە ملیۆن کەس زیاترە لە ولاتدا و رێژەی ١٠٪ دانیشتوانی سوریا پێکدێنێت, هەروەها کار دەکات لە پێناو بەدیهێنانی مافە رەواکانی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەلایەتی نەتەوەیی خۆی, لە هەمان کاتیشدا خەباتێکی نیشتیمانیە چونکە بەشێکە لە خەباتی گشتی ولات لە رێگای دیموکراتییەتی میللی و سۆسیالیستی و هەرگیز جیا نابێتەوە لە خەباتی هێز و حزبە نیشتیمانی و پێشکەوتنخوازەکان لە پێناو پاراستنی سەربەخۆیی ولات و رزگارکردنی خاکەکەی و پێشکەوتنی کۆمەلایەتیی و ئەمیش لە میانی خەباتی هاوبەش و یەکێتی تێکۆشانی هەردوو گەلی کورد و عەرەب و دژی دوژمنی هەردوو لامان لە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

کۆنەپەرستی, خەباتێکی پێشکەوتنخوازانەشە چونکە دژی هەموو شێوەکانی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیە و رووبەرووی کۆنەپەرستی دەبێتەوە و هەوڵ دەدات بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دیموکراتی میللی و پاشانیش گواستنەوە بەرەو سوسیالیزم و پاراستن و چەسپاندنی دەستکەوتەکانی چینی کرێکار و تەواوی زەحمەتکێشان و یەکخستنی ریزی نیشتیمانی لە وڵاتدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەسەلە چارەنووسیەکانی نەتەوەیی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و دیموکراتی چونکە داوای بڵاوکردنەوەی ئازادیە دیموکراتی و کۆمەلایەتیەکان دەکات بۆ چین و توێژەکانی زەحمەتکێش و ستەمدیدە.

وەرگرتنی مۆرکی کاری سیاسی لە لایەن بزووتنەوەی نیشتیمانی کورد لە سوریا لەو بارودۆخە دەرەکیەی دەوروبەری وەرگیراوە کە بە تەواوی وەکو بارودۆخی بزووتنەوەی نیشتیمانی و پێشکەوتنخوازە لە وڵاتدا. ئەمەش جارێکی دیکە دووپات دەکاتەوە کەوا بزووتنەوەی نیشتیمانی گەلی کورد بەشێکە لە خەباتی گەلی سوریا و جیا ناکرێتەوە و هەرچەند هێزە شوڤینی و کۆنەپەرستەکان هەوڵ بدەن بە خەیاڵی خاویان دیوار دروست بکەن لە نێوانیاندا یاخود پروپاگندەی گومانلێکراو بڵاو بکەنەوە بە مەبەستی لێکترازانی ریزەکان.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

## ب– چارەسەری دیموکراتی شۆڕشگێڕی بۆ مەسەلەی نەتەوەیی کورد.

بێگومان چارەسەرکردنی کێشەی کورد نایەتە دی تا وەکو بە تەواوی چارەسەری گشت مەسەلە نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی و دیموکراتیەکانی وڵات نەکرێت. ئەو دەسەڵاتەی ئامادەیی یەکلاکردنەوەی ئەم بابەتەیەی بە شێویەکی بنەڕەتی و بە تەواوی تیا هەیە, دەسەڵاتی سوسیالیزمە بە سەرکردایەتی کرێکار و جوتیاران و هێزە سیاسیە پێشکەوتنخوازە شۆڕشگێڕیەکەی. نەگەیشتنی جەماوەری سوریا تاکو ئێستا بەم دەسەڵاتە, هەرگیز ئەو واتایە ناگەیەنێ کەوا مەسەلە نیشتیمانی و دیموکراتییەکان وەلا بنرێن و چاوەڕێ بکەن تا دەگەن بە ئامانجی کۆتایی, بەڵکو دەکرێ لە میانی بەردەوامبوونی خەبات کار بۆ بەدیهێنانی دەسکەوتی زیاتر و هەنگاونانی زیاتر بنرێ بەرەو دیموکراتیەت لە ژێر سایەی رژێمە جۆراوجۆرەکان و هەموو شێوە فەرمانڕەواییەکان بەپێی دەستگرتەی قوناخی ئارا و سروشتی ئەو هێزانەی لە گۆڕەپاندا هەنە بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرییەکان و هەنگاونان بەرەو لابردنی چەوسانەوەی نەتەوەیی لە سەر ملی گەلی کورد و بەدیهێنانی مافە رەواکانی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی نەتەوەیی, واتە لابردن و رامالێنی ئەو پرۆژە و پیلانە شۆڤینیانەی مەبەستیان لێی گۆڕینی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

پێکهاتەی نەتەوەیی ناوچە کوردنشینەکان و بە عەرەبکردنی ئەو ناوچە کوردیانەیە بە زۆری و هەڵگرتنی ئەو یاسا ناڕەوایانەی کە هاوڵاتیانی کورد لە مافی رەگەزنامەی سوریایی و مافی کارکردن و فێربوون بێبەش دەکات. پاشانیش داننان بە هەبوونی گەلی کورد وەکو نەتەوەیەك لە وڵاتدا و چەسپاندنی لە دەستوردا و رێگادان بە گەلی کورد بۆ مومارەسەکردنی مافی سیاسی خۆی لە رێکخستنی هێز و تواناکانی لە حزب و رێکخراوی نیشتیمانیدا بۆ بەشداریکردن لە شەڕە چارەنووسیەکانی وڵاتدا و دەربڕینی هەستی نەتەوەیی خۆی و قسەکردن بە زمانی کوردی و بەکارهێنانی لە خوێندن و فێربوون و رۆشنبیریدا و مومارەسەکردنی مافەکانی خۆی لە چالاکی کۆمەڵایەتی و رێکخستنە جەماوەری و مللییەکان و زندیکردنەوەی فۆلکلۆر و داب و نەریتەکانی کە بەشێکی گرنگ دەبن لە شارستانیەت و مێژووی گەلی کورد و راچاوی رەوش و دابەشبوونی جوگرافی کورد و چڕی و نیشتەجێییان لە وڵاتدا بکرێت لە کاتی جێبەجێکرکردنی یاساکانی بەرێوەبردنی ناوخۆیی لە سوریا بۆ ئەوەی رۆڵەکانی گەلی کورد بەشداری بکەن لە هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی بۆ خزمەتکردنی گەل و نیشتیمان, ئەویش بە رێگای رێککردنی رەوشیان لە ژێر رۆشنایی ئەزموونەکانی هاونموونە لە جیهاندا, بەتایبەتی دەوڵەتە سۆسیالیستەکان کە زۆر لە نەتەوەکان, هاوشێوەی رەوشی گەلی کوردە لە سوریا و رەچاوی بارودۆخەکەیان کراوە لە سەر بنەمای –

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

یەکـــەکانی نەتـــەوەیی- لـــە ســـایەی برایـــەتی نەتـــەوەیی و یـــەکێتی ئارەزوومەندانە, کە لە گەڵ دروشمەکانی هێزە نەتەوەییە عەرەبـەکان و تەنانەت لە گەڵ ئاراستە نەتەوەییەکانی لایەنەکانی عەرەبی هاودژ نیە و لەوانەش حزبی بەعسی عەرەبی سوسیالیستی دەسەڵاتدار.

خـــەباتی کـورد بـــەپێی ئـــەم ڕێبـــازە دەبـــێ بـــەردەوام بێـت و بـــەرەو پێشەوە بچێت شێوەی جیاجیا بە خۆیەوە بگرێت و ریگای جوراوجۆر بگرێتـــە بـــەر بـــەڵام بـــە مـــەرجێك کـــە نـــەك تـــەنها لـــە گـــەڵ بەرژەوەندییەکانی خەباتی نیشتیمانی دیموکراتی وڵات هـاودژ نـەبێت بـەڵکو دەبێـت تەواوکـەری خـەباتی گـشتی بێـت و هێـز و تینـی پـێ ببەخـــشێت و بـــەردەوام برژێتـــە نـــاو ڕەوتەکەیـــەوە. چـــونکە چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی گرێدراوە بە پلەی بڵاوبوونەوەی دیموکراتییـەت لـە وڵاتـدا و بـە ئاسـتی ڕۆشـنبیری و قبـوڵکردنی ئـەو هێزانەی کە باون بە شـێوەیەکی بابەتیانـە بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەیان و دەبێ نیشتیمان پەروەرانی کورد ئەم ڕاستییە ڕەچاو بکەن بۆ ئەوەی نەخزێنـــە نێـــو شـــوێنە خـــەیاڵاوی و توندڕەوییـــەکانی چـــەپڕەوی و ڕاســـتڕەوییەوە, بـــەڵکو لـــە ســـەر ڕێبـــازێکی نیـــشتیمانیی بابـــەتی و هاوسەنگ ڕێگا بکەن.

## ج- لێککردنەوەی هێزەکان و ڕۆڵیان لـە خـەباتی نیـشتیمانی کوردیدا:

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەو هێزانـەی کـە مافـەکانی گـەلی کوردیـان داگـیر کـردووە و بوونەتـە هۆی بێبەشکردنیان و کەساسییان و بەشدارییان لە ژێر دەسـتکردن و چەوساندنەویدا کردووە هەمان ئـەو هێزانـەن کـە وڵاتـی عەرەبیـشیان دابەش کردووە و گەلەگانیان ژێـر دەسـت کـردووە و خێـر وبێراتیـانی بردووە و یەکگرتنیانی لە ناو بردووە, ئەویش ئیمپریالیزمی جیهانی و زایۆنیزم و هێزە داگیرکارەکانی دیکە و کۆنەپەرستانن.

گەلی کورد لە گەل گەلی عەرەب و گەلانی دیکـەی ناوچـەکە دووچـاری گشت ئەو هێڕش و داگیرکردنانە بووە کە بەسەر ناوچەکەدا هـاتوون و بـە هـەموو هێـز و توانایەکیـەوە رووبـەرووی گـشت ئـەو مەترسـیانە بووەتەوە وەك هەڵمەتی خاچپەرسـتان, هـەروەها وەك گـەلی عـەرەب تووشـی سیاسـەتی تورکانـدن هـات و لـە لایـەن عوسمانیەکانـەوە ئستغلال کرا و شان بە شان لە گەل گەلانی دیکـە کـاروانی شـەهیدانی لە رێگای رزگاری نەتەوەیی پێشکەش کـرد, هـەروەها بـووە قوربـانی سیاسـەتی داگیرکـاران و رۆڵـەکانی دووچـاری دەربـەدەری و قەلاچۆکردن و لە ناوبردن هـاتن, بـووە ئامـانجی سیاسـەتی دەوڵەتـە داگیرکارەکـان و پەیماننامـەی سـایکس- بیکـۆ و هـەموو ئـەو هاوپەیمانی و پیلانانەی دژ بـە ئـازادی عـەرەب و یـەکگرتنی و خـیر و بێراتیان ئەنجام دران. لەم سـەردەمەی ئێـستاشماندا ئـەو پیلانانـەی ئیمپریالیزمی جیهانی و زایۆنیزم و کۆنەپەرسـتان دایدەرێـژن لـە دژی بزووتنـەوەی نیـشتیمانی عـەرەبی و شۆڕشـی فەلەسـتینی بەشـێکی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئاراستەی بزووتنەوەی نیشتیمانی گەلی کورد دەکرێت وەکو لایەنێك لە لایەنەکانی بزووتنەوەی شۆڕش لەم ناوچەیەدا کە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستانە.

لەم رەوشە تایبەتیەی مەسەلەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە سوریا, هێزی دیکەش بەشداریان لە بەرتەنگی و کەساسی گەلی کورددا کرد, بە پلە یەکیش هێزە بورژوا هەڵپەرستەکانی عەرەب و کورد, بۆیە بورژوا شوڤینییەکانی عەرەب و بورژوا کۆنەپەرستەکانی کورد بەشداریان کرد وهێشتاش هەر بەشداری دەکەن لە ژێر دەستکردن و دەست بەسەرداگرتن و چەوساندنەوەی گەلی کورد و چینە نیشتیمانیە زەحمەتکێشەکەی و جەماوەرە بەرفراوانەکەی. ئەمەش یان لە بواری وەبەرهێنان و ئستغلالکردنی چینایەتی بە دیاردەکەوێ کە چین و توێژە کۆنەپەرستەکانی کورد دژ بە کرێکار و جوتیاران ئەنجامی دەدەن, یان لە بواری ئەو رۆڵە گومانلێکراو و هاودژانەی پێشکەوتن, کە ئەو دەربڕینە سیاسیە کوردیانە دەیگێڕن و ئەنجامی دەدەن کەوا نوێنەرایەتی ئەو چین و توێژە کۆنەپەرستانە دەکەن, ئەو رۆڵانەش بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بە هەماهەنگی لە گەڵ هێزە چەوسێنەرەکانی گەلی کورد وعەرەب لە وڵاتدا دادەرێژرێت.

هێزە هاوپەیمانەکانی جەماوەری کورد کە بەچاوێکی دیموکراتی پێشکەوتنخوازەوە تەماشای کێشەکەی دەکەن, ئەو هێزە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

نیشتیمانپەروەر و پێشکەوتنخواز و دیموکراتخوازە جیاوازانەن کە دەربڕینی سیاسی لە بەرژەوەندییەکانی کرێکار و جوتیار و توێژە ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان و کۆمەڵانی بورژوای بچووك دەکەن. واتە ئەو لایەنانەی کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی عەرەبی لە وڵاتدا پێکدێنن, بە پلەی یەکەمیش کۆمۆنیستە سورپاییەکان دێن.

هێزە بزوێنەرە سەرەکییەکان, ئەو چینە نیشتیمانپەروەرانەی گەلی کوردن لە کرێکار, جوتیارانی هەژار, ڕۆشنبیرانی نیشتیمانپەروەر, توێژەکانی بێبەشکراو لە زەوی و ڕەگەزنامە و مافی کارکردن و خوێندن, تەواوی زەحمەتکێشان و ئەوانەی دەربڕین لەوان دەکەن لە سیاسەت و هزر و خەبات لە میانی تێکۆشانی دور و درێژدا, بە هەردوو لایەنی تیوری و مەیدانییەوە, بە ڕێگای پابەندبوونی پرێنسیپیانە بە مافەکانی جەماوەری کورد و بە ئامانجەکانی جەماوەری سوریا لە ڕزگاری و دیموکراتیەتی میللی و سوسیالیزم.

لەم ڕوانگەشەوە کاری هاوبەش و یەکێتی خەبات پێویستە بە پێی بەرنامەیەکی ڕوون و سەرتاسەری کە پشت بە بنەما نیشتیمانی و پێشکەوتنخوازەکانەوە ببەستێت و ئەو دیوار و لەمپەرانە ببەزێنی کە سەرکردایەتیەکان و ڕەوتە کۆنەپەرستەکان و ڕاستڕەوەکان دایانناوە بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە هەر هەوڵێکی پاك بۆ دانانی بەرەیەکی نیشتیمانی پێشکەوتنخوازی کورد کە هاوپشتی بەرەی نیشتیمانی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

دیمـوکراتی سـەرتاگیرییە لـە وڵاتـدا, ئەمـەش بـەپێی ئـەم بنـەما و پێویستیانەی خوارەوە:

چونکە خەباتی نیشتیمانی کورد بەشێکە جیا ناکرێتـەوە لـە خـەباتی گـەلی سـوریا و هێـزە نیـشتیمانی و پێـشکەوتنخوازەکانی لـە پێنـاو پێشکەوتنی وڵات و پاراستنی سـەربەخۆیی نیـشتیمانی و دیمـوکراتی میللـی و سۆسـیالیزم. بۆیـە خـەباتی نیـشتیمانی کـورد لـە روانگـەی بەرژەوەنـدی وڵات هــەڵقوڵاوە و لــە گــەلێ بارودۆخــە بابەتیەکــەی دەگونجێ و ملکەچی ئەو یاسایانەیە کە کۆنترۆڵی بەرێوەچوونی کاری شۆڕشگێڕی دەکەن, لە کۆتاییدا خـەباتی نیـشتیمانی کـورد ئامـانج و پلانــە سیاســیەکانی خــۆی دادەرێــژێ لــە چوارچــێوەی خــەباتی نیشتیمانی دیموکراتی گشتی لە سـوریا. پەیوەنـدی نێوانیـشیان وەك پەیوەنـدی پـاژ بـە هـەمووی و تایبـەت بـۆ گـشتە, پەیوەندییـەکی دیـالیکتیکی جوڵـەدار بـە یەکـەوەیان دەبەسـتێتەوە. ئەمـەش وا پێویست دەکات کە رەنگ بداتەوە سەر رەفتاری خەباتی نیـشتیمانی سیاسـیی کـورد لـە رووی ئامـانج و دروشمـەوە, بـە تایبـەتی ئـەوەی پەیوەستە بە چارەنووسی وڵات و مەسـەلە نەتـەوەیی ونیـشتیمانی و دیموکراتی و کۆمەلایەتیەکانی کە رووبـەرووی گـەلی سـوریا دەبنـەوە. بـەجێهێنانی ئـەو مەسـەلانە, پەلەپـەل لـە دانـانی چارەسـەرکردنی مەسـەلەی نەتـەوەیی کـورد دەکـات و بـە خێراییـەکی زیـاتر دەڕوات

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئەگەر یەکێتی خەبات دروست بێت لە نێوان خەباتی نیشتیمانی کورد و خەباتی تەواوی هێزە نیشتیمانی وپێشکەوتنخوازەکانی وڵاتدا.

ئامانجی خەباتی نیشتیمانی کورد دانانی چارەسەری دیموکراتی و شۆڕشگێڕییە بۆ مەسەلەی نەتەوەیی کوردی و چارەسەرکردنی لە چوارچێوەیەکی گشتی و سەرتاگیریدا دوور لە سنووری بەرتەسکی نەتەوەیی, چونکە تێڕوانینی نیشتیمانی سەرتاگیری و نێونەتەوەیی مۆرکی گۆشەگیری شۆڤینیی لێی بە دوور دەخات و دەبێ ئەو خەباتە مەسەلەی نەتەویی گەلی کورد بەچاوی شۆڕشگێڕی ببینێ, چونکە مەسەلەی گەلێکی چەوساوەیە, کە مافی رەوای خۆیەتی چارەی خۆنووسینی هەبێ, خەبات دەکات لە پێناو یەکێتیەکی ئارەزوومەندانە لە گەڵ گەلی عەرەبی سوریا و دامەزراندنەوەی بنەما بە تینەکانی برایەتی نەتەوەیی کە چەمکەکانی شۆڤینی و کۆنەپەرستیی هەڵمژیوە, بۆیە خەباتی نیشتیمانی کورد لەو راستیانەوە بەرەو پرێنسیپە گشتی و سەرەکییەکانی دەڕوات. لە رووی نەتەوییشەوە ئامانجی لە خەباتکردن لابردن و نەهێشتنی چەوسانەوەی نەتەوەییە لە سەر شانی گەلی کورد و بەدیهێنانی مافە نیشتیمانی و دیموکراتیە راست و رەواکانی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییان, بەپێی تێڕوانینی دیموکراتیانە و لە چوارچێوەی پێشکەوتنی نیشتیمانی و دیموکراتی گشتی لە وڵاتدا.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

ئامراز و شێوازەکانی خەبات بە پێی ئەو بارودۆخ و قۆناخە دەگۆڕێ کە گەلی سوریا تیادا دەژی و بزووتنەوەی نیشتیمانی پێشکەوتنخواز لە وڵاتدا پیایدا تێدەپەڕێ و بە پێی سروشتی هێزەکانی باو و تەرازووەکانی هێزە سیاسیە گشتیەکان. بەڵام دەبێ خەباتی نیشتیمانی یەکگرتووی کورد بە بەردەوام ئامادە بێت و ئاگای لێ بێت نەکەوێتە ناو لادانی سیاسیەوە چونکە دەبێ بڕوایەکی نەگۆڕی هەبێت بەو راستییەی کەوا بەبێ هاوکاری و پشتگیریکردنی جەماوەری گەلی عەرەب و هێزە نیشتیمانی و شۆڕشیگێڕەکانی بۆ ئەو خەباتە و لایەنگریکردنی ئامانجەکانی, مەسەلەی نەتەوەیی کورد وەکو کێشەیەکی دیموکراتی و نیشتیمانی و پێشکەوتنخواز چارەسەر ناکرێ. ئەو رژیمانەش کە بە چاوێکی شۆڤینیانەوە تەماشای مەسەلەی کورد دەکەن, تەنها لە روانگەی لێدانی بزووتنەوەی کورد و لە ناوبردنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی و چەوساندنەوەی بەپێی بەرژەوندییە چینایەتیەکانی دەستنیشانکراو و گۆشەگیرکردنی لە خەباتی نیشتیمانی گشتی رەفتاری لە گەڵدا دەکەن. بۆیە دەبێ ئاگایان لەم راستیە بێت کە کار لە چارەنووسی مەسەلەی نەتەوەیی کورد دەکات و دەبێ خەباتی کورد بە بەردەوام یەکبگرێت لە گەڵ خەباتی جەماوەری سوریا و هێزە نیشتیمانی و پێشکەوتنخوازەکانی. ئەمە رێگای دروست و شێوازی کاریگەرە بۆ بەدیهێنانی ئامانج وخواستەکانی جەماوەری کورد.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

بێگومان لەبەرژەوەندی هەردوو میللەتە کە سیستەمێکی دیموکراتی میللی لە ولات بێتە کایەوە و پەیوەندی دیموکراتی لە نێوان هەردوو میللەتدا دروست ببێت. هەروەها لە بەرژەوەندی گەلی سوریا و هێزە نیشتیمانی وپێشکەوتنخواز و جەماوەرە زەحەمتکێشەکەیەتی کە چارەسەری بنەڕەتیی مەسەلەی نەتەوەیی کورد بکرێت بۆ رێگاگرتن لە بەردەم بوار ومەزندەکانی جولانەوە هاودژەکان کە لە سەر کیسی ململانێیە چینایەتیەکان و کۆمەلایەتیەکانی بابەتی, دوژمنایەتی نەتەوەیی زیاد دەکات, هەروەها ولات رزگار دەکات لە دەستێوەردانی هێزە ئیمپریالییەکان کە هەردەم بە دوای کەلێنێکدا دەگەڕێن بۆ پیلان نانەوە, لە هەمان کاتیشدا وزە و توانا بەرهەمهێنەرە گەورەکانی ناو کۆمەلگای کوردیش بە گەڕ دەخرێن بۆ بونیاتنان و ئاوەدانکردنەوە و پێشکەوتنی ولات و قولکردنی گیانی قوربانیدان لە رێگای ولات و بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان لای رۆلەکانی گەلی کورد و چەسپاندنی گیانی برایەتی نەتەوەیی و یەکێتی ئارەزوومەندانە کە خالێکی گرنگ دەبێت لە دروستکردنی پرد لە گەل گەلی کورد و هێزە نیشتیمانی و شۆڕشگێڕەکانی لە پارچەکانی کوردستانی تورکیا و ئێران و عیراق و هاریکاری هاوبەش لە بوارەکانی نیشتیمانی و سیاسی و ئابوری و ستراتیژیدا.

د- خەباتی نیشتیمانی کورد لە سوریا بە هۆی شوێنە مێژووییەکەی و بارودۆخە بابەتیەکەی دەوروبەری بەشێکە لە خەباتی بزووتنەوەی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

نیشتیمانی کوردی بۆیەش چەند ئەرکی نەتەوەیی دەکەوێتە ئەستۆی بەرامبەر بەو بزووتنەوەیە, ئەویش بـە بەشـداریکردنی کاریگەرانـە لـە هاوکـاری و پاڵپـشتیکردنی نیـشتیمانپەروەران و پێـشکەوتنخوازانی کـورد لـە هـەر شـوێنێك بـن, و گێڕانـی رۆڵـی خـۆی لـە بـەدیهێنانی مافەکانی گـەلی کـورد لـە تورکیـا و ئێـران و عـیراق و پێشکەشکردنی پشتگیری بۆیان و کارکردن لە سەر یەکلاکردنـەوەی ململانێیـەکان بـە پێی شـوێنی خـۆی بـۆ بەرژەونـدی چـەپڕەوە کوردەکـان کـە لایـەنی گەش و پێشکەوتنخواز و رەوای بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتیمانی کوردن.

هـ- خــەباتی نیــشتیمانی کــورد, بــە هــۆی روانگــە نیــشتیمانی و پێشکەوتنخوازەکانی و پرێنسیپە شۆڕشگێڕییەکانی چ لە سەر ئاستی بزووتنەوەی کوردی و چ لە سەر ئاسـتی بزووتنـەوەی نیـشتیمانی لـە سوریا, دابڕاو نیە لە خەباتی بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی نیـشتیمانی عەرەبی و تێکۆشانی گـەلی فەلەسـتینی لـە پێنـاو مـافی چـارەی خـۆ نووسـین, بـەڵکو هـەموو هاریکـاری و پـشتگیرییەك پێـشکەش بـە مەسەلەکانی رزگـاریخوازی و پێـشکەوتنی بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی عەرەب دەکات و لە کۆتاییشدا بەشێکە لـە بزووتنـەوەی شۆرشـگێڕی لە ناوچەکە و لە جیهاندا و بەشداری لە گەڵیان دەکات و پێی کاریگەر دەبێت و لە گەڵیان لە سەنگەر دەبێت دژی ئیمپریـالیزم و زایـۆنیزم و هەموو شێوەکانی چەوساندنەوە.

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

## بۆ بەرێز ئەمینداریەتی گشتی بەرەی عەرەبیی بەشدار له شۆڕشی فەلەستینی

**سڵاوی برایانەمان...**

به بۆنەی بەستنی ئەمینداریەتی گشتی بەرەی عەرەبیی بەشدار لە بەیروت, رێگامان بدەن کەوا سڵاوی برایانەمان ئاراستە ئێوە بکەین و هاوکاری و پشتگیری تەواوی گەلی کورد دەربڕین بۆ شۆڕشی فەلەستینی و خەباتی گەلی عەرەبی فەلەستینی لە پێناو ئازادی و مافی چارەی خۆنووسیندا و بۆ تێکۆشانی قارەمانانەی دژ بەو پیلانە ئیمپریالییانەی بەرامبەر به خەباتی گەلانی ناوچەکەمان دەیگێڕن.

**برایان...**

ئێمە بڕوامان وایە کەوا چارەنووسی هەردوو گەلی عەرەب و کورد هاوبەشە و بزووتنەوەی دیموکراتی هەردوو گەل لە دژی یەك دوژمنی

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

هاوبەش دەوەستن ئەویش ئیمپریالیزم و زایۆنیزمە, لە ئەنجامیشدا قەناعەتی تەواومان هەیە کەوا پیلانی ئیمپریالی- زایۆنی- کۆنەپەرست لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێجگە لە شۆڕشی فەلەسینی ئاراستەیە بۆ تەواوی هێزە شۆڕشگێڕە خەباتکارەکانی گەلان. لێرەشەوە دەبێ بەرەنگاربوونەوەی ئەو پیلانە سەرتاسەری و بەرفراوان بێت. ئەمەش لە بنەڕتدا پێویستیی بە لابردنی ئەو ئاستەنگە جۆراوجۆرانەیە کە رێگا لە بەردەم بزووتنەوەی گەلەکانمان دەگرن لە بەرنگاربوونەوەی یەکلاکەرەوەی ئەو پیلانە.

لەو روانگەیەشەوە بە دڵسۆزییەوە بەرەو رووتان دێین و بە ناوی برایەتی دێرینی عەرەب و کورد داواتان لێ دەکەین کەوا دەستپێشخەری بنوێنن لە دانانی سنوورێك بۆ ئەو شەڕەی ئێستا لە کوردستانی عیراق لە ئارادایە و بە پەلە کار بکرێت بۆ راگرتنی شەڕ و کوشتاری برایان, کە گشتمان لەو بروایە داین کەوا بەردەوامی ئەو شەڕە تەنها ئیمپریالییەتی ئەمریکا و رژێمی ئێرانی دارودەستەی و لایەنە شۆڤینی و کۆنەپەرستەکان قازانجی لێدەکەن. راگرتنی شەڕ و کوشتار وپەنابردن بۆ گفتوگۆی دیموکراتیی ئاشتیانە بنەمای راست ودروستی چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی کوردە لە عیراقدا لە سەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە چواچێوەی کۆماری عیراقدا, بەدیهێنانی ئەم خواستە لە لایەن ئێوەوە و لەم بارودۆخە چارەنووسیەدا سەرکەوتنێکی مێژوویی گەورەیە بۆ تەواوی لایەنە

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

نیـــشتیمانیە پێـــشکەوتنخوازەکان لەوانـــەش شورِشـــی فەلەســـتینی, هەروەها لە هەمان کاتیشدا کۆتـایی بـە بەشـێکی گـەورەی پیلانێکـی ئیمپریـالی دێنــێ کــە ئێــستاکە لــە ناوچــەکامان دەچـنرێت, بێجگــە لەمەش دەسکەوتی زیاتر بە دەست دێنــێ بـۆ بەرژەونـدی هێزەکـانی رزگاریخواز و پێـشکەوتنخواز. هــەروەها عیراقـیش دەتوانێـت رۆلێکـی گــرنگ بگێرِێــت لـــە پـــشتگیریکردنی شۆرِشـــی فەلەســـتینی و لـــە بەشـــداریکردن لـــە بـــەرەکانی عەرەبیـــدا بـــۆ بـــەرەنگار بوونـــەوەی زایۆنیزمی دوژمن.

برایانی نوێنەری بەرفراوانترین کۆمەڵانی رای گشتیی پێشکەوتنخوازی عــەرەبی, ئێمــە بــرِوای تــەواومان هەیــە کــەوا ئێــوە هــەمان هەســتی ئێمەتان هەیە, هەروەها زۆر لە لایەنەکانی ئێوە پێشتر هــەولێان داوە و بەم ئاراستەیە کاریان کردووە, بۆیە ئێمە پــشتگیری لــە هەوڵــەکانی پێــشووتان دەکــەین و داواتــان لێدەکــەین بــەردەوام بــن. هــەروەها دووپات دەکەینــەوە کــەوا ئێمــە ئامـادەین بـۆ بەشـداریکردن لـە هـەر کارێکدا کە ببێتە هۆی راگرتنی رژانی خوێن و بۆ ناوبژیکردن لە پێناو بەردەوامیـدان بــە گفتوگــۆی دیمــوکراتی و چارەســەرکردنی مەســەلە ناکۆکەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە.

ئیتر هەر بژین و سەرکەوتن بۆ گەلانی خەباتگێر

بژی شۆرِشی فەلەستینی

بژی برایەتی کورد و عەرەب

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

١٩٧٤/٧/٢

**پارتی دیموکراتی چەپرەوی کورد لە سوریا**

رێکخراوی ثارتی دیموکراتی ضةثرةوی کورد لة سوریا لة لوبنان

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com

## خەباتگێر مەکتەبی سیاسیی بەرەی نەتەوەیی

## بۆ رزگارکردنی باشوری یەمەن - عەدەن

**سڵاوێکی هەڤاڵانە...**

**کاتێك هەواڵی سەردانی خەباتگێڕ سالم رەبیع عەلی سەرۆکی دەوڵەتەکەتانمان بیست بۆ عیراق, پەیوەندیمان بە برایانی بەرپرس کرد و ئەم پێشنیارەمان خستەروو:**

**داوامان کرد کە بە پەلە پەیوەندیەك بە سەرۆکی دەوڵەتەوە بکەن لە بەغدا و پێشنیاری ئێمەی پێ رابگەیەنن دەربارەی نواندنی هەندێ چالاکی بە مەبەستی دانانی سنوورێك بۆ ئەو شەڕەی کە لە کوردستانی عیراق لە ئارادایە, لەبەر ئەوەی برادەرانی بەرپرس لێرە بە پەلە لەم بوارەوە جولەیان نەکرد, بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم نامەیە ئاراستەی ئێوە بکەین و پێشنیارەکەمان سەبارەت بەو بابەتە گرنگە بە تەواوی تیایدا بخەینە روو.**

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com